حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب

# دارِشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

هاژە چیچۆ محمدامین

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ کۆلێژی پەروەردەی سۆران ـ زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٨- ٢٠٠٩

پێشکەشی ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران ـ ی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی خوێندنی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بە سەرپەرشتیی

پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

٢٠١٥ میلادی ٢٧١٤ کوردی ١٤٣٦ کۆچی

# داڕشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

هاژە چیچۆ محمدامین

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ کۆلێژی پەروەردەی سۆران ـ زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٨- ٢٠٠٩

پێشکەشی ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران ـ ی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی خوێندنی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بە سەرپەرشتیی

پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

٢٠١٥ میلادی ٢٧١٤ کوردی ١٤٣٦ کۆچی

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سۆران ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردی دا.**

**ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥**

**بە پێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لە گەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە، بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردی پێبدرێت.

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: کاروان عومەر قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:

لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی ئادابەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. قیس کاکل تۆفیق
ڕاگری فاکەڵتی ئاداب
ڕۆژ: / / ٢٠١٥

# پێشکەشە بە:

❖ شەڕڤانانی ئازادی، کە لە ژێر سایەی ئەوانەوە بە ئازادی دەمێنینەوە.

❖ شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ :

- مامۆستای سەرپەرشتم ( پ.ی.د. کاروان عومەر قادر )، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆی خۆی.
- سوپاس و ڕێزم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ ئازیزانەم، کە هاوکارم بوون لە وەرگێڕانی سەرچاوەکان.
- کوڕە پوری ئازیزم ( باوەر نورەدین محمود )، کە ماندوونەناسانە هاوکاری کردووم لە تایپکردنی نامەکەم.

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ڕ | ڕستە |
| ف.ن | فرێزی ناوی |
| ف.ك | فرێزی کاری |
| ف.پ | فرێزی پێشناوی |
| ف.د | فرێزی دەرخەری |
| ئا.مەرج | ئامرازی مەرج |
| ∅ | کرتاندن |
| [ ] | کەوانەی شکاوەی دروستە |
| * | واتای ناڕێزمانی ڕستە |
| / | یان |
| [+ / −] | بەهای نیشانەی واتایی |
| ← | دەبێت بە |
| + | کۆکردنەوە |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئ | |
| ئاخاوتنی شوێنکار | Work Place Communication |
| ئاخاوتنی نۆرەدار | Turn- Talking |
| ئێرگاتیڤی | Ergativity |
| ئەرکە ڕێزمانیەکان | Grammatical Function |
| ئەرك | Function |
| ئاماژە/سەرچاوە | Reference |
| ب | |
| بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی/ زمان بۆ مەبەستی تایبەتی | English For Specific Prose (ESP) |
| بەها | Value |
| بەناوکردن | Nominalization |
| بەندکردن | Coherence |
| بوار و سەرتۆپ | Field |
| بریتی خستن | Substitution |
| پ | |
| پێشکەوتن واتایی/ ڕێکخستنی واتایی | Thematic Progression |
| پەیوەندی بازرگانی | Business Communication |
| ت | |
| تیشکۆ | Focus |
| تۆڕبەندی سیستماتیك | Systematic Network |
| ج | |
| جۆری نوسین | Genre |
| چ | |

| | |
|---|---|
| Performance | چالاکی زمانی/ توانا |
| The Semantic Stratum | چینی سیمانتیك |
| Lexicon Grammatical Stratum | چینی ڕێزمانی فەرهەنگی |
| Phonology Stratum | چینی فۆنۆلۆجی |
| Content Plan | چینی کرۆك |
| Expression Plan | چینی دەربڕین |
| Tri-Layered Functional Structure | چینی سێتایی دروستەی ئەرکی |
| Stratum | چین |
| | خ |
| Theme | باس |
| | د |
| Constitute Structure | دروستەی پێکهاتە |
| Functional Structure | دروستەی ئەرکی |
| Condition Structures | دروستەی مەرجیانە |
| Impersonal Structure | دروستەی ناکەسی |
| Pre-Modifier | دەرخەری پێش ڕستەی سەرەکی |
| Post-Modifier | دەرخەری پاش ڕستەی سەرەکی |
| Anaphora | دەقە ئاماژەی پێشەوە |
| Cataphora | دەقە ئاماژەی دواوە |
| Foreground | دیمەنی پێشەوە |
| Background | دیمەنی پشتەوە |
| | ڕ |
| Language Behavior | ڕەفتاری زمانی |
| Clarity | ڕونی |
| Systematic Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك |
| Systematic Grammar | ڕێزمانی سیستماتیك |

| | |
|---|---|
| Lexical Grammar | ڕێزمانی فەرهەنگی |
| Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی |
| Lexical Functional Grammar | ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی |
| Relational Grammar | ڕێزمانی پەیوەندیانە |
| Thematic Organization | ڕێکخستنی واتایی |
| Liner Thematic Progression | ڕێکخستنی ڕاستەهێلی واتایی |
| | ز |
| Applied Linguistics | زانستی زمانی کارەکی |
| Language Dedicatees | زانستی فێرکردنی زمان |
| Educational Linguistics | زانستی زمانی فێرکاری |
| Technical Term | زاراوە تەکنیکیەکان |
| | س |
| Mood Systems | سیستەمی ڕوکاریی |
| Theme Systems | سیستەمی باس |
| Legal Meaning Revisited | سەر لەنوێ داڕشتنەوەی واتایی یاسایی |
| | ش |
| Register | شێوەی دووان |
| Style | شێواز |
| Stylistics | شێوازگەری |
| General Stylistics | شێوازگەری گشتی |
| Literary Stylistics | شێوازگەری ئەدەبی |
| Mode Of Discourse | شێوازی ئاخاوتن |
| | ك |
| Tenor Of Discourse | کرۆکی ئاخاوتن |
| Correlation Code | کۆدی پەیوەندی |

| | |
|---|---|
| Institutional Code | كۆدی دروست كراو |
| Predication | كردەی بەشەكردار |
| Ellipses | كرتاندن |
| Speech Act | كردە قسەییەكان |
| | گ |
| All-Inclusiveness | گشتێتی |
| Exchange | گۆڕینەوە |
| | ل |
| Cohesion | لكاندن |
| | م |
| Meta Functional | مێتا ئەرك |
| Tri-Stratall Model | مۆدێلی سێ چینی |
| Ideational Meta Functional | مێتا ئەركی بیریانە |
| Interpersonal Meta Functional | مێتا ئەركی كەسیانە |
| Textual Meta Functional | مێتا ئەركی دەقیانە |
| Logical Meta Functional | مێتا ئەركی لۆژیكی |
| Experimental Meta Functional | مێتا ئەركی شارەزاییانە |
| | ن |
| Graphic | نوسین |
| Stylistically Significant | نیشانە شێوازگەریەكان |
| Un ambiguity | نالێڵی |
| Lexical Features | نیشانە فەرهەنگیەكان |
| Discourse Features | نیشانە دەقیەكان |
| | و |
| Precision | وردێتی |
| Meaning potential | واتای شیان |

## ناوەڕۆك


بابەت                                                                 لاپەڕە

پێشەكی ........................................................................ ١

بەشی یەكەم: ........................................................................٤-٦٢

١)زمانی یاسایی لە بۆتەی زمان بەكارهێنان و بۆچوونە ئەركییەكاندا: ................................ ٤

١/١) زمانی یاسایی و بۆچوونەكانی زانستی زمانی كارەكی: ................................ .٤

١-١/١) زانستی زمانی كارەكی ( چەمك و تێڕوانین ) ................................ ..٤

یەكەم/ زانستی زمان : ........................................................................٥

١/ قوتابخانەی بوونیادگەری: ........................................................................٥

٢/ قوتابخانەی بەرهەم هێنان و گواستنەوە: ........................................................................٥

٣/ قوتابخانەی ڕێزمانی ئەركی: ........................................................................٦

دووەم/زانستی زمانی دەروونی: ........................................................................٦

سێیەم/زانستی زمانی كۆمەڵایەتی: ........................................................................٦

چوارەم/زانستی زمانی پەروەردە: ........................................................................٧

٢-١/١ )شێوازە زمانییە هەمە چەشنەكان لە بۆچوونە شێوازگەرییەكانی ( جۆری نوسین"Genre" و شێوازگەری "Stylistics" و شێوەی دووان"Register"دا........................................................................١٠

یەكەم/ ڕێبازی جۆری نوسین"Genre " : ........................................................................١١

دووەم/شێواز و شێوازگەری"Style and Stylistics" : ........................................................................١٢

٣-١/١ ) زمانی یاسایی ( بنەما و تایبە تمەندی ): ........................................................................١٩

١-٣-١/١ ) ناوكۆییەكانی زمان و یاسا: ........................................................................٢٢

**یەکەم// کۆدی زمانی:..........................................................................٢٢**

**دووەم// سەر لە نوێ دارِشتنەوەی واتای یاسایی "Legal Meaning Revisited":..................٢٤**

**١/١-٣-٢ ) تایبە تمەندییەکانی زمانی یاسایی:........ .........................................٢٩**

**١/١-٣-٢-١ ) تایبە تمەندییەکانی ئاخاوتنی یاسایی...........................................................٣٠**

**١ ) پرسیارکردن و دارِشتەی پرسیاریی..........................................................................٣٠**

**٢ ) ئاخاوتنی نۆرەدار "Turn-Taking": ..........................................................٣٣**

**٣ ) ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ:..........................................................................٣٣**

**٤ ) سەر لە نوێ دارِشتنەوەی ئاخاوتنی یاسایی:..................................................................٣٤**

**١/١-٣-٢-٢ ) تایبە تمەندییەکانی دەقی نوسراوی یاسایی ( نوسینی یاسایی ):..............................٣٦**

**٢/١ ) زمانی یاسایی و بۆچوونەکانی ڕێزمانی ئەرکی:...........................................................٣٩**

**٢/١- ١ ) ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك( Systematic Functional Grammar )......................٤١**

**٢/١-٢ ) ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی( Lexical Functional Grammar ):...............................٥٢**

**بەشداربووەکان و جۆرەکانی:............................................................................... ٥٦**

**یەکەم/ بەشداربووە بێ سنوورەکان............................................................................... ٥٦**

**دووەم/ بەشداربووە سنودارەکان..........................................................................................٥٦**

**بەشی دووەم:.................................................................................... ٦٣-١٣٢**

**٢ )دارِشتنی زمانی یاسایی لەزمانی کوردیدا..........................................................................٦٣**

**١/٢ ) نیشانە فەرهەنگیەکان ( lexical features ):....................................................... ٦٣**

**٢/ ١-١ ) زاراوە تەکنیکیەکان ( Technical term ):.....................................................٦٣**

**٢/ ١- ٢ ) بەکارهێنانی وشەی خواستراو:....................................................................٨٥**

٢/ ١-٣ ) ئامرازی هەر:............................................................................٨٨

٢/ ١-٤ ) جێناوی کەسی سێیەمی تاك و كۆ ( ئەو، ئەوان )..............................................٨٩

٢/١-٥ ) بەکارهێنانی مۆرفیمی دیاریکردن و مۆرفیمی ( دیاری نەکردن )/-ەکە/ و/ێك/:................ .. ٩٠

٢/٢ ) نیشانە سینتاکسیەکان:.....................................................................٩١

٢/٢-١ ) دروستەی مەرجیانە condition structures:..............................................٩٢

٢/٢-٢ ) دروستەی ناکەسی Impersonal Structures:..............................................٩٨

٢/٢-٣ ) ڕستەی سەرجێناوی:...................................................................... ٩٩

٢/٢-٤ ) بەناوکردن "Nominalization":..........................................................١٠٠

٢/٢-٥ ) فرێزە پێشناویەکان و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراوەی دەقە یاساییەکاندا:..................... ١٠٣

٢/ ٣ ) نیشانە دەقیەکان ( Discourse features ):................................................١٠٨

٢/ ٣-١ )لکاندن ( cohesion )...................................................................١٠٨

٢/ ٣-٢ ) بەندکردن( coherence )..............................................................١٠٨

٢/ ٣-١-١ ) لکاندنی ڕێزمانی.....................................................................١٠٩

٢/ ٣- ١-١-١ ) ئاماژە ( Reference )..............................................................١٠٩

٢/ ٣-١-١-٢ ) بریتی خستن ( Subutrutiom ):....................................................١١٠

٢/٣-١-١-٣ ) کرتاندن ( Ellipsis ):..............................................................١١٠

٢/٣-١-١-٤ ) بەستن:...............................................................................١١٠

٢/٣-١-٢ ) لکاندنی وشەیی ( Lexical Cohesion ):..............................................١١٠

٢/٤ ) نیشانەی واتایی ( ڕێکخستنی واتایی ):..................................................١٢٥

٢/ ٤-١ ) ڕێکخستنی واتایی ( Thematic Organization ):.....................................١٢٦

**٢/ ٤-١-١ ) پێشکەوتن یان ڕێکخستنی واتایی ( Thematic Progession ):.......................١٢٨**

**٢/ ٤-١-١-١ )ڕێکخستنی ڕاستەهێڵی واتایی ( Liner thematic Progression ):.................. ١٢٨**

**٢/ ٤-١-١-٢ ) ڕێکخستنی واتایی بە پلەو پایەی فرێزەکان:...........................................١٢٩**

**٢/ ٤-٢ )دیمەنی پێشەوە و دیمەنی پشتەوە( Forground and Background ):.................. ١٣٠**

**٤/٢-٣ ) چڕی کرۆکە واتاو نەبوونی دووبارەنەبوونەوە:............................................١٣٣**

**بەشی سێیەم:...............................................................................١٣٣-١٦١**

**٣ ) پاساودانی داڕشتەی زمانی یاسایی لەدەقی ( پڕۆژە یاسا ):........................................ ١٣٣**

**٣/ ١) نیشانە فەرهەنگیەکان "Technical Feature":................................................١٣٣**

**٣/ ١-١ ) زاراوە تەکنیکیەکان "Technical Term":.................................................١٣٣**

**٣/ ١-٢ ) بەکارهێنانی وشەی بێگانە...........................................................................١٣٨**

**٣/ ١- ٣ ) دووبارەبوونەوەی ئامرازی ( هەر):.......................................................١٤٣**

**٣/ ١- ٤ ) جێناوی کەسی سێیەمی تاکوو کۆ ( ئەو، ئەوان )............................................ ١٤٣**

**٣/ ١-٥ ) بەکارهێنانی مۆرفیمی دیاریکردن و مۆرفیمی دیاری نەکردن/-ەکە/ و /-ێك/................. ١٤٤**

**٣/ ٢ ) نیشانەسینتاکسیەکان.....................................................................١٤٤**

**٣/ ٢-١ ) دروستەی مەرجیانە ( Conditional Structures ):..................................١٤٤**

**٣/ ٢- ٢ ) دروستەی ناکەسی ( Impersonal Structures ):....................................١٤٦**

**٣/ ٢-٣ ) نیشانەی سینتاکسی ڕستەی سەرجێناوی......................................................١٤٧**

**٣/ ٢- ٤ ) بەناوکردن "Nominalization"......................................................١٤٩**

**٣/٢- ٥ ) فرێزە پێشناویەکان و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراوی دەقە یاساکاندا:........................١٥٠**

**٣/ ٣ ) نیشانە دەقیەکان ( Discourse Features )................................................١٥٢**

**٣/ ٤ ) نيشانەی واتايی ( ڕێكخستنی واتايی ):** ........................................................ ١٥٦

**٣/ ٤-١ ) پێشكەوتن يان ڕێكخستنی واتايی ( Thematic progression )** ........................ ١٥٧

**٣/ ٤-١-١ ) ڕێكخستنی ڕاستەهێڵی واتايی ( Liner Thematic progression )** .................. ١٥٧

**٣/ ٤-١-٢ ) ڕێكخستنی واتايی بە پلە و پايەی فرێزەكان:** ........................................ ١٥٨

**٣/ ٤-٢ ) ديمەنی پشتەوەو ديمەنی پێشەوە ( For Grand and Back grand )** .................. ١٥٩

**٣/٤-٣ ) چڕی كرۆكە واتا و نەبوونی دووبارەكردنەوە** ........................................ ١٦٠

**٣/٥ ) هاوبەشی و جياوازی داڕشتەی زمانی ياسايی ( دەقی ياسايی و دەقی پڕۆژەی ياسايی ):** ............ ١٦٠

**٣/٥-١ ) لە ڕوانگەی نيشانە فەرهەنگيەكانەوە:** ........................................ ١٦٠

**٣/٥-٢ )لەڕوانگەی نيشانەی سينتاكسيەوە:** ........................................ ١٦١

**٣/٥-٣ ) لە ڕوانگەی نيشانە دەقيەكان:** ........................................ ١٦١

**ئە نجامەكان** ........................................................ ١٦٢

**پێشنياز** ........................................................ ١٦٣

**پاشكۆی( أ )** ........................................................ ١٦٤-١٦٩

**پاشكۆی ( ب )** ........................................................ ١٧٠-١٧٢

**سەرچاوەكان** ........................................................ ١٧٣-١٧٨

**پوختە بە زمانی عەرەبی** ........................................................ ١٧٩

**پوختە بە زمانی ئينگليزی** ........................................................ ١٨١-١٨٢

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژمارەی هێڵکارییەکان | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هێڵکاریی ژ. ١ | هێلکاری چەشن و جۆرەکانی زمانی یاسایی | ٣٣ |
| هێڵکاریی ژ. ٢ | مۆدێلی سێ تایی زمانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکیانەی سیمانتیك | ٤٨ |
| هێڵکاریی ژ. ٣ | شیکردنەوەی لایەنی سینتاکسی ڕستە بی پێی تیۆری ڕێزمانی لێکسیکیی ئەرکی | ٥٨ |

# پێشەکی

### ١/٠ ) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە بۆ(( دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا)) لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەش شیکردنەوەیەکی سەرلەبەری دارشتنی پێکهاتەیی و واتایی(زمانی نوسینی) زمانی یاساییە لە زمانی کوردیدا.

### ٢/٠) هۆی هەڵبژاردن و گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بوار و پیشە و پسپۆرییە جیاوازەکاندا وەك( پسپۆری یاسایی ) لە خۆیدا چەندین ئاریشەی زمانی لێکەوتۆتەوە و لێدەکەوێتەوە. ئەمە وێڕایی سەرجەمی ئەو گیروگرفتانەی خودی زمانی کوردی پێوەی گیرۆدەیە. بەم شێوەیە بەکارهێنانی زمانێکی ئارێشەداری وەك کوردی لە بوارێکی پسپۆری چڕ و ئاڵۆزی وەك یاسادا گرفتەکەی دژوارتر کردووە. لەم تێگەیشتنەوە شیکردنەوەی ئەم لایەنەی بەکارهێنانی زمانی کوردی بە گرنگ و پێویست زانراوە بە تایبەتی تاکو( نوسینی ئەم نامەیە) لێکۆڵینەوەیەکی سەرلەبەری سەربەخۆ بۆ ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا بەرچاوناکەوێت.

### ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

داتا وەرگیراوە شیکراوەکانی ئەم لیکۆڵینەوەیە زیاتر لە دوو بنەماوە وەرگیراون، کە لە لایەکەوە هەوڵدراوە لە شیکردنەوە گریمانەکارییەکانی بەشی یەکەمدا، لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە داتا وەربگیرێ، هەروەها لە لایەکی تریشەوە لە بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکەشدا بە تەواوی سود وەرگیراوە لە هێنانەوەی نمونەی زمانی نوسراو، کە ئەوانیش زیاتر زمانی نوسراوی دەقی یاسایی(بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن "تیرۆر"ی ژمارە(٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ ز ) و پرۆژەی یاسایی( بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ناوماڵ / ٢٠١٤ز)ن.

### ٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوە:

لێکۆڵینەوەکە بەتەواوی خۆی تەرخان دەکات بۆ شیکردنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمان بەکارهێناندا، بۆیە زیاتر خۆی پەیوەستکردوە بە گریمانەکانی(بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی) لە چێوەی(زانستی زمانی کارەکی) و بەکارهێنانی بۆچونەکانە جیاوازەکانی( ڕێزمانی ئەرکی) لە شیکردنەوەی نیشانە زمانییەکاندا.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەکارهێنراو لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر( شیکاری ئەرکیانەیە). بەو پێیەی زیاتر سودبینراوە لە هەردوو تیۆری("ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی"L.F.G")  و(ڕێزمانی سیستماتیکی ئەرکی" S.F.G "). ئەمەش بەو پێیەی تیۆری((L.F.G وەك تیۆرێکی نێوەندی نێوان ڕێبازی پەسنی و شیکاری بەکارهاتووە. ئەمە جگە لە بەکارهێنانی تیۆری((S.F.G ، کە تەواو ڕێبازیکی ئەرکییانەیە.

## ٧/٠) پرسیاری لێکۆڵینەوە:

پرسیاری سەرەکی چنینی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئایا زمانی کوردی لەباریدایە لە بوار و پیشە پسپۆڕییە زانستییەکاندا وەك زمانێکی تەکنیکی و زانستی بەکاربێت؟ ئایا شێوەی دووانی تایبەتمەند لە ناو زمانی کوردیدا بوونی هەیە، کە بۆ ئەم پسپۆڕییە جیاوازانە بەکاربێت؟ ئایا شێوەیەکی دووانی تایبەتمەندی یاساییمان لە ناو زمانی کوردیدا هەیەن، کە لە بوارە یاساییەکاندا بەکاربێت؟  ئەگەر ئەم شێوە دووانەمان هەیە، ئایا دارِشتەی زمانی ئەم شێوە دووانە چییە و چۆنە؟ ئەی تا چ ڕادەیەك ئەم شێوە دووانە لە باریدایە شێوە دووانێکی یاسایی بێت؟

## ٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام و پێشنیاز و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** کە ناونیشانی( زمانی یاسایی لە بۆتەی زمان بەکارهێنان و بۆچوونە ئەرکییەکاندا)ی دراوەتێ بەشێکی تیۆرییە و  لە دوو پار پێکهاتووە. پاری یەکەمی باس لە پەیوەندی زانستی زمانی یاسایی و بۆچونەکانی زاستی زمانی کارەکی دەکات، کە لە سێ وەچە پار پێکهاتووە: وەچە پاری یەکەمی تەرخان کراوە بۆ ناساندنی زانستی زمانی کارەکی و ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکات، لەگەڵ ئەو سەرچاوە سەرەکیانەی، کە وەك سەرچاوەیەك وان بۆ زانستی زمانی کارەکی ئەوانیش بریتین لە:(زانستی زمان، زانستی زمانی دەرونی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی پەروەردە). هەرچی وەچە پاری دووەمە باس لە شێوازە زمانییە هەمەچەشنەکان دەکات، بەپێی بۆچونە شێوازگەریەکانی(جۆری نوسین"Genre" و شێوازگەری "Stylistics" و  شێوەی دووان"Register")، بە مەبەستی خستنەڕووی نیشانە زمانەوانیەکانی ئەم شێوە دووانە و جیاکردنەوەی لە دەقی شێوە دووانەکانی تر. لەهەمان کاتدا وەچە پاری سێیەمیشی تەرخان کراوە بۆ(بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی یاسایی)، کە تێیدا( بنەما و تایبەتمەندی)یەکانی زمانی یاسایی خراوەتەڕوو.

پاری دووەمیشی بریتیە لە:(زمانی یاسایی و بۆچونەکانی ڕێزمانی ئەرکی)، کە باس لە زمان دەکات لە ڕووی ئەرکەوە، بە پێی قوتابخانەی ئەرکی و چۆنیەتی ئیشکردنی لەزماندا، بۆ ئەم مەبەستەش دوو قوتابخانەی

سەرەکی لە قوتابخانەی ڕێزمانی ئەرکی وەردەگیرێت، کە لە دوو وەچە پاردا دەخرێتەڕوو لە ژێر ناونیشانکانی(ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك ) و(ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی ).

**بەشی دووەم:** ناونیشانی ئەم بەشە بۆ(داڕشتنی زمانی یاسایی لەزمانی کوردیدا) تەرخانکراوە. لەم بەشەدا هەوڵدراوە شیکردنەوە بۆ شێوەی دووانی زمانی یاسایی نوسراو بکرێت بە پێی تیۆرەکانی(ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك) و(ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی) بۆ ئەوەی(نیشانە زمانیەکان)ی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا بخرێنەڕوو. لەم ڕوانگەیەوە ئەم بەشە دابەشکراوە بەسەر چوار وەچەپاردا، کە ئەوانیش بریتین لە:(نیشانە فەرهەنگیەکان، نیشانە سینتاکسیەکان، نیشانە دەقیەکان و نیشانە واتاییەکان). سەرجەم شیکردنەوەکانیش بە سەر دەقی(بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن "تیرۆر"ی ژمارە(٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ ز )دا جێبەجێکراوە.

**بەشی سێیەم:** کە ناونیشانی(پاساودانی داڕشتەی زمانی یاسایی لەدەقی(پرۆژە یاسا)ی دراوەتێ، هەمان شیکردنەوە کارەکیەکانی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، بەپێی هەمان تیۆر و بنەما، بەڵام بۆ جۆری دووەمی شێوەی دووانی زمانی یاسایی نوسراو، کە بریتییە(پرۆژە یاسایی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ناوماڵ). شیکردنەوەکەش بەسەر چوار وەچە پاردا دابەش کراوە بەمەبەستی خستنە ڕووی نیشانە زمانیەکانی ئەم شێوە دووانە، ئەوانیش بریتین لە:(نیشانە فەرهەنگیەکان، نیشانە سینتاکسیەکان، نیشانە دەقیەکان و نیشانە واتاییەکان). شیکردنەوەکانی ئەم بەشەش وێڕای خستنەڕووی نیشانە زمانییەکانی جۆری دووەمی شێوەی دووانی زمانی یاسایی نوسراو، لە هەمان کاتدا هەوڵدراوە وەك پێداویستییەکی توێژینەوەی زانستییانە سەر لە نوێ پاساودانی بنەما زانستی و گریمانەییەکانی لێکۆڵینەوەکە بکرێت.

## ١) بەشی یەکەم: زمانی یاسایی لە بۆتەی زمان بەکارهێنان و بۆچوونە ئەرکییەکاندا:

### ١/١) زمانی یاسایی و بۆچوونەکانی زانستی زمانی کارەکی:

### ١/١-١) زانستی زمانی کارەکی(چەمك و تێڕوانین)[١]

زانستی زمانی کارەکی بەوە دێتە ناساندن، کە لقێك بێت لە لقەکانی زمانەوانی گشتی، کە گرنگی دەدات بە جێبەجێکردنی تیۆرەکانی زمانەوانی، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەو لاوە ئەو چوارچێوە و بیر و باوەڕەی لەو سەردەمەدا بۆ زانستی زمانی کارەکی دانران ئەوە بوو، کە ئەم زانستە گرنگی دەداتە هەر بابەتێکی پەیوەندیدار، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە دیاردە زمانی و زمانەوانییەکان لە بەکارهێناندا[٢].

بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت ئەم زانستە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە کێشەی لە نێوان لێکۆڵەران دروستکردووە. هەم لەم بوارانەی کاری تێدا دەکات، هەم لەسەر ناو نانەکەشی، واتە ئەو ناوەی بۆتە سەرناوێکی زانستی بۆی، بەڵام تا ڕادەیەك ڕێککەوتن لە نێوان لێکۆڵەران دەبینرێت لەسەر بوارەکان. ئەمەش دوای ئەو کۆنگرانەی لەسەر زانستی زمانی کارەکی بەستران، بە جۆرێك توانییان ئەو بوارانە دیاری بکەن، کە ئەو زانستە کاری تێدا دەکات، وەك:(فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم، زانستی زمانی دەرونی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دەربڕین و زانستی زمانی بەرانبەری...هتد). دواتر ژمارەیەك لەم بوارانە بوونە زانستێکی سەربەخۆ، وەك:(زانستی زمانی دەرونی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو هەموو بوارە زۆرەی کارکردنی زانستی زمانی کارەکی، هەست بە بوونی بوارێك دەکرێت، کە بەسەر هەموو بوارەکانی تردا زاڵە. ئەم بوارەش(فێرکردنی زمانە) جا چ بۆ ئەو کەسانە بێت، کە زمانی دایکیانە یان بۆ ئەو کەسانە بێت، کە خۆیان فێری زمانی دووەم دەکەن). ئەمەش بوە هۆی ئەوەی هەندێك لە لێکۆلەران زاراوەی تر بۆ زانستی زمانی کارەکی پێشنیاز بکەن. لەوانە:

١/ولکنز(Wilkns) ناوی دەنێت(لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ فێرکردنی زمانی بێگانە).

٢/ ماکای(Makay) ناوی دەنێت(زانستی فێرکردنی زمان"Language Didactics ").

٣/ سپۆلسکی(Spolsky) ناوی دەنێت(زانستی زمانی پەروەردەیی "Educational Linguistics").

---

[١] زانستی زمانی کارەکی وەك( زاراوە) بەلایەنی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، کە لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە ئاماژەدان بووە بۆ فێرکردنی زمانی دووەم/ بێگانە، بەجۆرێك تەنها لەو بوارە تەسك کرابۆوە، واتە لە سەرەتادا ئەم ناوە بۆ ئامانجی سەرەکی خۆی بەکارنەهاتوە، هەروەك لە ساڵانی(١٩٤٦)ز لە زانکۆی ( میشگان) وەك بابەتێکی سەربەخۆ تایبەتمەند بو بە فێرکردنی زمانی ( ئینگلیزی) وەك زمانی بێگانە لە ژێرچاودێری دوو زانای دیاری وەك (Charles fries ) و Robert lado )، هەروەها بۆ یەکەمجار لە زانکۆی ئەدمبەرە لە ساڵی (١٩٨٥)ز قوتابخانەی زانستی زمانی کارەکی school of applied linguistics )) دامەزرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

أ) عبدەالرجعی (١٩٩٥: ٧-٩).

ب) Aronof, M. And Jani, R. (٢٠٠٣: ٦٣٨)

٢ عبدولوەهاب خالید (٢٠١٠: ٤٩).

٤/ له وڵاتی ئەڵمانیاش زاراوەی(فێرکردنی زمان و لێکۆڵینەوەی فێرکردن)ی بۆ بەکارهاتووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ناونانەش هیچ کامیان نەیان توانی شوێنی ئەو ناوە زانستیە بگرنەوە، کە ئێستا لە زانکۆکانی جیهان وەك سەرناوی زانستێك کاری پێدەکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوی ئەو زانستە، کە لە دوو بەش پێکهاتوە، ئەوانیش بریتین لە دوو بەشی سەرەکی(زانستی زمان "linguistics") و (کارەکی "Applied") بەجۆرێك هەندێك پێیانوایە(جێبەجێکردنی زانستی زمانە). ئەمەش لە ڕاستیدا بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە زۆربەی زانستە کارەکیەکان بەرەو زانستێك هەنگاو دەنێن، کە سنوری زانستە ڕاستەقینەکەی خۆی دەبڕێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەندێك لە زمانەوانان بە زانستیشی دانەنێن و ڕەتیدەکەنەوە، کە لە گۆرەپانی ئەوانبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زانایان و پسپۆڕان زانستی زمانی کارەکی بە زانستێکی سەربەخۆ دادەنێن، بە جۆرێك وەك هەر زانستێکی تر چوارچێوە و تیۆری دیاریکراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پێی لە زانستەکانی تر جیادەکرێتەوە، واتە دەتوانرێت بگوترێت، ئەم زانستە زنجیرەیەك نیە لە(شێواز و پرۆسە و پێداویستی)، بەڵکو ئەم بوارە زمانەوانیە وەك(پردێکی پەیوەندی) وایە لە نێوان ئەو زانستانەی تایبەتمەندن بە(زمان). واتە زانستێکی(نێوان گیرە) لە نێوان ئەو زانستانەی، کە چارەسەری چالاکی زمانی مرۆڤ دەکات وەك(زانستی زمان، زانستی کۆمەڵناسی، زانستی دەروننناسی و زانستی پەروەردە)[1].

کەواتە زانستی زمانی کارەکی و ئەو زانستانە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە لە خالێکدا، هەروەها لەسەر بنەما تیۆریەکانی ئەم زانستانە سەرچاوە دەگرێت، بە جۆرێك هەموو ئەو زانستانەی تێدا بەیەك دەگەن، کە دەیانەوێت چارەسەری کێشەیەکی زمانی بکەن. بۆیە پێویستە لێرەدا پوخت هەریەك لەو سەرچاوە گشتییانە بخرێنەڕوو، کە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ زانستی زمانی کارەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم/ زانستی زمان :

ئەم زانستە بە شێوەیەکی دابڕاو و ئەبستراکت کار لەسەر زمان دەکات، بەجۆرێك لە پێناو خۆیدا لێکۆڵینەوە لە خودی زمان دەکات، واتە دوورکەوتۆتەوە لە زۆرێك لەو دیاردانەی پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە، وەك: وەرگرتنی زمان، ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵدا، بۆیە زانستی زمان زانستێکی وەسفیە، زانستێکی پێوەری نیە، بەڵام ئەم زانستە لەڕووی تیۆریەوە گۆڕانکاریەکی کرۆکی بەخۆیەوە بینی، کە لێرەدا گرنگترینیان دەخرێنەڕوو:

**١/ قوتابخانەی بوونیادگەری:**

ئەم تیۆرە لێکۆڵینەوە لە لایەنی بەرجەستەیی زمان دەکات، بە شێوەیەك پشت بە بنەمای(ڕەوشتکاری) دەبەستێت، کە لە ڕێگای وروژاندن و وڵامدانەوە کاری لەسەر دەکرێت.

**٢/ قوتابخانەی بەرهەم هێنان و گواستنەوە:**

ئەم تیۆرە لەسەدەی بیستەم لەلایەن چۆمسکیەوە هاتەکایەوە، گۆڕانکاریەکی گەورەی خستە ناو بواری زمانەوانیەوە و لێکۆڵینەوەکانی بەرە و ئاراستەیەکی تر برد. بەجۆرێك زمانی بە گەورەترین چالاکی مرۆڤ دانایە، کە زمان بوە بە تایبەتمەندیەکی مرۆڤ و پێی لە بوونەوەری تر جیادەکرێتەوە، بەڵام جیاوازی ئەو تیۆرە لەگەڵ

---

[1] عبده الراجحی(١٩٩٥: ٧-٩).

تیۆری بوونیادگەری لەوە دایە، سروشتی زمان ئەو شتە مادیە(بەرجەستە) نیە، کە لەبەر دەست دایە، بەڵکو توانایەکی شاراوەیە و لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، ئەویش لەسەروی زمانەوەیە، کە لەلایەن هەموو مرۆڤەکانەوە وەك یەکە پێی دەوترێت( ڕێزمانی گشتی).

لێرەدا ئەوە ڕونکراوەتەوە زمانی مرۆڤ ناتوانێت وەڵامی کاریگەریەکان بێت و بخرێتە بازنەی( کار و کاردانەوە)، واتە ناکرێت، بگوترێت، تەنها لەو کاتەدا زمان کاردەکات، کاتێك کاری لەسەر بکرێت، بەڵکو زمانی مرۆڤ سروشتێکی داهێنەرانەی هەیە، دەتوانیت بێکۆتا ڕستەی زمان بەرهەم بێنێت.

## ٣/ قوتابخانەی ڕێزمانی ئەرکی:[١]

### دووەم/زانستی زمانی دەروونی:

بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر(تاك) لە ڕووی( ڕەفتاری زمانیەوە"Language Behavior"). ئەویش لەسەر دوو بنەمای بنەڕەتی، کە بریتین لە(وەرگرتنی زمانی"Acquisition") و(چالاکی مانی"Performance").

وەرگرتنی زمانی هەر لە منداڵیدا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا(فێر دەبیت/بەدەستی دێنێت)، بەجۆرێك ئەو وەرگرتنی زمانە لەلایەن منداڵەکانی هەموو زمانەکان وەك یەکە، ئەمەش بەڵگەی بوونی دەزگایەکی زمانی گشتیە، کە منداڵەکان زمانی لێوەردەگرن، بە بێ ئەوەی لەلایەن باوانیانەوە پلانی بۆ دانرابێت، کە دەبێت منداڵەکەیان لە ماوەی مانگێکدا(ناوەکان) فێربن، لە مانگێکی تردا(کردارەکان) فێربن، واتە(وەرگرتنی زمانی) لە منداڵیدا ڕودەدات، بەڵام(فێربوونی زمانی) لە قۆناغەکانی تردا ڕودەدات، بەڵام هەرچی(چالاکی زمانیە) بواری دووەمە لە زمانەوانی دەرونیدا، خۆی دەبینێتەوە لەوەی چۆن مرۆڤ چالاکیە زمانیەکانی جێبەجێ دەکات، ئەوانیش بریتین لە بەرهەمهێنانی زمان کاتێك مرۆڤ قسە دەکات یان دەنوسێت یاخود وەرگرتەیبن کاتێك گوێ دەگرێت یان دەخوێنێتەوە. واتە ئەو لایەنەی زانستی زمانی دەروونی لێی دەکۆڵێتەوە . بریتییە لە توێژینەوەی( هەڵەکان) جا هەڵەکان بەرهەمی بن یان وەرگرتەیی بن. هەروەها هۆکارە دەرونیەکان چین لەسەر ئەو هەڵانە.[٢]

کەواتە زمانەوانی کارەکی لە ڕێگای زانستی زمانی دەروونی لەدوو لایەنەوە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات، هەم لە لایەنی(ڕەوشتی)، کە لە ڕەفتاری زمانی دەکۆڵێتەوە، هەم لایەنی هۆشەکی.

### سێیەم/زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:

ئەو زانستە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە، کەواتە کۆمەڵ کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر زمان و بە شێوەیەك هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێت. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی توێژینەوەکانی زمانەوانی سروشتێکی مرۆییان پێ ببەخشرێت.

---

[١] لە پاری دووەمی وەچەپاری یەکەمی ئەم بەشە بە تێر و تەسەلی باسی ئەم قوتابخانەیە و تیۆرەکانی بە شێوەیەکی ورد و ئاشکرا و زانستی دەکرێت، کە خاڵی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[٢] عبده الراجعي(١٩٩٥: ٧-٩).

## چوارەم/زانستی زمانی پەروەردە:

کارکردن لەسەر فێرکردنی زمان لە زانستی زمانی پەروەردەدا یەکێکە لە بابەتە هەرە سەرەکیەکان. خۆی لە دوو پرسیاردا دەبینێتەوە، یەکەم(لە زمانێکی دیاریکراو چی فێربکرێت)؟ دوەمیان(چۆن ئەو زمانەیان فێربکرێت)؟ پرسیاری یەکەمیان دەربارەی ناوەڕۆکی زمانەکەیە، وەڵامەکەی لە زانستی زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دەست دەکەوێت، هەندێك جاریش زمانەوانی دەرونی دێتەکایەوە. بە جۆرێك لەهەموو ئەو بەشانەی، کە زمانەکە پێك دێنێت چی فێربکرێت؟ پرسیاری دووەمیان دەربارەی چۆنیەتی فێرکردنی ئەو زمانەیە، واتە بە چ ڕێگایەك فێربکرێت.[1]

بەڵام لە کۆتایی باسکردنی ئەو سەرچاوانە، پێویستە ئاماژە بە پەیوەندی زانستی زمانی کارەکی بکرێت بەو چوار سەرچاوە زانستیە، کە زانستی زمانی کارەکی بابەتی فێربوونی زمانی لە هەر زمانێکی مرۆڤایەتی لەم سەرچاوانە لە گۆشەیەك لە گۆشەکان وەردەگرێت. ئەمەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە زانستی زمانی کارەکی وەك پردی پەیوەندی وایە لە نێوان ئەو زانستانە، واتە ئەم زانستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی نیە بەو سەرچاوانەوە، بەڵکو بە پێی پێویستی زانستەکە بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی فێربوونی زمانی، بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە هیچ کامێك لەو زانستانە دەست بەرداری زانستەکەی تر نابێت، بەڵکو هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە بەشداری دەکەن لە بابەتەکەدا.

لێرەدا ئەوە ڕون بۆوە، کە فێربوونی زمانی کارێکی ئاسانە نیە جا چ زمان پژاندن بێت بۆ قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە، چ فێربوونی زمانی دووەم بێت بۆ فێرخوازی زمانی دووەم، کە خەڵك دەیبینێ لە ژوری خوێندندا، بەڵکو چەندین کار و لێکۆڵینەوەی پێش وەختە کرایە لەلایەن هەریەك لە زمانەوانانی ئەو چوار زانستانەی پێشتر باس کران، بەڵام شێوەی کارکردنەکەیان نابێت بە تەنها یان بە گروپی بێت، بەڵکو کارەکەیان بە شێوەیەکی تەواوکەریانە دەبێت و ئەوەی ئەو کارە تەواوکەریانەش بەیەك دەگەینێت زانستی زمانی کارەکیە. هەروەها دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە ئەم زانستە تەنها گرنگی نادات بە کێشەکانی فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم، بەڵکو گرینگیش دەدات بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی توشی مرۆڤ دەبن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لە شوێنی کارکردنەکەیاندا بەهۆی نەشارەزاییانەوە لە زمانی ئاخاوتنی شوێنی کارەکانیان، هەر بۆیە لە زانستی زمانی کارەکیدا بوارێکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ ئەم لایەنە، کە ئەویش(پەیوەندیکردنە لە بازرگانیدا "Business Communication") کە تێیدا دوو جۆر فێربوونی زمانی جیاکراوەتەوە، یەکەمیان بریتییە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزی، کە کاری ئێمە نیە. دووەمیشیان بریتییە لە(فێربوونی بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی("English For Specific prop us ESP") کە تێیدا باسی ئەوە دەکرێت زمان بەکارهێنانی تایبەتی خۆی هەیە لە بوارە جیاوازە زانستی و ئەکادیمیەکاندا بە ڕادەیەك بەکارهێنانی زمان چ زمانی گوتراو بێت چ نوسراو لەم بوارە جیاوازانەدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەم شیوازەش تەنها لەم بوارانە بەکاردێت. هەر بۆیە شیکردنەوەی ئەم لایەنە لە زانستی زمانی کارەکیدا زیاتر پەیوەندی بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و

---

[1] عبدولوەهاب خالید(٢٠١٠: ٦٠).

وەك بابەتێك خۆی بۆ تەرخان دەكات، كە بە زاراوەی(شێوەی دووان "Register"[1] و شێوازگەری "Stylistics") ئاماژەی بۆ دەكرێت. لە ڕاستیدا بەكارهێنانی زمان لە بواری یاسا و دادگا و دادوەریدا چ وەك زمانی ئاخاوتن چ وەك زمانی نوسراوەكان بەردەوام سەرچاوەی چەندین كێشە و گرفت بوون بۆ بەشداربوانی ئەم پرۆسەیە. هەر بۆیە زانستی زمانی كارەكی لە ڕوانگەی شیكردنەوەكانی سەرەوە زۆر بە بەهێزی گرنگی دەدات بە چۆنیەتی و چییەتی بەكارهێنانی زمانی گوتراو و نوسراو لە بواری یاسادا وەك نموونەیەكی كارەكی لایەنی(بەكارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی "ESP"). بێگومان لەم ڕوانگەیەشەوە بنەمای شیكردنەوەكانی بۆ بەكارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی یاسایی زیاتر پشت دەبەستێت بە شیكردنەوە و دیاریكردنی شێوازێكی تایبەتی بۆ گوتن و نوسین لەم بوارە(یاسا)دا. بۆ تێگەیشتنی زیاتری بەراییانە لەسەر گرنگی فێربوون و فێركردنی بەكارهێنانی زمان بە مەبەستی تایبەتی یاسایی دەتوانرێت بڕوانرێتە ئەم نموونەی خوارەوە:

١)"ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە و لە بەجێهێنانی ئەركە پیشەیەكەی هیچ دەسەڵاتێكی بەسەرەوە نیە، جگە لە دەسەڵاتی یاسا".[2]

ئەگەر بێت و لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە بەراییانە ئەم دەقەی سەرەوە شیبكرێتەوە، دەبینرێت ڕستەیەكی لێكدراوە و لە چوار ڕستە پێكهاتوە، جگە لەمە لە ڕستەی كۆتایدا پیكهاتەیەك پەڕیوە، ئەویش( دەسەڵاتدارە بەسەریەوە) كە دەبوایە لەكۆتایدا دووبارە بكرابایەوە، بەڵام لێرەدا لەبەر كورت بڕیەكەی دووبارە نەكراوەتەوە، كە ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵەیە. ئەمە جگە لە داڕشتنی فرێزەكان و چۆنیەتی پاش و پێشخستنی فرێزەكان، كە دەتوانرێت لە چەندین لایەنەوە لێكدانەوەی بۆ بكرێت، بەڵام لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتیەوە ئەم دەقە هەژماری یاسا و دەسەڵات و داب و نەریتی كۆمەڵگاكەی لەبەرچاو نەگرتوە لەسەر ڕۆژنامەنووس، كەواتە بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە ئەگەر سوكایەتی بە كەسێك یان دەسەڵاتێك بكات، هەرچی ڕوانگەی دەرونیشە بۆ ئەم دەقە لە دەربرینی(ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە) ئایا مەبەست لێی چاكەیە بۆ سەر ڕۆژنامەنووس یان خەراپەیە بۆی؟ بەڵام لێرەدا ئەگەرچی وەك فرێزێك بۆ مەبەستی چاكە خراوەتەڕوو، بەڵام لەهەمان كاتدا بارێكی خراپ بۆ ڕۆژنامەنووس دەخاتەڕوو، چونكە ئەوە بە ڕۆژنامەنووس دەڵێت ئەگەر شتێك بكەی ئەوە خۆت لێی بەرپرسی و حوكومەت نایێت بە هاناتەوە، واتە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك لەسەر گەندەڵی بنوسێت و دواتر لەلایەن بەرپرسێك یان باڵادەستێكەوە بكوژرێت، ئەوە خۆت لێی بەرپرسی. بەڵام ئەم دەقە لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە لێك نادریتەوە چوونكە ئەم دەقە پەروەردەیی نیە.

بە شێوەیەكی گشتی ئەم زانستە خۆی لەبەربەستی جیاكەرەوەی نێوان تیۆر و كرداردا دەدۆزیتەوە[1]، واتە بە پێی جۆری ئەو كێشانەی كاری لەسەر دەكات دەگۆڕێت، جاری وا هەیە لە تیۆرەوە بەرەو كردار دەڕوات، جاری واش هەیە لە كردارەوە بەرەو تیۆر دەڕوات. بۆ نموونە:

---

[1] زاراوەی (شێوەی دووان) بەرانبەر زاراوەی (Register) بەكارهاتووە و وەرگیراوە لە لێكۆڵینەوەیەكی بڵاونەكراوەی (شاخەوان جەلال فەرەج)، كە لە وانەیەكی تایبەتیدا پێیداوین لە چاوپێكەوتنی ڕۆژی یەك شەممە ڕێككەوتی (٢٠١٤/١٠/١٢).

[2] ڕوخسار قادر و كامەران ڕەسول (٢٠١٣: ٥٥).

٢) کاتێك زمانەوانێکی کارەکی دەیەوێت پلان دابنێت بۆ ئەو قوتابیانەی، کەزمانی ئینگلیزی نازانن، لە هەمان کاتدا بەشێك لە وانەکانیان بە زمانی ئینگلیزیە، لێرەدا هەموو ئەو پرۆگرامە و پلانەی پێی پەسەندە بۆ ئەم مەبەستە دەیخاتەڕوو بۆ جێبەجێکردنی، ئەوە لێرەدا لە تیۆرەوە بۆ پڕاکتیکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو زمانەوانە دێت فیدباکێك دەکات لەلایەن ئەو فێرخوازانەی لەناو پرۆسەکەدان، تاکو بزانرێت تا چەند سەرکەوتوو بوینە یان نا؟ ئینجا ئەوەی لێرە دەستی دەکەوێت لە کارە پڕاکتیکیەکە بەشیوەی تیۆری دایدەڕێژیتەوە وەك پرۆسەیەك دەیخەنەڕوو.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت زانستی زمانی کارەکی جگە لە گرنگی دان بە سروشتی زانستی زمان، گرنگی بەو بارودۆخ و بیر و باوەڕ و یەکە کۆمەڵایەتیانەش دەدات، کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت. لەم بارەیەوە (Basil Bernstien ) دەڵێت:((زمانەوانی کارەکی هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەکردووە، کە تیۆرەکانی دەربارەی(جیاوازی زمانی قسەکردنی ماڵەوەی خوێندکار و زمانی قسەکردنی قوتابخانەکەی لە بنەڕەتدا دەربارەی زمانە، بەڵکو بۆ ئەم زانایە زمانەکە تەنها بەشێکی کۆدی پەیوەندیکردنە و بەشەکەی تریشی بریتییە لە ڕۆڵی ژینگەی بەکارهێنانی زمان و ڕۆڵی کۆمەڵ و درکپێکردنیان))[٢]. واتە دەتوانرێت بگوترێت، زمانەوانی کارەکی بە دابڕاوی لەو ژینگە و بارودۆخەی تێیدا بەکاردێت کار لەسەر زمان ناکات، بەڵکو کار لەسەر ئەو کێشانەی زمانبەکاربەر دەکات کاتێك ڕوبەڕوی دەبێتەوە، لەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە زمانەکەی تێدا بەکاردێنیت. واتە کارەکانی زمانەوانی کارەکی زیاتر پەیوەستن بە شیکردنەوەی کێشە زمانیەکان و دواتر خستنە ڕووی داتاکان و ڕێکخستنیان، ئینجا دەربڕینی بیر و ڕاکان و خستنەڕووی پێشنیاز لەسەر ئەو داتایانەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەستیان کەوتوە.

کەواتە زانستی زمانی کارەکی ئەو ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی زمان لە ژیانی ڕۆژانە دامەزراوە، بۆ ئەوەی زمانەوانی وەك زانستێك ببەستێتەوە بە کێشەکانی ژیانی مرۆڤ،[٣] تا وەك هەر زانستێکی تر هەست بە گرنگی ئەو زانستە بکرێت، چونکە هەتا ئەو زانستە دەرنەکەوت هیچ گرنگیەکی زمانەوانی دەرنەکەوت، کە خزمەت بە ژیانی مرۆڤایەتی بکات، چونکە ئەو زانستە لە چەندین بواری جیاواز کار دەکات، کە هەریەك لەو بوارانە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی وەك:( فێربوونی زمان، زمانەوانی بەرانبەری، زمانەوانی بایلۆجی، فەرهەنگسازی، زمانەوانی ماتماتیکی، وەرگێڕانی ئامێری، پلاندانانی زمانی، دادوەری، شیکاری دەق، ڕەوانبێژی، شێوازگەری.....هتد)[٤]

---

[١] Aronoff, M. and Janie, R. (٢٠٠٣: ٦٣٧) .

[٢] Davies Alan (٢٠٠٧: ٩٤) .

[٣] Mcmenamin,Gerald. R. (٢٠٠٢:٣٩).

[٤] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر بوارەکانی تر، کە زانستی زمانی کارەکی کاری تێدا دەکات، بروانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ) شێرزاد صبری و عبدالسلام نەجمەدین (٢٠١١: ٢٠).

ب) عبدالوەهاب خالید: (٢٠١٠ : ٦٧–٨٣).

له ئەنجامی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، زانستی زمانی کارەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە، کە بریتین لە:(فێربوونی زمانی) و(بەکارهێنانی زمانی) لەگەڵ(لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنان و فێربوونی زمان)، کە زمانەوانی کارەکی لە ڕێگای چەمکی یەکەمیان توانیویەتی ڕێگای فێربوونی زمانێکی تر/ بێگانە بۆ مرۆڤ بکاتەوە، بەڵام لە ڕێگای چەمکی دووەمیان توانیویەتی(ڕەوشتی پیشەگەرانە) دابێنێت، بەجۆرێك لە ڕێگای ئەم زانستەوە(ئاخاوتنی شوێنکار) دەست نیشانکرا، کە مەبەست لێی شێوازی قسەکردنە لە شوێنی کارکردندا. واتە لەهەر بوارێکی تایبەتدا بەکارهێنانی زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، جا ئەو بوارە پیشەیەکە یان پسپۆڕییێکە، بۆ نموونە بەکارهێنانی زمان لە بواری یاسادا بۆ مەبەستی یاسایە. کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکرێت، هەروەها قسە دەکرێت لەسەر ئەو کێشانەی ڕوبەڕووی زمانبەکاربەر دەبنەوە لە بەکارهێناندا لەکاتی هەڵە بەکارهێنانی زمانیدا. لێرەشدا کاری زمانەوانی کارەکی ئەوەیە کار لەسەر ئەو کێشانە بکات، کە ڕوبەڕووی زمان بەکاربەر دەبنەوە، هەروەها دانانی چارەسەر بۆیان. لەهەمان کاتدا ئەماژە بەوەش دەکات ئەم کێشەیە تەنها پەیوەندی بە زمانەوە نیە، بەڵکو زمان یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ دروستبوونی کێشەکان، چوونکە لەپاڵ ئەم کێشەیە چەندین هۆکاری تری وەك:(ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی خوێندەواری کەسەکە، لەگەڵ زیرەکی لە بەکارهێنانی زماندا، هەروەها باری دەرونی و شێوازی قسەکردنی....هتد) هەن، کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر زمانبەکاربەر لە بەکارهێناندا، کە وای لێ دەکات توشی هەڵەی زمانی ببێت. بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لەو کێشانە وەربگرین کە ڕوبەڕووی(تۆمەتبار) دەبێتەوە لە دادگادا هەڵەی زمانیە لە بەکارهێناندا، کاتێك وا ڕێکدەکەوێت لە دادگادا لێکۆڵینەوە لە گومان لێکراوێك دەکرێت، ئەوا لە کاتی وەرگرتنی وتەکانی و گواستنەی بۆ دەقی نوسراو، ڕەنگە بە هۆی هەڵەی زمانیەوە کەسە گومان لێکراوەکە، کە تاوانەکەی ئەنجام نەداوە بە تاوانبار دابنرێت یاخود بە پێچەوانەوە، بۆیە کەسی تۆمەتبارکراو جارێکیتر دەست دەکاتەوە بە ڕونکردنەوە لەسەر ئەو قسانەی کە پێشتر کردوویەتی بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە ئایا ئەو قسانەی ئەو کردوویەتی هەمان ئەو قسانەن کە نوسراون.

## ٢–١/١)شێوازە زمانییە هەمە چەشنەکان لە بۆچوونە شێوازگەریەکانی(جۆری نوسین"Genre " و شێوازگەری "Stylistics" و شێوەی دووان"Register"دا.

شیکردنەوەی دەقە زمانیە جیاوازەکان(دەقی گوتراو) بێت یان(دەقی نوسراو)، کە بەرهەمی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانە زمانیە جیاوازەکانی بەکاربەرە جیاوازەکانی خودی زمانەکەیە، هەر لە سەردەمی پەیدابوونی فەلسەفەوە تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانی بوە. لە کۆی سەرجەم ئەو گرنگی پێدانە سێ ڕێبازی زۆر گرنگ بۆ شیکردنەوەی دەقە جیاوازەکان هاتونەتەکایەوە، ئەوانیش هەریەکە لە ڕێبازەکانی(جۆری نوسین و شێوازگەری و شێوەی دووان)ن. هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پوختی لە سەر هەر یەکێك لەم سێ ڕێبازە هەڵوەستە دەکرێت. ئەمەش بەو مەبەستەی، کە باشترین و زانستیترینیان هەڵدەبژێردرێت وەك ڕێبازی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی دەقی یاسایەکانی زمانی یاسایی لە ناو زمانی کوردیدا. لەم ڕوانگەیەوە و بۆ

هێنانەوەی تێگەیشتن زیاتر  لە سەر ئەم ڕێبازە  پێویستە ئەوە بگوترێت، کە ئەم سێ چەمکە زیاتر وەك سێ ڕێبازی  لێکۆڵینەوەی  جیاواز  بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقە زمانییەکان تەماشا دەکرێت نەك وەك جۆرە جیاوازیەکانی دەقەکان یان شێوازی قسەکردن و نوسینە جیاوازەکان. ئەمەش بەو واتایەی، کە هەر دەقێك لە هەر بوارێکدا دەتوانرێت سێ جار بەم سێ ڕێبازە لێکۆڵینەوەی تێدابکرێت. ڕاستی ئەم بۆچوونەش( Douglas bibrir and Susan Conrd) جەختیان لە سەر کردۆتەوە و پێیانوایە، کە " ئەم سێ ڕێبازە لە چوار لایەنی سەرەکیدا لە یەکتر جیاوازن، کە ئەوانیش  لە( ئەو دەقەی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت)،(ئەو نیشانە زمانەوانیانەی لە دەقەکەدا شیکردنەوەی بۆدەکرێت)،(چۆنیەتی دابەشبوونی ئەو نیشانە زمانانەوانیانە دەقەکە) و (لێکدانەوەی جیاوازیە زمانەوانیەکان)"[1] خۆیان دەبینێتەوە. لەم تێگەیشتنەوە لێکۆڵینەوەکە زیاتر بۆچوونەکانی ڕێبازی(شێوەی دووان)ی هالیدای هەڵدەبژێرێت بەمەستی شیکردنەوەی نیشانەی زمانەوانیەکانی دەقی یاسایی لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی شیکارە ئەرکیەکانی(قوتابخانەی ئەرکی)یەوە بەمەستی جێ بەجێکردنی بابەتی بوون لە لێکۆڵینەوەکەشدا لەم وەچە پارەدا سەرەتا  شیکردنەوە بۆ ڕێبازی(جۆری نوسین) دەکرێت و لەوێشەوە  هەنگاو دەنرێت بۆ خستنە ڕوویەکی پوختی بۆچوونە شێوازگەرییەکانی ڕێبازی(شێوازگەری  تا لە کۆتایی ئەم وەچە پارەدا تانوپۆی بۆچوونە ئەرکیە هەمەچەشنەکانی ڕێبازی(شێوەی دووان) بنوسرێت و بکرێتە بنەمایەکی گریمانەکاری بۆ شیکردنەوەکانی بەشی یەکەم و دووەم.

### یەکەم/ ڕێبازی جۆری نوسین"Genre ":

ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا داهێنراوی ژیاری گریگیە و مەبەستی داهێنانەکەش زیاتر بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی جۆری جیاوازی نوسینی ئەدەبی و ژیربێژی  ژیارییەتی گریکی بووە. لەم سەرهەڵدانەوە(جۆری نوسین) هەنگاوی ناوە تا ئەو کاتەی لە(قوتابخانەی زمانەوانی سیدنی"Sydney school")دا بە فەرمی وەك ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەکار هات و پێیان وابوو، کە:(( دروستەی زمان بەشێکی جیانەبووەوەیە لە دەقەکان و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکان))[2]. بێگومان بۆچونی بنەڕەتیش لەم ڕێبازەدا ئەوە بوو، کە خاسیەتی سەرەکی ڕەفتاری زمانی مرۆڤ زیاتر خۆی لە شێوە داڕشتنی دەربڕینی بیر و چەمکەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە، جا ئەو شێوە داڕشتنە بریتی بێت لە شێوە داڕشتنی دەقێکی ئاینی یان دەقێکی یاسایی...هتد).

بەم شێوەیە ڕوندەبێتەوە لە ڕێگای(جۆری نوسینەوە "Genre") ئەوە  دەست دەکەوێت، کە هەر بابەتێك شێوازێکی نوسینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمە وا دەکات  مرۆڤ بە پێی ئەو بابەتەی لەسەری دەدوێت جۆری زمانەکەی دیاری بکات، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ئەو

---

[1] Biber, D. And Conrad, S. (٢٠٠٩:١٦–١٧).

[2] قوتابخانەی سندنی یەکێکە لەو قوتابخانە زمانەوانیانەی لە چێوەی(Systmic Functional Linguistics) دا  کاردەکەن و لە ناودارترین لێکۆڵەرانی ئەم قوتابخانەیە (James Robert martin)ە، کە هاوشانی (Haliday) لە قوتابخانەی ئەرکیدا بۆچونەکانیان لە سەر زمان و ئەرکی زمان خستۆتە ڕوو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a/ Biber, D,And  Fingans.E(١٩٩٤:٢٣)

b/ Haliday, K, A., M. (١٩٩٤: ١٧–٣٣)

جۆرانە، ئەو کلتورەیە زمانەکەی تێدا بەکاردێت، چونکە ئەوە کۆمەڵگایە وا دەکات هەر تاکێکی بەرانبەر بەو هەڵوێستە شێوازێکی تایبەت بەکاربێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە سنورداریەك هەیە لە جۆری نوسین، سنوردارییەکەشی لە وەدایە وردەکاری نادات لەسەر ئەو جۆرە نوسینە، کە بۆ ئەو بەرهەمە نوسراوە و گونجاوە[1].

کەواتە "Genre" بریتییە لە جۆری شێوازی تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراو، بەپێی دیاریکردنی چۆنیەتی و چەندییەتی پێکهاتەی ئەو شێوازە تایبەتمەندە. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە(جۆری نوسەری بەرهەم، خودی جۆری بەرهەم دیاری دەکات).[2]

هەروەها لە ڕوانگەی(Martin Jim) کلتورێك بریتییە لە سیستەمێکی Genre، واتە سیستەمێك لە Genre لە کەلتورێك پێك دێنێت، Genre بریتییە لە دووبارەبوونەوەیەکی ڕێکخراو و واتا[3]، واتە Genre ڕێکخراوە لە بەر ئەوەی زۆربەی کات( نوسەر/قسەکەر یان خوێنەر/گوێگر) زیاتر لە قۆناغێك تێپەر دەکات، بۆئەوەی بگاتە کۆتاییەکەی. بۆ نموونە:

٣)(نامەیەکی ئەکادیمی، دکتۆرا/ ماستەر) بە سەر چەند قۆناغێك دابەش دەکرێت، کە ئەوانیش( پێشەکی، تیۆر، ڕێباز، شیکار، ئەنجام و سەرچاوەکان)، کە ئەمانە بەشەکانی ڕێکخستنی وتارێکی ئەکادیمین، ئەم ڕێکخستنە جیاوازە لە ڕێکخستنی وتارێکی ڕۆژنامەوانی، کە تەنها پێکهاتوە لە ناونیشانێك و باسکردن لەو بابەتانە بەبێ ئەوەی وەك نامەیەکی ئەکادیمی بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێبپەڕێت بۆنوسینی، چونکە ئەویش ڕێکخستنی خۆی هەیە و جیاوازە لە Genre تر، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەیە.

یەکەم تایبەتمەندی ئەم جۆری نوسینە لە ڕوانگەی زمانەوانی ئەرکیەوە، ئەوەیە Genre ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، لە بەر ئەوەی زۆربەی کات زیاتر لە یەك کەس لە بە ئاکام گەیاندنی جۆری نوسینەکەدا بەشدارە، بۆ نموونە لە دەقە یاسایەکاندا چەندین بەشداربوو بونیان هەیە( پارێزەر، پەرلەمانتار، دادوەر، دادگا...هتد)، کەواتە بە پێی ئەو وردەکارییەی سەرەوە دەکرێت پێناسەکەی(Martin, Jim) بەم جۆرە بنوسینەوە/ جۆری نوسین بریتییە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کەڵك وەردەگرێت لە زمان(زمانی نوسین/زمانی زارەکی)، کە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێك خراوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکێك[4].

### دووەم/شێواز و شێوازگەری"Style and Stylistics":

وشەی شێواز لە بنەڕەتدا لە وشەی(Stylus)ی گریکی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە لە سەر بناغەی بیرە ئەدەبیەکانەوە سەری هەڵداوە. لەم بارەیەوە(حەمە نوری) دەڵێت:((شێواز بریتییە لە ڕێگایەکی تایبەت نوسەر یان شاعیر بە هۆیەوە لە داڕشتنێکی تایبەت بە خۆی و زمانەکەیەوە، بیرەکانی نوسەر دەردەبڕێت)) [5]، واتە ئەو

---

[1] Biber,D and Conrad,S. (٢٠٠٩: ٢٠) .

[2] Biber,D. And finegan, E. (١٩٩٤:٢١–٢٣).

[3] Martin, Jim(٢٠٠٩: ١٠–٢١)

[4] جەعفەر شێخولئیسلامی(چاوپێکەوتن:٢٠١٤/٥/١٧).

[5] حەمە نوری (٢٠٠٨: ١٧).

ڕێگا تایبەتەیە کەسێك دەیگرێتەبەر بۆ ئەو مەبەستەی دەیەوێت بیگەێنێت، کە جیاوازە لەو ڕێگایەی، کە کەسێکی تر دەیگرێتەبەر. ئەمەش دەبێتە شێوازێکی تایبەت بۆ ئەو کەسە، بۆیە هەر کەسێك لە ئاخاوتندا یان لە کارکردندا ....هتد شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە کەسانی تر، بەڵام لێرەدا پێوستە تیشك بخرێتە سەر ئەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی دروستبوونی جۆراوجۆری شێوازەکان ئەوانیش بریتییە لە( جیاوازی لە هەڵوێستەکان، سروشتی بابەتەکە و توانای هونەری قسەکەر)[1]، هەر یەکێك لەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر دروستبونی شێوازی جیاواز، بۆنموونە:

٤) ئەگەر بێت و لە دادگاکاندا هەڵوێستەی(مارەبرین) وەربگرین، جیاوازە لەو هەڵوێستەی، کە لە جیابوونەوە دەگیرێتەبەر.

هەروەها لە ڕوی بابەتیشەوە ئەو بابەتەی(سکاڵا)ی لە سەر تۆمار دەکرێت جیاوازە لە بابەتی(قەرەبوکردنەوە).

هەرچی توانای هونەری قسەکردنیشە بە ڕونی لە کاتی دادگایکردندا دەردەکەوێت، بۆنموونە:

٥) دادوەر هەیە هونەری قسەکردنی بەرزترە لە دادوەرێکی تر و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بێ دروستبونی هیچ کێشەیەك پرۆسەی دادگایگردنەکە بەرێوە ببات. ئەمەش بە هۆی لێهاتوییەتی لە هونەری قسەکردندا. بۆیە زۆرجار گوێمان لێ دەبێت، دەڵێن شێوازی قسەکردنی ئەو دادوەرە نەرمتر و جوانترە لە هی دادوەرێکی تر(قسەزانترە).

بەشێوەیەکی گشتی شێواز دابەش دەبێتە سەر دوو جۆری سەرەکی ئەوانیش بریتین لە(شێوازی زانستی و شێوازی ئەدەبی)[2]:

١/**شێوازی زانستی:** ئەو زانستەیە ئامانجی گەیاندنی ڕاستی زانستیە دوور لەپێدا هەڵدان و لێڵی واتایی، بەڵکو زیاتر هەوڵی سەلماندنی ڕاستی ئەو زانستە دەدات کە لە سەری دەدوێت، جا چ بە هۆی بەڵگە هێنانەوە بێت، یان سەلماندنی، بە شێوەیەك ئەو ڕاستیە زانستیەش لە هەموو وڵاتێك و نەتەوەیەك وەك یەکە و جیاوازی تێ ناکەوێت، چونکە تەنها مەبەستی گەیاندنی ئەو زانستەیە وەك: زانستی ماتماتیکی و زانستی پزیشکی...هتد، کە شێوازی نوسین و داڕشتنی زۆر جیاوازە لە نوسینی شیعرێك یان ڕۆمانێك.

٢/**شێوازی ئەدەبی**: ئەم شێوازە بە پێچەوانەی شێوازی زانستی کاردەکات، کە مەبەستی گەیاندنی کاریگەریە لەسەر خوێنەر و گوێگر، بەجۆرێك سنوری ڕاستیەکان دەبڕێت و پەنا بۆ دەستەواژەی خەیاڵی دەبرێت، بۆیە دەبینرێت، ئەو ئەدیبەی باس لە(حوانی) دەکات جیاوازە لەگەڵ ئەدیبێکی تر کە باسی هەمان بابەت دەکات، چونکە هەر ئەدیبێك بەپێی خەیاڵ و لێکدانەوەی خۆی وەسفی دەکات.

کەواتە((شێواز بەو سیما و ئاکارانە دیاری دەکرێت، کە پەیوەندیان بە شێوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە. لە بەرئەوە دەبینرێت هەموو ئەو کەسانەی، کە سەر بەیەك کۆمەڵگای زمانین، وەك یەك نادووێن و قسە ناکەن، بەڵکو لە بەرکارهێنانی زماندا جیاوازیان لە نێوان دەبێت چ لە شێوەی درکاندنی دەنگەکان و هەڵبژاردنی

[1] محمد أبونبوت و محمد الحویطی (١٤٢٨: ٤).

[2] سەرچاوەی پێشوو (ل:٨).

وشەکان چ لە داڕشتن و دەربڕینی وشە و ڕستەکان))[١]. بۆیە دەبینرێت، هەموو مرۆڤێك لەزمانی خۆیدا شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە، بە شێوەیەك هەر کەسێك لە کاتی بەکارهێنانی زماندا هەندێك وشە و دەستەواژەی تایبەت بەکاردێنیت وەك مۆرکێکی جیاکەرەوە بۆ ئەو کەسە لە کەسەکانی تردا، کە سەر بە یەك کۆمەڵگای زمانین، کەواتە ئەوە(شێوازە)، بەڵام هەرچی(شێوازگەریەر"Stylistic")ە کار لەسەر شێواز دەکات و ئەم دووانە هەمیشە پێکەوە دێن، بۆیە شێواز و شێوازگەری پەیوەستن بەیەکەوە[٢].

لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە شێوازگەری، بریتییە لە ڕێبازێك بۆ شیکردنەوەی شێواز یاخود بۆ دۆزینەوەی ئەو شێوازەی، کە کەسێك دەیگرێتەبەر، بۆیە دەوترێت شێواز بەکاربهێنرێت، وەك نیشانەیەکی جیاکەرەوەی دەقەکان لە یەکتر، ئەمەش لە ڕێگەی بەراوردکردنی دەقەکان لەگەڵ یەکتر، ئەمەش بە هەڵبژاردنە زمانیە جیاوازەکان. لەم بارەیەوە(Enkvist) دەڵێت:(( کەوا شێوازی دەق دەتوانرێت تەنها لە ڕێگەی بەراوردکردنی دەقەکە لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتری دەقەکان کە ئەرك دەبینێت شیبکرێتەوە))[٣] واتە هەر ئەوەیە هاوکاری مرۆڤ دەکات، کە دەقێکی یاسایی لە دەقێکی ئەدەبی جیابکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت جیاوازییەکی سەرەتای بکرێت لە نێوان(شێوازگەری گشتی "General Stylistics" و شێوازگەری ئەدەبی "Literary Stylistics")، چونکە شێوازگەری گشتی پەیوەندی هەیە بە زمان و زمان بەکارهێنان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەڵام هەرچی شێوازگەری ئەدەبیە بریتییە لە کۆپەیوەندی نێوان زمان و دەقە ئەدەبیەکان و واتاکانیان و ئەو کاریگەرییەی لێیان دەکەوێتەوە[٤]. واتە لێرەوە ئەوەی زیاتر پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوە هەیە بریتییە لە( شێواز و شێوازگەری گشتی)[٥] هەریەکە لە(Crystal and Davges) پێیان وا بوو، دەبێت بە شێوەیەکی سیمانتیکی کار لە سەر شێواز بکرێت، کە بۆچی و چۆن زمان شێوەی جیاواز وەردەگرێت بە پێی بەکارهێنانی لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا. بۆ ئەم مەبەستەش دوو لایەنیان دیاریکردووە، کە یەکەمیان شیکردنەوەی لایەنی زمانیەکانە، کە چەند ئاستێکیان بۆ دیاری کردووە وەك:(فۆنەتیك، شێوەی نوسین فۆنۆلۆژی، گرافۆلۆژی(Grapholoy) ڕێزمان، فەرهەنگ و سیمانتیك) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی درك بە جیاوازیەکان بکرێت، بەڵام هەرچی لایەنی دووەمە بریتییە لە لایەنە نازمانیەکان، کە خۆی لە کات و باری دەرونی کەسەکە و ئاستی ڕۆشنبیری و پلە وپایەی کۆمەڵایەتی و ئەو دەوروبەری قسەی تێدادەکرێت، دەگرێتەوە. هەریەکە لەم دوولایەنە لە لایەن( Crystal

---

[١] تالیب حوسێن (٢٠٠٥: ٨٧).

[٢] ئیدریس عبداللە (٢٠١١: ١٥).

[٣] Semino Blena (٢٠١١:٥٤٢).

[٤] سەرچاوەی پێشوو (ل: ١٥٤).

[٥] ئەگەرچی ئەستەمە سنورێکی دیاریکراو بکێشرێت بۆ بابەتێك کە تایبەت بێت بە شێوازگەری، بەڵام دەکرێت خودی ئەم دەستەواژەیە بەشیوەیەکی سەرەکی شوێن پێی هەڵبگیرێت لەو زنجیرە لێکۆڵینەوانەی کە لە سەر شێواز کراون،لە لایەن بالی(١٩٥٩) و سپیتزەر(١٩٤٨) لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر مێژوویەکەی بڕوانە:

أ/ئیدریس عبداللە(٢٠١٠: ١٥٢–١٥٤).

ب/ Semino Bleana ( ٢٠١١ :٥٤٢)

and Davges) بە( نیشانە شێوازگەریەکانیان"Stylistically Features"[١]) دادەنێن، چونکە لە ڕێگای ئەو(نیشانە شێوازگەریانە) دەتوانرێت، شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی بۆ هەر شێوازێك بکرێت، لەبەرئەوەی ڕاستییە دەتوانرێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی جیاوازی لە نێوان شێوازەکانی هەر دەقێك یاخود ئاخاوتنێك بکرێت، بەڵام ئەو شیکردنەوەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمیی( بابەتیانە)نیە. بۆنموونە کاتێك شوانێك قسە دەکات درك بەوە دەکرێت، کە شێوازی قسەکردنەکەی جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی پزیشکێك یان ئەندازیارێك، بەڵام ئەم درك پێکردنە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیە نەك(بابەتیانە).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە شێوازگەری وەك ڕێبازی لێکۆڵینەوە، کە کار لە سەر شێواز دەکات، لە سەر سێ بنەما یاسای سەرەکی دروست دەبێت، واتە زانستی شێواز ڕەنگدانەوەی دەبینێت لە سەر سێ یاسادا ئەوانیش بریتین لە( لادان، یاسای دووبارەبوونەوە، پێکەوە هاتنی وشە):

**یەکەم: لادان:** بنەمایەکی گرنگی شێوازە، کە دەرچوونە لە یاسا گشتیەکانی بەکارهێنانی زمان لە زمانێکی دیاریکراودا[٢]. واتە لە ئەنجامی لادان یاساکانی زمان دروست دەبن، وەك تێکشکاندنی قالبی سینتاکسی یان فەرهەنگی یان واتاسازی زمانەکە، جا چ بۆ مەبەستی کورت بڕی بێت یاخود وەسف کردن بێت، یان دروست کردنی کاریگەری بێت، یاخود بەرهەم هێنانی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی بێت...هتد، چونکە هیچ کات ناکرێت کردەی(لادان) بە بێ ئامانجی لە خۆوە بێت، لە بەرئەوەی(لادانیش) مەرجی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕودانی، چونکە ئەگەر لەم پرۆسەیەدا هیچ کامێك لە مەرجەکانی تێدا نەبێت ئەوا پرۆسەیەکی بێ بنەمایە و لە یاسای زمانەکەدا جێگای نابێتەوە، ئەو مەرجانەش کە پێویستە هەبن بریتین لە مانەی خوارەوە:

أ–دەبێت لادانەکە لە ڕێزمانی زمانەکە ڕێگا پێدراوبێت[٣]، واتە دەکرێت ئەو بەشەی دەکەوێتە کۆتای ڕستە، بخرێتە سەرەتا یاخود ناوەڕاستی ڕستەکە، بەڵام ناکرێت یەکێك لە بەشە سەرەکیەکانی ڕستە بە بێ هیچ هۆیەك لابدرێت وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

٦)أ–ئازاد نانەکەی خوارد.

ب–نانەکە،(ئازاد) خواردی.

لێرەدا لە ڕستەی(٦/ب) قالبە سینتاکسیەکە گۆڕانی تێداکراوە، بەوەی بەرکاری ڕستە لە جێکەوتەی خۆی هێنراوەتە پێشەوە[٤].

ب/ هەمیشە دەبێت لادان بۆ مەبەست و ئامانجێك بێت، بتوانێت کاریگەری دروست بکات. باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستیەش لە زمانی شعریی و لادانەکانیدا دەبینرێتەوە هەروەکو بە نمونە لە شیعری نالیدا دەخرێتەڕوو:

٧) نەمردم، من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

---

[١] Semino Bleana ( ٢٠١١ :٥٤٢)

[٢] عبدالواحید مشیر( ٢٠١٢: ٤٦).

[٣] ئیدریس عبدالله(٢٠٠٣: ٢٣).

[٤] بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم جۆرە نمونانە بڕوانە: کاروان عومەر(٢٠٠٨ :٢٣)

نەچم شەربێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ.

لەم نموونەیەدا هێنانە پێشەوەی پێکهاتەی کردار بۆ سەرەتای دوو نێوە دێڕەکە جگە لە جەختکردنی واتایی، ئاوازیی کۆیی شیعرەکەشی چنیووە.

**دووەم/ پێکەوەهاتنی وشە(کۆمەڵە وشە)**[1]: ئەو وشە و زاراوانە دەگرێتەوە، کە لە پێکەوە هاتن و هاوڕێیەتی کردندا گونجانێکی تەواو لە نێوانیان هەیە، کە دوو وشەی فەرهەنگی یان زیاتر بەشداری دەکەن لە دروستکردنی وشەیەکی نوێ. ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە وشانە فرێزێکیان پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی زۆری بەکارهێنانی لە لایەن قسەپێکەرانی زمانەکەیەوە، وەك وشەیەکی سەربەخۆی لێهاتوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە بەیەکەوەهاتنی ئەو وشانە وەك پێداویستی یەکتروان، بۆنموونە:

٨)(تاڵ و شیرین)،(ڕەش و سپی).

هەریەك لەمانە لە بنەڕەتدا فرێزێکن، بەڵام وەك وشەیەك دێنە سەر زمان، چونکە زۆر بەکارهاتون لە ژیانی ڕۆژانە و بونەتە وشەیەکی سەربەخۆ، ئینجا ئەو وشانە، کە کەسێك زۆر بەکاریان دێنێت دەبنە خەسڵەتێك بۆی لەکەسێکی تر جیا دەکرێتەوە، کە ئەمەش دەشێت لە زمانی یاسادا ڕەنگ دانەوەی دەبێت.

**سێیەم/ یاسای دووبارەبوونەوە:** مەبەست لەم یاسایە دووبارەبونەوەی فۆنیم و وشەیە لە کاتی نوسین یان قسەکردندا. باشترین بەڵگەی دووبارەبوونەوەش خۆی لە وەچە یاسای وشە دووبارەکرنەوەدا دەبینێتەوە، کە بەردەوام ئاخێوەر لە کاتی پێوستدا هەوڵدەدات وشەکانی دوبارەبکاتەوە، کە ڕەنگە لای بەرانبەر واتایەکی گونجاوی نەگەیاندبێ، بۆیە بە وشەیەکی تر دووبارەی دەکاتەوە، بۆنموونە ئەگەر گەورەیەك منداڵێك بانگ بکات و جوان وڵام نەداتەوە، ئەوا ئەم ئاخاوتنە ڕودەدات:

٩) –حەمە گیان بۆ وڵام نادەیتەوە؟

+قوزەڵقورتت ئەدەمێ(بێگومان لە بەرخۆیەوە بە دەنگی نزم دەگوترێت)

–چی دەڵێت؟

+ گوتم بە سەر چاو قوربان.

زۆرجار دووبارەکردنەوەکان تەنها وشە هاوواتا ڕاستەوخۆکان ناگرێتەوە، بە تایبەتی لە شیعردا هەندێکجار دووبارەکردنەوەی وشە خزمەکانی ناو پۆلێکی واتایی بەکاردێت بۆ گەیاندنی واتایەکی جەختکراوە.[2]

**سێیەم/شێوەی دووان "Rejester":** مەبەست لێی جیاوازی زمانییە لە بەکارهێناندا، بە پێی ئەو بارودۆخەی زمانەکەی تێدا بەکاردێت دەگۆڕێت، لەم ڕوانگەیەوە جیاوازیە زمانیەکان دەتوانرێت ئاماژەیان پێ بدرێت وەك(شێوەی دووان" Rejester")، بۆنموونە ئەگەر سەیری هونراوەیەك بکرێت دەتوانرێ پێشبینی ئەو بارودۆخە بکرێت، کە هونراوەکەی تێدا بەکارهاتوە، چونکە هەمیشە دەبێت گونجانێك هەبێت لەنێوان ئەو زمانەی بەکاردێت لەگەڵ ئەو بارودۆخە تێیدا بەکاردێت، بۆیە بە ئاسانی جیاکردنەوە دەکرێت لە نێوان هۆنراوەیەکی

---

[1] بۆ زانیاری زیاترلە سەر (پێکەوەهاتنی وشە)، بروانە: محەمەد مەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر (٢٠١٠: ١٦٤–١٨٠).

[2] بۆ شیکاری ئەم ڕاستییە، بروانە مەحەمەدی مەحوی، کاروان عومەر، شیلان عومەر (٢٠١٠: ١٥٦–١٨٠).

ئایینی یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی، واتە ئەوە سروشتی نوسینەکەیە وا دەکات ئەو جیاکردنەوە بزانرێت لە ڕێگەی جیاوازی زمانییەوە.

تەنانەت کارە سەرەکیەکان و گریمانە ڕونەکانی لێکۆڵینەوەی(زانستی زمانی کارەکی) لە سەر شێوە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمان، بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە(گفتوگۆکردن). ئەمەش بارودۆخێکە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕودەدات لە کۆمەڵگادا. بە گوێرەی بەشداربوون و شوێنیان و بارودۆخەکانیان دەگۆڕدرێت و شێوەی دووان دروست دەکەن[1]، واتە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا شێوەی دووان زیاتر لە ئاخاوتندایە، کە هەر شێوە ئاخاوتنێك تایبەتمەندی هەیە و پێی جیادەکرێتەوە لە یەکێکی تر، هەر بۆیە هەر بۆنەیەك لە ژیانی مرۆڤدا شێوەی دووانی تایبەت بە خۆی هەیە و پێی جیادەکرێتەوە لە بۆنەیەکی تر، تەنانەت ئەو کەسانەی بەشدارن لەم بۆنەیەدا هەریەکێکیان لە هەڵبژاردنی وشە و چۆنیەتی دەربڕینی وشەکان و ئەو هۆکارە نازمانییانەی پەیوەندی دروست دەکەن دەگۆڕدرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە(شێوەی دووان) دەکرێت هەم لە(زمانی زارەکی) یان(زمانی نوسین) بێت، کە هەریەکێك لەمانەش تایبەتمەندی وشە و ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بە گوێرەی بارودۆخ و هەڵ و مەرجەکانی وەسف دەکرێن، ئەوە ڕون دەکاتەوە ئایا ئەم شێوە دووانە لە قسەکردن یان نوسین دروستکراون؟ بەڵام ئامانجی شێوەی دووان ئەوەیە ئەم دەقانە چۆن داڕێژراون؟ کێ دایڕشتون؟ زمان چۆن کەڵکی لێوەرگیراوە بۆئەوەی ئەو ئامانجەی هەیەتی بیپێکێت، ئایا کردارەکان زیاتر ناون یان کردارن؟ لەم بارەیەوە( Douglas Susan) دەڵێت:((دەتوانرێت شێوەی دووان بەوە پێناسە بکرێت لە سەر شیکارکردنی دەقی تەواو یان پارچە دەق، چونکە پێکهاتەی زمانی هەر شیکردنەوەیەکی شێوەی دووان پێوستی بە پێناسەکردنی سیفەتی زمانەوانی و جۆری بارودۆخی دەقەکەیە، کە لە ڕێی سیفەتە زمانەوانییەکانەوە دەتوانرێت، بارودۆخی تێکستەکە وەسف بکرێت))[2] .

واتە خاڵی سەرەکی، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە شێوەی دوواندا کاری لە سەر دەکرێت بریتییە لە(سیفەتە زمانەوانیەکان) و(بارودۆخەکان) لە ڕێگای ئەمانە دەتوانرێت، جیاوازی لە نێوان جۆرەکانی دەق بکرێت. ئەم جیاوازییانەش لەو کاتەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کاتێك شیکردنەوە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز لە شێوەی دووان دەکرێت، کە بە بەراوردکردنیان لێك جیادەکرێنەوە. بۆیە بۆئەوەی پرۆسەی شیکردنەوە بەسەرکەوتوی بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکانی شێوەی دووان بکرێت، دەبێت هەنگاوی گرنگ لەبەر چاوبگیرێت لە هەر شیکردنەوەیەکەدا بەم شێوەی خوارەوە:

أ/ سیفەتی بارودۆخی شێوەی دووانەکە لە بەرچاو بگیرێت، بۆنموونە:

١٠) ئەگەر(مێزگردێك) وەربگیرێت دەبێت بەلایەنی کەم قسەکەرێك وگوێگرێك هەبێت.

---

[1] Biber,D. and Edward,F (١٩٩٤:٢٠)

[2] Biber,D. and Conrad, S. (٢٠٠٦:٦٠)

٢/دەبێت ئاماژە بو سیفەتە زمانەوانییەکان بکرێت، کە بەشدارن لە دروستکردنی شێوەی دووانەکە، بۆنموونە: ئایا لە دروست بوونی ئەم شێوە دووانە زیاتر سود لە چی وەرگیراوە( ناو، جێناو، ئاوڵناو، کردار...هتد).

٣/بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی دروست بووە لە نێوان سیفەتە زمانیەکان و ئەو بارودۆخەی شێوەی دووانەکەی دروستکردووە، بۆنموونە ئەگەر دەقێکی یاسایی وەربگیرێت لە ڕێگەی شیکردنەوەکەیەوە دەتوانرێت جیاواز بکرێت لەگەڵ دەقی گفتوگۆیەك، بۆ تێگەیشتنی زێتر با بڕوانینە نموونەی(١١):

١١)((ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی ڕۆژنامەی هەیە، دەبێت لە ڕوی یاساییەوە شایستەی تەواوی هەبێت))[١]

ئەگەر شیکردنەوە بۆ ئەو شێوە دووانە بکرێت لە ڕوی سیفەتی بارودۆخەکەوە، کە شێوەی دووانەکەی تێدا نووسراوە جیای دەکاتەوە لە شێوەی دووانێکی تر. ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەم دەقە بۆ یەك کەس نەنووسراوە، واتە تەنها ئاراستەی یەك کەس نەکراوە، هەروەها هیچ پەیوەندییێکی ڕاستەخۆ نییە لە نێوان نوسەری دەقەکە و خوێنەرەکە، جگە لەمەش لە خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بەوە دەکرێت، ئەم بڕیارە دەبێت جێ بەجێ بکرێت. ئەمەش لەلایەن تاکە کەسێکەوە نیە، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتەوەیە، کەناکرێت پەیڕەوی نەکرێت. واتە هیچ بیروڕایەکی شەخسی لەم دەقەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو شتێکی گشتگیرە و بۆ هەموو کەسێك وەك یەکە، ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیشەوە سەیری بکرێت، دەبینرێت هیچ جێناوی کەسی( یەکەم و دووەم) بەدی ناکرێت. زیاتر پشت بە جێناوی نادیاری(ئەو، ئەوان) دەبەسترێت، هەروەها ناو زۆر بەکەمی بەکارهاتووە، زیاتر کردار بەکارهاتوە، هەروەها ئەو کردارانەی بەشدارن لە دروستکردنی ئەم تێکستە کاری(کردارین) نەك کاری(هزری)، ئەوەی ئەو پەیوەندییەی دروستی کردووە لە نێوان سیفەتە زمانەوانیەکان و بارودۆخەکان کردارەکانن.

لێرەوە ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە شێوەکانی دووان لە هەردوو سیفەتەکانی زمانەوانی و بارودۆخەکان لە یەکتر جیاوازن بە جۆرێك سیفەتە بارودۆخەکان گرنگترن لە سیفەتە زمانەوانییەکان، لە بەرئەوەی ڕاستە زمان بە کاردێت لە نوسینی جیاواز لە ژێر بارودۆخی جیاواز بۆ مەبەستی جیاواز، بەڵام ناتوانرێت ئەم شێوازانە لە هیچ دیاردەیەکی زمانەوانی وەربگیرێت، بەڵکو ئەوە بە پێچەوانەوەیە. ئەم جیاوازیە زمانیانە لە نێوان شێوەکانی دووان لە ڕێگەی بارودۆخی جیاوازەکانەوە وەردەگیرێت، چونکە خاسیەتە زمانەوانییەکان کردارین[٢].

ئەم ڕێبازە(شێوەی دووان) بە پێی بۆچوونی هالیدای لە سێ بەشی سەرەکی پێك هاتووە[٣]، کە بریتین لە:

١/ بوار و سەرتۆپ "Field": دەوروبەری دەق و بارودۆخە نازمانییەکان دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەیەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، ئایا شێوەی دووانەکە قسەکردنە لەسەر بابەتێکی وەك یاسا یان باسی بابەتێکی وەك ئەدەب یان زانست دەکات.

---

[١] ڕوخسار قادر و کامران ڕسول (٢٠١٣: ٥٢).

[٢] Biber,D. and Conrad, S( ٢٠٠٩:٩)

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٢٠٠٩: ١٠٩–١٣٩).

٢/كرۆكی ئاخاوتن"Tenor of Discourse ": ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە ئاخاوتنەکەدا بەشدارن، واتە دەبێت بزانرێت ئەو کەسانە کێن، کە ئاخاوتنەکەیان دروستکردووە؟ ناوەڕۆکی ئەو ئاخاوتنە چیە، کە بەشدارن تێیدا. بۆنموونە:

١٢) ئەگەر دەستەی دادگا وەربگیرێت بەشداربوەکانی پێکهاتوون لە(دادوەر، پارێزەر، تۆمەتبار و لێکۆلەر).

٣/ شێوازی ئاخاوتن "Mood of Discourse": مەبەست لێی ڕۆڵی زمانە لە پەیوەندی کردندا، ئایا چۆن لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندی لە نێوان ئەو بەشداربووانەدا دروست دەبێت، ئایا زمانەکە لە بەکارهێناندا زارەکی بووە یان نوسین؟ سوود لە کامیان وەرگیراوە بۆ داڕشتنەوەی ئەو شێوە دووانە؟ تا چ ڕادەیەك زمانەکە فەرمیە یان نافەرمییە؟ لێرەدا هەموو ئەمانە ڕوون دەبێتەوە.

## ١/١-٣) زمانی یاسایی(بنەما و تایبەتمەندی):

بنەمای لێکۆڵینەوەی زمانی یاسایی زیاتر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەییانەیە بۆ کۆپەیوەندی نێوان یاسا و زمان. بە شێوەیەکی گشتی تا سەردەمی هاتنەکایەی چەمکی(زمانی یاسایی)، خودی(یاسا و زمان) وەك دوو دیاردەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام بە دوای ناساندنی چەمکی(زمانی یاسایی)دا، ئەم بیرە گۆڕانی بەسەردا هات و هەردوو دیاردەکە لە بۆتەی ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی نێوانگیردا وەك دوو دیاردەی پەیوەست بە یەکتر شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت. لە سەر ئەم بنەمایە(Peter Coodrich١٩٨٤) پێیوایە، کە:(( زمانی یاسا"Legal Language" چەپکە نیشانەیەکی دەرپەڕیوی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویانەی سەرەتاکانی دروستبونی مرۆڤەکانن و هاندەرن بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی وەك ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و پۆلکردنی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان))[١]. بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرە ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێت، کە دەقی یاسایی وەك هەر دەقێکی تری گوتراو یان نوسراو، دەقێکی زمانییە، بۆیە شێوازی قسەکردن و نوسینی یاساییانەش وەك هەر شێوازێکی ئاخاوتن و نوسینی تایبەتی زانست و پیشەییەکی تایبەتی، شێوازێکی قسەکردن و نوسینێکی تایبەتییە واتە زمانی یاسایی شێوازێکی دەربڕینی تایبەتیی زانستێکی تایبەتیی وەك یاسایە. ئەم ڕاستییەش لەو بنەمایەوە هاتووە، کە هەم تیۆری یاسایی و هەم پراکتیزەکردنی یاسایی هەمیشە و بە شێوەیەکی زۆر بەهێز پشت دەبەستێت بە ئامرازی شیکردنەوە ڕەوانبێژی و زمانەوانییەکان. ئەمەش لە بەرئەوەی کارپێکەرانی یاسا هەمیشە ویستوویانە لەم دەقە تەواو تەکنیکییە(واتە دەقی یاسایی، کە چنراوێکی نیشانە زمانەوانی و ڕەوانبێژییەکانە) تێبگەن. بۆیە بەردەوام پێویستییان بە سەرجەم توانست و توانا زمانەوانی و درکپێکردنە زمانەوانییەکانە بۆ یەکلایکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییانەی ئەم دەقە تەکنیکییە و سانا تێگەیشتن لێی. بەمشێوەیە ئەم بۆچوونە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت، کە دەقی یاسایی زمانەوانییانە دادەڕێژرێت، بۆیە دەبێت زمانەوانییانەش لێکبدرێتەوە، چونکە دەقە یاساییە داڕێژراوەکان بەردەوام بە کردەی زمانی ورد و ئاڵۆز چنراوە و یاسا داڕێژەریش ویستوویەتی بە هۆیەوە بە وردی و سنوردارکراوی مەبەستە یاساییەکانی بگەیەنێت. ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزییەکی بێ کۆتایی دەقەکە و زیاتر وەك دەقێکی زۆر تەکنیکی ڕەوانبێژییانە دەردەبڕدرێت. ئەگەرچی ئەم

---

[١] Coordrich, P. (١٩٨٤:١-٢).

بۆچوونە بۆتە هۆی ئاڵۆزبوونی دەقی یاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونە بنەمایەك بوە بۆ خستنەڕووی ئەوەی، کە دەبێت داڕشتنی دەقی یاسایی بە زمانی یاسایی سروشتی(پێڕەو) بە یاسا ببەخشێت، هەربۆیە(Peter Coodrich) لە بۆچوونەکەیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:(( بەردەوام هەوڵدەدرێت بۆچوونێکی ئەرێنییانە لە سەر یاسا بخرێتەڕوو بەوەی، کە یاسا لە کرۆکدا وەك(پێڕەو) پێناسە بکرێت، پێڕەوێك بۆ واتا جیهانییەکان یان نرخە یاساییە تایبەتەکان. بەمەش زمانی یاسا دەبێت بە زمانێکی تەکنیکی، بەڵام ئەم لایەنە تەکنیکییە نابێتە بنەمای هەڵە لە زمانی یاسادا، بە مەرجێك دروست بخوێندرێتەوە و تێبگەین))[1]. کەواتە چەندە چەندە داڕشتنی یاسا بە داڕشتەیەکی زمانەوانی دروست گرنگە، دوو هێندەش شیکردنەوەی داڕشتەکە و تێگەیشتن لەو داڕشتەیە گرنگە، تا ڕاستەوانە یاساکە دابڕێژرێت و بشخوێندرێتەوە. لە ڕاستیدا گرنگترین لایەنی هاوبەش لە نێوان هەردوو دیاردەی(زمان و یاسا)دا بریتییە لە چوونیەکی پاشخانی هەردوو دیاردەکە، چونکە هەر وەك چۆن زمان زیاتر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەناسرێت و سەرجەم نیشانە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئاینی و ئابوری و ڕامیاری و...هتد لە ناوەخنیدا هەڵگرتوە بە شێوەی کۆدی زمانی لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە و لە ئاخاوتنەکانی و تێگەیشتنەکانیدا بەردەوام ئامادەییان هەیە[2]، بە هەمانشێوەش کارکەرانی بواری یاسا لە هەرسێ دەسەڵاتی(یاسادانان و یاساجێبەجێکردن و دادوەریدا) کاتێك پرۆژەی یاسا پێشنیاز دەکەن یان یاسا دادەڕێژن یان جێبەجێی دەکەن، ئەوا لەم کارەیاندا بەردەوام هەروەك دیاردەی زمان نیشانە(مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتوریی و ئاینی و ئابوری و ڕامیاری...هتد )ەکانی ئەو کۆمەڵگا و وڵاتە ئامادەیی هەیە و هەر لەم بنەڕەتەوە یاسا ئەنجامی وردبوونەوەیە لەو کێشانەی لەم نیشانانە دەکەوێتەوە. هەربۆیە سەرجەم یاساکان بەم چەپکە نیشانانە داگیراونەتەوە. بەمەش یاسا وەك دەقێکی زمانی تایبەتی دەبنە زمانێکی تاریك و ناڕونی سەخت و دژوار، چونکە لە لایەك خودی یاساکە بەم نیشانانە داگیراونەتەوە و لە لایەکی تریشەوە بە ئامرازی زمان(کە لە خۆیدا دروستبووی کۆی ئەو نیشانانەیە) داڕێژراوە. کەواتە ئەگەر زمان جارێك ئاڵۆز بێت و پێویستی بە شیکردنەوە بێت، ئەوا یاسا دوو جار ناڕوونە و پێویستی بە شیکردنەوەیەکی زمانەوانی و یاساییانە هەیە، تاوەکو بتوانرێت دروست بخوێندرێنەوە و لێیان تێبگەین. ئەوەی زیاتر بۆتە هۆی دژواربوونی دەقە یاساییەکان زیاتر بریتییە لە شیکردنەوەی هەڵەکان، کە بۆ لایەنی زمانی دەقەکان دەکرێت، چونکە خەڵکی ناپسپۆڕ لەمبارەدا زۆرجار بە شێوەیەکی ناچارییانەی خۆڕسکی قسە لە سەر یاسا دەکەن بە پێی درکپێکردنی خۆیان بۆ یاساکە و زمانی داڕشتنی یاساکە بە بێ گوێدانە خودی سیستەمە زمانی و یاساییەکەی دەقە یاساییەکە، کە دواتر سەرجەم ئەو قسانە دەبنە گوتەیەکی وشك هەڵهاتوو لە بارەی یاسا و زمانی یاساوە و لە بری ئاسانکاری دەقە یاساییەکە زیاتر لێڵی و ناڕوونی بە دەقەکە دەبەخشن. لێرەوە دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجێندرێت، کە زمانی یاسا/ زمانی

---

[1] Coordrich, P. (١٩٨٤:٢).

[2] ڕەنگدانەوەی ئەم دونیا بینییەی مرۆڤی کورد لە ڕێزمان و زمانەکەیدا و شیکردنەوە زمانەوانییەکانی ئەم بوارە لە زمانی کوردیدا دەبینرێتەوە لە: کاروان عومەر (٢٠١٢: ٦٣-٨٧).

یاسایی وەك هەموو بەکارهێنانێکی زمانی تر زیاتر جێبەجێکردنێکی کۆمەڵایەتییانەی کلتورییانە و خودی دەقەکانیشی هەڵگری نیشانەکانی ئەمجۆرە جێبەجێکردنانەن. بەمەش زمانی یاسا هەوڵدانە بۆ دەست بە سەرداگرتنی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لایەنی واتایی زمانی یاسایی و جێبەجێکردنە دەقییەکانیان لە ڕێگەی ئامرازەکانی شیکردنەوەی زمانەوانییەوە.

لەم تێگیشتنەوە دەکرێت بگوترێت، کە زانستی یاسا هەر لە بەراییەکانی خوڵقاندنییەوە زۆر بە وردی سودی لە فەلسەفەی زمانەوانی وەرگرتوە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی هەوڵدان بۆ دیاریکردنی واتایەکی وردی ئەو پرسیارە گشتییانەی لە یاساکاندا بوونیان هەیە. ئەمە جگە لە گرنگیدانێکی بێ شومار بە زاراوە یاساییەکان، بەڵام هێشتا لەگەڵ ئەم گرنگی پێدانە کلاسیکییەشدا تا سەردەمی هاتنەکایەی(زانستی زمانی کارەکی) و گەشەکردنی بواری زانستی(بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی/ بۆ مەبەستی یاسای بۆ نموونە "واتە زمانی یاسایی") لە ناو ئەم لقە زمانەوانییەدا، زانستی یاسا نەیتوانیوە ورد و زانستییانە کەڵك لە شیکردنەوە زمانەوانییەکان وەربگرێت، چونکە ڕاستە لە زۆربەی بابەتە یاساییەکاندا پەیتا پەیتا ئاماژە دراوە بە ئاڵۆزییەکانی(لێکدانەوە و ناڕونی و لێڵی فرەواتایی) داتای دەقە یاساییەکان و شێواندنی واتا یاساییەکان، بەڵام زۆر بە دەگمەن پێش سەردەمی(زمانی یاسایی) توانراوە لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییانەوە شیکردنەوە بۆ ئەم ئاڵۆزییانە بکرێت لە ڕێگەی یەکلایکردنەوەی خودی گرفتی دەقە یاساییەکان، کە زیاتر زمانەوانی بوون وەك لە یاسایی. بەمشێوەیە گرنگیدانی زانستی زمان بە بەها بەکارهێنانییەکانی یەکە زمانییەکان لە ناو کۆمەڵ و گروپە ئاخاوتنییە جیاوازەکاندا لە خۆیدا لاکردنەوەش بووە لە کرۆکی ئەم کێشەیەی زانستی یاسا، چونکە زمانەوانی وەك ئەرکێکی ڕەسەنی خۆی بە دوای ئەو واتا زمانیانەشدا گەڕاوە لە ناو سەرجەم شێوازە قسەکردنە جیاوازەکانی گروپە ئاخاوتنییەکاندا بە شێوازی قسەکردنی گروپی ئاخاوتنی یاساییشەوە. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت سەرهەڵدانی کۆزمانەوانی وەك لقێکی سەربەخۆی زانستی زمان و گرنگیدانی بەم لایەنی زمان لە خۆیدا بنەمای یەکەم بووە بۆ داڕشتنی پەیوەندی نێوان(زمان و یاسا) وەك دوو دیاردەی پەیوەندیدار، کە هەردوو زانستی(زمان و یاسا) خۆیانی پێوە خەریکدەکەن و ئەنجامەکەشی هاتنەکایەی(زمانی یاسایی)[1] بووە. ئەوەی زیاتر یارمەتی سەرهەڵدانی ئەم پەیوەندییەیدا وەك زانستێك بۆچوونە یاساییە باوەکانی ناو توێژەرانی یاسا بووە و لە پێش هەمووشیانەوە بۆچوونەکانی( H.L.A. Hart)، چوونکە ئەم پێیوابووە، کە:(( سیستەمی یاسایی بریتییە لە سیستەمێکی لۆژیکی داخراو، کە لە کۆدە لەخۆوە و نالەخۆوەکان پێکهاتووە و خودی سیستەمەکەش لە سەر هەردوو بنەمای(چۆنیەتی داڕشتنی یاساکان) و(بابەتێتی یاساکان) داڕێژراوە))[2]. کەواتە ئەم بۆچوونە ڕاستەوخۆ ئەوە دەخاتە بەردەست، ئەگەر بمانەوێت لە

---

[1]) زاراوەی (زمانی یاسایی"Legal Language") لە سەرەتاکانی دروستبوونیدا زیاتر بە زاراوەی (زمانەوانی زانستی یاسا"Linguistics Legal Science") یان بە زاراوەی (هێماکاری یاسایی"Legal Semiotics") ئاماژەی پێدەدرا، بەڵام لە ئێستای زانستەکەدا زاراوەی (زمانی یاسایی) بۆ بەکاردێت، هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەشدا هەر ئەم زاراوەیە بەکاردێت. بۆ شارەزایی زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: Mcmenamin, G., R.(٢٠٠٢:٧٠-٧٥)

[2]Davies, A. and Elder: C. (٢٠٠٤:٢٨٦)

سیستەماتیکی سیستەمی یاسا تێبگەین، ئەوا ڕاستەوخۆ پێویستمان بە شیکردنەوەی خودی دەقە یاساییەکە هەیە، هەربۆیە لە بنەڕەتدا لێکدانەوەی کۆدە لەخۆوەیی و نالەخۆوەییەکانی دەقێکی یاسایی شیکردنەوەی دەق دەرەخسێنێت. بەمەش ئەو سیستەمە لۆژیکییە داخراوە شیدەکرێتەوە و سانایانە(چۆنیەتی دارشتنی یاساکان) و ڕەنگدانەوەی(بابەتێتی بوون)یان لێکدەدرێتەوە و هەڵدەسەنگێنرێت.

## ١/١–٣–١) ناوکۆییەکانی زمان و یاسا:

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە پێش سەرهەڵدانی(زمانی یاسایی) وەك زانستێك پەیوەندییەکی بەهێزی هاوبەش لە نێوان دیاردەی(زمان و یاسا)دا بوونی هەبوە و هەر ئەم پەیوەندییەش بنەمای دروستبوونی ئەم زانستە بوە. کەواتە ئەگەر یاسا سیستەمێکی لۆژیکی داخراو بێت، ئەوا لە بەرانبەردا زمان سیستەمێکی لۆژیکی کراوەیە، بەلاّم هەردوو سیستەمەکە لەگەڵ جیاوازیشیاندا لە داخراوەیی و کراوەیدا هێشتا هاوبەشییەکانیان زیاترە وەك دوو دیاردەی مرۆیی. ئەم هاوبەشییانەش جگە لەوەی بنەمای دروستبوونی(زمانی یاسا) بوون، لە هەمانکاتدا بنەمای دارشتنی تایبەتمەندییەکانی شێوەی دووانی یاسایی بووە. بەراوردکردنی نێوان دوو دیاردەکە و دەرخستنی هاوبەشی نێوان ئەم دوو دیاردەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پێویست دەزانرێت، کە زیاتر بریتین لە:

**یەکەم// کۆدی زمانی:** یەکێك لە نیشانە هەرە بەهێز و باوەکانی ئاوێتەبوونی هەردوو دیاردەی(زمان و یاسا) خۆی لە کرۆکی چەمکی(کۆد)دا دەبینێتەوە، بە ڕادەیەك، کە دەقە زمانیی و یاساییە بەرهەمهاتووەکان(چ گوتراو چ نوسراو) جگە لە(کۆد) چی تر نییە. لەم ڕوانگەیەوە(کۆد) دەبێتە ناوکۆیی هەرە بەهێزی نێوان ئەم دوو دیاردە مرۆییە و دروستبوونی پردی پەیوەندی نێوانیان و پێویستی بوونی زانستێکی نێوانگر لە نێوانیاندا. بێگومان چەمکی(کۆد) چەمکێکی دێرینە و بنەڕەتەکەی بۆ سەرەتای مامەڵەکردنی ژیارییانەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، بەلاّم وەك چەمك و زاراوەیەکی زانستی، کە شیکردنەوەیەکی زانستییانەی بۆکرابێت زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوون و دەرکەوتنی(زانستی زمان)، بەتایبەتی دەرکەوتن و گەشەکردنی قوتابخانەی بوونیادگەری(فەردیناند دی ساسۆر)[١] ئەم سەرەتایەی گەشەدارتر کرد و بووە بنەمایەکیش بۆ سەرهەڵدانی لقێکی زانستی گرنگی وەك(هێماکاری)[٢]. لەم بوارەدا پێویستە پەیڕەوی بۆچوونەکەی(Peter Coodrich) بکرێت، چونکە ئەم لێکۆڵەرە لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە ناوکۆیی چەمکی(کۆد) لە هەردوو زانستی(زمان و یاسا)دا دوو جۆر لە کۆدی جیاکردۆتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە( کۆدی پەیوەندی"Correlation Code" و کۆدی دروستکراو"Institutional Code")، کە لە بارەیانەوە دەڵێت:(( قسەکردن لە سەر کۆد و بەرهەمهێنانی لە

[١] فەلسەفەی زمانەوانییانەی (دی ساسۆر) زیاتر بریتی بووە لەوەی، کە زمان لەخۆیدا بریتییە لە سیستەمێکی کۆدییانە و لە (فەرهەنگ) و (ڕێزمان) پێکهاتووە و هەریەکەشیان بە (کۆد)ی زمانی داگیراونەتەوە، کۆدەکانیش لە ڕێزماندا بە سیستەمی (ستونی و ئاسۆیی) خراونەتە تەك یەك و سیستەمی پەیوەندیکردنی زمانیی لێ پێکهێنراوە. لەمبارەیەوە دەکرێت زانیاری زیاتر وەربگیرێت لە: جان بیاجیە، ت/ عرف منیمنە و بشیر اوبری (١٩٨٥: ٦٣–٨١).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: امبرتو ایکو، ت/ احمد الصمعی (٢٠٠٥: ٤٥–٩٠).

سەدەی بیستەمدا زیاتر باو بوە، لەم بوارەشدا داهێنانە کۆدییەکان زیاتر بە گریمانە و بۆچوونە زمانەوانییەکانەوە پەیوەست بوون و زیاتر دوو جۆر کۆد بەرهەمهێنراون، کە(کۆدی پەیوەندی و دروستکراو) بوون. جۆری یەکەمیان زیاتر بریتییە لە فەرهەنگی کۆپەیوەندییەکان و کۆدی لەخۆوەیی هەنوکەییانەی زمانن بۆ دەربڕینی کرۆکە واتا بەرهەمهاتووەکان. هەرچی جۆری دووەمیانە زیاتر وەك داهێنراوی سیستەمی یاساکان یان سیستەمی ڕێزمان دەناسرێت، کە هەر جۆری یەکەمیانە، بەڵام جیاوازە لێی لە ڕوانگەی حاڵەتی بەکارهێنانیەوە، کە بە هۆیەوە ئەرکێکی نوێ دەبینێ و کۆپەیوەندییەکی نوێ بە هەمان کۆد دروست دەکات))[1].

لە تێڕوانینی ئەم لێکۆڵەرەوە ئەو ڕاستییە تێدەگەین، کە(یاسا)ش هەروەك(زمان) چنراوێکی کۆدییە، بەڵام کۆدە یاساییەکانی زمانی یاسا زیاتر کۆدێکی دروستکراون و بەکارهێنانێکی تایبەتیان هەیە لە حاڵەتێکی تایبەتی وەك یاسادا. بەمەش ئەم لێکۆڵەرە لە شیکردنەوەی ئەم بنەما ناوکۆییەی نێوان(زمان و یاسا)وە سەرەتایەکی دارشتوە بۆ خستنەڕووی ئەوەی لە ئێستادا پێیدەگوترێت(زمانی یاسا). کەواتە(زمانی یاسا)، کە لە ئاخاوتن و نوسینی یاسایدا بەکاردێت لە خۆیدا زمانێکی ئاخاوتنی تایبەتییە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا و ئەم تایبەتمەندییەش لە(کۆدی دروستکراو)ەوە تایبەتمەندییەکانی وەرگرتووە، کە تایبەتمەندن بە دەربڕین لەو عورف و عادات و کێشە و گرفتانەی لە ناو خودی ئەو کۆمەڵگایەی یاساکەی بۆ دادەنرێت. بەمەش دەتوانین بڵێین(کۆدی دروستکراو) لە زمانی یاسادا زیاتر ئەو کۆدە داهێنراوانەن، کە هەڵگری واتای ڕەفتار و دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤەکانی کۆمەڵگان و بەردەوام مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە ئاخاوتنە تایبەتییەکانیاندا لە کاتی ژیانیان لە بارودۆخە هەڵچوە گرژەکاندا بەکاریدەهێنن بۆ دیاریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری مرۆڤەکانی بەرانبەریان و دواتریش هەر ئەم کۆدە دروستکراوانەن، کە لە کاتی دارشتنی یاساکاندا یاسادانەران هەوڵدەدەن واتایەکی زیاتر تەکنیکی بەم کۆدە دروستکراوانە بدەن و دەیانکەنە کۆدی یاسایی ئاخاوتن و دەقە یاساییەکانی زمانی یاسایی. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە زاراوە یاساییەکانی وەك(تۆمەت، تاوان) وردببینەوە، کە لە ئێستادا لە دارشتنی دەقە یاساییەکانی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە ئەم دوو زاراوە تەکنیکییە یاساییە چ لە کۆنی زمانی کوردیدا و تەنانەت لە ئێستاشدا وێڕای بەکارهێنانیان وەك زاراوە، هێشتا وەك دوو کۆدی پەیوەندیکردن لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن لەو بارودۆخە ئاخاوتنیانەی پێویستی بە دیاریکردن و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری مرۆڤە لاسارەکانە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەکانی(١٣ و ١٤) ڕابمێنین:

١٣)ئەو منداڵە گوناهە [ تاوانی ] چی بوو؟ تا وای لێ بکەی!

١٤)بەخوا ڕاست ناکات! هەمووی [ تۆمەتە].

لە ڕستەی یەکەمدا ئاخێوەر دەیەوێت بەرانبەر ئاڕاستە بکات بە وازهێنان لەمنداڵەکە، چونکە منداڵەکە(تاوان)ێکی هێندە گەورەی نەکردوو، تا لە ژێر دەستدا بمرێت. لە ڕستەی دووەمیشدا قسەکەر(ئەگەر کچێك بێت) دەیەوێت لە سەر خۆی بکاتەوە و بەرانبەر ئاڕاستە بکات بەوەی گوناهی نییە و نابێت سزابدرێت(بۆ نموونە لە لایەن باوکییەوە)، چونکە ئەو زانیارییانەی لە سەری بیستویەتی، هەمووی قسە و قسەڵۆکە و تەنها تۆمەتێکی ناڕەوایە

---

[1] Coordrich, P. (١٩٨٤:٨٢).

و بۆیان هەڵبەستوە. کەواتە شیکردنەوەی ڕستەکان ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە قسەکەران لەڕێگەی بەکارهێنانی واتای وشەکانی(تاوان) و(تۆمەت)ەوە دەیانەوێت لە سەرخۆیان بکەنەوە و خۆیان لە سزا قوتار بکەن، ئەویش بە ئاڕاستەکردن و دیاریکردنی ڕەفتاری مرۆڤە باڵا دەستەکان بە سەریاندا. لە ڕاستیدا هەر بوونی ئەمجۆرە واتایە لە کرۆکی دوو وشەکەدا، وای لە یاسادانەران کردوە، کە ئەم دوو وشەیە و چەندانی تریش وەربگرن وەك کۆدی تایبەتی و بیانکەنە زاراوەی تەکنیکی یاسایی بۆ داڕشتنی دەقی یاسایی. ئەوەی ئەمبارەشی زیاتر بۆ ئەمجۆرە کۆدانە ڕەخساندوە سروشتی کۆزمانەوانی کۆدەکانە، کە بەکارهێنانیان لە هەموو بارودۆخێکدا گونجاو نییە و تەنها لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا شیانی بەکارهێنان و تێگەیشتنیان هەیە. هەربۆیە لەم لایەنەشەوە(کۆدی دروستکراو) خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ چەمکی(شیانی بەکارهێنان) و(سیستەمی شیان) لە قوتابخانەکەی هالیدایدا، کە ئەم دوو چەمکەش بۆخۆیان بنەمای داڕشتنی چەمکی(بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی) بوون.

**دووەم// سەر لە نوێ داڕشتنەوەی واتای یاسایی "Legal Meaning Revisited":**

ڕەنگدانەوەی بارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لە بوونیادنانی(کۆدی دروستکراو)دا هەروا هەڕەمەکی نییە، بە تایبەتی بۆ ئەو(کۆدە دروستکراوانەی) دەچنە پێکهاتەی بوونیادنانی دەقە یاساییەکانەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ڕەنگدانەوەکە دەبێت بە شێوەیەکی لۆژیکییانە بێت، واتە ڕەنگدانەوەی بارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لە داڕشتنی زمانی یاسادا دەبێت جیا بێت لە ڕەنگدانەوەی بارە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارەکانی تری زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگادا، جیاوازییەکەشیان لە چەمکی(بابەتێتی)دا خۆی دەنوێنێت، بە شێوەیەك دەبێت ڕەنگدانەوەی بارە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بابەتییانە لە داڕشتنی زمانی یاسادا دەربکەوێت، تا لە ڕێگەی ئەم بابەتێتی بوونەوە بتوانرێت داڕشتەیەکی لۆژیکیانە بخوڵقێنرێت بۆ ڕیزبەندی یاسا داڕێژراوەکان بە زمانی یاسایی. لەمبارەیەوە(Kelsenian) پێیوایە، کە:(( بنەڕەتی جیاوازی نۆرمی یاسایی لە نۆرمەکانی تر خۆی لە چەمکی(بابەتێتی)دا دەبینێتەوە کە ئەمەیش لە خۆیدا بریتییە لە داهێنانێکی فەرمیانە لە چێوەی یاسا سینتاکسییەکانی دروستەی یاسایدا، کە پێش بوونیادنانی هەڕەمی نۆرمە یاساییەکانن وەك بابەتێکی لۆژیکیانە))[١].

شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێن، کە پێویستە ئەو کۆدە دروستکراوانە بەکاربێن لە خوڵقاندنی زمانی یاساییدا، کە لە ناوەخنیاندا بارە کۆمەڵایەتییەکانیان بە شێوەیەکی عەقڵمەندییانە هەڵگرتووە. هەروەك لە خاڵی یەکەمیشدا ڕونکرایەوە، کە ئەم کۆدانە هەڵگری چەمکی ئاڕاستەکردن و دیاریکردنی ڕەفتارە مرۆییەکانن لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا، بۆیە کاتێك ئەم کۆدانە دەبنە کۆدی دروستکراوی یاسایی دوو جار چەمکی ئاڕاستەکردنی ڕەفتار لە خۆیاندا هەڵدەگرن، هەربۆیە زۆر پێویستە، کە ئەم کۆدانە پێوەرێکیان تێدا بێت تا سنوری بابەتێتی نەبەزێنن، کە ئەویش(پێوەری لۆژیکیانەیە)، کە زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە دەبێت واتای کۆدە دروستکراوەکان سنورێکی دیاریکراویان هەبێت و لێکدانەوەشیان لە بوونیادێکی سینتاکسییانەدا دەبێت هەم درکپێکراوانە بێت و هەم

---

[١]Coordrich: P. (١٩٨٤:٨٥).

لۆژیکیانە بێت[1]، تا بتوانرێت بەکاربەرانی زمانی یاسا و بەشداربووانی پرۆسە یاساییەکان لە سنوری دیاریکراوی یاسادا، کە لۆژیکییانە داڕێژراوە مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و ڕێگە بە بزاندنە یاساییەکان نەدرێت لە ڕێگەی بەزاندنە زمانییەکانەوە و خودی پرۆسەی یاسا و زمانی یاسایش تا ئەوپەڕی توانا دوو ربخرێتەوە لە لێڵی و تەمومژی. ئەمەش بنەمای سەر لە نوێ داڕشتنەوەی واتای یاساییە بەوەی، کە دەبێت واتای کۆدی دروستکراوەکان لە زمانی ئاساییدا جارێکی تر سەر لە نوێ پێوەرێکی توندتری لۆژیکیانەی بۆ دابنرێت، ئەوسا بکرێتە کۆدی دروستکراوی یاسایی.

لە ڕاستیدا پێویستی بە چەمکی(سەر لە نوێ داڕشتنەوە)ی واتای یاسایی بۆ زمانی یاسایی زۆر بە ئاشکرا لەو دەربڕاوانەدا دەردەکەوێت، کە هەڵگری هێزی فەرمانین یاخود ئەو دەربڕاوانەی دەتوانرێت بە(تیۆری کردە قسەییەکان) شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەکان وردبببینەوە:

١٥) فەرمون، بچنە دەرەوە. [ ئاخاوتنێکی ئاسایی ]

١٦) هۆڵی دادگا چۆڵ بکەن و بفەرمووون بچنە دەرەوە. [ ئاخاوتنێکی یاسایی ]

ئێستا ئەگەر بەراوردی چەمکی فەرماندان بکرێت لە هەردوو ڕستەکەدا، ئەوا لە ڕاستیدا دەربڕاوی(بچنە دەرەوە) وەك دەربڕاوێکی زمانی کوردی هەڵگری واتای فەرمانییە، بەڵام ئەوەی ئەم واتای دەربڕاوە لە دوو بارودۆخە ئاخاوتنەکەدا لە یەکتر جیادەکاتەوە بریتییە لە بەدەنگەوە هاتنی فەرمانەکە لە لایەن گوێگرانەوە، چونکە لە ڕستەی(١٥)دا، کە ئاخاوتنێکی ئاساییە و بەشداربوانی ئاخاوتن تەنها پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییانەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و جێبەجێنەکردنی فەرمانەکەش تەنها ئەو پەیوەندییە دەشێوێنێت. دەشێت لە هەندێك باری کۆمەڵایەتیدا سزایەکی ناڕاستەوخۆی بۆ گوێگر لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە ئەم لۆژیکەیە بۆ پێوانەکردنی جێبەجێکردنی فەرمانەکە یان جێبەجێنەکردنی وا لە گوێگر دەکات، کە سەرپشکییانە نەك هەر فەرمانەکە جێبەجێنەکات، بگرە ڕەتیشی بکاتەوە، لە بەرانبەردا و لە ڕستەی(١٦)دا، کە ئاخاوتنێکی یاساییە و لە ناو دادگادا ڕوویداوە و دادوەر پاش دروستبوونی دەنگە دەنگ و پەشێوی لە ناو هۆڵی دادگادا ئەم فەرمانەی دەرکردووە. لەم بارودۆخی ئاخاوتنەدا پەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە زیاتر پەیوەندییەکی فەرمی یاساییانەیە و دادوەر جگە لەوەی خاوەنی ئەمجۆرە دەسەڵاتەیە، لە هەمانکاتیشدا هێزی بۆ جێبەجێکردنی هەیە. هەربۆیە بە دەنگەوە هاتنی گوێگران لەمبارەدا ناچارییانەیە و دەبێت ڕاستەوخۆ فەرمانەکە جێبەجێ بکەن و لۆژیکی پێوانەکردنی ئەم جێبەجێبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستی لۆژیکی دەسەڵاتداری ئاخێوەر(دادوەر). کەواتە شیکردنەوەی نموونەکان ڕاستی و پێویستی سەر لە نوێ داڕشتنەوەی واتای یاسایی بە سەر زمانی یاساییدا دەچەسپێنێت.

---

[1] چییەتی و چۆنیەتی دروستەی لۆژیکییانە و ڕەنگدانەوەی لە داڕشتەی یاسا سینتاکسی و ڕێزمانییەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێتەوە لە:

ا) کاروان عومەر (٢٠١٠: ٥٥–٨٧). ب– کاروان عومەر (٢٠١٢: ٧٧–١٢٢). پ– بکر عومەر و ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩: ٢٠–٣٣).

پاساودانی ئەم بۆچوونەش دەتوانرێت زیاتر لە دەربڕاوەکانی کردە قسەییەکاندا بچەسپێنرێت. هەربۆیە دەربڕینی زۆربەی دەربڕاوەکانی کردە قسەییەکان لە زمانی ئاخاوتنی ئاساییدا هیچ جۆرە مەترسییەکی ڕاستەوخۆی بۆ بەکاربەرانی لێناکەوێتەوە و پاشگەزبوونەوەیەکی مرۆییانەش مەترسییەکانی دەرەوێنێتەوە، بەڵام بەکاربردنی ئەم دەربڕاوانە لە ئاخاوتنی یاساییدا نەك هەر بە پاشگەزبوونەوە مەترسییەکەی نامێنێت، بەڵکو تەنها بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوانە چەندین سزای توندی یاسایی لێدەکەوێتەوە. بۆ نواندنی ئەم ڕاستەییەش با لە نموونەکان ڕابمێنین:

١٧) عاقڵ نەبیت، [ دەتکوژم] !

دەربڕاوی(دەتکوژم) ئەگەر لە بارێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاربێت، دەشێت وەك هەڕەشەیەك بەکاربێت و ئاماژە بێت بۆ بارێکی گرژی هەڵچوو، کە دەشێت هێوربوونەوەی بارەکە ئاخێوەرەکان بە داوای لێبوردن سەرجەم مەترسییەکانی دەربڕاوەکەش بڕەوێننەوە، بەڵام دەربڕینی دەربڕاوەکە لە بارودۆخێکی یاسایدا و لە بەردەم دادگا یان لە بەردەم پیاوانی دادگا و پۆلیسدا، سزای توندی یاسایی بە دوا دادێت. کەواتە لۆژیکی هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی بەرانبەر لەمجۆرە دەربڕاوانەدا بنەمایەکی گرنگە بۆ بەکاربەرانی، بەڕادەیەك کەسانی تازە بەشداربووانی ئاخاوتنی یاسایی نەشارەزا لەم(لۆژیکی سزادانە) زۆر سانا دەبنە نێچیری بەشداربووە شارەزاکانی ئاخاوتنی یاسایی. هەربۆیە شارەزابوون لە(پرۆسەی سەر لە نوێ داڕشتنەوەی واتای یاسایی) لە خۆیدا بنەمایەکی پتەوی سەرکەوتووە بۆ سەرجەمی پرۆسەی یاسا و داڕشتنی زمانی یاسا و بەکارهێنانی و لێکدانەوەیی و مامەڵەکردن پێوەی.

گرنگی ئەم بنەما لۆژیکییە تەنها بۆ بەکارهێنانی کۆدە دروستکراوەکانی زمانی یاسا پێویست نییە، بەڵکو لە خستنە تەکیەکی ئەم کۆدانە و خوڵقاندنی بوونیادی سینتاکسی زمانی یاساییشدا جارێکی تر پێویستە و پێویستییەکەشی بنەڕەتی داڕشتنی داڕشتەیەکی زمانی یاساییانەی بە بەردبوو و چەقبەستووە، کە مەودای لێڵی واتایی و یاریکردن بە واتا یاساییەکانی دەقە یاساییەکان نەهێڵێتەوە. هەربۆیە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاواندا پێویستە زۆر بە وردی ڕەچاوی دروستەی لۆژیکی وەڵامەکانی تۆمەتبار بکرێت. ئەمەش بەوەی دەبێت لێکۆڵەر بە ئاگابێت لە دروستەی لۆژیکی ئەو کردارانەی لە زمانەکەدا(بۆ نموونە شیانی بەخشکەیی دەربڕینی تەنهایی لاوازییان)[١] هەیە و وەڵامەکانی تۆمەتبار ئەگەر بەمجۆرە کردارانە بوو، نابێت لێکۆڵەر وەك وەڵامی کۆتایی لە تۆمەتباری وەربگرێت و ڕاستەوخۆ لە دوای وەڵامی تۆمەتبارەکە، لێکۆڵەر پرسیاری وردتری ڕاستەوخۆ لە تۆمەتبار بکات، تاوەکو وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی سنورداری چنگ بکەوێت و مەودای پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبێت و بتوانێت سەرجەم ڕاستییەکانی تاوانەکە، کە لە ئاوەزی تۆمەتباردایە دەربهێنێت. بۆ نموونە ئەگەر تاوانێکی دزی ڕوویدابێت و تۆمەتبارێك لە سەر دزییەکە گیرابێت، ئەوا لە کاتی لێکۆڵینەوەدا یەکەم پرسیار، کە

[١] فۆرمی لۆژیکی دەربڕاوە تەنهاییە لاوازەکان: ئەو دەربڕاوانەی زمانەکەمانن، بە تایبەتی کردارەکان، کە لە زمانەکەماندا ناڕاستەوخۆ شیانی بەخشکەیی دەربڕینی ئەو واتایە دەخەنە بەردەم گوێگر، کە لە ڕاستیدا مەرج نییە جێبەجێبوونی کردەی کردارەکە تەنها لە لایەم ئەو بەشداربووەوە ئەنجامدرابێت. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنە ئاوەزییە درکپێکراوەی زمانی کوردی، بڕوانە شیکردنەوە تاقیکراوە سەلمێنراوەکانی (فۆرمی لۆژیکی دروستە زمانییەکانی زمانی کوردی): کاروان عومەر (٢٠١٢: ٢٩٢–٢٩٥).

دەبێت لێکۆڵەر لە تۆمەتباری بکات لە دوای داننانی بە تاوانەکەیدا ڕستەیەکی وەك ئەمەی خوارەوە ئاڕاستە بکات:

١٨) ئایا تۆ ئەم دزییەت ئەنجامداوە؟

بێگومان تۆمەتبار لە وەڵامدا ڕەنگە یەکسەر بە ڕستەیەکی وەك(١٩) وەڵامبداتەوە، بە تایبەتی ئەگەر بیەوێت هاوبەشە دزەکەی(با بڵێین کە ژنەکەیەتی) بشارێتەوە:

١٩) بەڵێ خۆم ئەنجامم داوە.

لێرەدا لێکۆڵەر دەبێت گومان لەم وەڵامەی تۆمەتبار بکات و دڵخۆش نەبێت بە کۆتایی هێنانی کارەکەی، چونکە دەربڕینی دەربڕاوی(خۆم) لە ڕستەی(١٩)دا نەك هەر بەڵگەی یەکلایی نەبوونەوەی تاوانەکە نییە لە لایەن ئەو تەنها تۆمەتبارەوە، بەڵکو لە سەر بنەمایەکی درکپێکرنی لۆژیکییانە دەبێت لێکۆڵەر یەکسەر شیانی بوونی هاوبەشێکی تری دزییەکە بکات، کە تۆمەتبار دەیەوێت بە جەختکردنەوە لە سەر ئەنجامدانی تاوانەکە لە لایەن خۆیەوە بیشارێتەوە، چونکە دەبێت لێکۆڵەر(ئەگەر شارەزایی دروستەی لۆژیکی زمانیی و زمانی یاسا بێت)، شیانی فۆڕمێکی لۆژیکی بەخشکەیی دەربڕاوی وەك(٢٠) لە ئاوەزیدا بخولقێت لە کاتی گوێگرتنی لە ڕستەی(١٩):

٢٠) تەنها تۆمەتبار دزییەکەی کردووە، دوای ئەوەی شوێنی دزییەکە لە لایەن ژنەکەیەوە بۆ دیاری کرابوو.

هەربۆیە دەبێت لێکۆڵەر ڕاستەوخۆ دوای وەڵامی تۆمەتبار بە ڕستەی(١٩)، پرسیارێکی وەك(٢١) بکات:

٢١) واتە تۆ خۆت(بە تەنها) توانیت دزییەکە بکەیت؟ ئەی هاوبەشەکانت چۆن یارمەتییان دایت؟

لێرەدا لێکۆڵەر نەك هەر گومان لە وەڵامی تۆمەتبار دەکات، بەڵکو بە بەشی دووەمی پرسیارەکەی لە ڕستەی(٢١) دا دەیەوێت گریمانەی پێشەکی ئەوە بخاتە بەردەم تۆمەتبار، کە من دەزانم ئەم دزییە بە تەنها خۆت نەتکردووە، بۆیە باشتروایە هاوبەشەکانت ئاشکرا بکەیت.

کەواتە شیکردنەوە و نموونەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە هەر دەربڕاوێکی یاسایی/ کۆدێکی دروستکراو، کە لە زمانی یاساییدا بەکاردێن لەو بوونیادە زمانییەی تێیدا دەردەبڕدرێن دروستەی لۆژیکی دیاریکراوی هەیە و دەبێت بەشداربووانی یاسا زۆر بە وردی ئاگاداری ئەم دروستە لۆژیکییە بن هەم لە ئاخاوتنەکانیاندا و هەم لە داڕشتنی دەقە یاساییەکانیاندا. ڕاستی ئەم شیکردنەوەیەش لە جێبەجێبوونی بنەمای درکپێکردنی(بە چەمکبوونی وێنەیی لە ڕێزماندا)[1] زیاتر دەتوانرێت ئەزمونبەند بکرێت. هەربۆیە لە زمانی یاسادا هەموو لادانێك لە( ڕیزبەندی زنجیرەیی

---

[1] مەبەست لە بنەمای (بەچەمکبوونی وێنەیی لە ڕێزماندا) زیاتر ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی ڕوودانی ڕووداوەکانە و چۆنیەتی و چییەتی ڕەنگدانەوەیەتی لە زماندا یان وێنەگرتنی بە زمان. بۆیە دروستە زمانییەکانمان لە کاتی ئاخاوتندا ڕەنگدانەوەی ڕێسای (یاسای ڕیزبەندی زنجیرەیی "Sequentional Order") درکپێکردنی زمانەکەمان بێت و نابێت هیچ جۆرە لادانێك لەو ڕیزبەندییەدا بکرێت، کە لە دەروەی درکپێکردنی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایە بێت، چونکە هەڵە تێگەیشتن و دروستەی ڕستەی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر نموونەی (١أ و١ب) کەینە پێوەر:

١ أ– نەسرین شوی کرد و منداڵی بوو. ب– ؟؟نەسرین منداڵی بوو و شوی کرد

بۆ زانیاری زیاتر لە سەر وێناکردنی درکپێکراوانەی لۆژیکی بۆ بنەمای درکپێکردنەکانی ڕێزمانی زمانی کوردی، بڕوانە لە: کاروان عومەر (٢٠١٢: ١٠٢–١٠٥).

) ڕێکخستنی کۆدە دروستکراوەکان لێکدانەوەی یاسایی بۆ دەکرێت و لێپرسینەوە و سزای یاسایی بە دوایدا دێت و وەك بەکارهێنانێکی ئاسایی زمانییانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بە هەڵەیەکی زمانی دانانرێت و پێی پێبکەنین. بۆ نموونە ئەگەر لە ئاخاوتنێکی ئاساییدا ئاخێوەر ڕستەیەکی وەك(٢٢) بڵێت، ڕەنگە هەڵە تێگەیشتن یان پێکەنین بە ئاخێوەر یان پچڕانی پەیوەندیکردنی لێبکەوێتەوە و گوێگر تەنها وەك هەڵەیەکی زمانی لە ئاخێوەری وەربگرێت:

٢٢) خۆشەویستەکەی منداڵەکەی بوو، مارەشی کرد، کەچی دوایی هەر کوشتی!

لێرەدا گوێگر سەری سوڕدەمێنێت لە زنجیرەی بەدواییەکدا هاتنی ڕووداوەکان، چونکە ڕەچاوی دروستەی لۆژیکی تێدا نەکراوە، ڕستەکە ڕەنگدانەوەی بارە باوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی نین. هەربۆیە بە ڕستەیەکی ناڕێزمانی و واتا ناڕاست و نامۆ و لێڵ لێکیدەداتەوە و داوای ڕونکردنەوەی زیاتری لێدەکات. بەڵام ئەگەر ڕستەی(٢٢) شایەتێك لە تاوانی کوشتنی کەسێکدا لە بەرانبەر دادوەر دەری ببڕێت و سوریش بێت لە سەر دەربڕینەکەی، ئەوا پاش یەکلاییبوونەوەی دادوەر لە سەر ڕاستی قسەکانی، ئەوساکە تۆمەتبار تەنها سزای کوشتنەکە ناچێژێت، بەڵکو سزای لاقەکردنی کوژراوەکەش دەدات. بەمەش تاوانەکە دەبێتە دوو تاوان.

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە کۆدە دروستکراوەکانی زمانی یاسایی و بەکارهێنانیان لە داڕشتە یاساییەکاندا پێویستی بە(سەر لە نوێ داڕشتنەوەیەکی وردی واتایی یاساییانە) هەیە، بەڕادەیەك، کە شیکەرەوەی سەرجەم بنەما لۆژیکی و درکپێکردنەکانی ڕەفتاری مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کە یاساکەی بۆ دادەڕێژرێت یان یاساکەی تێدا بەکاردێت.


بەمشێوەیە دەکرێت لە تێگەیشتنمان بۆ شیکردنەوەکانی پێشوو گرنگیان لە ڕەواندنەوەی لێڵی و ناڕونییەکانی زمانی یاسا، وەك بنەمایەکیش بەکاربێت بۆ خستنەڕووی ئەرکە سەرەکییەکانی یاسا لە ڕێگەی(زمانی یاسا)وە. لەمەشدا دەکرێت بۆچوونەکانی(Danet:١٩٨٠)[1]بە بنەما وەربگیرێت و ئەم ئەرکە سەرەکییانە بۆ ئەمجۆرە بەکارهێنانە تایبەتەی زمان(زمانی یاسا) دیاریبکرێت:

١. سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە مرۆییەکان.
٢. سەر لە نوێ بوونیادنانەوەی فەرمانە کۆمەڵایەتییەکان، بە مەبەستی نەشکاندنیان و دیاریکردنی چالاکییە ڕێگەپێدراو و ڕێگە پێنەدراوەکان.
٣. بەکارهێنانی زمانی یاسا بۆ یاسابەندکردنی کۆمەڵ لە ڕێگەی دامەزراندن و خستنەڕوووی ئەرکە ناچارییەکانەوە، کە پێویستە جێبەجێ بکرێن.

بێگومان(زمانی یاسا) وەك بنەڕەتێکی سەرەکی بۆ داڕشتنی یاساکان و خستنەڕووویان چەندین چەشن و جۆری جیاوازی هەیە، کە هەر چەشن و جۆرێکیان لە بارێکی یاسایی و پەیوەندیکردنێکی یاساییانەدا بەکاردێت. بەمشێوەیە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە مەبەستی دیاریکردنی هەم چەشن و جۆرەکانی دەقی داڕێژراو بە(زمانی یاسا) و هەم دیاریکردنی ئەو چەشنە دەقانەی(زمانی یاسایی)، کە لێکۆڵینەوەکە کاری لەسەر دەکات لە شیکردنەوەکانی(بەشی دووەم و سێیەم)دا هەوڵدەدرێت سەرجەم چەشن و جۆرەکانی دەقی یاساییەکان دیاری

[1] Sharbezhery, A., H., F. (٢٠٠٦:٧٠–٧٥).

بکرێت. بۆ ئەم دیاریکردنەکەش لێکۆڵینەوەکە پەیڕەوی دابەشکردنەکەی(Bhatia: ١٩٨٧)[١] دەکات، کە بە هێلکاری(١) دەخرێتەڕو:




(هێلکاری چەشن و جۆرەکانی زمانی یاسایی )

**هێلکاری ژمارە(١)**

لە سەر بنەمای ئەم دابەشکردنەی هێلکاری(١) لێکۆڵینەوەکە تەنها کار دەکات لە سەر شیکردنەوەی داڕشتەی زمانی یاسایی دەقی یاسایی نوسراو(واتە نوسینی یاسایی). لەم چەشنەی دەقی یاساییشدا، جۆرە دەقە یاساییەکانی(دەقی یاسایی، پرۆژەی یاسایی) وەردەگیرێن، هەوڵدەدرێت لە(بەشی دووەم و سێیەم)ی لێکۆڵینەوەکەدا داڕشتەی زمانیان لە زمانی کوردیدا شیبکرێتەوە.

## ١/١-٣-٢) تایبەتمەندییەکانی زمانی یاسایی:

زمانی یاسایی وەك شێوەیەکی دووانی تایبەتی، کە لە بوارێکی تایبەتیدا بەکاردێت و لە خۆیدا دوو چەشنی سەرەکی هەیە، کە ئەوانیش(ئاخاوتنی یاسایی) و(نوسراوی یاسایی)ن. ئەم دوو چەشنەی زمانی یاسایش وێڕای ڕەنگدانەوەی سەرجەم تایبەتییەکانی زمانی یاسایی تێیاندا(هەروەك لە ١/١-٣دا خرایەڕوو)، بە هەمان شێوە هەرچەشنێکیان چەند تایبەتمەندییەکی وردتری هەیە، کە تایبەتە بە خودی چەشنەکە و بەکارهێنانەکەشی دیاریدەکات. هەربۆیە لێردا بە پێویست دەزانرێت ئەو تایبەتمەندییانە بخرێنەڕوو:

---

[١] Sharbezhery, A., H., F. (٢٠٠٦:٧٣).

**١/١-٣-٢-١) تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتنی یاسایی[1]:** ئاخاوتنی یاسایی وەك چەشنی یەکەمی زمانی یاسایی، کە لە دادگاکان و ڕێوشوێنە یاساییەکان و جێبەجێکردنی پرۆسە یاساییەکاندا بەکاردێت، ئەگەرچی ئاخاوتنێکی پسپۆڕی یاساییانەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەم ئاخاوتنێکی بەکاربراوی بەکاربەرانی پسپۆڕی وەك(دادوەر، پارێزەر، لێکۆڵەرانی یاسایی، پۆلیس)ە و هەم ئاخاوتنێکی بەکاربراوی بەکاربەرانی کەسانی ئاسایی وەك(شایەت، تۆمەتبار، خەڵکی ئاسایی تر)ن. بەمشێوەیە ئەم شێوە دووانەی زمانی یاسایی لە خۆیدا لە لایەن دوو گروپ بەکاربەری جیاوازەوە بەکاردەبردرێت. هەربۆیە شێوە دووانەکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە، کە وای لێدەکات بەکارهێنانی لە لایەن هەردوو گروپی بەکاربەرانییەوە ڕاستەوانە بێت. بەجۆرێك هەم مەبەستە تایبەتییە دادوەرییەکان بپێکێت و هەم مەبەستە ئاساییەکانی ئاخێوەرە ئاساییەکان بهێنێتەدی. گرنگترین تایبەتمەندییەکانیشی بریتین لە:

١) **پرسیارکردن و داڕشتەی پرسیاریی:** بەهێزترین نیشانەی زمانەوانییانەی ئاخاوتنی یاسایی ڕەنگدانەوەی چۆنیەتی و چییەتی پرسیارکردنە، چ پرسیارکردن بێت بە وشەی پرس لە ڕستەی پرسیاریدا چ پرسیارکردن بێت لە دروستەی ڕستەی هەواڵیدا. دروستەی ڕستەی پرسیار بە یەکێك لە دروستە سینتاکسییە هەرە باوە بەکارهێنراوەکانی بواری دادوەری دادەنرێت، کە بەکاردێت لە بوارەکانی(کاتی ڕودانی ڕوداوێك و تەلەفۆن کردن بۆ پۆلیس، کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە تۆمەتبار و تاوانبار و شایەتەکان، بەڕێکردنی کاری پارێزەرایەتی کاتێك موشتەرییەکانی دەچنە لای، پرسیار و وەڵامدانەوەکانی ناو هۆڵی دادگا لە کاتی بەڕێوەچوونی دادوەریدا چ لە نێوان دادوەر و تۆمەتبار و شایەتەکاندا بێت، چ لە نێوان پارێزەر و شایەت و تۆمەتبارەکاندا بێت)[2]. بێگومان دروستەی پرسیارکردن، کە لەم بوارانەدا بەکاردێت لە هەر بارێکیاندا مەبەستێکی دیاریکراوی پێ دەگەیەنرێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر هەوڵدەدرێت بۆ هەر بوارێکیان نموونەی شیکراوە بهێنرێتەوە:

-بەکارهێنانی دروستەی پرسیار لە کاتی ڕوودانی ڕوداوێك و تەلەفون کردن بۆ پۆلیس: کاتێك مرۆڤەکان توشی ڕووداوێك دەبن یەکسەر تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەن بە مەبەستی بەهاناوەچوونیان، ئا لەم کاتەدا پۆلیس ڕاستەوخۆ چەند پرسیارێك دەکات، تا بتوانێت هەم زۆرترین زانیاری وەربگرێت و، هەم بشتوانێت لایەنی پەیوەندیکەر هێور بکاتەوە، هەروەك لە ئاخاوتنی(٢٣) بەرچاو دەکەوێت:

٢٣) + تکایە فریامان بکەون، دز هاتۆتە سەرمان!

— بەڕێزم هێور ببەرەوە، تا تێتبگەم، کێی بەڕێزت؟

---

[1] بواری سەرەکی لێکۆڵینەوەکە خۆی لە قەرەی شیکردنەوەکانی ئەم چەشنەی زمانی یاسایی نادات، بەو پێیەی بوار و سنوری سەرەکی خۆی تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی تەنها چەشنی دووەمی زمانی یاسایی، کە ئەویش (نووسینی یاساییە)، هەروەك لە بەشی دووەم و سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەدا بە وردی ئەم لایەنە دەخرێتەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی یەکە م و دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

[2] وردێتی دیاریکردنی دروستەی پرسیار لە ئاخاوتنی یاساییدا وەرگیراوە لە:

Johson, A. and Coulthard, M. (٢٠١٠: ١٦-٢١).

+ من فلآنی کوڕی فلآنم....

– چی ڕووی داوە؟

+ دز هاتۆتە سەرمان و هەموو ماڵەکەمانیان بردووە.

– ماڵتان لە کوێیە؟

+ لە فلآن شوێنە.

– دزەکان ڕۆیشتوون یان هەر لەوێن؟

+ بەڵێ، دوێنێ ئەمە ڕووی داوە و ئێستا پێمان زانیوە.

بەمشێوەیە پیاوانی پۆلیس لە ڕێگەی ئەم پرسیارکردنانەوە دوو ئامانجی سەرەکیان دەست دەکەوێت، کە یەکەمیان کۆکردنەوەی زۆرترین زانیارییە تا ڕاستەوخۆ بگەنە شوێنی ڕوداوەکە و دووەمیشیان تێگەیشتنە لە جۆری ڕوداوەکە، تا بتوانن بە ئامادەگییانە بچنە سەر ڕوداوەکە.

– بەکارهێنانی دروستەی پرسیار لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە تۆمەتبار و تاوانبار و شایەتەکان:

ئەو پرسیارانەی لەمبارەدا دەکرێن زیاتر ئەو پرسیارانەن، کە بە هۆیانەوە زۆرترین زانیاری و وردترین زانیاری چنگ دەکەون بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستی ڕوداوەکە، هەربۆیە دەشێت لەمبارەدا ئەم پرسیارانە بکرێت، کە لە ٢٤)دا دەردەکەوێت:

٢٤) + دەتوانیت بەسەرهاتەکەمان بۆ باس بکەیت؟

+ چۆن ئەم ڕوداوە ڕووی داوە؟

+ تۆ لە کوێ بویت، کاتێك ڕوداوەکە ڕووی‌دا؟

+بۆچی لەوێ بویت و چیت دەکرد؟

+ پێتوایە هاوڕێکانیشت هەمان ڕای تۆیان هەبێت؟

ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر، کە وردە وردە لە چنگکەوتنی زانیارییەکاندا بەرەو تایبەتمەندی دەڕۆن، ڕاستەوخۆ لە لایەن پیاوانی پۆلیسەوە دەکرێن، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان.

–بەکارهێنانی دروستەی پرسیار لە کاتی بەڕێکردنی کاری پارێزەرایەتی کاتێك موشتەرییەکانی دەچنە لای:

لەمبارەشدا پارێزەر پێویستی بە چەند پرسیارێکی دیاریکراو دەبێت تا لە بەرانبەری بکات، تاوەك هەم ڕێوشوێنە یاساییەکان و چۆنیەتی بەڕێکردنی مامەڵەی موشتەرییەکانی لە موشتەرییەکانی تێبگەیەنێت و هەم لە خودی کێشەکە و سروشتی ڕودانی ڕوداوەکە تێبگات، هەربۆیە سانایانە ئەم پرسیارانە دەکات، کە لە(٢٥) دەرخراوە:

٢٥) + کێشەکەتان چییە؟

+ مەبەستتانە کێشەکەتان بە یاسا چارەسەر بکرێت یان نا؟

+ ئامادەیت بمکەیتە بریکاری خۆت و بریکارنامەی گشتیم بۆ بکەیت؟

+ خۆ دەزانی بریکارنامە چییە، وانییە؟.....هتد.

–پرسیار و وەڵامدانەوەکانی ناو هۆڵی دادگا: ئەمجۆرە بەکارهێنانەی دروستەی پرسیاریی ئاخاوتنی یاسایی بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە و مەبەستێکی تایبەتری لێ بە دەست دێت، کە مەرج نییە تەنها خۆی لە چنگ کەوتنی زانیاریدا ببینێتەوە، بەڵکو هەندێکجار پرسیارەکان بۆ سەر لێشێواندنی کەسەکان ئاڕاستە دەکرێت بە مەبەستی ترساندن و پەشۆکاندنیان و گوتنی ئەوەی، کە لایەنی دەسەڵاتدار دەیەوێت نەك ئەوەی کەسەکان لە ناخیاندایە. بێگومان هەموو جارێکیش پرسیارەکان بەم ئاڕاستەیە ناڕۆن و سانایانە ئاڕاستە دەکرێن بە مەبەستی چنگکەوتنی زانیاریی دروست، بۆ وردبوونەوەی زیاتر با لە ڕستەکانی نموونەی(٢٦) ڕابمێنین:

٢٦) + دەکرێت پێناسەی کەسایەتیی خۆتمان بۆ بکەیت؟

– ئەگەرچی هەندێکجار تووڕە بووم، بەڵام بە هەموو توانامەوە لە خزمەتی خێزانەکەمدا بووم!

+ واتە تووڕەش بوویت لێیان؟ تکایە بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدەرەوە؟

– بەڵێ.

ئەگەر بێتو کێشەکە لە باری نموونەی(٢٦)دا بریتی بێت لە بەدەستهێنانی مافی بەخێوکردن و سەرپەرشتیکردنی منداڵ لە کاتی جیابوونەوەی هاوسەرەکاندا، ئەوا پارێزەر لەمبارەدا دەبینرێت، کەچۆن پرسیار و وەڵامەکان دەقۆزێتەوە بۆ بەخشینی کەسیایەتییەکی شەڕەنگێزی باوك یان دایك یان بە پێچەوانەوە.

بەمشێوەیە نموونە هێنراوەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە چۆنیەتی و چیەتی پرسیارکردن لە ئاخاوتنی یاساییدا چەند مەبەستێکی دیاریکراوی پێ بەدیدەهێنرێت، کە ڕەنگە لە هەموویان گرنگتر(خستنەڕووی بەڵگەکانی تاوانەکە بێت) یان(ڕاستکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی بەڵگەکانی تاوانەکە بێت) یان(هەڵهێنجانی ڕاستی ڕوداوەکە بێت لە ڕێگەی لێپرسینەوەوە) یان(گومان دروستکردن لە کەسایەتی شایەت) یان چەندین مەبەستی تر، کە بە پێی جۆری ڕوداوەکان و بەشداربووەکانی ڕوداوەکان دەگۆڕێن[1]. بەمشێوەیە بەکارهێنانی دروستەی پرسیار لە ئاخاوتنی یاساییدا پەیوەست دەکرێت بە دوولایەنی زۆر گرنگەوە، بە مەبەستی بەدیهێنانی مەبەستە وردە یاساییەکان، کە یەکەمیان گرنگیدانە بە لایەنی(ئاڵۆزکردنی سینتاکسییانەی دروستەی ڕستەی پرسیار) لە ڕێگەی بەکارهێنانی نەرێکردن و پێکەوەهاتن یان نەهاتنی سەرتۆپی پرسیارەکان و بەکارهێنانی پرسیارە هەمەچەشنەکان و پرسیارە کرۆکی و لاوەکییەکان و،تێهەڵکێشراوەکان و خرانە پاڵ یەکتری فرێزەکان و فرێزە پرسیارییە درێژکراوەکان و ڕێکخستنیان و...هتد، لایەنی دووەمیشیان گرنگیدانە بە بوونیادی پرسیارەکە بە شێوەیەك، کە بتوانرێت بنەماکانی(پراگماتیك و سۆسیۆپراگماتیك) ڕەنگیان تێدابداتەوە و ئامانجی ورد و مەبەستداری لێ بەدەست بێت[2].

---

[1] شیکردنەوەی ئەم لایەنی ئاخاوتنی یاسایی زمانی یاسایی زانستییانە دەبینرێـەوە لە:

Johson, A. and Coulthard, M. (٢٠١٠: ٢١–١٢٢).

[2] خستنەڕووی دروستەی ئاڵۆزی ڕستەی پرسیاریی ئاڵۆز و ڕەنگدانەوەی پراگماتیك لە دروستەی ڕستەی پرسیاریدا و چۆنیەتی بەکاربردنی لە ئاخاوتنی یاسایدا نزیکەییانە دەبینرێتەوە لە:

ا– کاروان عومەر (٢٠١٢: ١٥٠–٢٠٢). ب– ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٨: ٥٠–٧٧).

**٢) ئاخاوتنی نۆرەدار"Turn-Taking"**: ئەو بنەمایەی، کە ئاخاوتنی یاسایی لە سەر بوونیاد نراوە وەك ئاخاوتنێکی پسپۆڕییانە زیاتر بریتییە لە بە نۆرە قسەکردنی بەشداربووانی پرۆسەی ئاخاوتنی یاسایی، کە دەبێت زۆر بە وردی پەیڕەوی بکەن، چوونکە بنچینەی بەڕێوەچوونی پرۆسە یاساییەکان لە سەر ئەم بنەمایە دەڕوات بە ڕێگاوە. بە پێچەوانەوە هەر لادانێك لێی دەبێتە هۆی تێکچوونی پرۆسەکە و دروستبوونی پەشێوی یاسایی، هەربۆیە یاسا دیاریکردووە ئاخێوەری دەسەلآتدار لە ناو دادگادا کێیە، کە ڕێگە بە بەشداربووان دەدات ئاخاوتن بکەن و هەر ئەویش ڕێگەیان لێدەگرێت. ئاشکراترین نموونەی ئەم پرۆسەیەش ئەو ئاخاوتنەیە، کە لە کاتی بەڕێوەچوونی ناو دادگاکان ڕوودەدات یان لە کاتی پرۆسەی(لێپرسینەوە"استجواب")دا ڕوودەدات، کە کەسانی پسپۆڕی ئەم بوارە دەست دەکەن بە ئاخاوتنەکانیان و تەنها لە کاتی پێویستدا ڕێگە دەدرێت بە بەشداربووەکانی تری پرۆسەکە بێنە ناو ئاخاوتنەکەوە و دەبێت چاوەڕێی نۆرەی ئاخاوتنی خۆیان بکەن. ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی چەندین پرسیار و وەلآمی شێلگیرانەوە بەردەوام دەبێت، کە تێیدا بەشداربووەکان بەردەوام ڕۆڵەکانیان لە نێوان قەسەکەر و گوێگردا دەگۆڕنەوە. ڕاستە لەمجۆرە ئاخاوتنەدا جگە لە کەسانی پسپۆڕ کەسانی ئاساییش هەن، بەلآم کەسە ئاساییەکانیش قسەکردنیان بە یاسا ڕێکخراوە و تەنها لە نۆرەی خۆیاندا دەتوانن بەشداربن، واتە یاسا دیاریکردووە کێ قسە بکات و چۆن و کەی قسە بکات؟ بەمشێوەیە ڕوندەبێتەوە، کە لە ئاخاوتنی یاساییدا بە ویست قسەکردن نییە، بەڵکو لە سەرجەمی پرۆسەی یاسایی و ڕێوشوێنە یاساییەکاندا بەشداربووەکان تەنها لە نۆرەی خۆیاندا دەتوانن قسە بکەن و لە کاتی پێویستیشدا ڕێگەیان لێدەگیرێت و ئەگەر پێویستیش بوو، ئەوا جارێکی تر نۆرەی قسەکردنیان پێدەدرێتەوە، بەلآم لە هەموو بارەکاندا یاسا چۆنیەتی و چییەتی قسەکردن و مافی قسەکردنی ڕێکخستوە. باشترین نموونەی ئەمجۆرە تایبەتمەندییەی ئاخاوتنی یاسایی لە ڕۆژی دادگایکردندا دەبینرێتەوە، کە بەردەوام بەم ڕیزبەندیەیە:

– دادوەر دەسەلآتی یەکەمی قسەکردنی هەیە و هەر ئەمیش دەسەلآتی قسەکردن بە بەشداربووەکان دەبەخشێت. هەربۆیە سەرەتای دەست کردن بە دادگایی بە گوتەکانی دادوەر دەست پێدەکات بەمشێوەیەی لە نموونەی(٢٧)دا دیارە:

٢٧) بە ناوی خوای گەورە، دادبینی ئەمڕۆمان بە ژمارە ئەوەندە لە سەر تاوانی ژمارە ئەوەندە دەست پێدەکەین. ئێستاش با داواکاری گشتی بفەرموێت بۆ خستنەڕوووی تاوانەکە و بەڵگەکانی تاوانبارکردنی تۆمەتبار.

–پاش تەواو بوونی داواکاری گشتی ئەوساکە دادوەر ڕێگە بە پارێزەران دەدات دەست بکەن بە ئاخاوتن.

– تەنها لەسەر ڕەزامەندی دادوەریش پارێزەرەکان دەتوانن دەست بکەن بە بانگهێشتی شایەتەکان و ئاڕاستەکردنی پرسیار لێیان و هاتنە ناوەوەی ئاخاوتنی شایەتەکان.

بەمشێوەیە ئەمجۆرە لە نۆرە گۆڕینەوەی ئاخاوتن تا کۆتایی دادگەییەکە بەردەوام دەبێت و دادوەر ڕێگە بە هیچ لادانێك نادات، بەشێوەیەك ئەگەر هەستی کرد بەشداربووان لە نۆرەی خۆیان زیاتر قسە دەکەن و ڕێگری دەکەن لە نۆرە گۆڕینەوەی ئاخاوتنەکە، ئەوا لەم کاتەدا دادوەر ڕاستەوخۆ بە یاسا ڕێگری لێدەکات[١].

[١] ڕەنگدانەوەی ئەم تایبەتمەندییەی زمانی ئاخاوتنی یاسایی دەبینرێتەوە لە: Diplomarbeit(١٩٩٨: ١١-٢٦) .

**٣) ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ:** ئاخاوتنی یاسایی وەك ئاخاوتنێکی تایبەتمەند زۆرجار بە مەبەستی گەیاندنی واتای یاسایی تایبەتمەند پەنا دەباتە بەر ئاخاوتنی یاسایی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. لەمبارەیەوە(Toolan ٢٠٠١) پێیوایە، کە:(( ئەمجۆرە ئاخاوتنە قسەیەکی وشە بە وشە(حەرفی) نییە، بەڵکو قسەی ڕاستەوخۆ وا دردەکەوێت قسەی دەقاودەقی وشەیی کردەکانی کەسێك بێت))[١]. دەتوانرێت ڕاڤەی بۆچوونەکەش لە نموونەی(٢٨)دا پەسەندبکرێت:

٢٨) دەمەوێت بێم بۆ لات، بەڵام پێم ناکرێت.

لە ڕستەی(٢٨)دا قسەکەر ڕاستەوخۆ هەم ویستی چوونی بۆ لای گوێگر دەربڕیوە و هەم هۆکاری نەتوانینیشی بۆ خستۆتەڕوو، بەڵام ئەگەر هەمان ڕستە، کە ڕستەیەکی ڕاستەوخۆیە بکرێتە ئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆ، ئەوا دەکرێت بە دارشتەی(٢٩) بنوێنرێت:

٢٩) من ئەوەم بۆ شیکردیتەوە، کە لە بەر بێ مەجالی پێم نەکرا سەردانت بکەم.

نموونەی(٢٩)، کە ئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆیە تێیدا قسەی ئاخێوەر سەر لە نوێ بەرهەم ناهێنرێتەوە، بەڵکو لە بڕی بەرهەمهێنانەوە دەربڕاوێکی زمانی خراوەتە پێش قسەی قسەکەرەکە و دەبێتە فرێزی لاوەکی فرێزە سەرەکییەکە و خودی فرێزە سەرەکییەکەش پوختە دەکرێتەوە، بێگومان ئەمە لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆی هەمان کەسدا بەمشێوەیە ورد و ئاڵۆز دەردەکەوێت، بەڵام لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆی ئاشکرادا دەشێت نموونەی(٣٠أ و ٣٠ب و ٣٠پ) ڕاستەوانە بۆچوونە ناڕاستەوخۆییەکە بنوێنێت:

٣٠) أ– من سوچم نییە و بێ تاوانم!

ب– ئەو سورە لە سەر ئەوەی، کە سووچی نییە و بێ تاوانە!

پ– ئەو گوتی: سووچی نییە و بێ تاوانە!

ڕستەکانی نموونەی(٣٠) ئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆن، کە تێیدا گوتەی کەسی قسەکەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سەر زاری ئاخێوەرێك هێنراوەتەوە یان سەر لە نوێ جەختی لە سەر کراوەتەوە[٢]. بەمشێوەیە بەشدابووانی ئاخاوتنی یاسایی دەتوانن(دوورییەکی یەکسان) لە نێوان خۆیان و بەشداربوەکانی تردا دروست بکەن لە ڕێگەی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆوە، بە مەبەستی گەیاندنی چەندین واتای تایبەتی یاسایی. بەڵام ئەمجۆرە ئاخاوتنە ناڕاستەوخۆیە زۆرجار بۆ باری پرسیارکردنی یاسایی دەست نادات، بە تایبەتی لە کردەی پرسیارکردنی ڕاستەوخۆی ناو دادگا و لێکۆڵینەوەی دادوەریدا.

**٤) سەر لە نوێ داڕشتنەوەی ئاخاوتنی یاسایی:** بەشداربووانی ئاخاوتنی یاسایی، لە کاتی دەربڕینێکی نەگونجاو لەگەڵ بەرژەوەندیاندا لە ناو باری یاسایی کێشەکەیاندا، ڕاستەوخۆ هەوڵدەدەن گوتەکانیان سەر لە نوێ بەپێی

---

[١] Johson، A. and Coulthard، M. (٢٠١٠: ٣٠).

[٢] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم دوو جۆرە ئاخاوتنەی زمانی کوردی، بڕوانە:
بەکر عومەر عەلی و محەمەد عمر عەول (٢٠١٠: ٧–١٠).

بەرژەوەندییان دابڕێژنەوە بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیاندا بێت. ئەمەش بە ڕادەیەك، کە هەندێکجار ئەم لایەنە هێندە بەهێز دەبێت، دەگاتە ئاستی پەشیمان بوونەوە لە گوتەکانی پێشووی و سەر لە نوێ دەربڕینەوەی گوتەکانی بە شێوە و کرۆکێکی نوێوە. لەمبارەیەوە(Garfinkel and Socks ١٩٧٠) پێیانوایە، کە:(( بەشداربووانی ئاخاوتنی یاسایی ناو دادگاکان دەشێت مامەڵەی هەندێك لایەنی ئاخاوتنەکە بکەن وەك بۆنە و هۆکارێك بۆ سەر لە نوێ شیکردنەوەی ئاخاوتنەکە، یان بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و جیاکردنەوەی ئاخاوتنەکەی، یان خستنەڕووی زانیاری زیاتر لە سەر ئاخاوتنەکەی پێشووی لە سەر بنەمای یاساکان و ئاشنابوون پێیان، یان لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە لادانە زمانییەکانی ناو ئاخاوتنی یاسایی. بەمەش ئەم بەشداربووە سەر لە نوێ ئاخاوتنەکەی دادەڕێژێتەوە بۆ مەبەستی گەلاڵەکردنی ئاخاوتنێکی یاسایی زیاتر سودمەندانە))[١]. بۆ تێگەیشتنی زیاتر ئەم لایەنەی ئاخاوتنی یاسایی با لەم ئاخاوتنەی خوارەوە وردببینەوە، کە تێیدا دەبینرێت چۆن شایەتدەر گوتەکانی دادەڕێژێتەوە پاش دەرکەوتنی زانیارییەکی نوێ لە سەر تاوانەکە:

(٣١) + ئایا بە چاوی خۆت تۆمەتبارەکەت بینی؟

– بەڵێ گەورەم.

+ بەڵام فلان کەس، کە تۆ تۆمەتباری دەکەیت سەلماندوویەتی لە دەرەوەی وڵات بووە.

– گەورەم ئەوەی من بە چاوی خۆم بینیم تاوانبارێك پاڵی نا بە کوژراوەکەوە، بەڵام خۆت دەزانی من چاوم کزە و، دوونیاش تاریك بوو لەو کاتەدا، هەربۆیە ڕەنگە ئەو بووبێت یان نا، بەڵام بێگومان کوژراوەکە خۆی خۆی فڕێنەداوەتە خوارەوە و کوژراوە. ئەمەشم بە چاوی خۆم بینی!

بێگومان سەر لە نوێ داڕشتنەوە تەنها(شایەت و تۆمەتبار و تاوانبار) لە ئاخاوتنیاندا جێبەجێی ناکەن، بەڵکو پیاوانی پۆلیس و لێکۆڵەریش لە کاتی ئاڕاستەکردنی پرسیارەکانیاندا ئەم کارە دەکەن و بە هۆی ستراتیژییەتی(دووبارەکردنەوەی پرسیارەکانیانەوە) هەوڵدەدەن سەر لە نوێ داڕشتنەوە بۆ پرسیارەکانیان بکەن، بە مەبەستی زیاتر نزیکبوونەوە لەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەگەر هەستیانکرد پرسیارەکانیان لە جاری یەکەمدا بێزارکەر بووە و تۆمەتبار/شایەت لە گوتنی ڕاستییەکان دوور دەخاتەوە، بۆ خستنەڕوووی ئەم لایەنەش با وردببینەوە لەم پرسیارە داڕێژراوانە:

(٣٢) أ– کێ باوکتی کوشت؟

ب– ببورە، پێتوایە کێ ئەوەندە ڕقی لە باوکتە تا بیکوژێت؟

پ– ئایا باوکت دوو ژمنی هەبوو؟

ت– پێتوایە باوکت ئەوەندە مرۆڤێکی خراپ بوو بێت تا بەوشێوەیە بکوژرێت؟

ج– کوشتنی باوکت بە تاوان دەزانیت؟

ڕستەکانی(٣٢ب و ٣٢پ و٣٢ ت و ٣٢ج) لە کۆتاییدا هەر هەوڵدانی پرسیارکەرە بۆ دەستککەوتنی ئەو پرسیارەی لە ڕستەی(٣٢أ) دا دەربڕاوە، بەڵام هێندە هەیە پرسیارکەر بە ڕستەی پرسیارە داڕێژراوەکان ویستیەتی بێ زۆر

[١] Coulthard, m. and Johnson, A. (٢٠١٠:٢٧-٢٨).

لێکردن تاوانبار بدۆزێتەوە، بەو پێیەی(ئەو کەسەی ڕقی لە باوکی بووە) یان(دوو ژمنی باوکی بووە)، دەشێت هەر ئەو کەسە بێت، کە دەستی لە کوشتنی باوکیدا هەبوبێت، بەڵام پرسیارە داڕێژراوەکانی(٣٢ت و ٣٢ج) پرسیارکەر ڕاستەوخۆ دەیەوێت بە هۆیانەوە ڕادەی بەشداری پرسیارلێکراوی بۆ دەربکەوێت لە تاوانەکەدا.
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە تایبەتمەندی سەر لە نوێ داڕشتنەوە یەکێکە لە هەرە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئاخاوتنی یاسایی، هەم بۆ دەست کەوتنی زانیاری و هەم بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕوداوەکان، هەروەك چۆن بنەمایەکی گرنگیشە بۆ خۆپاراستنی شایەتەکان لە کاردانەوەی خراپەکاران و توشبوون بە گرفتی یاساییەوە.

## ١/١-٣-٢-٢) تایبەتمەندییەکانی دەقی نوسراوی یاسایی(نوسینی یاسایی):

زمانی ئاخاوتنی هەر نەتەوەیەك بە گشتی و زمانی نوسراوی نەتەوەکە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەی مێژوی نەتەوەکەیە. لەمبارەیەوە مێژوو و کلتوری هەر نەتەوەیەك خۆی لە زمانەکەیدا مەڵاسداوە و بەردەوام لە ئاخاوتن و نوسین بەو زمانە ئامادەگی هەیە. بێگومان لەم ئەرکەدا(زمانی نوسراو) زۆر زیاتر لە(زمانی گوتراو) ئەم ڕەنگدانەوەی تێدا دەبینرێتەوە، چوونکە هەروەك دەزانرێت نوسین هەوڵی مرۆڤە بۆ پاراستنی گوتەکانی. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکانی زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی بکرێت، ئەوا زۆر بە ئاشکرا زمانە یاساییەکە سەرجەمی قۆناغە جیاوازەکانی ڕابردووی ئەو نەتەوەیە لە خۆیدا هەڵگرتوە و بەردەوام مێژوی نەتەوەکە و بیر و بۆچوون و چۆنیەتیی ژیانیان و چییەتی ڕێزدانیان بۆ یاسا لە پنت بە پنتی دەقە یاساییەکاندا بوونی هەیە[١]. لەم تێگەیشتنەوە ئەگەر لە زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکانی زمانی کوردی وردببینەوە، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت هەمان ڕاستی سەرەوەی تێدا بدۆزرێتەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەوە نا، کە کورد خاوەنی مێژوو نییە یاخود زمانەکەی توانای لەخۆدا هەڵگرتنی مێژوی نەتەوەکەی نییە، بەڵکو هۆکارەکەی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەزمونی کورد لە نوسین و داڕشتنی یاسادا زۆر لاوازە. ئەوەشی کە هەیە زیاتر وەرگێڕانی دەقی یاسا عەرەبییەکانە یان سەر لە نوێ داڕشتنەوەی دەقی یاساکانە بە زمانی کوردی. بەمشێوەیە کەم ئەزمونی کورد لەم بوارەدا، بۆتە هۆی ئەوەی زمانی یاسایی تایبەت بە خۆی نەبێت. بەمەش کە زمانە یاساییەکەی نەبوو یان لە سەرەتای دامەزراندنیدا بوو، ئەوا سانایانە ڕەنگدانەوەی لایەنی مێژوویی و کلتووریی کوردەواریشی تێدا نابینرێتەوە. بەڵام دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد لە بەهاری(١٩٩١)دا، ئەم بارە وەرچەرخانێکی گەورەی بە سەردا هات، چوونکە هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی(١٩٩٢)دا و، دامەزاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی ئەم بارەی زمانی کوردیی گۆڕی و، چەندین دەقی یاسایی و پرۆژەی یاسایی یان وەرگێڕدران یان بە زمانی کوردی داڕێژرانەوە و زۆرینەی یاساکان بە زمانی کوردی هەموار کرانەوە. لەم بارەشدا زمانی کوردی ئەو ئەرکەی کەوتە ئەستۆ، کە پێش چەندین سەدە بە سەر زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزیدا درابوو. ئەرکەکەی زمانی کوردی لە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و، دامەزراندنی دەوڵەتی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ڕاستی ئەم لایەنی زمانی یاسایی زمانی ئینگلیزی بە گشتی و زمانی نووسراوی دەقە یاساییەکان لە زمانەکەدا، بڕوانە: Gibbons, J. And Turell, M., T. (٢٠٠٨:١-١٥).

عێراقی فیدراڵ لە ساڵی(٢٠٠٣) بە دواوە چڕتر بوون، چوونکە لە دوای ئەو مێژووەوە بە فەرمی زمانی کوردی لە دەستووری وڵاتدا بە زمانی فەرمی دووەمی دەوڵەت دانی پێدانرا و بە دوایدا دارشتنەوەی یاساکان بە زمانی کوردی بووە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر. لەم بوارەدا زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تری ئاسایی ئەم دوو نیایە تایبەتمەندییەکانی خۆی لە گشت ئاستەکانیدا لە دەقە یاساییەکاندا ڕەنگ پێدایەوە. بەمەش زمانی کوردی وێڕای بەکارهێنانی وەك زمانێکی نەتەوەیی، بووە زمانێکی پیشەیی و ئەکادیمیش و، لە بوارێکی تایبەتی وەك بواری یاسادا بەکارهات و بەکاردێت. هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆر بە وردی کار دەکرێت لە سەر شیکردنەوە و خستنەڕووی زمانی یاسایی لە ناو زمانی کوردیدا. بۆ ئەم مەبەستەش لەم وەچەپارەدا بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییە گشتییە پێشبینیکراوەکانی زمانی نوسراوی یاسایی دەخرێنەڕوو، تا لە بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکەدا بکرێنە دەستکەلای گەڕان و دۆزینەوەکانی دارشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا. گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش، کە پێویستە لە زمانی نوسراوی یاساییدا بوونیان هەبێت زیاتر بریتین لە چوار تایبەتمەندی، کە لە شیکردنەوەیاندا پەیڕەوی بۆچوونەکانی(Vijay K. Bhatia)[١] دەکرێت، تایبەتمەندییەکانیش زیاتر بریتین لە:

١. ڕوونی "Clarity": زمانی نووسراوی دەقە یاساییەکان دەبێت ڕوون بن و لە دارشتنی یاساکاندا هیچ ناڕوونییەك لە خۆدا هەڵنەگرن. خۆ ئەگەر هەر ئامرازێکی ناڕوونیشی تێدا بێت، ئەوا دەبێت بوونی بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی یاسایی بێت. ئەم تایبەتمەندییەش زیاتر بەدی دێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی (زاراوە ڕونکارییەکان و فرێزە پێشناوییە ئاسایی و درێژ و ئاڵۆز و ڕونکارییەکان).
٢. وردێتی"Precision": پێویستە زمانی دارشتنی دەقە یاساییەکان ورد بن لە گەیاندنی واتای یاسایدا. ئەم مەبەستەش بە دەست دێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕاوە ناوییەکان و دەربڕاوە بەناوکراوەکانەوە.
٣. ناڵێڵی"Unambiguity": لێڵی یەکێکە لە دیاردە ڕێزمانی و واتاییە هەرە دیارەکانی هەر زمانێك، کە بە هۆیەوە وشە لێڵەکان و دروستەی سینتاکسی جیاواز بەرهەمدێت. لە بەرانبەردا زمانی نوسراوی یاسایی نابێت ئەم لایەنە لە خۆی بگرێت. بە مەبەستی دوورکەوتنەوەش لەم دیاردە زمانییە، زمانی نوسراوی یاسایی پەنا دەباتە بەر، بەکارهێنانی یاسای سینتاکسی جیاواز بۆ ڕەواندنەوەی لێلییەکان و دوو رکەوتنەوە لە لێڵی و نزیکبوونەوە لە ناڵێڵی.
٤. گشتێتی"All-Inclusivenes": زمانی نووسراوی دەقە یاساییەکان پێویستە تەواو و پڕاوپڕی ئەو مەودا دیاریکراوە یاساییە بێت، کە دەقە یاساییەکە دەیەوێت بیگەیەنێت. بە شێوەیەك دەبێت زمانی نوسراوی دەقە یاساییەکان هەم(توانای تێگەیشتن) لێی هەبێت و هەم(توانای لێکدانەوە)شی هەبێت.

ئەگەرچی زمانی نووسراوی دەقی یاسایی لە هەر زمانێکدا نموونەییانە دەبێت ئەم چوار تایبەتمەندییەی تێدا بێت، بەڵام ئەم تایبەتامەندییانە بەدینایەن بە بێ ڕەنگدانەوەی نیشانەی(فەرهەنگی و وشەیی و سینتاکسی و دەقی واتایی) خودی زمانەکە لە ناو دارشتەی زمانی نوسراوی یاساییدا. لەم تێگەیشتنەشەوە، زمانی نووسراوی هەر

[١] Johson, A. and Coulthard, M. (٢٠١٠: ٣٧–٣٩).

دەقێکی یاسایی زیاتر چەند نیشانەیەکی زمانی تێدا ڕەنگدەداتەوە. لێکۆڵینەوەکە لەم وەچەپارەدا لە خستنەڕووی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانەی زمانی نوسراوی یاساییدا پەیڕەوی بۆچوونەکانی(Peter Tiersma)[١] دەکات، کە زیاتر بریتین لە:

١. ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی خودی زمانەکە، لە دەربڕین و نووسینی وشە و دەربڕاوەکانی دەقە یاساییەکەدا.
٢. لەڕووی سینتاکسییەوە دیارترین تایبەتمەندیی زمانی نوسراوی یاسایی بەکارهێنانی ڕستەی زۆر درێژە، کە وا لە دەقەکە دەکات لەڕووی ڕێزمانییەوە ئاڵۆز دەربکەوێت.
٣. بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە لێکدراو و بەیەکەوە بەستراوەکان و، بەکارهێنانی بێ ژماری وشە هاواتاکان.
٤. بەکارهێنانی دروستەی زمانی بکەرنادیار بە مەبەستی بەخشینی بابەتێتی بوون بە یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان.
٥. بەکارهێنانی کرداری بوو بە ناو لە بڕی کرداری ڕاستەوخۆی ئاسایی، کە واتای فەرماندان ببەخشێت.
٦. ئەگەرچی چەندین نیشانەی زمانی ئاخاوتنی ئاسایی و هەڕەمەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی لە زمانی نوسراوی یاساییدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر زاراوەی تەکنیکی زمانەکە وەك زمانێکی پسپۆڕییانە دەخاتەڕوو.
٧. زمانی نووسراوی یاسایی زیاتر زمانێکی داڕێژراوی ئەدەبییانەی ڕەوانبێژییە.
٨. زمانی نوسراوی یاسایی شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەویش خۆی لە بەکارهێنانی فەرمیدا دەبینێتەوە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەبی تێیدا. ئەم ڕاستییەش زیاتر لە بەکارهێنانی(دروستەی سینتاکسی ناکەسیدا) دەردەکەوێت.

بێگومان سەرجەمی ئەم تایبەتمەندییانە بنەمایەکی تیۆریە نەخشە دەکێشن بۆ شیکردنەوەکانی(بەشی دووەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە تێیدا لێکۆڵەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی کارەکی کار لە سەر دەقی یاسایەکی تایبەت بکات و، گشت تایبەتییە زمانییەکانی زمانی کوردی تێدا بدۆزێتەوە و شیکردنەوەش بۆ لایەنە بەهێز و لاوازەکانی داڕشتەی زمانی یاسایی زمانی کوردی لەو دەقەدا بکات وەك پاساودانێکیش لە(بەشی سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکردنەوەیەکی هەمبەرییانە بۆ زمانی نوسراوی(پڕۆژەی یاسایی) دەکات. بەمشێوەیە سەرجەم نیشانە(فەرهەنگی و سینتاکسی و دەقییانە واتایی)ی زمانی نووسراو هەم لە زمانەوانیدا و هەم ڕەنگدانەوەیان لە زمانی کوردیدا و هەم چۆنیەتی و چییەتی بەکاربردنیان لە داڕشتەی زمانی نوسراوی یاسایدا و هەم سوود و زیانی بەکاربردنیان لە داڕشتەی زمانی نوسراوی یاساییدا بە وردی و چڕی چنراوی(بەشی دووەم و سێیەم)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبن.

---

[١] Gibbons, J. and Turell, M., T. (٢٠٠٨: ٢٣–٤٧).

## ٢/١) زمانی یاسایی و بۆچوونەکانی ڕێزمانی ئەرکی:

زمان وەك هەر بابەتێکی تری زانستی بۆتە جێی تێڕامان و بایەخ، لەلایەن چەندین ڕێباز و قوتابخانەی جیاوازەوە، کە هەریەکەیان بە پێی تێڕوانینی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ زمان کردووە، بەڵام لەم پارەی لێکۆڵینەوەکەدا باس لە زمان دەکرێت لە ڕووی ئەرکەوە، بە پێی قوتابخانەی ئەرکی و چۆنیەتی ئیشکردنی لەزماندا. ئەمەش بەو نیازەی لە شیکردنەوەکانی دارشتەی زمانی نوسینی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا(کە چنراوی سەرەکی بەشی دووەم و سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە) هەردوو تیۆری زمانەوانی(ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك"SFG") و(ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی"LFG") بەکاربێنێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەرکیەکان لەو باوەڕەدان زمان لە ناو کۆمەڵگادا دروستبووە و بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت زمان لە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە دابڕێت، کە تێیدا بەکاربێت واتە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت، بەبڕوای ئەوان زمان و کۆمەڵ دوو ڕووی دراوێکن و ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە، بۆیە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا بەکاردێت. ئەمەش بەڕونی لەکاتی پەیوەندیکرن لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەوە دەردەکەوێت، واتە ڕێبازی ئەرکی(زمان) وەك هۆیەکی پەیوەندیکردن بەکاردێنێت لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ یەکتربەردەوامبن، هەروەها لەڕوانگەی ئەرکەوە دەڕواننە زمان بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکاردێت، واتە هەر گوتنێك چەند ئەرکێکی هەیە بە پێی بەکارهێنانی لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەکەوە دەیدرێتێ. بۆنموونە ئەگەر لە دروستەی بانگکردن لەزمانی کوردیدا وردبینەوە، دەبینرێت، کە بەپێی ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن و ئەو بارودۆخەی تێیدا بەکاردێت دەگۆڕێت. بۆنموونە: ناوهێنان لەباری ئاسییدا وەك لە نموونەی ژمارە(٣٣)دا دیارە لەنێوان دوو ئاخێوەری پەیوەندی ئاسایدا واتای بانگکردن دەگەیەنێت وەك:

٣٣) ئازاد.

بەڵام لەڕستەیەکی وەك(٣٤)دا، کە باری گوتن و بانگکردنی دەگۆڕێت، بەهۆی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی گوتنەکە و پەیوەندی نێوان ئاخێوەرەکان لە ڕووی دەسەڵات و کۆزانیارییەوە، هەربۆیە لە بارودۆخێکی ناو پۆلدا و لە نێوان مامۆستا و خوێندکاردا ناوهێنان دەبێ، بانگکردن بەجێناهێنێ، بەڵکو ئەرکی ئاگادارکردنەوە بەجێدەهێنێت، بۆنموونە:

٣٤) ئازاد؟!

یاخود ئەگەر سەیری دروستەی(لێم خۆشبە) بکرێت، دەبینرێت، بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدا بەکاردێت، لەگەڵ جیاوازی و یەکسانی لە دەسەڵات و کۆزانیاری ئەو کەسانەی بەشدارن لەو بارودۆخە، ئەوا جیاوازی تێدەکەوێت و ئەودروستەیە لەهەریەکەیان ئەرك و واتای جیاواز دەدات بەدەستەوە. بۆنموونە:

٣٥) ئەگەر دروستەی(لێم خۆشبە) لەبارێکی ئاساییدا و لەنێوان دوو برادەر بەکاربێت، ئەوا بە واتای(داواکردن) دێت، بەڵام ئەگەر هەمان دروستە لەبارودۆخێکی دادگایکردندا و لەنێوان دوو کەسی جیاواز بێت لە دەسەڵات و کۆزانیاری،وەك: لەلایەن(تاوانبارێك) بێت بۆ(حاکم) ئەوا بە واتای(تکاکردن) یان( پاڕانەوە) دێت.

لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتە، کە ڕێبازی ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەی ڕێبازی قوتابخانەی گواستنەوەی چۆمسکی کاردەکات، چونکە چۆمسکی پێیوایە بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی دروست بۆ ڕستەکان بکرێت، دەبێت بەتەواوەتی دابېڕێت لە دەوروبەر، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە ڕێبازی ئەرکی وەك زۆرێك لە ڕێبازەکانی تر تەنها کارەکانی لە سنوری ڕستەدا نامێنێتەوە، بەڵکو مەودای کارکردنەکەی زۆر فراوانترە و سنوری ڕستە دەبەزێنێت و بەرەو دەق و سەروی دەق دەچێت.
هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی زمان ئەوەیە، ئێمە دەتوانین زمان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەکاربێنین بەشێوەیەکی نائاگایانە، بێ ئەوەی بیربکەینەوە لەوەی، کە ئێمە لەو بارودۆخە جیاوازانە چۆن زمان بەکاربێنین و چ جۆرە وشەیەکی فەرهەنگی هەڵبژێرین، یاخود چ جۆرە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەکاربێنین، بۆنموونە: کاتێك ئێمە پەیوەندی بەکەسەکانی دەوروبەرمان دەکەین، ڕاستەوخۆ و بێ بیرکردنەوە زمان بەکاردێنین بە پێی بارودۆخەکان، بۆیە بەلای ئەرکیەکانەوە زمان لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەیدا(پەیوەندیکردن) بەردەوام لە هەوڵی خۆگونجاندایە، ئەمەش بەواتای ئەوەی بەردەوام هەوڵدەدات بۆ شیاوی ڕێکەوتنی لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا بەکاردەهێنرێت، بوونیادی فرەچەشن و هەمەجۆر دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەرانی.
هەربۆیە زمان بە ڕوانینی ئەرکییەکان بوونیادێکی فرە ڕەهەندی هەیە، کە دەشێت ئەرکی فرەڕەهەندی پێ جێبەجێبکرێت لە ژینگە کۆمەڵایەتییە فرە ڕەهەندەکاندا. هەر ئەمەش بنەمای داهێنانی ئەم جۆرە ڕێبازە بووە لە شیکردنەوەی زمانیدا، چوونکە ئەوان پێیانوابووە، کە ڕاستە ئەرکی سەرەکی زمان(پەیوەندیکردن) ە، بەڵام پرۆسەی پەیوەندیکردن هەمیشە بە تەنها لە یەك ژینگەی کۆمەڵایەتی نموونەیی چەسپاودا جێبەجێناکرێت، بەڵکو ژینگەی کۆمەڵایەتی بەکاریگەری چەندین بگۆڕی گۆڕدراوی هەمەچەشن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر دێتەبوون، هەر بۆیە وا پێویست دەکات بوونیادی زمان هەندەی لەبار داهەبێت کە بتوانێت لەسەرجەم ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنانەدا بوونیادی دروستە و پێکهاتەکانی زمان گۆڕانی بەسەردادێت و، بە ئاراستەی جیاواز ئەرکی(پەیوەندیکردن) جێبەجێدەکات.
بوونی ئەم چەمکە زیندووە لە کرۆکی قوتابخانەی ڕێزمانی ئەرکی و چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ زمان و ئەرکی زمان وای کردووە، کەچەندین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەرکیانەی جیاواز لە ناو ئەو قوتابخانەیەدا سەرهەڵبدات[1]، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها سەرەکییەکانیان وەردەگیرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

[1] بۆزانیاری زیاتر لەسەر ڕێبازە جیاوازەکان لە قوتابخانەی ئەرکیدا، بڕوانە :

أ) ساجیدە عبدلله (٢٠٠٣: ٤– ٢٥).

ب)بەیان مەلا (٢٠١٣ : ٢٧ – ٤٢).

ج) شێرزاد سەعید(٢٠٠٤: ٢–٢١).

## ٢/١- ١) ڕێزمانی ئەركی سیستماتیك(Systematic Functional Grammar)[1]

ڕێزمان لە قوتابخانەی ئەركی هالیدایدا زیاتر وەك سیستەمەكان شیدەكرێتەوە نەك وەك یاساكان[2].ئەمەش لەو بنەمایەوە هاتووە، كە بەپێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە ڕێزمانی هەر زمانێك لە خۆیدا پۆلێك شیانە، كاتێك قسەكەر بەو زمانە ڕێزمانەكەی بەكاردێنێت تەنها دێت(هەڵبژاردن) دەكات لەناو ئەو پۆلی شیانانەدا بەشێوەیەك، كە بگونجێت لەگەڵ ئەو ئەركەی زمانبەكاربەرەكە دەیەوێت پێی جێبەجێبكات لەناو ئەو ژینگە كۆمەڵایەتییەی ئاخاوتنی تێدا دەكات. بەم شێوەیە زمان بریتییە لە سیستەمی شیانەكان و زمان بەكارهێنانیش بریتییە لە وردی زمانبەكاربەر لە(هەڵبژاردن)ی ئەو شیانەی بۆ جێبەجێكردنی ئەركی پەیوەندیكردن لەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی و ئاخاوتنەی مەبەستییەتی گونجاوە. بێگومان ئەركی زمانبەكاربەر تەنها بریتی نیە لە(هەڵبژاردن) ی شیانێكی شیاو لە پۆلی شیانەكاندا، بەڵكو بریتیش دەبێت لە(هەڵبژاردن)ی وشەی فەرهەنگی گونجاو لە ناو فەرهەنگی زمانەكەیدا، كە بتوانێت ئەو سیستەمە شیانەی هەڵیبژاردووە پڕبكاتەوە. بەمەش بە تێڕوانینی هالیدای زمان بریتی دەبێت لە چەمكی(واتای شیان " Meaning Potential ")[3]، كە لە قۆناغە بەراییەكانی ڕێزمانی ئەركیدا زیاتر بە زارەوەی(تۆربەندی سیستماتیك"Systematic Network") ئاماژەی پێكراوە. قوتابخانەكە لەم بۆچوونەیدا سیستەمی شیانەكانی بە سیستەمێكی داخراو هەژمار دەكات، كە لە ژمارەیەك شیانی دیاریكراو پێكدێت. هەرچی(فەرهەنگ)یشە بەسیستەمی كراوە لە قەڵەمی دەدات، كە بەردەوام وشەی بۆ دێت و وشەی لێ دەڕژێت، بەمشێوەیە هەرشیانێك كە بە وشەی فەرهەنگی گونجاو پڕبكرێتەوە لە بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی تایبەتدا

---

[1] یەكەم تیۆر كە لەلایەن زانا هالیدایەوە دانراوە لەساڵی (١٩٦٠) ە، كە بریتیبوو لە ڕێزمانی (كەتیگۆری و پێوانە)، دو اتر ناوەكەی گۆڕا بوو بە (ڕێزمانی سیستماتیك"Systematic Grammar")، بەڵام پاشان تیۆرەكە ناونیشانێكی پڕاو پڕی وەرگرت، كە بریتی بوو لە (ڕێزمانی ئەركی سیستمانتیك"Systematic Functional Grammar"). بەشێوەیەكی گشتی هالیدای لەژێر كاریگەری وانەكانی مامۆستاكەی بووە، بەناوی(فیَرث"GR.Firth")، بەڵام هالیدای بەردەوام هەوڵی گەشەسەندنی تیۆرەكەی داوە و بەرە و پێشی بردووە، واتە دەتوانین بڵێین بۆچوونەكانی (فیَرث) بوونەتە بناغەیەك بۆ ئەوەی هالیدای بۆچوونەكانی خۆی لەسەر بونیاد بنێت و پەرەیان پێبدات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: .(٢- ١ :٢٠٠٠) Morley, D

[2] كرۆكی تیۆری (ڕێزمانی ئەركیانەی سیستماتك)ی زانا هالیدای لە دوو چەمكی (سیستەم"System") و(ئەرك "function") پێكدێت.چەمكی یەكەمیان زیاتر مەبەست لێی ئەوەیە،كەزمان پۆلێك شیان/ احتمالی پەیوەست بە یەكە بۆ دروستكردنی واتا. هەرچی چەمكی دووەمیانە(ئەرك) زیاتر ئەو تێڕوانینە بۆ زمان دەڕەخسێنێت كە زمان وەكو ئەوەیە، كە بوونی هەیە (نەك وەك ئەوەی دەبێت هەبێت!) ، ئەم هەبوونی زمانەش لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی جێبەجێكردنی ئەركی پەیوەندیكردنە، بەڵام لە جێبەجێكردنی ئەم ئەركەیدا لەناو بارودۆخە ئاخاوتنی و كۆمەڵایەتییە جیاوازەكاندا دەگۆڕێت، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر كرۆكی ئەم قوتابخانەیە، بڕوانە: ا- .(١٩٩٤:١٥) Haliday M.,A.,K ب- .(٢٩ :٢٠٠٣)Halidday,M.,A.,K

[3] بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە چییەتی چەمكی(تۆربەندی سیستماتیك"Systematic network") و چۆنیەتی گەشەسەندنی لە قوتابخانەی هالیدایدا و قەتماغەگرتنی لەچێوەی (واتای شیان)، بڕوانە:

ا- (٤٠-٤١ : ١٩٦١) Haliday M.,A.,K ب- (٣٧ : ٢٠٠٤)Haliday,M.,A.,K. and Mathiessen, M.,I.,M

بەکاردێت، بە گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکەش خودی شیان و وشە فەرهەنگیەکانی و ئەو ئەرکەش، کە دەیبینێت دەگۆڕێت. هەربۆیە هالیدای باس لە گرنگی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەکات لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە فۆرمە زمانییەکانی تێدا بەکاردێت[1]، واتە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر یەکێکن لەو فاکتەرە سەرەکییانەی کە لەشیکردنەوەکانیدا تیشکیان دەخاتە سەر، چوونکە بەپشتگوێ خستنی دەوروبەر ناتوانرێت بە شێوەیەکی دروست شیکردنەوە بۆ زمان بکریت، لەبەرئەوەی هیچ فۆرمێکی زمانی واتای دروستی دەرناکەوێت تاوەکو نەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی، کە زمانیەکەی تێیدا بەکارهاتووە، واتە دەوروبەر مەرجی بنەڕەتییە بۆ زمان بەکارهێنان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا.بەم شێوەیە دەبینرێت، کەسەرەتاکانی ئەم تیۆرە تیشك خستەسەر دروستە ڕێزمانییەکان بووە، بەڵام دواتر کارەکانی هالیدای زیاتر کەوتە ژێر کاریگەریی ئەرکی زمان، واتە زمان چ ئەرکێك دەبینێت نەك تەنها لایەنی ڕێزمانی و وشەیی، ئەمەش لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی زانا( مالینو فسکی و بوهلێر) بوو، کە گفتوگۆی چەمکی ئەرکییان کردووە بۆ زمان، کە زمان تێیدا هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان،کە ئەمەش ڕەهەندێکی نوێی بە قوتابخانەکەی هالیدای بەخشی، بەجۆرێك کە هالیدای هەوڵیداوە قوتابخانەکەی خۆی پێدابڕێژێت، کە نەك تەنها ببێتە کرۆکی قوتابخانەکەی، بەڵکو زۆر لەوە زیاتری بەکارهێناوە بۆ شیکرنەوەی واتا و لێکدانەوەی سیمانتیکیانە بۆ هەموو زمانێك، کە پەیوەندی بە لایەنی تێگەیشتنەوە هەیە[2]. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی، کە چەند واتایەك بۆ هەموو زمانێکی سروشتی دیاریبکرێت، کە بریتین لە واتای بیری و واتای کەسی و واتای تێکستی[3].

**واتای بیری:** بریتییە لە ئەزمونی مرۆڤ لەو جیهانە واقیعەی کە زمانەکەی تێدا بەکاردێت، بە جۆرێك کە درك بە ڕاستی و چەوتی سەرچاوە و بنەما ڕێزمانیەکان دەکات. واتە دەکرێ بوترێت هیچ ڕستەیەك لە زماندا بە بێی واتای بیری دروست نابێت . بۆنموونە:

٣٦) منداڵەکە هات.

ئەگەر سەیری دروستەی(منداڵەکە هات) بکرێت، لە ڕێگای واتای بیرییەوە، دەتوانرێت درك بەوە بکرێت هەندێك لە یەکەکانی(منداڵ+ ەکە)، کە گرێی ناویە لەگەڵ(هات) گرێی کارییە، بەیەکەوە بەشداریان کردووە لە دروستکردنی یەکەی ئاڵۆزتر کە ڕستەیە.

**واتای کەسی:** ئەو واتایەیە، کەسی قسەکەر/نوسەر کردەیەك بە سەر گوێگر/خوێنەر دادێنێت، کە لە ڕێگای زمانەوە وای لێ دەکات کارێك ئەنجام بدات، بەڵام بە پێی دووری کۆمەڵایەتی و دەسەڵات و کۆزانیاری جیاواز دەبن. بۆ نموونە:

---

١ Moerly, D.(٢٠٠٠:١).

٢ سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٣ ساجیدە عبداللە(٢٠٠٣: ٧٥).

٣٧) کاتێك حاكم و تۆمەتبار بەیەكەوە قسە دەكەن، كردەوەیەك لەسەریەكتر جێبەجێ دەكەن، ئەگەرچی هەردووكیان لە دووریی كۆمەڵایەتی و دەسەڵات و كۆزانیاریەوە جیاوازن لە یەكتر، واتای كەسی جیاواز دروست دەكەن.

**واتای تێكستی:** ئەركی پێكهێنان و ڕێكخستنی گوتنە. لەو دەوروبەرە دەستدەكەوێت، كە گوتنەكەی تێدا بەكاردێت، بەجۆرێك گوتنەكە بە واتای ڕستەكانی پێشخۆی یان دوای خۆی دەبەستێتەوە، یاخود بەردەوامیەك دەدات بە گوتنەكە. بۆنموونە:

٣٨) لەڕاستیدا زۆر ماندوو بووم، بەڵام بەردەوامبووم لە كاركردن.

لەم گوتنەی سەرەوەدا بەهۆی كەرەستەی(لەڕاستیدا) بەستنەوەیەك دروستبووە لەنێوان بەشەكانی ئەم گوتنەدا، هەروەها بەهۆی كەرەستەی(بەڵام) بەردەوامیەك دروستبووە لە گوتنەكەدا، بەجۆرێك واتای تێكستی دروستبووە بەپێی ئەو دەورو بەرەی كە تێیدا بەكارهاتوە.

لێرەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، كە ڕێزمان تەنها لە ڕێگای شیكردنەوەی دروستە سینتاكسیەكان نییە، كە هاڵیدای زاراوەی(ڕێزمانی وشەیی"Lexical Grammar")ی بۆ بەكارهێناوە چوونكە پێشتر(ڕێزمانی ئەركی "Functional Grammar")، ئەركەكەی تەنها بریتیبوە لە هەڵبژاردنی كەرەستەكان و هەروەها ئەو ئەركەی كەرستە فەرهەنگییەكان دەیبینن، جا هەر ئەركێك بێت(كارا، بەركار، كردار..هتد)، بەڵام لە ڕواڵەتدا بابەتەكەی هاڵیدای هەر ئەمە ناگرێتەوە، بەڵكو كاتێك قسەكەری ڕەسەنی زمانەكە قسەدەكات چەند شیانێكی لەبەردەمدایە، یەكێكیان بریتییە لە هەڵبژاردنی وشە فەرهەنگییەكانی، كە لە ناو فەرهەنگی زمانەكەیدا هەیە، ئەوەی تریان بریتییە لەو بۆتە ڕێزمانییەی، كە لەناو ڕێزمانی زمانەكەدا بوونی هەیە. بەپێی ئەو واتایەی لە لای قسەكەر پەسەندە شیاوترین هەڵدەبژێرێت، بۆئەوەی جەخت بخاتەسەر ئەو واتاییەی مەبەستییەتی لە گوتنەكەدا. بۆنموونە: ٣٩) – پێویستە هەندێك بە تەنها بم.

–سەرقاڵم.


–دەمەوێ پشوو بدەم.

ئەگەر سەیری هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە بكرێت، دەبینرێت،، هەر یەكێكیان لە وشەی فەرهەنگی و بۆتەی ڕێزمانی جیاواز دروستكراوان، بەڵام هەمان واتا دەگەیێنن، كە بە پێی ئەو واتایەی لەلای قسەكەر پەسەند، لەگەڵ ئەو بارەدۆخەی تێیدا بەكاردەهێنێت شیاوترینیان هەڵدەبژێرێت.

قوتابخانەكەی هاڵیدای زمان لە تێڕوانینێكی سێ لاییەوە شیدەكاتەوە و هەر لەم سێ ئاستەشەوە دەتوانرێت واتا بەدەست بێت. هەر بۆیە ڕێزمانی ئەركیانەی سیستەماتیك سێ ئاست/چین بۆ شیكردنەوەی زمان دیاریدەكات ئەوانیش(سیمانتیك، فۆنۆلۆژی، ڕێزمانی فەرهەنگی).

بەم شێوەیە لەم تیۆرەدا واتا زیاتر شیكراوەتەوە وەك(شیانی واتا)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، كە هەرسێ ئاستی(فۆنۆلۆژی، ڕێزمانی فەرهەنگی و سیمانتیك)، وەك سێ چینی سەرەكیی سیستەمی زمانی بەشداریدەكەن لە دروستكردنی واتادا. ئەم ڕاستییە تیۆرییەی ڕێزمانی ئەركیانەی سیستماتیك زیاتر لە(مۆدێلی سێ چینی/ سێ لای/

سیٚ تایی"Tri-Stratall Model"ی زماندا دەردەکەوێت لەناو دەوروبەر و ژینگە کۆمەڵایتییەکانی بەکارهێناندا، هەروەك لە هێڵکاریی(٢) دا دەخرێتە روو[١]:




هێڵکاری(٢)

لەم مۆدێلە دا(چینی سیمانتیك"The Semantic Stratum ") واتای زمانی دەگونجێنێت لەگەڵ دەوروبەری بەکارهێنانیدا. ئەمەش لە رێگەی بەخشینی سەرچاوە بە زمان بەکاربەر بۆ یاسادانان و دروستکردنی واتا وەك واتای زمانەوانی، هەرچی(چینی رێزمانی فەرهەنگی "Lexico Gramatical stratum")یە ئەم واتایە بە شێوەیەکی رێزمانییانە رێکدەخات لە رێگەی بەخشینی سەرچاوە بە زمانبەکاربەر بۆ دروستکردنی واتا لە وشەکانەوە، لە کۆتایشدا(چینی فۆنۆلۆژی "Phonelogy stratum") واتا زمانیەکەی دەردەبرێت دەردەبرێت لە رێگەی دەربڕینی ئەو وشانەی واتاکەیان لە خۆیاندا هەڵگرتوە. ئەم سیٚ چینەی زمانیش لە تیۆریەکەدا لە دوو چینە گروپدا پۆلێنکراوە، بەشێوەیەك کە چینی(سیمانتیك و رێزمانی فەرهەنگی) پێیان دەگوترێت(چینی کرۆك "Content Plan") و(چینی فۆنۆلۆژی)یش پێی دەگوترێت(چینی دەربڕین "Expression plan"). لە راستیدا هەردوو چینەکە(کرۆك) دەچنە ناو کۆپەیوەندییەکی سروشتییانەی گونجاوەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەمیشە ئەرکە ئاخاوتنەکانی سیمانتیك سروشتیانە پەیوەست بە(روکاری/ شێوەی" Mood") ی رێزمانەوە. لەم روانگەیەوە، ئەگەر لە ئەرکی ئاخاوتنی(پرسیارکردن) لە ئاستی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا وردبینەوە، دەبینرێت راستەوخۆ دەگونجێت و پەیوەستە بە(روکاری/ شێوەی) رێزمانییانەی پرسیارکردنەوە لە سەر ئاستی رێزمان، بۆنموونە:

٤٠) –ئایا خوێندکارەکە دەرچوو؟

– کیٚ لە منداڵەکەی دا؟

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەردوو چەمکی پۆلێنکردنی چینەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا لە شێوەی رێکخراوەیەکی پەیوەندیداردا لەناو رێزمانی ئەرکیانەی سیستەماتیکدا، بڕوانە: (٢٠–١٥ :٢٠٠٦)-Caffarel, A.

– کەی دەڕۆیت؟

بەڵام مەرج نییە لە زماندا هەموو جارێك چینی ڕێزمانی و جێبەجێکردنەکانی واتە(ڕوکاری ڕێزمانی) لەگەڵ پۆلێنکردنە سیمانتیکیەکان ڕێکبکەون و بگونجێن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەشێت(ڕووکاری ڕێزمانی) ڕستەیەك(پرسیارکردن) بێت، بەڵام ئەرکە واتاییەکەی لە ئاستی سیمانتیکدا(فەرماندان) بێت، بۆ نموونە:

٤١) بیێ زەحمەت خوێیەکەم نادەیتێ؟

یاخود هەندێکجار دەشێت(ڕووکاری ڕێزمانی) هەواڵدان بێت. بەڵام ئەرکە واتاییەکەی(فەرماندان) بێت، بۆنموونە:

٤٢) –ئەمڕۆ زۆر ساردە.

–پەنجەرەکە کراوەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندییەی نەگونجانی چینی سیمانتیك و ڕێزمانی فەرهەنگی(چینی کرۆك) لە تیۆریەکەدا دەبێتە ئامرازێکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی بەکارهێنانی میتافۆڕمیانەی ڕێزمان لە زمانی کوردیدا، چوونکە بەهۆیەوە قسەکەر دەتوانێت بە(ڕووکاری ڕێزمانی جیاوان) یەك ئەرکە واتا جێبەجێ بکات(هەروەك لەسەرەوە بینرا). بەمەش ڕاستەخۆ دەتوانرێت زیاتر چەمکی سەرەکی واتایی قوتابخانەکە بخرێتەڕوو، کە بریتی بوو لە(شیانی واتا)، چوونکە دەتوانرێت بەچەندین دەربڕینی جیاواز( ڕوکاری ڕێزمانی جیاوان) ئەرکێکی واتایی دیاریکراو جێبەجێ بکەین. بۆ شیکردنەوەی زیاتر دەتوانرێت چییەتی گەیاندنی ئەرکە واتای(فەرمانکردن) وەك نموونە وەربگرێت، کە پێویستە لە ڕێگەی(ڕووکاری ڕێزمانی فەرماندان)ەوە جێ بەجێ بکرێت، هەروەك لە نموونە کە دا دیارە:

٤٣) – دەرگاکە بکەرەوە.

بەڵام ئاخێوەری کورد دەشێت لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە واتاییەدا(ڕووکاری ڕێزمانی)(پرسیارکردن) یان(هەواڵدان) بەشێوەیەکی میتافۆرییانە لە دەورەبەرێکی بەکارهێنانی جیاوازدا، بەکاربهێنێت، بۆ نموونە:

٤٤) –دەتوانیت دەرگاکە دابخەیت؟ ڕوکاری ڕێزمان پرسیارییە، بەڵام ئەرکە واتای فەرماندانی گەیاندووە

٤٥) –دەرگاکە کراوەتەوە. ڕووکاری ڕێزمانی هەولّدانە، بەڵام لەژینگەیەکی ئاخاوتنی زانراودا بۆ گوێگر ئەرکە واتای فەرماندانی گەیاندووە.

بەم شێوەیە شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە دەشێت چەندین ڕووکاری میتافۆرییانەی ڕێزمانیمان هەبێت بۆ گەیاندنی ئەرکە سیمانتیکیەکان، هەر ئەم چەمکی میتافۆرییانەی ڕێزمانییەشە، کە دەتوانرێت شیکردنەوەی هەموو دەقێکی ئاخاوتنی و نوسراوی لە دەوروبەر و بەکارهێنانە جیاوازییەکانی زماندا لە ناو ژینگە جیاوازەکانی ئاخاوتندا پیێ ئەنجام بدرێت. بۆنموونە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە(ڕووکاری میتافۆرییانەی ڕێزمان) لەزمانی یاسادا، ئەوا بۆ گەیاندنی هەر ئەرکە واتایەك لەم ژینگە ئاخاوتنە تایبەتەدا چەند(ڕوکارێکی میتافۆڕییانەی ڕێزمان)ی بدۆزرێتەوە. ئەم دیاردەیەش لە زمانی یاسادا بنەمای بونی لێلی واتاییە و ئاڵۆزی واتاییە لە دەقی یاسادا، بۆنموونە:

٤٦)((نایبێت لە هەرێمدا دوو ڕۆژنامە بە یەك ناو دەربچن))[١]


کاتێك سەیری ئەو دەقە یاسایەی سەرەوە دەکرێت، دەبینرێت ڕووکارە ڕێزمانییەکەی(فرماندانە)، بەڵام ئەرکە واتاییەکەی کە دەیەوێت بیگەیەنێت(ئاگادارکردنەوەیە).

یاخود کاتێك لەناو دادگا و لە بارودۆخێکی دادگاییکردندا، کاتێك(دادوەر) دەیەوێت(تۆمەتبار) ئاگاداربکاتەوە، ئەوا لەڕێگای ڕوکاری ڕێزمانی جیاواز پێی ڕا دەگەیەنێت، بۆنموونە:

٤٧) زیادەڕۆیی مەکە، ئەگەرنا ڕاتدەگرم.


ئەم ڕستەیەش(ڕووکارە ڕێزمانیەکەی) فرماندانە، بەڵام ئەرکە واتاییەکەی(هەواڵدانە).

هەروەها دەتوانرێت جیاوازی نێوان قوتابخانەی چۆمسکی و هالیدای لەشیکردنەوەی ڕێزمانی بۆ ڕستەیەك بخرێتەڕوو، بۆ نموونە: ٤٨) منداڵەکە لەسەر مێزەکە دانیشتووە.




لە شیکردنەوەی ئەم دارە زمانییە، ئەوە دەردەکەوێت، کە چۆمسکی لە گەورەترین دروستەی زمانی دەست پێدەکات بۆ بچوکترین، بە جۆرێك پەیوەندیی نێوان کەرەستەکان پەیوەندییەکی کوڕ و باوکییە. بەشێوەی هەرەمی شیکردنەوە بۆ ڕستەکە دەکات لە سەرەوە بۆ خوارەوە، بەڵام لە هەمان نموونەی سەرەوە، ئەگەر بە پێی ڕێبازی هالیدای شیبکرێتەوە جیاوازی تێدەکەوێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

منداڵەکە لەسەر مێزەکە دانیشتوە.




لەشیکردنەوەی ئەو دارە زمانییە دەردەکەوێت، کە هالیدای بەشێوەیەکی ئاسۆیی و یەکسان سەیری ئەو کەرەستانە دەکات کە دروستە ڕێزمانییەکەیان پێکهێناوە، واتە هەریەك لە(ب، ج، د) ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دروستەی(أ) لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوەوە پەیوەندی نێوان ئەو کەرەستانە پەیوەندییەکی دەستە خوشکییە.

لە ڕێزمای ئەرکییانەی سیستەماتیکدا باوەڕ وایە، کە((زمان مێتا ئەرکییانە ڕێکخراوە))[٢] لەم ڕوانگەیەوە تیۆرییەکە پێیوایە، هەر زمانێك سێ پێکهاتەی مێتائەرکییانەی هەیە بۆ دروست کردنی واتا، کە لە هەر مێتا ئەرکێکدا هەر سێ چینەکەی زمان( چینی کرۆك و چینی دەربڕین) ڕۆڵ دەبینین لە دروستکردن و دەرپڕینی واتای زمانیدا. میتا

---

[١] ڕوخسار قادر و کامەران ڕسول(٢٠١٣: ٥٢).

[٢] Haliday. M.A.K and Matthiessen, C.M.I.M (٢٠٠٤:٣٥).

ئەركيەكانيش بريتين لە(ميتا ئەركى بيريانە "Ideational Meta Functional") و(ميتا ئەركى كەسيانە"Interpersonal Meta Functional") و(ميتا ئەركى دەقيانە " Textual Meta Functional").

لە ڕاستيدا ئەم سێ پێكهاتەيەى ميتا ئەركى زمانيش بە هەمان شێوەى سێ چينەكەى زمان لە شێوەى(چين سێ تايى دروستەى ئەركى"Tri-layered Function Structure ")جێبەجێ دەكرێت و بەشدايكردنەكانيشيان لە دروستكردنى واتاى زمانيدا بەمشێوەيە:

يەكەم: ميتا ئەركى بيريانە: دبينكەرى سەرچاوەى سيمانتيكى پێويستە بۆ بوونيادنانى شارەزايى مرۆڤ دەربارەى ئەو جيهانەى تێيدا دەژى و لە دەوروبەريەتى. خودى ئەو ميتا ئەركەش لە دوو ميتا ئەركى تر پێكدێت، كە بريتين لە:

١- **ميتا ئەركى لۆژيكى** "Logical Meta Fuanction": ئەم ميتا ئەركە زياتر پرسيار دەكات لەسەر بنەما ڕێزمانييەكانى دروستكردنى يەكە ڕێزمانييەكان بەشێوەيەكى زنجيرەيى تا دەگاتە يەكە هەرە گەورەكانى زمان. لە مبارەيەوە، هالیدای پێيوايە، كە:((پێويستە پەيوەندى نێوان فرێزەكان لە ڕوانگەى پێكهاتەى لۆژيكييانەى سيستەمى زمانەوانيەوە شيبكرێتەوە، واتە پەيوەنديیەكانى(ئەرك-سيمانتيك)، كە لۆژيكى زمانى سروشتى دەخولقێنێت شيبكرێتەو))[١]ە. بۆ نموونە ئەگەر لە سيستەمى فرێز لە ڕستە ئالۆزەكانى زمانى كوردى وردبينەوە، دەبينيرێت، كە سەرچاوەى باش دەنە بەردەستى قسەكەر بۆ لكاندنى دروستەى شارەزايى/ئەزمونى زياتر. بەكارهێنانى ئەم سەرچاوانە زياتر لە زمانى ئاخاوتندا زەقدەبێتەوە كە تێيدا چالاكى وردە وردە ڕوونكردنەوەى قسە و ئاخاوتنەكە ڕوون دەكرێتەوە لە ڕێگەى زنجيرەى بە دوايەكداهاتووى ڕووداوەكان. بۆ نموونە دەشێت لە دەقێكى ئاخاوتنى وەك(٤٩)دا ئاخێوەر شيانى زنجيرەييانەى يەك بەدوايەكى گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە مەبەستى دروستكردنى واتايەكى لۆژيكى بەكاربهێنێت، بۆ نموونە:

٤٩) " لا دێكەمان، گوندێكى ڕەنگينى كوردستان بوو، لە شەش ماڵ پێكهاتبوو، هەر ماڵەى لە خانووى خۆيدا بوو، بەڵام ماڵى ئێمە كەمێك ژيان تێيدا ئاڵۆزتر بوو، چوونكە باوكمان كۆچى دوو ايى كردبوو، منى برا بچوكيش لە برى برا گەورە و خوشكى گەورە سەرجەم كارەكانى ژيانيان پێ ئەنجام دەدام، هەر بۆيە دايكم، ئەوسا و ئێستاش زياتر پشتى بەمن بەستووە و دەبەستێت."

ئێستا ئەگەر لەم دەقە وردبينەوە، دەبينرێت، كە لە ڕووى لۆژيكەوە گەڕانەوەيەكى زنجيرەييانەى يەك بەدواى يەكى هێنانەوەى ئەو ڕوداوانەى تێدايە، كە لەژيانى ئاخێوەردا ڕوويداوە. ئەمەش بنەماى گونجاندنى لۆژيكيانەيە و بنەماى بوونيادنانى يەكە ڕێزمانييە يەك لەدوايەكەكانە. بەهەمان شێوە كاتێك لە دادگادا سەيرى دارشتنى دەقێكى ئاخاوتنى ياسايى دەكرێت، وەك ئاخاوتنى(٥٠)، ئەوا ئاخێوەر بەشێوەيەكى لۆژيكى ڕووداوەكان بەيەكەوە دەبەستێتەوە بەو شێوەى خوارەوە:

---

[١] Haliday, M.A.K(١٩٩٤: ٢١٦).

٥٠) "من ناوم شانازە، لە ساڵی(٢٠٠٠) باوکم لەبەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەیدام بەو کەسەی کە خۆشم دەویێت، بەڵام پاش ئەوەی کوڕەکە چووە دەرەوەی وڵات، لە ساڵی(٢٠٠٥) پەیوەندیم لەگەڵی دروستکردەوە و هەر لە هەمان ساڵدا لە دەرەوەی دادگا مارەکرام، بەڵام پاش ئەوەی ئاشکرابوو دەزگیرانەکەم لە دەرەوەی وڵات ژنێکی تری هەیە، داوای جیابوونەوەم لێیکرد، ئەوەبوو لە(٢٠١٤/١/٣ ) داوام لە دادگا کرد بڕیاربدەن بە جیاکردنەوەمان و پێدانی سەرجەم مافە شەرعی و یاساییەکانم. بۆیە پاش چەند دادبینییەك دادگای بەڕێز فرمانیدا بە لەیەك جیاکردنەوەمان. "

٢- **میتا ئەرکی شارەزاییانە/ئەزمونی"Experimental Mata Function "**: ئەم میتا ئەرکە زیاتر بریتییە لە بوونیادنانی ئەرکێکی ناوەکییانە بۆ شێوە داڕشتنی ئەزمونی مرۆڤ لەچێوەی ڕستەکان لە فرێزەکاندا. واتە چۆن ئەزمونی مرۆڤ لە فرێزەکاندا ڕێزمانییانە دەنوێنرێت، بە شێوەیەك، کە لە خستنەڕوووی(ڕوداوەکان، پەیوەندی نێوان شتەکان، هەست پێکردنەکان، بیرەکان، دەربڕینەکان)ی مرۆڤ بەردەوام بێت.

بەم شێوەیە ئەم میتا ئەرکە جەخت دەخاتە سەر چۆنیەتی دروستکردنی واتای ئەزمونییان لە(زنجیرەی فرێزەکان)،(ئەمسەر و ئەوسەری دەقەکاندا)، هەروەها گرنگیش دەدات بە درککردن بە سیستەمی ئەزمونییانەی پەیبردنە ڕێزمانیەکان، واتە گرنگی دەدات بەوەی چۆن دەقێکی دیاریکراو شێوازی جیاواز دەخوڵقێنێت بۆ بەشداربووەکانی پرۆسەیەکی ئاخاوتن[١].

لەم ڕوانگەیەشەوە سیستەمی ڕێزمانی زمانی کوردی بە دوو شێوە دەتوانێت ئەم میتا ئەرکە بۆ ئاخێوەرەکانی جێبەجێ بکات، کە یەکەمیان بریتییە لە(شێوە وشەی فەرهەنگییانە) و دووەمیان بریتییە لە(شێوە وشەی ڕێزمانییان)،کە لە شێوەی یەکەمیان دا ئەزموون و درکپێکردنی مرۆڤ بە سروشت و دەوروبەری، لە شێوەی وشەی فەرهەنگیدا لە ناو فرێزەکاندا پلە بە پلە ڕیزدەکرێت و، ئەزمونی مرۆڤ دەخرێتەڕوو، بۆ نموونە:

٥١) من پێنوسەکە لە ئەو وەردەگرمەوە.

بەڵام لە شێوەی دووەمیاندا ئەزمونی مرۆڤی کورد لەڕێگەی پرۆسەی مۆرفۆسینتاکس و پرۆسەی بەکلیتیك کردنەوە دەتوانرێت بەشێوەیەکی زنجیرەیی لە ڕێگەی ئەو کلیتکانەوە ئەزمونەکە بخرێتەڕوو، بۆنموونە دەکرێت ئەو ئەزموون و شارەزاییەی کە لە ڕستەی سەرەوەدا بە وشە خراوتەڕوو، بەم شێوەیە، بخرێتەڕوو:

٥٦/ وەریدەگرمەوە.

جیاوازیی نێوان ئەو دوو خستنەڕووەی شارەزایی لە زمانی کوردیدا زیاتر دەکرێت بە هۆی فاکتەرە دەقییەکانی وەك(بەشداربوان و باردۆخ)ەوە بخرێتەڕوو، چوونکە ئەو شارەزاییەی بە شێوەی یەکەم واتە(لە ڕێگەی وشەی فەرهەنگییەوە) دەخرێتەڕوو زیاتر دەبێت زانیاریەکی نوێ و نەزانراو بێت(واتە بۆ بیری مرۆڤ نوێ بێت)، بەڵام ئەوشارەزاییەی بەشێوەی دووەم(واتە لە ڕێگەی کلیتیکەوە) دەخرێتە ڕوو، زیاتر دەبێت زانیارییەکی زانراو کۆن بێت(واتە پێشتر بیری مرۆڤ بیزانیبێت). بەمشێوەیە لێرەدا و لە شێوەی دووەمدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی مێتا ئەرکی شارەزاییانەی زیاتر خۆرسکیانە ئەتۆمییە(واتە لە ناویەکدا شکاوەیە)، واتە زمانی

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم میتائەرکە، بڕوانە: Haliday, M.A.K.(١٩٩٤:١٦٢).

کوردی شیانی ئەوە دەخاتە بەردەم ئاخێوەرانی، کە لە سەر شارەزایی و ئەزمونی خۆیان دەربارەی ژیان و واقیع بدوێن بەشێوەیەکی مۆرفۆسینتاکسیانە، کە بەشێوەیەکی خۆڕسکی لە چەند ئەتۆمێکی(گەردیلەیەکی/ کلیتیکێکی)زمانی شێوە داڕێژراوە، ڕەنگە باشترین بەڵگەش بۆئەم ڕاستییە پرۆسەی(ئێرگاتیڤی"Eragtivity") بێت لە زمانی کوردیدا. ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردی لە خۆیدا خستنەڕووویەکی شیاوانەی چینی(ڕێزمانی فەرهەنگیی"Lexical Grammar")ە.

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستیە دەخەنەڕوو، کە جێبەجێکردنی مێتا ئەرکی شارەزاییانەی مێتا ئەرکی بیریانەی مرۆڤی کورد لە زمانی قسەکردنییدا بە شێوەی دووەم، زیاتر دەبێت پەیوەست بێت بە زمانی ئاخاوتنەوە نەك بە زمانی نوسینەوە، چوونکە هەروەك دەزانرێت لە زمانی نوسیندا گەلێك زانیاری زانراو هەیە، کە لەلای خوێنەر ڕون نەبێت لێڵیی بێ کۆتایی دەهێنێتەکایەوە، بەڵام لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ئاساییە بەشێوەی دووەم ئەزمونەکانی مرۆڤ بخرێتەڕوو، چوونکە زانراوەکان پەیوەستی بە دەوروبەر و بەشداربووانی ئاخاوتنەکەوە دەزانرێت و ون نابن و لێڵی دروست ناکەن. هەر بۆیە ئەم سیستەمی شارەزایی نواندنەی مرۆڤی کورد لە زمانەکەیدا ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە بابەتێکی هەستیاری وەك خستنەڕووی یاسادا لە چێوەی(زمانی یاسا) دا دەبێت زۆرینەی جێبەجێکردنەکانی مێتا ئەرکی بیریانە بە شێوەی یەکەم دەبێت، چوونکە زمانی یاسا زیاتر زمانێکی نوسراوە و زانیاری زانراوی تێدایە بۆ بەشداربووان. دەشێت ببێت بە زانیاریی نەزانراو و چەندین لێڵی واتایی بهێنێتەکایەوە لە بڕی تێگەیشتن و ئاسانی گەیاندنی واتا پێچەوانەکەی بێتەکایەوە، یان هەر هیچ نەبێت مەودا و بواری لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقە یاساییەکان بڕەخسێنێت.

دووەم: مێتا ئەرکی کەسیانە "Interpersonal Meta Function":

ئەم مێتائەرکە زیاتر پێشکەشکەری سەرچاوەی پێویستە بۆ دابەزاندن و، پاراستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم پێکهاتەیە زیاتر بەهۆی(سیستەمی ڕووکاری"Mood System") ڕێزمانی فرێزەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. لەم بارەیە Haliday و Matthiessen پێیانوایە، کە:((مێتا ئەرکی کەسییانە پەیوەستە بە کارلێککردنی نێوان قسەکەر و گوێگردا، لەڕێگەی دامەزراندن و پاراستنی گۆڕینەوەی زانیاری بەردەوام لەگەڵ گوێگردا. بێگومان ئەم زانیاری گۆڕینەوە بەردەوامەش لە ڕێگەی پێوابوون/ بۆچوون و دیاریکردنی ڕۆڵی ئاخاوتنی وەك(پرسیارکردن و وەڵامدانەوە)،(ویستی داواکردن و بەخشین) و(ڕونکردنەوە و هەڵسەنگاندن)ەوە جێبەجێ دەکرێت. لەم مێتا ئەرکەدا چەمکی(گۆڕینەوە"Exchange") بنەمایە بۆ شیکردنەوەی واتای سیمانتیکی کەسییانەی ئەرکەکانی ئاخاوتن))[١].

---

[١] Haliday. M.A.K and Matthiessen, C.M.I.M (٢٠٠٤:٣٥).

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت، کە هەموو زمانێك ئاخاوتنەکان دادەمەزرێنێت بۆ گۆڕینەوەی واتا لە نێوان ئاخێوەرانیدا. زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی تر بەمەبەستی گۆڕینەوەی واتا لەنێوان قسەکەرانیدا چوار ئەرکی ئاخاوتنی برایی و سەرەکی دادەمەزرێنێت، کە بریتین لە(هەوڵدان، پرسیارکردن، فەرماندان، داخوازی)[١].

ئاشکراشە هەریەکە لەم ئەرکە ئاخاوتنانە ڕوکارێکی ڕێزمانیی خۆیانیان هەیە و، زۆرینەی دەقە ئاخاوتنی و نوسراوەکانی زمانی کوردی ئەم چوار ئەرکە ئاخاوتنە بنەمایانن و، لە زۆربەی زمانەکانیشدا گشتگیرن. هەر بۆیە ڕوانین لە سیستەمی مێتا ئەرکی کەسییانە و چۆنیەتی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکانی کورد بە زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئەم چوار ئەرکە ئاخاوتنەوە لە خۆیدا ستراتیژیەتی گونجانی پەیوەندیکردن بە وردی(کەسێتی کەسی قسەکەر و هەڵوێستی و پێگەیان لە دەقی ئاخاوتندا) و(دووریی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەرەکان و چییەتی پەیوەندی نێوانیان و دوور و نزیکیان لە یەکترییەوە) و(بارو حاڵەتی کۆمەڵایەتی و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران) بخرێتەڕوو. بۆنموونە:

٥٧) — ئاخاوتنی یەکەم:

+ های !

—تۆ چۆنی؟

+ئەریٚ بلە دیارنیە؟

—جا تۆ بلەت بۆ چییە؟

+ براگیان ئیزعاجی، هەروا، بۆ هیچ.

٥٧) — ئاخاوتنی دووەم:

+ بەیانیت باش.

—باشتر.

+دەکرێت پێم بڵێیت کەی بەڕێوەبەر، دێت.

—بەرێزم، منیش وەك تۆ چاوەڕوانم.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە زمانی یاسا وردبینەوە، ئەوا دەبێت پێشنیاری ئەوەی بۆ بکرێت، کە لە زمانی یاسادا، چ دەقە ئاخاوتنەکانی ناو دادگا و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بیٚ، چ دەقە نوسراوەکانی زمانی یاسا بێت نابێت، دەقەکان ڕەنگدانەوەی ئاخاوتنی یەکەم بن، ئەگەرچی دەشکرێت لە زمانی یاسادا مێتا ئەرکی کەسییانە لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی. بۆنموونە:

---

[١] بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەرکی ڕستە لە ڕووی ئاخاوتنەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

ا) ساجیدە عبدلله (٢٠١٣: ٦٣–٦٥)

ب) محەمەد معروف (٢٠١٣ : ٣٥–٣٨)

ج) غازی علی (٢٠١٣: ١٨٦–١٨٩)

و) عبدالواحید مشیر (٢٠١٣: ٧٦–٨٠)

ه) قەیس کاکل (١٩٩٥: ٧–٣٦)

٥٨) – ئاخاوتنی یەکەم: دوابەدوای ئەوەی هەموو ڕێککارێکی یاساییمان گرتەبەر بۆ دادگا دەرکەوت، کە بەڵگەی تەواو هەیە لەسەر ئەو تاوانەی ئەنجامت داوە، بۆیە منی دادوەر حوکمت دەدەم بە پێی تاوانەکەت.

٥٨) –ئاخاوتنی دووەم: منی دادوەر داوای لێ بوردن دەکەم، کە ئەو حوکمەت بەسەر دادەبڕم، بەس چی بکەم لە دەسەڵاتی مندانییە، ناچارم بڕیار بدەم بە لە سێدارەدانت.

کاتێك سەیری هەریەك لەم ئاخاوتنانەی سەرەوە دەکرێت، ئەوا دەبینرێت ئاخاوتنی زمانی یاسایی لە دادگاکاندا، بەشێوەی ئاخاوتنی یەکەم دەبێت نەك ئاخاوتنی دووەم، کاتێك دادوەر حوکمێك بە سەر تۆمەتباردا دەسەپێنێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان ئەم دوو ئاخێوەرە، لەم ئاخاوتنەدا لە ڕووی(کەسییەتیی ئاخێوەرەکان و دوری و نزیکی نێوانیان لەگەڵ پێگەی هەریەکەیان لە بارۆدۆخی ئاخاوتنەکەدا).

سێیەم: مێتا ئەرکی دەقیانە"Textual Meta Function":

ئەم مێتائەرکەش زیاتر مێتا ئەرکێکی پەیوەست بوونە، چوونکە سەرچاوەی پێوست بۆ بوونیادنانی دەق دابین دەکات. واتە زیاتر بریتییە لە نواندنی واتای بیریانە و کەسیانە وەك زانیاریەکی ڕێکخراو لە ناو دەقدا لە چێوەی دەوروبەرێکی دیاریکراودا. لەم ڕوانگەیەوە(دەق) وەك یەکەیەکی واتایی بەهۆی هەڵبژاردنی شیانەکانەوە لە هەردوو پێکهاتەی(بیریانەو و کەسیانەوە) دروست دەبێت، بە شێوەیەك، کە لەسەر ئاستی مێتا ئەرکی بیریانە، مێتا ئەرکی دەقیانە پەیامی ئاخاوتنەکە ڕێك دەخات بۆ قسەکردن لەسەر بابەتە زەق و دیار و دەر پەڕیوەکان. لەسەر ئاستی مێتا ئەرکی کەسییانەش سەرجەمی پەیوەندییەکانی قسەکەر و گوێگری تێ دەئاخێنرێت. سەرجەمی ئەم شیکردنەوانەش لەم مێتائەرکەدا لە(سیستەمی باس"Theme Systems"") دا دەخرێتەڕوو. لەم ڕوانگەیەوە(فرایس) پێیوایە، کە:((دامەزراوەی( باس– خواس)ی ڕستە، بەشە فۆرمییەکانی شێوە ئاخاوتنێکی گەورە، کە زانیارییە خراوەڕووەکانی هەر دەقێك بەڕێوەدەبات))١

لەم زانیارییانەوە دەشێت ئەو ڕاستییە بخرێتە بەرچاو، کە مێتا ئەرکی دەقیانە هەوڵدەدات ئەم سەرچاوانە دیارییبکات، کە فرێز و ڕستەکانی وەك پەیامێك ڕێکدەخات، لە چێوەی(سیستەمی باس) دا. بەم شێوەیە دەتوانرێت بوترێت" ئەگەر لە ڕوانگەی دەقەوە لە(فرێزی باس و فرێزی سەرتۆپ) وردبینەوە، ئەوا دەتوانرێت بوترێت" ئەم فرێزانە هەرەمەکییانە لە دەقەکەدا نەخراونەتەڕوو، بەڵکو بە شێوەیەك لە دەقدا خراونەتەڕوو و ڕێکخراون تاوەك ڕێنیشاندەرێك وابن بۆ قسەکەر و گوێگر بەدرێژایی دەقەکە تا بتوانن زانیاریەکە بخەنەڕوو لە ڕێگای هەردوو پێکهاتەی(بیری و کەسیانە)ی خۆیانەوە.

کەواتە ئەم مێتائەرکە یارمەتی ئاخێوەر دەدات، کە فرێزەکان لە دەقەکاندا بەشێوەیەك بەکاربێنێ، کە حاڵەتی دەقیانەی جیاوازی پێ ببەخشێت. لەڕاستیدا لەم بارەدا هەردوو"(سیستەمی باس) و(سیستەمی زانیاری)٢، بنەمان

---

١ Fries(١٩٨١: ١٩٩)

٢ بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم دوو سیستەمە لە زمانی کوردیدا و لە ڕوانگەی بۆچونە زمانەوانیە جیاوازەکان، بڕوانە:
أ) کاروان عمر (٢٠٠٨: ١٢٥–١٢٧).، ب)ساجیدە عبدالله( ٢٠٠٣: ٦٣–٨٥).، ج) گۆنا عمر(٢٠١٣: ٣٠–٨٤).

بۆ دیاریکردنی بار و حاڵەتی فرێزەکان لە ناو دەقەکاندا و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە شیکردنەوەی سەرتۆپی ئاخاوتنەکەوە. هەرچی(سیستەمی باس) زیاتر لە سیستەمێکی سینتاکسیە و لە بۆتەی ڕێکخستنی فرێز و پارچەکانی ناو دەقدا دەردەکەوێت، بەڵام(سیستەمی جەختکردنەوەی زانیاری) زیاتر سیستەمێکی فۆنۆلۆژییەوە، پەیوەستە بە سەرناوەکانی(هێز و ئاوازە)ەوە.

پرسیاری گرنگ، کە لەم شیکردنەوەوانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا وەڵامیان بداتەوە ئەوەیە، کە ئایا تا چەند زمانی یاسایی دەقە یاساییەکانی لە زمانی کوردیدا ڕەچاوی ئەم دوو سیستەمەی پەیوەستکردنی زانیاری دەقیانە بە دەوروبەرەوە کردووە؟!

## ١/٢-٢) ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی(Lexical Functional Grammar):[١]

ئەم قوتابخانەیە شوێنەکەوتەی(ڕێزمانی پەیوەندیانە"Relational Grammar")[٢]یە، کە((ڕێزمانی پەیوەندییانە زیاتر تیۆرێکی سینتاکسییە و، مەبەست لێی ئەوەیە پەیوەندی نێوان کەرەستە زمانییەکان لە ڕستەدا ئامرازێکی سود بەخشە بۆ دیاریکردنی خودی یاسا سینتاکسییەکان))[٣]، واتە ئەم ڕێزمانە لە سەربنەمای پەیوەندیی نێوان کەرەستەی ڕستەکان کاردەکات، کە ئەوە ڕون دەکاتەوە هەموو ڕستەیەك لە(دوو چین "Stratum") پێکهاتووە. بۆنموونە:

٥٩) کوڕەکە یاری دەکات.

بە پێی ڕێزمانی پەیوەندیانە ئەم ڕستەیە لە دوو و چین پێکهاتووە، یەکێکیان بریتییە لە ناوەکان، کە(بکەر و بەرکارە) ە، واتە چینێکیان(کوڕەکە+ یاری)ە، چینەکەی تریشیان بریتییە لە کردار، کە(دەکات)ە، هەریەك لەم دوو چینە بە پێی گۆڕانی ئەرکی ڕێزمانییان لە ڕستەکان دەگۆڕێن، واتە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت ڕێزمانی ئەرکی لە ڕێزمانی پەیوەندییانە وەرگیراوە، لە هەمان کاتدا ڕێزمانی ئەرکی و ڕێزمانی پەیوەندی ویستوویانە وەك

---

[١] ئەم تیۆرە ڕێزمانیە لە بنەڕەتدا بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لەسەر دەستی هەردوو زانا( Joan Bresnan, Ron Kaplan) دانراوە. خودی تیۆرییەکە چەشنێکی جیاوازی وەشانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی زانا (چۆمسکی)یە و، وەك وەڵامدانەوەیەك بووە بۆ (ڕێزمانی پاڵپشتیکراو"Dependency Grammar") هاتۆتەکایەوە و تەواو بە پێچەوانەی قوتابخانەکەی چۆمسکیە. ئەمەش بەوەی ئەم تیۆرییە ڕستە بە دوو ئاستی (دروستەی پێکهاتەیی" C-structure" و دروستەی ئەرکی" F-structrue") شیدەکاتەوە و پێیوایە، کە بێ هیچ یاسایەکی گواستنەوە ئەم دوو ئاستەی ڕستە پەیکاڵ و تەواوکەری یەکترن و بەیەکدەگەن، بە شێوەیەك ڕستەکە لە ئاستی یەکەمیدا وەڵامی پرسیاری (ڕستە لە چی پێکهاتووە) دەواتەوە و لە ئاستی دووەمیشدا ڕستەکە پێکهاتووە لە (خاسیەتەکان)، کە نیشانە زمانییەکانی وەك (کات و کەس) یان یەکە ئەرکییەکانی وەك (بکەر و بەرکار / بەشەکردار) پێکهاتووە. هەربۆیە لێکۆڵینەوەکە ئەم تیۆرییە بەکاردێنێت بۆ شیکردنەوەی دروستەی پێکهاتە و ئەرکی ڕستەکانی دەقە یاساییەکانی زمانی یاسایی بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Sells, P ( ١٩٨٥ :١ )

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو(ل:١٤٧)

[٣] لە لێکۆڵینەوەیەکی بڵاونەکراوەی (کاروان عمر) وەرگیراوە ، کە لە وانەیەکی تایبەتیدا پێیداوین لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی (٢٠١٤/٨/٥).

چۆمسکی مۆدێلێکی نوێ بۆ ڕێزمان بخەنەڕوو، واتە بەرامبەر بوەستنەوە لەگەڵ مۆدێلەکەی چۆمسکی، کە ئەوەیان خستنەڕووو، ئەرکی سینتاکسی زۆر لەوە زیاترە، کە چۆمسکی لە ڕێگای داری زمانی لە دروستەی فرێزەکانەوە دەیانخاتەڕوو، هەروەها ئەم تیۆرە بەوە لە تیۆرەکەی تر جیا دەکرێتەوە، کە تیۆرێکی ڕێزمانییە و لە سەر بنەمای ڕێزمان شیکردنەوە بۆ ڕستەکانی زمان دەکات.

لەهەمان کاتدا یەکەم تیۆرە، دەگونجێت لەگەڵ چەمکە کلاسیکیەکانی(بکەر و بەکار)، کە ناوە ڕاستەقینەکەی بریتییە لە(ئەرکە ڕێزمانییەکان"Grammatical Function") بەجۆرێك بە زیادکردنی هەریەك لەو چەمکانە تیۆرەکە ئەرکەکانی ڕێك دەخات[١].

بەڵام پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت(ئەرک"Functions") لە سەرناوی ئەم تیۆرەدا تەنها تایبەت نەکراوە بەو ئەرکەی، کە کەرەستە پێکهێنەرەکان دەیبینن لە ڕستەدا، بەڵکو لە پاڵ ئەمەشدا زاراوەی( ئەرك) لەم مۆدێلە بریتی دەبێت لەپێدانی(بەها"Value") یەك بۆ ناوەکان، واتە ئەو کەرستانەی کە بەشدارن لە دروستکردنی ڕستەدا لە پاڵ ئەرکە ڕێزمانییەکەیان بەهایەکیشیان هەیە. بۆنموونە:

٦٠) جوتیار زەوی دەکێڵێت.

لەم نموونەیەدا ئەگەر وشەی(جوتیار) وەربگیرێت، ئەوا ئەرکەکەی تەنها بریتی نییە لە(بکەری) ڕستەکە، بەڵکو ئەو نرخەیە، کە دراوەتە وشەی(جوتیار) و جێبەجێ دەبێت بەسەر ناوی بکەریدا. لێرەشدا ئەم تیۆرە(( هاوشێوە دەبێ لەگەڵ(ڕێزمانی دروستەی فرێزی) بەرهەم هێنانی چۆمسکی، کەوا کاتیگۆرییەکان ئەرك دەبینین لە نیشانەکانیانەوە بۆ نرخەکانیان))[٢]، واتە دەکرێ بگوترێ ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە پاڵ ئەو هەموو جیاوازییانەی هەیەتی لەگەڵ تیۆر و بیرۆکە زمانییەکانی چۆمسکی، بەڵام لە بەشێکی ئەم ڕێزمانەدا هەست بەسێبەری تیۆرە زمانییەکانی چۆمسکی دەکرێت[٣].

هەرچی زاراوەی(لێکسیکی"Lexical") یە، لەم تیۆرەدا وەك تەوەرەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت و بایەخێکی زۆر بە لێکسیك و دەروازە فەرهەنگییەکەی دەدرێت، بۆیە بەتیۆری لێکسیکی ناو دەبرێت[٤].

لێرەدا ئەم زاراوەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی وشە فەرهەنگییەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتای پێکەوە پەیوەستراون، بەجۆرێك کاتێك ئەو وشە فەرهەنگییانە دانەی گەورەتر دروست دەکەن لە زماندا، دەبێت گونجان و هاورێیەتی هەبێت لە نێوانیاندا و وشەکان لە هەڵبژاردنی وشەی پێش خۆیان یان دووای خۆیان کاریگەرییان لە سەریەکتر هەبێت، بە جۆرێك کە هەریەك لەو یەکە فەرهەنگییانە چەند زانیارییەکی دروستەی تایبەت بەخۆی هەیە، کە وەك ناسنامەیەکە بۆی و پێی لە یەکەیەکی تری فەرهەنگی جیادەکرێتەوە، بەجۆرێك، کە ئاخێوەری زمانەکە هەست بە جیاوازی نێوانیان دەکات و گونجانیان پێکەوە دیاری دەکات، بۆنموونە:

---

[١] Sells, P(١٩٨٥:١٤٧).

[٢] سەرچاوەی پێشوو(ل:١٤٧ ).

[٣] شێرزاد سەعید (٢٠١٣: ٦-٧)


[٤] سەرچاوەی پێشوو(ل:٧)

(٦١)   ا– *کراسەکە شکا.

ب– کراسەکە درا.

لە نموونەی(٦١/ا) دەبینرێت، گونجان نییە لە نێوان کارا و کردارەکەدا، چوونکە رێك ناکەوێت لەگەڵ فەرهەنگی رێزمانیی زمانەکەدا، بەڵام لە ڕستەی(٦١/ب) دا گونجانێکی تەواو هەیە، کە لە فەرهەنگی زمانەکە رێگای پێداوە.


لەرێزمانی لێکسیکیی ئەرکیدا، بۆ ئەوەی لایەنی سینتاکسی ڕستە شیبکرێتەوە لە دوو ئاستی جیاوازدا کار لە سەر ڕستە دەکەن، کە بریتین لە(دروستەی پێکهاتە "Constitute-structure") و(دروستەی ئەرکی"Functional Structure") .دەکرێ بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم تیۆرە لەم هێڵکاریەی خوارەوە بخرێتە ڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(٣)

یەکەم ئاست، کە لە رێزمانی لێکسیکی ئەرکی لەشیکردنەوەی ڕستەدا، سودی لێ وەردەگیرێت، ئاستی ڕۆنانی پێکهاتەیە[2]. ڕۆنانی پێکهاتەیش لایەنی ڕوکەشی ڕستە دەگرێتەوە، کە بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەخرێنەڕوو,ئەوانیش بریتین لە:(هێلکاری درەختی، کەوانە ناونراوەکان/ کەوانە شکاوەکان، داڕشتنەوەی یاساکان)[3]. بۆنموونە:

(٦٢)   أ– سەیران نان دەخوات.




ب– کەوانە ناونراوەکان:

[ڕ[ف.ن[ن.سەیران]]] [ف.ك[ف.ن[نان] [ف.ك [ك. دەخوات]]]]

1 Sells,P (١٩٨٥:١٣٧)

٢ شێرزاد سەعید(٢٠١٣: ٩)

٣ سەباح ڕەشید(٢٠٠٩: ٢٠–٢٢).

ج- دارشتنەوەی یاساکان:

ڕ ⟵ ف.ن+ ف.ك.

ف.ن ⟵ ن(سەیران).

ف.ك ⟵ ف.ن+ك.

ف.ن ⟵ ن(نان).

ك ⟵ ك(دەخوات).

هەرچی ئاستی دووەمە، کە دروستەی ئەرکی دەگرێتەوە، جگە لەو زانیارییە واتاییانەی کە یەکە لێکسیکییەکان لەگەڵ خۆیان هێناویانە، ئەرکی ڕێزمانی دروستەییەکانی ڕستە وەك ئەرکی(کارا، بەرکار، کردار) نیشاندەدەن ((هەریەکە لە ئەرکە ڕێزمانییەکان(کارا، بەرکار، کردار)، یان تایبەتمەندییە ڕێزمانیە ئەرکییەکان(وەك: دیارخەر، ژمارە، کات،...هتد)" بگۆڕ" ەکانن و دەرخەری ئەم بگۆڕانە لە ڕستە ناودەنرێت "بەها"))[1].

واتە دەکرێت بگوترێت لە ڕێگەی دروستەی ئەرکی دەتوانرێت چەندین بەها و تایبەتمەندی ئەو یەکە فەرهەنگییانەی، کە ڕستەکە دروست دەکەن دیاری بکرێت، بۆ نموونە:

٦٣) کوڕێك گوڵێکی دا بە کچەکە.

کاتێك شیکردنەوە بۆ هەریەك لە کەرەستەکانی ئەم ڕستەیە بکرێت، بە پێی دروستەی ئەرکی، ئەوا دروستەی (کوڕێك) ئەرکەکەی( کارایە)، بەڵام بە های ئەرکە ڕێزمانییەکەی بریتییە لە:

دیارخەر ⟵ ێك
ژمارە ⟵ تاك
گوزارە ⟵ کوڕ

هەروەها دروستەی(گوڵێك) ئەرکەکەی(بەرکارە)، بەهای ئەرکە ڕێزمانییەکەی بریتییە لە:

دیارخەر ⟵ ێك
ژمارە ⟵ تاك
گوزارە ⟵ گوڵ

دروستەی(کچەکە) ش، ئەرکەکەی(بەرکارە)، بەهای ئەرکە ڕێزمانییەکەشی بریتییە لە:

دیارخەر ⟵ ەکە
ژمارە ⟵ تاك
گوزارە ⟵ کچ

لەم شیکردنەوەی سەرەوەدا ئەو ڕاستەیە دەردەکەوێت، کە(دروستەی ئەرکی ) دەبێتە بناغە بۆ بەدەستهێنانی( دروستەی واتایی)، واتە بە هۆی تایبەتمەندییەکانی دروستەی ئەرکی دەگەین بە واتای دروستەکە لە ئاستی واتادا، کەواتە بۆ ئەوەی لێڵی واتایی دروست نەبێت، دەبێت یەکبوون لە نێوان دروستەی ئەرکی و دروستەی واتایی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هەر سەیری ئەم نموونەیەی سەرەوە بکرێت دەبینرێت، کە:

---

[1] شێرزاد سەعید(٢٠١٣: ١٦).

کوڕێك ⟵ کارایە

گوڵێك ⟵ کارتێکراو

کچەکە ⟵ سودمەندە

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکیدا، هیچ پێکهاتەیەکی گواستنەوەی نییە، کە بە چەند ئاستێکدا تێبپەڕێت بۆ گەیاندی واتایەکی دروست، وەك لە ڕێبازی قوتابخانەی(بەرهەم هێنان و گواستنەوە)ی چۆمسکی دا دەبینرێت، لە پەیوەندیی نێوان ئاستە سینتاکسییەکاندا، چوونکە لە ڕێزمانی چۆمسکی دا هەر لەم ئاستانە حوکم لە سەر ئاستی خوارووی خۆی دەکات بە جۆرێك ملکەچی ئاستی خۆی دەبێت کە پارێزگاری لە ڕۆنانە سینتاکسییەکان بکەن، بەڵام هەرچی(ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگییە) هەریەك لە ئاستەکانی مەرجی تایبەتی خۆی هەیە و ملکەچی مەرجەکانی خۆیەتی، واتە ئەگەرچی(دروستەی پێکهاتە) تایبەتمەندی و بنەماکانی (دروستەی ئەرکی) دیاریدەکات، هەروەها لە(دروستەی ئەرکی)شەوە(دروستەی واتایی) دەستدەکەوێت، بەڵام هیچ نەخشەیەکی ڕاستەوخۆ نییە کە( دروستەی پێکهاتە) حوکم لەسەر(دروستەی ئەرکی) بکات، یاخود(دروستەی ئەرکی) حوکم لەسەر(دروستەی واتا) بکات. هەروەك لە هێڵکاری ژمارە(٣) دا خراوەتەڕوو.

لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە گرنگی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵینەوەکە، بۆیە پێویستە باس لە(بەشداربووەکان) بکرێت، لە ڕێگای شیکردنەوەی(دروستە ئەرکییەکان)،چوونکە(دروستە ئەرکییەکان) ئەو ئەرکە ڕێزمانی و واتاییانە ڕوون دەکەنەوە، کە بەشداربووەکان لە ناو ڕستە و دەقەکاندا دەیگێڕن.

**بەشداربووەکان و جۆرەکانی:**

کاتیگۆرییە بەشداربووەکان بە پێی ئەو ڕۆڵە سیمانتیکییەی دەیبینن لە ڕستەدا، دابەشی سەر دوو جۆر دەبن، ئەونیش بریتیین لە:(بەشداربووی بێسنور و بەشداربووی سنوردار)، کە بەپێی تێڕوانینیان بۆ ڕۆڵە واتاییەکان چەند جۆرە ڕۆڵێك دەخەنەڕوو، وەك:(کارا، کارتێکراو، چێژەر، وەرگر، سودمەند، ئامێر، شوێن، ئامانج، هاوڕێییەتی)[١] .

**یەکەم/ بەشداربووە بێ سنوورەکان:** ئەم بەشداربووانە زیاتر لە سەربنەمای ئەرك دیاری دەکرێت، وەك:( کارا، بەرکار، بەرکار٢)، بێسنوورییەکەیان لەوەوە هاتووە، هەریەك لەمانە دەتوانن چەند ڕۆڵێکی جیاوازی واتا ببینن لە ڕستەکانی زماندا، بۆ نموونە:

٦٤) أ- ئازاد چوو بۆ سەیران.(کارایە)

ب- گڵۆپەکە سوتا. (ئامێرە)

ج- دووێنی گەڕامەوە. (کات)

د- کوردستان وڵاتی کوردانە.(شوێن)

لەشیکردنەوەی دروستەی ئەرکی بەشداربووی(کارا) لەم ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت؛ ئەم بەشداربووە جگە لە ڕۆڵی(کارا) کە دەیبینێت، دەتوانێت چەندین ڕۆڵی واتایی تر ببینێت وەك(ئامێر، شوێن، کات).

---

[١] شێرزاد سەعید(٢٠١٣: ٢١-٢٢).

**دووەم/ بەشداربووە سنوودارەکان:** ئەم جۆرەیان پێچەوانەی بەشداربووە بێسنورەکانن، بەجۆرێك زۆر بەکەمی لەسەر بنەمای ئەرك دیاریدەکرێن، بەڵکو زیاتر لەرێگای ئامرازی پەیوەندی و ئەو دۆخانەی کە رۆڵە سیمانتیکیەکانیان نیشاندەدات، ئەوانیش بریتین لە دۆخی بکەری و تەواوکەری[1]. بۆنموونە:

٦٤) بنێشتەکە بەدەستمەوە نوساوە.

لەم ڕستەیەدا بەشداربووی(بەدەستمەوە) کە ڕۆڵی تەواوکەری بینیوە، رۆڵە واتاییەکەی سنوردارە لە هەربارێکدا بێت، واتە ناتوانێت ڕۆڵی واتای جیا جیا ببینێت. وەك(کارا یان بەرکار) ببێتە( کارتێکراو، شوێن، ئامێر، چێژوەرگر).

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە لە ڕێگەی دروستە ئەرکییەکانەوە ئەو ئەرکانە ڕوون دەبنەوە، کە لەنێوان بەشداربووەکانی ڕستەدا هەن، واتە زانیارییەکان لە ڕێگەی دروستە ئەرکییەکانەوە پیشاندەدرێن، کە هاوکار دەبن لە شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان یاخود کاتێك شیکردنەوە بۆ دەقێك دەکرێت، کە قسەکەرێك بوونیادیناوە، ئەو دەقەش لە چەند بارودۆخێك پێکهاتووە هەریەك لەو بارودۆخانەش چەند بەشداربووێکی تێدایە، بەڵام دەبێت ئەماژە بەوە بکرێت، چۆن قسەکەر دەتوانێت ئاماژە بە هەریەك لەو بەشداربووانە بکات و کۆدیان بداتێ، بەجۆرێك قسەکەر بتوانێت وەك بەشێکی سەرەکی لە بوونیادی دەقەکە بیانهێڵێتەوە، لە هەمان کاتیشدا شوێن پێی سەرچاوە سەرەکییەکە هەڵبگرێت. دەتوانرێت ئەم کێشەیە لەم نموونەیەی خوارەوە بخرێتەڕو:

٦٥) أ – سۆران گەشتی لەگەڵ ڕۆژان کرد، ئەو قسەی لەگەڵ ئەو کرد بۆ ماوەی دوو کاژێر، چوونکە ئەو پێیوابوو ڕێگاکە زۆر دوورە، ئەگەر ئەو قسە لەگەڵ ئەو نەکات، ڕێگاکە کۆتایی پێنایەت.

ب– ڕۆژان گەشتی لەگەڵ سۆران کرد، ئەو قسەی لەگەڵ ئەو کرد بۆ ماوەی دوو کاژێر، بەڵام ئەو بێزار بوو لە ئەو، چوونکە زۆر بڵێیی کرد بە درێژایی ڕێگاکە، بەڵام ئەو بەوە وەڵامی ئەوی دایەوە، کە ڕێگاکە زۆر دوورە و، ئەگەر قسە نەکات کۆتایی بە ڕێگاکە نایەت.

ئەگەر سەیری هەریەك لە نموونانەی سەرەوە بکرێت دەبینرێت، هەریەکەیان بەشداربووی جیاوازی هەیە و ئەرکی جیاواز جێبەجێ دەکەن، بەستنەوەی ئەم بەشداربووە جیاوازانە لەم نموونانەدا لە ڕێگای دروستەی ئەرکی جیاواز خراونەتەڕوو، بەڵام ئەم کێشەیە لە زمانی ئینگلیزیدا تاڕادەیەك ئاسانتر و زەقترە، چوونکە جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ(نێر و مێ) جیاوازە، لە ڕێگای ئەم جێناوە جیاوازانە دەتوانرێت بگەڕێندرێنەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکە، بەڵام لە زمانی کوردیدا لێڵی دێتەکایەوە، چوونکە جێناوی سەربەخۆ بۆ نێر و مێ وەك یەکە، بە تایبەتی کەسی سێیەمی تاك و کۆ، کە(ئەو)ە، بۆیە جیاکردنەوە و گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوە سەرەکییەکە کارێکی زەحمەت و زیاتر پەیوەست دەبێت بە جێناوەکانەوە، کە چۆن ئەو جێناوانە هاوتا دەکرێن بۆ ئاماژەدان بەو بەشداربووانەی لە سەرەتای دەقەکە بەکارهاتوون کە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی زمانەکە.

[1] شێرزاد سەعید(٢٠١٣: ٢٥).

لێرەدا بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بەستنەوەی بەشداربووە جیاوازەکان بەیەکترەوە، کە بەیەکەوە بەشدارن لە دروستکردنی ڕستە و دەقەکاندا، پێویستە باسی(بەندکردن"Coherence") و(لێکێنەری لۆژیکی دەقەکان "Cohesion") بکرێن.

**یەکەم/ بەندکردن(Coherence):**

ئەم پەیوەندییە واتاییەیە، کە لەنێو وتارەکاندا هەن و واتای ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە. ئەمەش دەوەستێتە سەر زانیاریی نێوان قسەکەر و گوێگر، بۆنموونە:

٦٦) أ– ئەمڕۆ ئازاد بۆ نەهاتووە؟

ب–ئەمڕۆ کاروان ژن دەهێنێت.

هەرچەندە ڕستەی(ب) هیچ پەیوەندییەکی نیە بە ڕستەی(ا) لە ڕووی ڕێزمانەوە، بەڵام بە پێی ئەو زانیارییەی(ا) و(ب) دەیزانن، کە(ئازاد) هاوکاری(کاروان) دەکات لە هەر کارێك بێت، ئەوا پەیوەندیی نێوان دوو ڕستەکە ئاشکرا دەبێت. بەو پەیوەندییەی نێوان ئەو دوو و ڕستەییە دەوترێت(بەندکردن"Coherence").

**دووەم/ لکاندن(Cohesion):**

ئەم لکاندنە زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی ڕێزمانییەوە هەیە[١]، کە ڕستەکانی نێو دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، واتە ئەم پەیوەندییە لە بنەڕەتدا دروستکەری دەقە، بەبێ بوونی ئەم پەیوەندییە گوتن یان نوسین ناچێتە خانەی دەقەوە. ئەم پەیوەندییەش بە بەدوایەکداهاتوو دادەنرێت، چونکە ناتوانرێت درك بە واتای کەرەستەکانی ئاماژە بکرێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ کەرەستە ئاماژە بۆ کراوەکە، واتە زۆربەی کەرەستەکان ئاماژە بە بوونی کەرەستەی دووەم دەکەن، ئەم پەیوەندیەی نێوان کەرەستەکانیش پێی دەوترێت(لکاندن"Cohesion")[٢]، بۆ نموونە:

٦٧) ئازاد و نەوزاد چوون بۆ هەولێر، ئەوان ئێوارە دەگەڕێنەوە.

لەم نموونەیەدا، ڕستەی دووەم بە هۆی ڕاناوی(ئەوان) لکاندنی دروستکردووە، لەگەڵ ڕستەی یەکەم، کە ئاماژە دەکات بە(ئازاد و نەوزاد) .

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە چ لە زمانی کوردیدا و چ لە زمانی ئینگلیزیدا دوو ڕێگای جیاواز هەیە، بۆ شوێن پێهەڵگرتنی سەرچاوەی بەشداربووەکان لە ڕستە و دەقەکانی زماندا، کە بریتین لە:

١/ نیشانەی جێناوی توخمی وەك سیستەمێك وایە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا بوونی هەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بوونی نییە،بۆیە دەبێت بە هۆی جێناوە لکاوەکانەوە ئەو کارە بکرێت.

٢/ لە ڕێگای سیستەمە سینتاکسییەکانەوە جیاکردنەوە دەکرێت.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، بۆچی، ڕێگای دووەم بەکاربێنین لە کاتێکدا ڕێگای یەکەمیان هەیە، بۆ گەڕانەوەی بەشداربووەکان بۆ سەرچاوەکانیان لە دەرەوەی زماندا. چوونکە لێڵی ڕێزمانی و واتایی زۆر دروست

[١] Crystal, D (٢٠١٢: ٨٥).

[٢] قەیس کاکل(٢٠٠٢: ٣١).

دەبێت، کە سەرلێشوان دروستدەکات بۆ گوێگر یان خوێنەر، بەڵام لە ڕێگای سیستەمە سینتاکسیەکانەوە دەتوانرێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، وەك لەم نموونەیەی خوارەوە دەخرێتەڕوو:

٦٨ أ/ ئازاد یاری لەگەڵ نەوزاد کرد، هەروەها ئەو گاڵتەی بە ئەو کرد بۆ ماوەی کاژێرێك، بەڵام ئەو دواتر ڕازی نەبوو بەردەوام بێت لە یاریکردن لەگەڵ ئەو، چوونکە ئەو ماندوو بوو لە گاڵتە و یاریکردن.

ب/ نەوزاد یاری لەگەڵ ئازاد کرد، گاڵتەی لەگەڵ ئەو کرد بۆ ماوەی کاژێرێك، بەڵام داوتر ڕازینەبوو بەردەوام بێت لە یاری کردن لەگەڵ ئەو، چوونکە ماندوو بوو لە گاڵتەکردن لەگەڵ ئەو.

لەهەریەکە لە نموونەکانی( ٦٨/أ و ب) بەشداربووەکان(نێر)ن، کە نازانرێت(ئەو) بۆ(نەوزاد) دەگەڕێتەوە یان(ئازاد) چوونکە ئاماژە بە هەردووکیان دەکات. بۆیە ئەنجامەکەی ڕستەیەکی زۆر لێڵی وەك یەکەمی لێ دەستدەکەوێت، چوونکە لە ڕستەی یەکەمدا نازانرێت کامە ڕازی نییە بەردەوام بێت لە یاریکردن، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا بەهۆی(فرێزە ناوییەکە) دەتوانرێت جیابکرێنەوە، کە(فرێزە ناوییەکە) ئاماژەیە بۆ کارای ڕستەکە کە(ئازادە)، بۆیە وەك کارا بۆ سەرجەمی(فرێزە ناوییەکانی) بوونیادەکە دەگەڕێتەوە. بەو ڕێگایە دەتوانرێت (ئەو)یش لە جێکەوتەی(ناکارا)ی لێکبدرێتەوە، وەك ئاماژە دەرێك بۆ(نەوزاد).

لەم شیکردنەوانەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە فرێزی ناوەکی ڕێزماندا پێویستی بە شوێن پێهەڵگرتنی سەرچاوەی هەیە لە دەرەوەی زماندا، واتە لێرەدا پێویستە(کارا) ی سەرەکی لە دەقەکەدا بوونی هەبێت، ئەوانەی بەدوای ئەو دادێن بۆی بگەڕێنەوە، کە ئەویش ئاماژە بۆ شتێك دەکات کە لە دەرەوەی زمانەکەدایە،لێرەدا لایەنێکی گرنگی شیکردنەوەی دروستەی ئەرکییانە دەردەکەوێت، کە وەك یەکەیەکی دابڕاو و فەردییانە مامەڵە ناکات، واتە وەك(کارا و بەرکار) بەڵکو شیکراونەتەوە لە ڕوانگەی ئەو ئەرکەی کە دەیبینن. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، هەر زمانێك سیستەمی شوێن پێهەڵگرتنی سەرچاوەییانەی هەبوو ئەوا(کارا) پێویستیەکی سەرەکی دەبێت، لەو شیکردنەوەیەدا، بۆنموونە:

٦٩) پەرلەمانی کوردستان بە درێژایی کارکردنی چەندین یاسای دیاریکراوی دەرکردووە، هەریەك لە یاساکانی کاتێك دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، دەبێت هاوڵاتییان پابەندبن پێیێ و نابێت لە ڕێنماییەکانی لابدەن.

لێرەدا ڕاناوی لکاوی(ی) لەهەر یەك لە وشەکانی(یاساکانی) و(ڕێنماییەکانی) بۆ(کارای) ڕستەکە دەگەڕێتەوە، کە(پەرلەمانی کوردستانە)، ئەم جۆرە شوێن پێهەڵگرتنە سەرچاوەییەش، بەشێوەیەکی فراوان لە زماندا بەدی دەکرێت، بەتایبەت لەو گوتنانەی کە(کارا) وەك کەرەستەیەکی سەرەکی لە سەرەتای ئاخاوتنەوە دێن.

بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو ڕاستە بەلای ئەرکییەکانەوە ئەرکی سەرەکی زمان زیاتر بۆ پەیوەندی کردنە، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە ڕونبکرێتەوە کە ئەو ئەرکە سەرەکییانەی زمان چین، ئەگەر سەیری زۆربەی شیکردنەوە کلاسیکیەکان بکرێت دەبینرێت، وای دادەنێن پەیوەندیکردن بریتییێت لە((گواستنەوەی چەمك و واتا لە ئاوازەی ئاخێوەرێکەوە بۆ ئاوازەی ئاخێوەرێك یان زیاتر، هەروەها ئەم چەمکە گوێزراوانەش زیاتر دەربارەی هەندێك بارودۆخن، کە دەشێت ڕاستبن یان خەیاڵاوی بە خەیاڵ دروستکراوبن))[١].

---

[١]Van Valin,R., D.(٢٠٠٣: ٣٢٠).

واتە بەلای کلاسیکییەکانەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیکردن ڕووبدات، دەبێت(قسەکەرێك) و(گوێگرێك) یان زیاتر هەبێت، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی قسەکردنەکەی تێدا ڕودەدات، هەروەها لە بارودۆخەکانیش سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی کارەکە هەبێت، بەم جۆرە ئاخێوەرەکان زانیارییە زمانییەکان دەخەنەڕوو بەپێی بارودۆخەکانیان، بۆنموونە:

٧٠) منداڵەکە شیرەکەی لەناو بێشکەکەدا خوارد.

لەم ڕستەیەدا سێ(سەرچاوە)ی سەرەکی و یەك(کردار) بوونی هەیە، ئەوانیش بریتین لە(منداڵەکە) ئاماژە دەدات بە یەك بەشداربووی ڕوداوەکە،(شیر) ئاماژە دەدات بە بەشداربووی دووەمی ڕستەکە،(لەناو بێشکەکەدا) ئاماژە بەشوێنی ڕودانی کارەکە دەکات، هەروەها(خوارد) ئەو بەشە کردارەیە، گوزارشت لە کردەی منداڵەکە دەکات.

لەم نموونەیەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە(ئاماژە"Reference") و(کردەی بەشەکردار "Predication") دەبێت بوونیان هەبێت، وەك ڕستەیەکی سەرەکی، بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندیکردن لە زماندا ڕوبدات[١].

بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت، زمان تەنها پابەندنییە بە وەسفکردنی باری ڕوداوەکان، واتە تەنها ئەو زانیارییانە بخاتەڕوو لەلایەن قسەکەر و گوێگر ناسراوە، کەسێك هەیە لە دونیای دەرەوەی زمان(منداڵەکە) یە، کە لەلای قسەکەر و گوێگر ناسراوە، هەروەها شوێنی ڕودانی کارەکەش دیارە کە(بێشکە)کەیە، ئەو کارەی تێیدا ڕوویداوە(خواردنی شیر)ە. واتە بەکارهێنانی زمان تەنها بۆ پێشاندانی باری ڕوداوەکان بەکارنایەت، وەك زمانەوانە دێرینەکان زمان بەوە لێکدەدەنەوە وەسفی بارودۆخەکان دەکات کە(ئۆستن) بە هەڵەی وەسفی دایناوە[٢]، بەڵکوو بۆ زۆر مەبەستی تر بەکاردێت، بەجۆرێك کە سنوری بارودۆخەکان دەبڕێت، هەروەك((زمان بەکاردێت لە هەموو جۆرەکانی کارپێکردنی کۆمەڵایەتی زارەکاندا، وەك(پرسیارکردن، فەرماندان، بەڵێندان، حەز و ویست دەربڕین،..هتد) کە ئەم بەکارهێنانە جیاوازانە بە زاراوەی(کردە قسەییەکان"Speech Act") دەناسرێن و ناودەبرێن))[٣].

لە کردە قسەیەکان ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە ناتوانرێت بە تەنها پشت بە وەسفی بارودۆخەکان ببەسترێت، کە لە واتای وشە فەرهەنگییەکان و ئەو بۆتە ڕێزمانییەی کە لە گوتنەکان دەستدەکەوێت، بەڵکو لە پاڵ ئەو واتایە گشتییە واتایەکی قوڵتر و شاراوەتر هەیە، کە بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی قسەکەر و گوێگر دەگۆڕێت و مەبەستی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە:

٧١) ماندووت کردم.

---

[١] شایەنی باسە(شێرزاد سەعید) لە نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی (ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسی دا) تەنها ئاماژەی بەم لایەنە داوە، کە لە نمونەی ٣٢ خراوەتەڕوو، بەڵام ئێمە لێرەدا لایەنی ترمان خستۆتە ڕوو، کە ئەو باسی نەکردووە، هەروەك ڕوونکراوەتەوە لە دواتر.

[٢] قەیس کاکل (١٩٩٥: ٤١).

[٣] van valin, R.,D. (٢٠٠٣:٣٢ ).

لێرەدا بە پێی زمانەوانە کلاسیکیەکان تەنها وەسفی بارودۆخێکی دیاریکراوە کە(قسە)کەی تێدا گوتراوە، بەڵام بە پێی(کردە قسەیەکان) مەبەستی تری لە پاڵە، ڕەنگە بۆ(ئاگادارکردنەوە) یان(بێزاربوون) بێت.

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەمە زانا(Sliver Stem ١٩٧٦,١٩٧٣,١٩٨٧) گریمانەکەی بریتییە لەوەی یەکێك لە ئەرکەکانی زمان بریتییە لە سیستەمی پەیوەندیکردن. ڕەفتار لەگەڵ زمان دەکات وەك پێکهاتەیەکی گرنگی کارلێککردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکانی کۆمەڵ و زۆربەی ئەو ڕەفتارە زمانییانەی لەو پەیوەندیکردنە دروستدەبن، وەك:(سوپاسکردن، پرسیارکردن، بەڵێندان، فرماندان، داواکردن،...هتد) کە مرۆڤەکان ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی پێ جێبەجێ دەکەن، بۆنموونە:

٧٢) أ- بێدەنگ بە، هەتا نۆرەت دێ.

ب- لە بابەت دەرمەچوو.

ج- زێدەڕۆیی مەکە، ئەگەرنا ڕات دەگرم.

ئەگەر سەیری هەریەك لەو ڕستانەی سەرەوە بکرێت، کە لە زمانی یاسادا بەکاردێن، کاتێك(دادوەر) فرمان بەسەر(تاونبار)دا دەکات، دەبینرێت ئاخاوتنەکە جگە لە فرماندان جۆرێك لە(ئاگادارکردنەوە)ی تێدایە، واتە لێرەدا جگە لەو پەیوەندییەی کە دروستبووە لەنێوان( دادوەر) و(تاوانبار) لە هەمان کاتدا،(دادوەر) لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە دەیەوێت(تاوانبار) ئاگاداربکاتەوە و فرمانیشی بەسەردا بکات.

هەروەها بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لە ئەرکی بنەڕەتیی زمان تەنها بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بێت هەریەك لە زانایان(Foley and Van Valin,١٩٨٤) دەڵێن:((دەشێت نموونەی ڕەفتاری وامان هەبێت، کە پەیوەندیکردن نەبێت بەڵام ئەم بۆچوونە بە هیچ جۆرێك نابێتە هۆی لاوازکردنی بیرۆکە و بنەمای سەرەکیانەی ئەرکی، کەوا تێگەیشتنی دروستەی زمانی پێویستی بە تێگەیشتنی ئەرکی زمان هەیە))[1]لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، زمانیش وەك هەر شتێك ئەرکی بەرایی خۆی هەیە دوواتر ئەرکە لاوەکیەکانی، بۆ نموونە:[2]

بەم شێوەیە ئەرکی گواستنەوەی زانیاریی زمانەوانی یەکێکە لەو هەموو ئەرکە جیاوزانەی، کە زمان خاوەنیەتی، چوونکە هەریەك لەو ئەرکە جیاوازانە دروستەی تر بۆ زمان دروستدەکەن، کە ئەوانیش تیۆر و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆنموونە لە بارودۆخێکی ئاخاوتنی تایبەتی وەك دادگاکاندا، کە زمانی یاسایی تێدا بەکاردێت بۆ ئاخاوتنی زمان تەنها ئەرکی پەیوەندیکردنی بەشداربووەکانی ناو پرۆسەی دادوەری جێبەجێ ناکات، بەڵکو چەندین ئەرکی وەك(دانپێدانان، خۆدەربازکردن، بەرگری لەخۆکردن، تاوانبارکردن، هەڵخەڵەتاندن،

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو(٣٢١)

[2] ئەگەر کەرستەی ( بێڵ) وەربگیرێت، بۆ ئەوەی لە پێکهاتەی (بێڵ) بگەین، پێویستە بزانرێت ئەرکی سەرەکی(بێڵ) چیە؟ کە( زەوەی کێڵانە) کەچی لە وانەیە بەکاربێت بۆ (دەرگا ڕاگرتن، ئاودان، سەبکردن،....هتد) واتە ناکرێت کەسێك بیەوێت (بێڵ) دروستبکات و ئەرکە سەرەکیەکەی نەزانێت یان بە لاوەی بنێت، لەبەرئەوەی ڕەنگە(بێڵ) ێك دروستبکات سەرەکەی (دار) بێت و دەسکەکەی(ئاسن) بێت، کەواتە لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت ئەرك و پێکهاتەی( زمان) زۆر لە ئەرك و پێکهاتەی (بێڵ) ئاڵۆزترە، بۆیە ناکرێت کەسێك لە پێکهاتەی (زمان و بێل) بگات، ئەگەر ئەرکە سەرەکییەکەی نەزانێت. بۆ زانیاری زیاتر و تێگەیشتن لەم جۆرە شیکردنەوانە، بڕوانە:(Van Valin.R.,D. ٢٠٠٣:٣٢١)

سوێندبەدرۆخواردن.....هتد) واتە زمان لەم بارودۆخەی ئاخاوتندا، وێرای جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاسایی پەیوەندیکردن، ئامرازێکی گرنگ و سەرەکیی بەرێوەچوونی خودی پرۆسەکەشە، تەنانەت ڕادەی سەرکەوتنی هەریەك(تۆمەتبار، دادوەر و پارێزەر) لە کارکردندا پشت بەزمان و زمان بەکارهێنان دەبەستێت، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش با لەم ڕستانە وردبینەوە، کە جگە لە پەیوەندیکردن، بەشداربووەکان ئەم ئەرکانەشیان لە بارودۆخەکاندا پێ جێبەجێکردووە، بۆنموونە:

٧٣) کاتێك دزێك بە شەو لە نێو ماڵێکدا دەگیرێت، دزەکە بۆ(خۆدەربازکردن) لە هەر سزایەك، لە دادگادا پشت بە زیرەکیەکەی دەبەستێت لە زمان بەکارهێناندا، کاتێك دەڵێت:(من نەخۆشی شەوڕۆییم هەیە)، واتە تاوانبارەکە بە جۆرێك قسە دەکات خۆ دەرباز دەکات بە یەکجاری، ئەمەش لە بەرئەوەی، نەخۆشە بە بێتاوان هەژماردەکرێت. لەم نموونەیەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەرکی زمان جگە لە پەیوەندیکردن، توانیویەتی وا لە(تۆمەتبار) بکات(بێتاوان) بێت. یاخود لە نموونەی تردا:

٧٤) أ– بێتاوانم.

ب– من وام نەکردووە.

ج– کێشەی کۆمەڵایەتیی هەیە لەگەڵم، بۆیە بوختانم پێدەکات.

ئەم ڕستانەی سەرەوە کاتێك لە بارودۆخێکی دادگایکردندا لەلایەن(تاوانبار) دەگوترێن، ئەوا بۆ(بەرگریکردن) لەخۆی بەکاریان دێنێت، بەجۆرێك لە دادگاکەدا بە پێی بارودۆخەکە شیاوترینیان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت.

## ٢) دارشتنی زمانی یاسایی لەزمانی کوردیدا:

بەمەبەستی هەڵچنینی زانستیانە بۆ شێوە دارشتنی( زمانی یاسایی) وەك بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان لەزمانی کوردیدا، هەوڵدەدرێت بەشێوەیەکی پلە بەندیانە و پەیوەست بەهەردوو(تیۆری "LFG"/ شیکردنەوەی دارشتنە پێکهاتە و ئەرکییەکان) و(تیۆری "SFG"/ شیکارە مێتا ئەرکیەکانی، کە بنەمای هەرسێ ئاراستەی گریمانی شێوە دووان/ تۆمارکەر) بوون (نیشانە زمانیەکانییەکانی) زمانی یاسایی بخرێتەڕوو. بەم شێوەیە لەم بەشەدا بەشێوەیەکی کارەکیانە گریمانە زمانەوانییە ئەرکیەکان تاقیدەکرێنەوە و بەهۆیەوە هەوڵدەدرێت هەم(نیشانە زمانییەکان)ی زمانی یاسایی بخرێنەڕوو هەم تاقیکردنەوەش دەکرێت بۆ چۆنیەتی و چەندایەتی ڕەنگدانەوەی ئەم نیشانە زمانیانەی زمانی یاسایی لەدەقە یاساییەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە سەرجەمی ئەم بەشە تەرخان دەکرێت بۆ شیتەڵکردنی نیشانە زمانیەکانی(فەرهەنگیەکان، سینتاکسیەکان،دەقیەکان و واتاییەکان)ی زمانی یاسایی زمانی کوردی، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت بنەمایەکی زانستی دابنرێت بۆ(دارشتەی زمانی یاسایی) لە زمانی کوردیدا، کە کاری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەیە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرە شیکردنەوەیەش لێکۆڵینەوەکە بەپێی چەشن و جۆرەکانی دەقی نوسراوی زمانی یاسایی(هەروەك لەوەچە پاری سێیەمی پاری یەکەمی بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو)[١] لە هەرجۆرێك نموونەی دەقێك وەردەگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەقی یاسای(یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) ژمارە(٣) ساڵی ٢٠٠٦ن) وەرگیراوە و هەوڵدەدرێت شیکاری نیشانە زمانیەکانی لەم بەشەدا بخرێتەڕوو و دواتریش لەبەشی سێیەمدا شیکارێکی پاساودانی بۆ دەقی زمانی نوسراوی یاسایی(پرۆژەی یاسایی) دەکرێت.

بەم شێوەیە نیشانە زمانیەکانی دارشتەی زمانی یاسایی، کە هەر دەقێکی یاسایی پێدادەڕێژرێت زیاتر بریتین لە:

### ١/٢) نیشانە فەرهەنگیەکان( lexical features ):

پەیوەست بە بۆچونە کارەکیەکانی زمانەوانی کارەکی بەتایبەتی(گریمانەی بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی"ESP") و بۆچوونە ئەرکیەکانی زانستی زمانی ئەرکی دەربارەی خستنەڕووی ئەرکی زمان لەپرۆسەی پەیوەندیکردندا بنەمای هەر شێوازێکی ئاخاوتن و نوسین، کە لەبوارێکی تایبەتی وەك یاسادا بەکاردێت خاوەنی نیشانەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆیەتی لەڕووی(زاراوە و دووبارەبوونەوەی ئامرازی زمانی و کەرەستەی فەرهەنگی زمانی تایبەتی). لەم ڕوانگەیەوە دارشتەی زمانی یاسایی دەبێ خاوەنی چەند نیشانەیەکی فەرهەنگی تایبەت بەخۆی بێت، کە زیاتر بریتین لە:

### ٢/ ١-١) زاراوە تەکنیکیەکان( Technical term ):

یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی زمانی یاسایی جیادەکاتەوە لەزمانە پسپۆڕیەکانی تر ئەو زاراوە تەکنیکیانەن، کە تایبەتن بەبوارەکە، بێگومان زمانی یاساش لەزمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانە یاساییەکانی تری وڵاتان چەندین زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە لەئاخاوتن و نوسیندا، کە جیای دەکاتەوە لەزمانە پسپۆڕیەکانی تر، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، هەندێك لەزاراوە تەکنیکیەکان هاوبەشن لەنێوان هەموو زمانەکاندا ئەمەش

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوەیە لاپەڕە ( ٣٦– ٣٨).

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیەی ئەو بوارە هەیەتی، کە شتێکی گشتگیرە و لەهەموو وڵاتێکدا ئەم بوارە بوونی هەیە و پەیوەندی بەژیانی مرۆڤایەتیەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوە هەیە لەزمانی یاسایی و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وەك یەکن لەبەکارهێناندا(ئەگەرچی هەندێك جار تایبەتمەندیش وەردەگرێت)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەهەردوو بوارەکەدا بەکاردێت، لەهەمان کاتدا وشەشمان هەیە لە حاڵەتی بنەڕەتیدا مانایەکی هەیە، بەڵام لەبواری یاسایدا بەواتایەکی تر بەکاردێت.

بەمەبەستی تێگەیشتن لە وردەکاری ئەم لایەنەی زمانی یاسایی زاراوە تەکنیکیەکان لەدەقی یاسایی(یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر")، کە تایبەتن بە(زمانی نووسین)ی شێوەی دووانی زمانی یاسایی لەخشتەی ژمارە(١) دا دەخرێتەڕوو. لەخشتەکەدا زانیاری بەرایی لەسەر ڕەسەنی و خواستراوی زاراوەکە و ئاستی مۆرفۆلۆژی و پۆلەکەی و داڕشتنە مۆرفۆلۆژییەکەی(بە پێی بنەمای پۆل و بنەمای مۆرفێم) خراوەتەڕوو. ئەمە جگەلەوەی لە شیکاری هەریەك لەزاراوەکاندا بەپێی هەردوو تیۆری(LFG) و(SFG) یەکەم جار داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەیان شیکراوەتەوە و دواتریش ئەو نرخەی لەداڕشتەی ئەرکیەکەیدا هەیەتی بەپێی تیۆری(SFG)، واتە بەپێی هەرسێ مێتا ئەرکەکەی(SFG) شیکراوەتەوە و کراوتە بنەمایەك بۆ شیکاری(شێوە دووانی) یاسایی بەپێی تیۆری(شێوەی دووان).

| ژ | زاراوەی تەکیکی | ماددە/برگە | ڕەسەن و خواستراو | پۆلی وشە | داڕشتنە مۆرفۆلۆژییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تاوانکار | م ١ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی لێکدراوە<br>ناو+ ناو= بەپێی بنەمای پۆل<br>بناغە+ بناغە= بەپێی بنەمای مۆرفیم |
| ٢ | سزا | م ٢ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی سادەیە<br>یەك بناغەیە |
| ٣ | لەناوبردن | م ٢ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | کرداری بوو بەناو<br>ف. پ+ ناوی ڕووداو<br>بناغە+ بناغە |
| ٤ | دادگاکردن | م ٧ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی لێکدراوە<br>ناو+ ناوی ڕووداوبناغە+ بناغە |
| ٥ | دادگا | م ٨ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی داڕێژراو<br>ناوی سادە+ پاشگرە داڕشتن/ –گا/<br>بناغە+ پاشگری داڕشتن. |
| ٦ | دادپەروەر | م ١٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ئاوەڵناو | ناوێکی لێکدراوە<br>ناو+ ناو<br>بناغە+ بناغە |
| ٧ | پارێزەر | م١٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی داڕێژراو<br>ڕەگی بەند+ پاشگری داڕشتن<br>بناغە+ پاشگری داڕشتن |
| ٨ | سکاڵا | م ١٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی سادەیە<br>یەك بناغە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | بڕیار | م ١٦ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوێکی دارێژراو<br>ڕەگی بەند+ پاشگری دارشتن<br>بناغە+ پاشگری دارشتن |
| ١٠ | زیندانی هەتاهەتایی | م ٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | فرێزی خستنەپاڵی یاسایی | ناو+ م. خستنەپاڵ+ ناو |
| ١١ | زیندانی کاتی | م ٥ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | فرێزی خستنەپاڵ یاسایی | ناو+ م. خستنەپاڵ+ ناو |
| ١٢ | بەندکردنی توند | م ٥ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | فرێزی خستنەپاڵی یاسایی | ناوی ڕووداو+ م. خستنەپاڵ+ ئاوەڵناو |
| ١٣ | خۆبەدەستەوەدان | م ٨ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | فرێزی خستنەپاڵی یاسایی | ناوێکی لێکدراوە/ کرداری بوو بەناو<br>جێناوی خۆیی+م.خستنەپاڵ+ ناوی ڕووداو |
| ١٤ | لێکۆڵەر | م١٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | ناوی دارێژراوە<br>پێشناو+ ڕەگی بەند+ پاشگری دارشتن<br>بناغە+ پاشگری دارشتن |
| ١٥ | دانپێێدانان | م ١٣ | وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە | ناو | کردارێکی بوو بەناوی لێکدراوە<br>ناو+ پێشناو+ ناوی ڕووداو<br>بناغە+ بناغە |
| ١٦ | حوکم | م ٢ | خواستراوی عەرەبی | ناو | ناوێکی سادە |
| ١٧ | شایەد | م ٧ | خواستراوی عەرەبیەکە لە(شاهد) وەرگیراوە | ناو | ناوێکی سادە |

**خشتەی ژمارە(١)**


ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە(١) دەبینرێت، کە توێکاری زمانەوانیانەی زاراوەکان لەڕووی داڕشتەی زمانیەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### زاراوەی یەکەم:(تاوانکار)

وشەی(تاوانکار)، لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەهەمان ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە لەدەقە یاساییەکاندا هەیە. بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی(ناو+ ناو) دروست بووە، کەواتە وشەکە وشەیەکی لێکدراوە و لەپۆلی ناوە ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیم شیکردنەوەی بۆ بکرێت پێکهاتووە لە(بناغە+ بناغە)، بەڵام ئەگەر ئەم زاراوەیە بەتەکنیکی قوتابخانەی ئەرکی شیبکرێتەوە، ئەوا دەبێت هەریەکە لەداڕشتەی پێکهاتەیی و داڕشتەی ئەرکیەکەی دیاریبکرێت بۆ گەیشتن بەداڕشتە واتاییەکەی.


لەداڕشتەی پێکهاتەیی تەنها لایەنی ڕووکەشی ڕستەکە وەردەگیرێت بەشێوەی(کەوانەی شکاوە [ ])

ماددەی یەکەم/ تاوانکار پەنای بۆ دەبات. ⟵ تاوانکار پەنا بۆ ئەو(تاوانکار)یە دەبات.




**دارِشتەی پێکهاتەی ژمارە(١)**

بەم شێوەیە بە تێگەیشتن لە دارِشتەی پێکهاتەی زاراوەکە و ئەو ڕستەیەی تێیدا بەکارهاتووە، دەتوانرێت جگەلەئەرکە ڕێزمانییەکەی، کە(کارا) یە ، دارِشتە ئەرکیەکەشی بخرێتەڕوو. ئەمەش هەروەك لەتیۆرەکەیدا دیاری کرابوو[١]. لەڕێگەی( بەهایەکی "value") دیاریکراو دەبێت، کە زاراوەکە لەدارِشتەی ئەرکەکەیدا خاوەنێتی، کە دەکرێت لەدارِشتەی ئەرکیانەی ژمارە(١) دا بنوێنرێت:




**دارِشتەی ئەرکی ژمارە(١)**

لەڕێگەی دارِشتەی ئەرکی دەگەین بەو ئەنجامەی، کە زاراوەی(تاوانکار) بەشداربووێکی بێ سنوورە لەڕستەکەدا، کە ڕۆڵی کارای ڕستەکەی بینیوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوەیە بەهەمان ئەو واتایە دێت، کە لەفەرهەنگی زمانەکەدا هەیەتی و لێڵی واتای دروست نەکردووە.

لەڕوانگەی ئەم شیکردنەوەی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوەیە بەپێی مێتا ئەرکیەکانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك واتایەکی ئەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە، بەتایبەت لەڕووی مێتا ئەرکی ئەزموونیەوە، چونکە بەشێوەیەکی شارەزاییانە بابەتی(تیرۆر) ڕونکراوەتەوە، هەرکەسێك پێی هەڵبستێت(تاوانکارە)ە، هەروەها لەڕووی مێتا ئەرکی لۆژیکیەوە ئەم زاراوەیە لەم دەقەدا لۆژیکیانە کۆزانیاری هاوسەنگ دەڕەخسێنێت لەنێوان(کردەوەی تیرۆر) و کەسی(تاوانکار) بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ"field")ە دەڕەخسێنێت و لەزمانی کوردیدا دارِشتەیەکی تەواوی دەبێت. هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیەوە، ئەو کەسەی ئەو زاراوەیە بەکاردێنێت لەم دەقە یاسایەدا کەسێکی دەسەڵاتدارە و دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسەدا هەیە، کە زاراوەکەی بەرانبەر بەکاردێنێت، واتە لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن، کەواتە پەیوەندی نێوان ئەو دوو کەسە(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە) بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتن "Tenor of Discourse")ە لەدەقەکەدا دەڕەخسێنێت و ڕاستەوانە دەتوانرێت پەیوەندی ئاخێوەران لە(دەسەڵاتدارییەوە بۆ ژێر دەستەییە) لەناو دەقەکەدا و پێویستی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لە دەسەڵاتدارەوە بۆ ژێردەستی شیبکرێتەوە. هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە بۆمان دەردەکەوێت،


[١] بڕوانە وەچە پاری یەکەمی پاری دووەمی بەشی یەکەم لاپەڕە (٥٦).

کە ئەم(زاراوەیە) دووجار بەکارهاتووە لەبەرگرنگی زاراوەکە و زیاتر ڕونکردنەوەی، بەجۆرێك لەجاری یەکەمدا بۆ ئاماژەدان بۆ(کەس) بەکارهاتووە، لەجاری دووەمشدا بۆ مەبەستی ئاماژەدان بە(کردەوە) بەکارهاتووە، هەروەها لکاندنی ڕێزمانی زۆری تێدایە، بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز "mood")ە لە دەقەکەدا دەرەخسێنێت، کەبەهۆیەوە لە چنینی دەقیانەی زاراوەکە لەدەقەکەدا دەگەین[١].

## زاراوەی دووەم:(سزا)


وشەی(سزا) وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردی دروستبووە و بریتییە لە(ناوێکی سادە) بەپێی بنەمای مۆرفیمیش پێکهاتووە لە(یەك بناغە)، بەڵام بەپێی قوتابخانەی ئەرکی، دەتوانرێت دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم زاراوەیە دیاری بکرێت. بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی دووەم/ سزا یان لەناو بردنە ←سزای(تاوانکاران) لەناوبردنە.




**دارشتەی پێکهاتەی(٢)**

لەدروستەی ئەرکیشدا جگەلەو ئەرکە ڕێزمانیەی هەیەتی، کە ڕۆڵی(کارا)ی ڕستەکەی بینوە، لەهەمان کاتدا بەهایەکی دیاریکراوی هەیە لەڕستەکەدا بەم شێوەی خوارەوە:-




**دارشتەی ئەرکی(٢)**

لەدارشتەی ئەرکی ئەوە دەست دەکەوێت، کە(سزا) بەشداربوێکی بێ سنوورە و لێرەدا ڕۆڵی کارای ڕستەکەی بینیوە. لەڕوانگەی وردبوونەوە لەشیکردنەوەی زمانەوانیانەی زاراویە و بەکارهێنانە یاسایەکەی لەدەقەکەدا. بۆمان دەردەکەوێت، واتای ئەم وشەیە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەهەمان مەبەست بەکاردێت، کە بەواتایی(سزادان) دێت. وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:

١- مامۆستاکە قوتابیەکەی سزادا.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وشەکە لەم دەقەدا تاڕادەیەك پسپۆڕی وەرگرتووە وەك زاراوەیەك، هەروەکو لەشیکردنەوەی مێتا ئەرکیانەی زاراوەکەدا دەردەکەوێت.

---

[١] لەڕوونکردنەوەی نیشانە فەرهەنگیەکاندا شیکردنەوەی تەواو نادرێت لەسەر مێتا ئەرکی دەقیانە، چونکە لە پاری سێیەمی ئەم بەشەدا لە نیشانەکانی ئاستی دەق ڕوونکردنەوەی تەواو دەدرێت لەسەر پەیوەندیەکانی ناو دەق لە ڕووی ئامرازەکانی لکاندنی دەق و ئەو هۆکارانەی لێلی دروست دەکەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕە ( ١٠٩- ١٢٥ )ی ئەم بەشە.

ئەم زاراوەیە بەپێی مێتا ئەرکیەکانی تیۆری(ڕێزمانی ئەرکی سیستماتیك) واتایەکی ئەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە. بەتایبەتی لەڕووی مێتا ئەرکی لۆژیکیەوە، کە ئەویش زیاتر بریتییە لەگونجاندنی کۆزانیاری نێوان ئەو ڕووداوەی لەکردەی(سزادان) دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەو یەکە ڕێزمانیانەی، کە بەشداری دەکەن لەداڕاشتنی دەقەکەیدا. بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە سەرتۆپ و بواری ئاخاوتنە لەدەقەکەدا دیاریدەکرێت و شیاوانە واتا دەگەیەنێت، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیەوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پارێزراوە لەنێوان ئەو کەسەی، کە زاراوەکە بەکاردێنێت لەگەڵ ئەو کەسەی بەسەریدا جێبەجێ دەکرێت، واتا پەیوەندی نێوان ئەو دوو کەسە(دەسەڵاتدارو ژێر دەستییە) بەم پێیەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەرەخسێت و خوێنەر ڕاستەوخۆ لەپەیوەندی نێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکە تێدەگات، کە لە دەسەڵاتدارییەوە بۆ ژێر دەستییە. هەرچی مێتا ئەرکی دەقیانەیە سەرچاوی پێویستی بۆ بنیادنانی دەق تێدا بەکارهاتووە، دەقەکەی بەشێوەیەکی زنجیرەی بنیادناوە، کە ئاماژەدانە بەکۆمەڵێك(تاوانی تیرکاری)، کە ئەنجامدانیان سزادانی لێدەکەوێتەوە بەهۆی(دەقە ئاماژە دواوە) لەڕێگای دەستەواژەی(ئەم کردنەوانەوەی خوارەوە)، واتە لێرەدا ئەم مێتا ئەرکە ئەو سەرچاوە پێویستیەی دیاریکردووە، کە فرێز و ڕستەکانی بەشێوەیەکی زنجیرەی ڕێکدەخات نەك بەهەڕەمەکی بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێوان)ی چنینی دەقەکەیە لەلای خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کە چنینی سەرتۆپە سەرەکی و لاوەکیەکان چنینێکی زنجیرەی یەك بەدوای یەکە نەك هەرەمەکیانە.

**زاراوەی سێیەم(لەناوبردن)**[1]:

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، کە بەیەکێك لەڕێگاکانی یاسای سینتاکسی زمانەکە دروست بووە و دواتر بەهۆی زۆر بەکارهێنانیەوە بەر پرۆژەی بە لێکسیمبون کەوتووە لەبنەڕەتدا بە یاسای(ف.پ) دروستووە، کە پێکهاتووە لە(پێشناو+ کرداری بوو بەناو)، کەواتە وشەکە فرێزێکە و پاش بە لێکسیمبوون پێکهاتووە لە(ناو+ ناوی ڕووداو)، بەڵام دەبێت داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بەداڕشتە واتاییەکەی بگەین. بەم شێوەیە ئەگەر لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارەی(٢) ووردبینەوە، دەبینرێت، کە لە داڕشتەی ئەرکیدا جگەلەو ئەرکە ڕێزمانەیەی هەیەتی، کە(تەواوکەری کردار) و(بەشە کردار)ی ڕستەکە پێکدێنێت، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاری کراوی خۆی هەیە، کە بنەمای بەخشینی ئەرکەکەی بووە.

بەم شێوەیە لەشیکردنەوەی ئەم داڕشتە ئەرکیەی زاراوەکە دەردەکەوێت، کە واتاکەی لەم دەقەدا هاتووە جیاوازە لەوەی، کە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت، چونکە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەتوانرێت، ئەم زاراوەیە بەمەبەستی جیاواز بەپێی دەوروبەری جیاواز بەکاربهێنرێت، بەڵام لەدەقی یاساییدا تەنها بۆیەك مەبەست بەکاردێت، ئەویش لەزمانی عەرەبیدا وشەی(إعدام) ی بەرانبەر بەکاردێت، کە تەنها

[1] لەناوبردن (اعدام)، ئەگەرچی وشەکەی (اعدام) لە (فەرهەنگی قانونی)ەکەی بە (لەسێدارەدان)ی داناوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم وشەیە گونجا نییە بەرانبەر بە (إعدام)، چونکە (لەسێدارەدان) جۆرێکە لە (لەناو بردن" اعدام")، لەبەر ئەوەی (اعدام) چەند جۆرێکی هەیە کە بەپێی یاسای وڵاتەکە دەگۆڕێت، بۆ نمونە، وڵات هەیە کردارەکە (لەناوبردن) بە (لەسێدارەدان واتە (بە پەتك) یان دەرزی ژەهراوی، غاز، گوللە... هتد) جێبەجێ دەکات.

بەیەك ناوی ڕووداو(لەناوبردن)ەکە جێبەجێ دەکرێت، ئەویش ڕێسا و  تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەتوانرێت، بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە:

٢- تیۆریستان پەیکەرەکەیان لەناوبرد.

ئەگەر بێت و سەیری وشەی(لەناوبردن) بکرێت لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەتوانرێت بۆ شتی بێگیانیش بەکار بهێنرێت هەروەکو لە نموونەی ژمارە(٢) دەردەکەوێت، کە بەمەبەستی(فەوتان) هاتووە، بەڵام لەدەقە یاسایەکاندا تەنها بۆ مرۆڤی زیندوو بەکار دەهێنرێت.


لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەشەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی و ئەزموونی ڕێکخراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی سەرچاوەی سەرەکی ئەم دەقە خراوەتەڕوو کە(کردەوەی تیرۆر)ە، دواتر لەڕێگای مێتا ئەرکی ئەزمونیەوە پەیوەندی نێوان(کردەوەی تیرۆر) و(لەناوبردن) لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لەم کردەوەیە دەکەوێتەوە ڕوونکراوەتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەیی، بێ گومان ئەمەش بەڕەخساندنی بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)ی زمانی یاساییە. لەمێتا ئەرکی کەسیەوە(لەم دەقەدا) ئەوە دەست دەکەوێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی پارێزراوە. ئەو کەسەی ئەم دەقە بەکاردێنێ،لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەقەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت پەیوەندیەکی(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە)، کە دەبێت جێبەجێ بکرێت. بەمەش خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا ڕاستەوخۆ لەپەیوەندیە مرۆییەکانی نێوان بەشداربووەکانی ئاخاوتنەکە دەگات و تێ گەیشتنەکەش لەبنەڕەتدا بەهۆی ڕەخساندنی بنەمای دووەمی تیۆری شێوە دووانەکەوەیە. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەشەوە، زاراوەکە، کە لەسەرەتایی ماددەی دووەمی دەقە یاسایەکەدا هاتووە جارێکی تر لەماددەی پێنجەمی یاساکەدا بەوشەی(کوشتن)ی بۆ گەڕاوەتەوە. بەمەش(دەقە ئاماژەی پێشەوەی) تێدا جێبەجێ کراوە. لەم ڕێگایەوە خوێنەر وابەستەیەکی دەقیانە لەدەقەکەدا هەڵدەهێنجێت. بێ گومان بەهۆی ڕەخساندنی بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)ە، کە ئەویش بنەمای(شێوان)ە.

### زاراوەی چوارەم(دادگاکردن):

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە و بەپێی یاسایی مۆفۆلۆژی(ناو+ ناوی ڕووداو) دروستبووە. وشەیەکی لێکدراوەو لەپۆلی ناوە، کە ناوی ڕووداوی دروستکردووە، بەڵام ئەگەر بەپێی قوتابخانەی ئەرکی شی بکەینەوە، ئەوا دەتوانرێت هەریەکە لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی دیاری بکرێت، هەروەك لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(٣) دا دیارە:

ماددوە حەوتەم "فەرمانەکانی ماددەی(٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە(٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموارکراوی کارا بەسەر ئەو کەسە پیادە دەکرێت، .... هتد"

دارشتەی پێکهاتەیی ڕستەکە، کە ڕستەیەکی درێژکراوەی یاساییە بەم شێوەی خوارەوەیە:




دارشتەی پێکهاتەی(٣)

**لەداڕشتەی ئەرکیشدا جگەلەئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە(کارا)ی ڕستەکەیە، چەند بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکەکەیدا دیاری کراوە**

ڕستەی درێژکراوی یاسایی

ڕ١ ڕسەی(أ) شاڕستە بکەر ف.ن وشەکە: فرمانەکانی ماددەی(٤٧)ی ... هتد

ژمارە: کەسی یەکەمی تاك

کات: داهاتوو

بەشەکردار کردار وشەکە: بەسەر ئەو کەسەدا پیادە دەکرێت

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

ناسراو: ناسراوی

ڕستەی(ب) پاڕستە/ تەواوکەر

بکەر ف.ن وشەکە: هەواڵی ئەو... ناسنامەکە

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

بەشەکردار کردار وشەکە: کاتی هەواڵی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

ناسراو: گوزارەی ڕستەی تەواوکەری ڕستەی یەکەم

ڕستەی ٢ بکەر ف.ن وشەکە: ئەو کەسە

ژمارە: کەسی یەکەمی تاك

کات: داهاتوو

ناسراو: نەناسراو

بەشەکردار کردار وشەکە: ناکرێتە شایەد

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

ناسراو: ناسراوی

**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(٣)**


**لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە زاراوەی(دادگاییکردن) وشەیەکە تایبەتە بەبواری یاسایی هیچ پەیوەندیەکی بەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە نیە و بەڕێژەیەکی زۆر کەم بەکاردێت، ئەگەر بەکاریش بهێنرێت تەنها لەو کاتەدا، کە باس لەڕووداوێکی دادگاییکردن بکرێت، واتە دەتوانرێت، بگوترێت ئەم زاراوەیە تەنها تایبەتە بەزمانی یاسایی. ئەم ئەنجامەش زیاتر دەتوانرێت پاساودان بکرێت لەڕوانگەی مێتا ئەرکیەکانی زاراوەکەوە، بەمەبەستی**

بەدەست خستنی واتای وردی زاراوەکە لەدەقەکەدا، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە، واتایەکی ئەرکی لۆژیکی تێدا جێبەجێ کراوە لەڕوانگەی خستنەڕووی زانیاری هاوبەش لەنێوان کەسی(تاوانبار) و چۆنیەتی(دادگاییکردن)ەکەی. بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە بریتییە لە(سەرتۆپ) لەدەقەکەدا دیاریدەکرێت و بەشێوەیەکی شیاو واتا دەگەیەنێت. هەرچی لایەنی مێتا ئەرکی کەسییە لەدەقەکەدا ڕوون و ئاشکرا دیارە، کە دادگایکردنەکەوە لەلایەن کەسێکی باڵا دەستە و بەسەر کەسێکدا جێبەجێ دەکرێت، کە تۆمەتبارە، بەمەش دەگەین بە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە بریتیە لە(کرۆکی ئاخاوتن) لەوەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەپەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە تێ دەگات، کە لەدەسەڵاتدارییەوە بۆ ژێردەستییە. هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەش سەرچاوەی سەرەکی لەم دەقەدا خراوەتەڕوو، کە(فرمانەکانی ماددەی(٤٧)ە، لەم مێتا ئەرکەوە دەگەین بە بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز) ی چنینی دەقەکە لەلای خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کە چنینی سەرتۆپە سەرەکی و لاوەکیەکان بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك بەدوای یەکە نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

## زاراوەی پێنجەم:(دادگا)


ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروستبووە، وشەیەکی داڕێژراوە بەیاسایی(ناو+ پاشگری داڕشتن) دروست بووە، ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیم شیکردنەوەی بۆ بکرێت، پێکهاتووە لە:(بناغە+پاشگری داڕشتن). لێرەدا پێویستە ئەم زاراوەیە هەریەکە لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیارییبکرێت، بۆ ئەوەی بگەین بە داڕشتە واتاییەکەی بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی هەشتەم: دادگا بۆی هەیە. ←دادگا دەسەڵاتی هەیە.




**داڕشتەی پێکهاتەیی(٤)**

لەداڕشتە ئەرکیەکەیدا جگەلە ئەرکە ڕێزمانەیەکە، کە کارای ڕستەکەیە، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، وەك لەداڕشتەی ئەرکی(٤) دەردەکەوێت:




**داڕشتەی پێکهاتەیی(٤)**

لەم شیکردنەوەیە ئەوە دەردەکەوێت، ئەم وشەیە بەشێوەیەکی گشتی تایبەتە بەزمانی یاسا، لێرەدا وەکو ناوێك بەکارهاتووە، کە ئاماژە بەو شوێنە دەدات، کە پرۆسە یاسایەکانی تێدا جێبەجێ دەکرێت. بەڵام


بەکارهێنانی لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەم شێوەیە بەرچاو ناکەوێت، چونکە ئەگەر بەکاریش بهێنرێت هەر بۆ هەمان مەبەستە.

ئەم دەقەش مێتا ئەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە مێتا ئەرکی لۆژیکی بەشێوەیەکی هاوسەنگ توانیویەتی فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەشێوەیەکی لۆژیکی بیانخاتەڕوو. لەمەشەوە ڕاستەوخۆ لەبواری سەرتۆپی ئاخاوتنەکە دەگەین، ئەمەش بەیارمەتی ڕەخساندنی بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)ی ئەم زمانە یاساییە، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیەوە پەیوەندیەکی(دەسەڵاتداری و ژێردەستییە) لەنێوان(دادگا) و(تاوانبار)دا. بەمەش خوێنەر ڕاستەوخۆ لەپەیوەندییە مرۆییەکانی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە دەگات. ئەم تێگەیشتنەش بریتییە لەڕەخساندنی بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان). لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەشەوە سەرچاوەی پێویست خراوەتەڕوو، کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئەویش بریتییە لە زاراوەی(دادگا)، کە هەموو بابەتەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز)ە دەرەخسێنێت، لەڕێگایەوە چۆنیەتی داڕشتنی دەقەکە دەخاتەڕوو بەشێوەیەکی فەرمی و دوور لە ڕێکخستنی هەڕەمەکی سەرتۆپە سەرەکی و لاوەکیەکانی خراوەتەڕوو.

## زاراوەی شەشەم(دادپەروەر):

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆجی زمانەکە دروستبووە. کەوشەیەکی لێکدراوە و بەپێی بنەمای مۆرفیمیش پێکهاتووە لە:(بناغە+ بناغە)، هەروەها دەتوانرێت لەڕوانگەی قوتابخانەی ئەرکیەوە شیکردنەوە بۆ ئەم زاراوەیە بکرێت، ئەمەش لەڕێگای خستنەڕووی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی، بەم شێوەیە خوارەوە:

ماددەی سێزدەم: "ئەوەی پەێی ئەم یاسایە تاوانبارە، مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت... هتد".




### داڕشتەی پێکهاتەیی(٥)

هەرچی داڕشتە ئەرکیشە لەم زاراوەیەدا جگەلەوەی، کە(بەرکار)ی ڕستەکەیە، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێك بەهای هەیە، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٥) دا دەخرێتەڕوو:

رستە بکەر ف.ن وشەکە: تاوانبار مافی خۆیەتی

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

ناسراو: نەناسراو

بەشەکردار کردار وشکە:(ڕەفتارێکی دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت)

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

ناسراو: نەناسراوس

**داڕشتەی ئەرکی(٥)**

لەم شیکردنەوەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە زاراوەی(دادپەروەر) بەهەمان شێوەی(دادگا) و(شایەت) زاراوەکە تایبەتە بەزمانی یاسایی، ئەگەر لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەش بەکاربێت، بەهەمان ئەو مەبەستەیە، کە لە(دادگا) پەیڕەو دەکرێت. زیاتر بۆ یەکلایکردنەوەی ڕووداوەکان بەکاردێت، کە دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، بۆ نموونە:

(٣) أ: تکایە ئازاد تۆزی دادپەروەربە.

ب: ژیلان دادپەروەرانە کێشەکەی چارەسەرکرد.

بەم شێوەیە بەوردبوونەوە لەدروستەی پێکهاتەیی و ئەرکی زاراوەکە دەتوانرێت، واتاکەی هەڵبهێنجرێت لەڕێگای شیکردنەوەی مێتا ئەرکیەکانەوە بەشێوەیەك لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکەکەوە، مێتا ئەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی بابەتەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە و دواتر بەشێوەیەکی ئەزمونی بابەتەکە خراوەتەڕوو، بەشێوەیەك، ئەگەرچی(تاوانبار) کردەوەیەکی تیرۆرستیش ئەنجام بدات، بەڵام مەرجە بەشێوەیەکی(دادپەروەر)انە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بەمەبەش ڕاستەوخۆ بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەرخسێنێت و دەبێتە هۆی ئەوەی، کە سەرتۆپەکە داڕشتەیەکی تەواوی هەبێت، لەم(شێوە دووان)ەی زمانی یاسایدا. هەرچی مێتا ئەرکی کەسییە لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە هەموو پەیوەندییەکە، دەسەڵاتدار و ژێر دەستییە، بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) لەدەقەکەدا دەرەخسێت، کە ئەم پەیوەندییە دوو لایەنی بەشداربووانی ئاخاوتنەکە دەردەخات، کە فرمان کردن و ملکەچ بوونە. هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیشەوە سەرتۆپی باسەکە خراوەتەڕوو، کە سەرەتا و کۆتایی دەقەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، لێرەدا ڕاستەوخۆ دەگەین بەبنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێوازی) چنینی دەقەکە دەگرێتەخۆ، کەلەڕێگەیەوە سەرتۆپە سەرەکی و لاوەکیەکانی بەشێوەیەکی زنجیرە و یەك بەدوای یەکدا خراوەتەڕوو.

**زاراوەی حەوتەم:(پارێزەر)**

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروستبووە، کە پێکهاتووە لە(ڕەگی بەند+ پاشگری داڕشتن) دەبێتە ناوی پیشە. هەروەها بەپێی بنەمای(مۆرفیم)یش پێکهاتووە

لە:(بناغە+پاشگری داڕشتن)، بۆیە وشەیەکی(داڕێژراوە). لێرەدا بۆ ئەوەی بگەین بەداڕشتەی واتایی زاراوەکە، پێویستە بەپێی قوتابخانەی ئەرکی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بەم شێوەیە:

ماددەی١٣/"مافی خۆیەتی رفتارێکی یاسایی‌و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت، لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەدا، بەدابینکردنی پارێزەریشەوە".


بۆ خستەڕووی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم ڕستەیەی ناو دەقی ماددەی(١٣) وا پێویست دەکات سەر لەنوێ ڕستە کە دابڕێژرێتەوە، بەلەبەرچاو گرتنی لێکدانەوەی(نیشانە دەقیەکان)[١]، کە دەتوانرێت بەم شێوەیەبێت:

–(تاوانبار)مافی خۆیەتی لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەیەدا ڕفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت، (تاوانبار) مافی دابینکردنی پارێزەریشی هەیە.




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٧)**

هەرچی داڕشتەی ئەرکیە لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانییەکەی، کە(تەواوکەری کرداری هەبونە بۆ کاتی ئێستا لەڕستەی تەواوکەری دواخرا)ی ڕستەکەیە. لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٦) دا خاروەتەڕوو:




**داڕشتەی ئەرکی(٦)**

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەم زاراوەیە، وشەیەکە تایبەتە بەزمانی یاسا، واتە وشەیەك نییە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەواتایەکی ئاسایی بەکاربێت، چونکە بەکارهێنانیشی لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، زیاتر هەر


[١] شیکردنەوەی (نیشانە دەقیەکان) کاری سەرەکی پاری سێیەمی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەیە.

بەمەبەستی یاساییەکەیەتی، بەم شێوەیە ئەگەر لەدارِشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیی زاراوەکە لەدەقەکەدا وردبینەوە، ئەوا دەتوانرێت بگەین بەدارِشتە واتایەکەی. ئەمەش بەوەی، کە لەروانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی پەیوەندی نێوان فرێز و رِستەکانی دەقەکە رێکخراوە، لێرەدا بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە بریتیە لەسەرتۆپی باسەکە دەرِەخسێنێت بەشێوەیەك لەگەڵ سەرتۆپەکە واتایەکی شیاو بگەیەنێت، هەرچی مێتا ئەرکی کەسیە بەهەمان شێوەی زاراوەکانی تر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکە پارێزراوە، واتە هەمیشە پەیوەندیەکانی(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە). بەمەش راستەوخۆ دەگەین بە بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە، بەشێوەیەك خوێنەر هەست بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دوولایەنە دەکات، کە لەنێوان بەشداربووانی ئەم شێوە دووانەدا هەیە. لەروانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەش سەرچاوەی سەرەکی خراوەتەروو، کە(تاوانبار)ە پێویستی بەهەبوونی(پارێزەر)ە، بەشێوەیەك مێتا ئەرکەکە رێکخراوە، کە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، بەمەش دەگەینە بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە بریتییە لە(شێوان)ی چنینی دەقەکە، بەجۆرێك فرێز و رِستەکانی بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەکی زنجیرەی رێکخراوە نەك بەهەرِەمەکی.

**زاراوەی هەشتەم:(سکاڵا)**

ئەم زاراوەیە وشەیەکی رِەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە. بەپێی بنەمای مۆرفیمیش پێکهاتووە لە(یەك بناغە)، لێرەدا بەمەبەستی دەرخستنی دارِشتە واتایەکەی، دەبێت دارِشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیارییبکرێت، هەروەك لەخوارەوە دەخرێتەروو:

ماددەی سێزدەهەم/"تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆمار بکات"




**دارِشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٧)**

دارِشتەی ئەرکی ئەم زاراوەیە، بریتییە لە(کارا)ی رِستەکە، بەڵام جگەلەئەرکە رێزمانیەکەی، چەند بەهایەکی دیاریکراویشی هەیە، هەروەکو لەدارِشتەی ئەرکی ژمارە(٧)دا دەخرێتەروو:




**دارشتەی ئەرکی(٧)**

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی گشتی تایبەتە بەبواری یاسایی و خۆ ئەگەر لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا، ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ هەمان مەبەستە، بۆ نموونە:


(٤): ئازاد(سکاڵای) لەهاوڕێکەی کرد لەلای مامۆستاکەی.

لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێکخراوە، زانیاری تەواو لەسەر زاراوەکە دەخاتەڕوو ، کە تێیدا(سکاڵا) دژی ئەو(لێکۆڵەر)ە بەرزدەکرێتەوە، کە لەپرۆسەکەدا بەشدارە دژی(تاوانبار) ەکە بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەرخسێنێت، کە بریتییە لەسەرتۆپی باسەکە، بەڵام لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسەیەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکە پارێزارو نییە، چونکە پەیوەندییەکە لێرەدا(ژێر دەستی و دەسەڵاتدارییە)، واتە لەکاتێکدا، کە(تاوانبار) هیچ دەسەڵاتێکی نییە، بەڵام دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات دژی(لێکۆڵەر)، کە دەسەڵاتی هەیە بەسەر(تاوانبار)، لێرەشدا دەگەین بەبنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دداون)، کە بریتییە لە(کرۆکی ئاخاوتن)، بەشێوەیەك خوێنەر ڕاستەخۆ لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربوونی ئاخاوتنەکە دەگات، کە لەژێر دەستییەوە بۆ دەسەڵاتدارییە. هەرچی مێتا ئەرکی دەقیشە سەرچاوی سەرەکی تێدا خراوەتەڕوو بۆ بەیەکەوە بەستنی سەرەتا و کۆتایی دەقەکە، لەڕێگەی وشەی (تاوانبار)، لێرەشدا دەگەینە بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە بریتییەلە(شێواز)ی چنینی دەقەکە، کە بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوای یەکە نەك بەهەرمەکی.

## زاراوەی نۆیەم:(بڕیار)


ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە. کە وشەیەکی داڕێژراوە پێکهاتووە لە(ڕەگی بەند+ پاشگری دارشتن)، ئەگەر لەڕوانگەی بنەمای مۆرفیمیش شیکردنەوەی بۆ بکرێت بریتییە لە:(بناغە+ پاشگری دارشتن)، لێرەدا بۆ تێگەیشتن بە دارشتەی واتای ئەم زاراوەیە، پێویستە بەپێی قوتابخانەی ئەرکی دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی شازدە: "کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت".




**دارشتەی پێکهاتەیی(٨)**

هەرچی دارِشتەی ئەرکی ئەم زاراوەیە، جگەلە ئەرکە رێزمانیەکەی، کە(بەرکارێکی ناڕستەوخۆیەو پێکهاتەکەی ناوێکی ناسراوی) ڕستەکەیە، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، هەروەك لەدارِشتەی ئەرکی ژمارە(٨) دا دەخرێتەڕوو:




**دارِشتەی ئەرکی(٨)**

لێرەدا دەتواندرێت، بگوترێت ئەم زاراوەیە هەم لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە هەم لەم دەقە یاسایەکانیشدا بەکاردێت ، واتە تایبەت نییە بەزمانی یاسا ، چونکە بەکارهێنانی زۆرە لەزمانی ئاخاوتندا، بەلاَم لەوەدا جیاوازن کاتێك لەزمانی یاسادا بەکاردێت، وشەکە جۆرێك لەفەرزکردنی تێدایە، کە دەبێت ملکەچی بێت، بۆ نموونە لەکاتی دادگاییکردندا، دەگوترێت:

(٥) بڕیاردرا بە لەسێدارەدانی تاوانبار.

بەلاَم لەزمانی ئاخاوتنی رۆژانەدا مەرج نییە مل کەچی و گوێ ڕایەڵی تێدا بێت لەکاتی بەکارهێنانی ئەم زارەوەیە، بۆ نموونە:

(٦) ئێمە دەتوانین هاوکاریت بین، بەلاَم دواجار بڕیار لەدەست خۆتە.


لەم ڕستەیەی سەرەوە، کە لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرچاو دەکەوێت، هەست بەوە دەکرێت، ئەو بڕیارەی ئەو کەسە دەیدات بەویستیە دەکرێت بڕیار بدات یان نەیدات، بەلاَم لەزمانی یاسادا ئەم وشەیە دەبێت جێبەجێبکرێت. بەم شێوەیە لەڕوانگەی تایبەتمەندبوونی واتای وشەکە لەدارِشتەی زمانی یاساییدا، بە ووردبوونەوە لەدارِشتەکانی دەتوانرێت بگوترێت، کە لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکەکەوە، مێتا ئەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێکراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکەوە بەستراوەتەوە بە سەرتۆپی باسەکە. بەمەش دەگەین بەبنەما یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە سەرتۆپە بەشێوەیەك ئەم سەرتۆپە لەم شێوە دووانەی زمانی یاساییدا، دارِشتەیەکی تەواوی هەبێت. هەرچی مێتا ئەرکی کەسییە لەم زاراوەیەدا(دەسەلاَتدار و ژێردەستییە)، واتە ئەو کەسەی ئەم زاراوەیە بەکاردێنێت، دەسەلاَتدار و ئەوەی بەسەریشدا جێبەجێ دەبێت ژێر دەستییە. بۆیە واتای ملکەچ بوونی تێدایە.

بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە دەرەخسێت. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەشەوە سەرچاوەی سەرەکی خراوەتەڕوو بۆ بەیەکەوە بەستنی دەقەکە، بەشێوەیەك ئەوەی تێدا ڕوونکراوەتەوە، کە هەر بڕیارێك بدرێت دەبێت پایەند بێت بەیاساکە. ئەمەش لەڕێگای ئەو فرێز و ڕستانەوە دەبێت کە بەشدارن لە داڕشتنی دەقەکەدا، لێرەشدا دەگەین بە بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێوان)ی چنینی دەقەکە دەگرێتەوە لەڕێگای فرێز و ڕستەکانی، کە بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوای یەکە، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

**زاراوەی یازدەم(زیندانی هەتا هەتایی):**


ئەو زاراوەیە دەربڕینێکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەیەکێك لەڕێگاکانی مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە، بریتییە لە(فرێزی خستنەپاڵی یاسایی)، ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیمیش شیبکرێتەوە، پێکهاتووە لە:(ناو+ م. خستنەپاڵ+ ناو)، ناوی ڕووداوی دروست کردووە. بۆ ئەوەی بگەین، بەداڕشتە واتاییەکەی ئەم زاراوەیە، لەم دەقەدا پێویستە داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی بەپێی قوتابخانە ئەرکی دیاری بکەین، هەروەکو لەداڕشتنی ژمارە(١٠)دا دەخرێتە ڕوو:

ماددەی سێزدەم: "سزایان زیندانی هەتا هەتاییە".




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٠)**

هەرچی دروستە ئەرکیەکەتی، جگەلە ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە(تەواوکەری کردار و بەشە کرداری) ڕستەکە پێکدەهێنێت. لەهەمان کاتدا چەندین بەهای دیاری کراوی هەیە، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٠) دا دەخرێتەڕوو :




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٠)**

بەم شێویە لەشیکردنەوەی داڕشتەی ئەرکی ئەم زاراوەیە، دەردەکەوێت، کە(زیندانی هەتاهەتایی)، زاراوەیەکە تایبەت بەبواری یاسا و تەنها لەبواری یاسادا واتا پڕاوپڕەکەی خۆی وەردەگرێت. بۆیە(فرێزێکی خستنەپاڵی یاساییە) لەڕووی ڕێزمانیەوە و لەڕووی واتایشەوە دەکرێت پێی بگوترێت(دەربڕاوی یاسایی).


هەر لەڕوانگەی شیکردنەوەی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم زاراوەیە، دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی مێتا ئەرکیەکانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکیەوە بنوێنرێت، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە بەتایبەتی بەپێی پێوەری مێتا ئەرکی بیریانەی لۆژیکی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو کەسەی ئەو تاوانانە بکات، کە لە(ماددەی

سێیەمی) ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەوا سزاکەیان(زیندانی هەتاهەتایی)ە، بەمەش لەڕێگەی مێتا ئەرکی بیریانە، خوێنەر تێدەگات، کەسەرتۆپی باسەکە چییە، لێرەشەوە بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ)ە لەم دەقەدا دەرەخسێنێت، بەڵام لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیەوە، یەك جۆر لەپەیوەندی نێوان کەسەکان هەیە، ئەویش(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە) بەجۆرێك هەر کەسێك هەڵبستێت بەئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانە، دەبێ ملکەچی ئەو بڕیارە بێت، بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی تیۆری(شێوەی دووان)، کە بنەمای(کرۆکی ئاخاوتنە) لە دەقەکەدا دەرەخسێت و چینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکە ڕوندەکاتەوە.

لەئەنجامی تێگەیشنی دوو مێتا ئەرکەکەی سەرەوەش، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ڕاستەوخۆ مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، بەهۆی بوونی نیشانەی(دەقە ئاماژەی دواوە) لەڕێگەی دەستەواژەی(ئەم کارانەی خوارەوە). کە لەڕێگەیەوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە. بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای سێیەمی تیۆرە(شێوەی دووان) دەرەخسێنێت، کە شێوازی دووانی یاسایی دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك بەدوای یەکدا ڕێکخراون نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.


## زاراوەی دوازدەم:(زیندانی کاتی)

وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسایی مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە، بریتییە لە(فرێزی خستنەپاڵی یاسایی)، ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیمیش شیبکرێتەوە پێکهاتووە لە(ناو+ م. خستنەپاڵ+ ناو)، لێرەدا بۆ ئەوەی بگەین بەداڕشتە واتایەکەی ئەم زاراوەیە پێویستە داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١١)**

بەڵام هەرچی داڕشتەی ئەرکی ئەم زاراوەیە، جگەلە ئەرکە ڕێزمانیەکەی کە بریتیە لە:( تەواوکەری کردار و بەشەکردار)، چەند بەهایەکی تری هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(١١) دا دەخرێتەڕوو:




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١١)**

بەم شێوەیە لەڕوانگەی شیکرنەوەی ئەم دوو داڕشتەی سەرەوە، دەتوانرێت، واتاکەی لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکەوە لێکبدرێتەوە، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو کەسەی ئەو تاوانە


بكات، كه(لەماددەی سێیەمی) ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەوا سزاکەیان(زیندانی کاتیە)، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی ئەزمونیەوە توانراوە زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت. بەمەش لەڕێگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە، ڕاستەوخۆ خوێنەر تێدەگات، سەرتۆپی باسەکە چیە و بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان) دێتەکایەوە لەدەقەکەدا، کە بریتییە لە(سەرتۆپ)، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیانەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربووانی ئەم ئاخاوتنە،(دەسەڵاتداری و ژێردەستیە)، بەشێوەیەك هەرکەسێك، هەڵبەستێت بەئەنجامدانی تاوانێك لەم تاوانانە دەبێت ملکەچی ئەم یاسایە بێت، لێرەشدا ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە بنەمای(کرۆکی ئاخاوتنە) لە دەقەدا دەڕەخسێت و چینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکە ڕووندەکاتەوە.

لەئەنجامی تێگەیشتن لەم دوو مێتا ئەرکەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم دەقە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، بەهەبوونی نیشانەی(دەقە ئاماژەی پێشەوە) لەڕێگەی دەستەواژەی(لە ئەم یاسایەدا هاتوون)، بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت، کە بریتییە لە(شێواز)ی داڕشتنی ئەم دەقە یاسایە، کە بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك بەدوای یەك کراوە نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

## زاراوەی سێزدەم:(بەندکردنی توند)

وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆجی زمانەکە دروست بووە بریتییە لە(فرێزی خستنەپاڵی یاسایی) و ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیم شیبکرێتەوە پێکهاتووە لە(ناوی ڕوداو+ م. خستنەپاڵ+ ئاوەڵناو)، بۆ ئەوەی داڕشتە واتایەکەی دەست بکەوێت، پێویستە داڕشتەی پێکهاتەی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

ماددەی پێنجەم/بڕگەی٣"(هەرکەسێك) بە بەندکردنی توند سزا دەدرێت".




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٢)**

هەرچی داڕشتەی ئەرکیەکەیەتی، جگەلەئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە تێدا ڕۆڵی(بەشەکردار و تەواوکەری کرداری بینیوە)، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٢) دا، دەخرێتەڕوو:

بکەر ف.ن وشەکە:(هەرکەسێك)

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

ناسراو: ناسراوە

بەشەکردار کردار وشەکە: بەبەندکردنی توند سزادەدرێت

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

ڕ کات: داهاتوو

**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٢)**

لەڕێگەی شیکرنەوەی داڕشتەی ئەرکی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم زاراوەیە وشەیەکە تایبەتە بەبواری یاسا، چونکە تەنها یاسایە دەتوانێت ئەم بڕیارانە دەربکات و جێبەجێ بکات.


لەڕوانگەی شیکردنەوەی ئەم دوو داڕشتەی سەرەوە، دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکی شیبکرێتەوە، بەشێوەیەك لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەی لۆژیکەوە ئەوە دەست دەکەوێت، کە نەتوانراوە بەتەواوەتی ئەو سزایە دیاری بکات، کە دەبێت کەسی تاوانبار بەسەریدا جێبەجێ بکرێت بەپێی(ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە)، چونکە(سزا توند)ەکە دیاری نەکراوە، ئایا چەندە و چۆنە؟ ئایا هەتاهەتاییە؟ یان کاتیە؟ یان بەلێدانی جەستەییە؟ یان سزاکەی ماددیە؟ کە ئەمە نابێت لەدەقی یاسایدا هەبێت، لەبەر ئەوەی بواری زیاتر بۆ لێکدانەوە دەڕەخسێنێت، واتە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی ئەزمونیەوە نەیتوانیوە زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت، بەمەش دەگەینە، بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە سەرۆتیی باسەکە ناڕەخسێنێت، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیشەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکەی نێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکە دیارە(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە)، بەمەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) دێتە کایەوە، کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە، لەم ڕێیەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەپەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە دەگات.

لەئەنجامی تێگەیشتن لەم دوو مێتا ئەرکەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم دەقە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجی کراوە، بەهەبوونی نیشانەی(دەقە ئامازەی پێشەوە)، لەڕێگەی دەستەواژەی(لەو تاوانانەی لەماددەی چوارەمی ئەم یاسیەدا هاتوون)، کەوای کردووە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەسترێتەوە. بەمەش بنەمای سێیەمی تیۆری(شێوەی دووان) دەڕەخسێنێت، کە شێوازی داڕشتنی دەقەکەیە، کە فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقە بەشێوەیەکی یەك بەدوای یەك و زنجیرەی ڕێکخراون نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی. بەڵام لەگەڵ ئەم جێبەجێ بونەشدا هێشتا بەکارهێنانە زاراوەییەکە بەهۆی نەبوونی مێتا ئەرکی ئەزمونیەوە لێڵی دروست دەکات لەدەقەکەدا.

### زاراوەی چواردەم:(خۆبەدەستەوەدان)


وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بریتییە لە(فرێزی خستنەپاڵی یاسایی). بەپێی بنەمای مۆرفیم پێکهاتووە لە(جێناوی خۆی+م. خستنەپاڵ+ ناوی ڕوداو)، لێرەدا بۆ ئەوەی داڕشتەی واتایەکەی دیاری بکرێت، دەبێت داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی شیبکرێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

مادده‌ی هه‌شته‌م/"دادگا بۆی هه‌یه‌ خۆبه‌ده‌سته‌وه‌دانی تاوانبار و پێشکه‌شکردنی زانیاری وا، که‌ تاوانه‌که‌ دوای ڕوودانی ئاشکرا بکات، به‌پاساوی یاسایی سزا سوکه‌که‌ بژمێرێت".




**داڕشته‌ی پێکهاته‌یی ژماره‌(١٣)**

ئه‌م زاراوه‌یه‌، جگه‌له‌ ئه‌رکه‌ ڕێزمانیه‌که‌ی(کارا)ی ڕسته‌که‌یه‌، له‌هه‌مان کاتدا چه‌ند به‌هایه‌کی دیاری کراوی هه‌یه‌، هه‌روه‌کو له‌داڕشته‌ی ئه‌رکی ژماره‌(١٣)دا ده‌خرێته‌ڕوو:




**داڕشته‌ی ئه‌رکی ژماره‌(١٣)**

لەڕێگەی داڕشتەی ئەرکی ئەم وشەیە، ئەوە دەردەکەوێت، کە وشەکە تەنها تایبەت نییە بەبواری یاسا، بەڵکو لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکاردەهێنرێت بەهەمان مەبەست، بۆ نموونە:

(٧) ئەمڕۆ دزەکە خۆی بەدەستەودا.

لەم نموونەیەشدا هەروەك دەردەکەوێت وشەی(خۆبەدەستەودان) هەمان ئەو مەبەستەی واتاییەی لێ دەکەوێتەوە، کە لەدەقە یاسایەکاندا بەکاردەهێنرێت.

ئەم زاراوەیە لەڕوانگەی(مێتا ئەرکی بیریانەوە) بەشێوەیەکی لۆژیکی توانیویەتی زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەگەڵ بەشداربوەکانی تری ئەم دەقە، بەشێوەیەك ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەگەر تاوانبار دوای ئاشکرا بوونی تاوانەکە، خۆی بدات بەدەستەوە، ئەوە دادگا دەسەلاتی ئەوەی هەیە، سزای سوکەکەی بۆ بژمێرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا لەڕووی لۆژیکەوە کێشەی بۆ دروست دەبێت ئەوەیە، کە نازانرێت ئەو یاسا سوکە چییە؟ ئەمەش جۆرێکە لە لێڵی.

بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) دروست دەبێت، کە بریتیە لە(سەرتۆپ)ی باسەکە، بەڵام لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیەوە، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتنی ئەم دەقە یاساییە هەیە، بریتییە لە(دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە)، بەشێوەیەك هەر لەکاتی خوێندنەوەی هەست بەو جیاوازیە لەدەسەڵات دەکرێت، بەمەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت. ئەویش(کرۆکی ئاخاوتنە).

لێرەدا لەڕوانگەی شیکردنەوەی هەریەکە لەم دوو مێتا ئەرکەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم دەقە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، کە فرێز و ڕستەکانی لەسەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە بەستۆتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی، نەك بەهەڕەمەکی بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت، کە(شێواز)ی داڕشتنی دەقە یاسایەکەی پێ دیاری دەکرێت.

## زاراوەی چوارەم:(لێکۆڵەر)

وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردییە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە، ئەگەر لەسەر بنەمای پۆلی وشەکە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەم وشەیە پێکهاتووە لەم یاسایە(پێشناو+ ڕەگی بەند+ پاشگری داڕشتن) بەڵام ئەگەر بەپێی دابەش بوونی مۆرفیم شیکردنەوەی بۆ بکرێت ئەوا پێکهاتووە لە(بناغە+ پاشگری داڕشتن). لێرەدا بۆ ئەوەی بگەین بەداڕشتەی واتای ئەم زاراوەیە لەزمانەکە، پێویستە داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی دیاری بکرێت، هەروەکو لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(٧) دا خرانەڕوو.

لەداڕشتەی ئەرکی ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوەیە تەنها تایبەت نییە بەزمانی یاسا، بەڵکو لەبوارەکانی تر یاخود لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکاردەهێنرێت. هەروەکو لەم نموونەی خوارەوە دەردەکەوێت.

(٨) ئازاد وەکو لێکۆڵەرێك لەبواری زەوی ناسیدا سەرکەوتوبوو.

بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەمە بکرێت، کە وشەی(لێکۆڵەر)، وەکو پیشەیەك دراوەتە پاڵ بکەری کارەکە، بەڵام لەزمانی یاساکەدا، کە بەکاردەهێنرێت تەنها وەکو(ناوی بکەر)، نەك وەك پیشەیەك بدرێتە پاڵ(بکەر)، هەروەکو: لەنموونەی ژمارە(٨) و ئەم دەقە یاسایەدا ڕوونکرایەوە.


بەم شێوەیە بەوردبوونەوە لەشیکردنەوەی داڕشتەی ئەرکی و پێکهاتەیی ئەم زاراوەیە، دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکەوە بنوێنرێت، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەوە دەخاتەڕوو، کە

ئەگەر مافی(تاوانبار) پێشێل بکرێت لەکاتی دادگایی کردندا، ئەوا(تۆمەتبار)یش، وەکو کەسێکی ئاسایی مافی خۆیەتی سکالاَ دژی ئەو لێکۆڵەرە تۆمار بکات، کە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات، لێرەشدا بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)دێتەکایەوە، کە(سەرتۆپ) ی باسەکەیە، هەرچی مێتا ئەرکی کەسیانەشە لێرەدا، پەیوەندیەکە (ژێردەستەیی و بۆ دەسەلاَتدارییە)، بەمەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە دەڕەخسێنێت و ڕاستەوخۆ خوێنەری ئەم دەقە لەپەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە تێدەگات، لەکاتیکدا کە کەسی(تۆمەتبار) هیچ دەسەلاَتێکی نییە بەسەر(لێکۆڵەر)دا، بەلاَم لەڕووی یاساییەوە ئەو مافەی پێدەدرێت دەسەلاَتی هەبێت بەسەر لێکۆڵەردا کاتێك دادپەروەر بێت بەرامبەری.

لەڕوانگەی شیکردنەوەی هەریەکە، لەم دوو مێتا ئەرکە، ئەوە دەست دەکەوێت، کە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێکراوە. بەشێوەیەك، کە سەرتۆپی دەقەکەی بەسەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەستۆتەوە، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) دێتە کایەوە، کە(شێواز)ی داڕشتنی ئەم دەقەیە، بەشێوەیەك فرێز و ڕستەکانی بەشێوەیەکی نجیرەی و یەك بەدوای یەکە نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.


## زاراوەی شازدەم:(دانپێدانان)

وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە، بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە. ئەگەر لەسەر بنەمای پۆلی وشە شیبکرێتەوە، وشەکە پێکهاتووە لە(ناو+ پێشناو+ ڕووداو)، بەلاَم ئەگەر بەپێی بنەمای مۆرفیم شیکردنەوەی بۆ بکرێت، ئەوا پێکهاتووە لە(بناغە+ بناغە)، لێرەدا پێویستە داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بگەین بە داڕشتە واتایەکەی، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتە ڕوو:




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٤)**

هەرچی داڕشتە ئەرکیەکەیەتی لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە(تەواوکەری بەشەکردارە)، چەند بەهایەکی دیاری کراویش هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٤) دا دەخرێتەڕوو:




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٤)**

لەم شیکردنەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەم زاراوەیە تەنها تایبەت نییە بەزمانی یاسایی، چونکە ئەگەر لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکار بهێنرێت، هەر بۆ هەمان ئەو مەبەستەیە، کە لەبواری یاسادا هەیەتی، بۆ نموونە:

٩- دەی دانی پێدانێ، خۆ عەیب نییە!.

بەم شێوەیە، ئەگەر لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی زاراوەکە لەدەقەکەدا وردبینەوە، ئەوا دەتوانرێت، بگەینە دارشتە واتاییەکەی، ئەمەش لەرێگەی هەرسێ مێتا ئەرکی قوتابخانەی ئەرکیە وە، بەشێوەیەك لەرێگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە ئەم زاراوەیە لەم دەقەدا توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەوە بخاتەروو، کە لە دادگاکاندا پشت نابەسترێت (بەدانپێدانی) بەزۆر لێوەرگیراو، هەروەها لەروانگەی مێتا ئەرکی بیریانەی ئەزمونیشەوە توانراوە زانیاری هاوسەنگ برەخسێنێت لەنێوان بەشەکانی رستەکەدا، هەرچی مێتا ئەرکی کەسیانەشە، بریتییە لە(دەسەڵاتداریی و ژێردەستی)، بەمەش دەگەین بەبنەمای دووەمی(تیۆر شێوەی دووان) کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی خوێنەر هەست بەو پەیوەندییە جیاوازە دەکات لەنێوان بەشداربوانی ئەم دەقەدا هەیە، کاتێك تاوانبار لەژێر ئەشکەنجەدانیدا (دانپێدانان) دەکات لەسەر شتێك، بەوەش پەیوەندیەکە لە(دەسەڵاتدارییەوە بۆ ژێردەستییە).

لەروانگەی هەریەکە لەشیکردنەوەکانی ئەم دوو مێتا ئەرکەوە، دەگەین، بەو ئەنجامەی، کە ئەم دەقە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە ئەم زاراوەیە توانیویەتی لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دەقەکە خۆی بگونجێنێت بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوای یەك، نەك بەشێوەیەکی هەرەمەکی، لێرەشدا بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوان دووان)، کە(شێواز)ی دارشتنی دەقەکە دەگرێتەخۆ دەرەخسێنێت.

## ٢/ ١- ٢) بەکارهێنانی وشەی خواستراو:

لەتەواوی ئەم دەقەدا دوو وشەی خواستراو هەیە، وەك وشەیەکی فەرهەنگی زمانی کوردی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە لەدارشتنی ئەم دەقەدا، ئەوانیش لەزمانی عەرەبی وەرگیراون، بریتین لە(حوکم)[١] و(شایەد)[٢]، ئەگەرچی لەم دەقەدا وشەی تری عەرەبی هەیە، وەك:(اعدام، عصابە، ابتزاز)، بەڵام نەك وەك یەکەیەکی سەربەخۆی فەرهەنگی زمانەکە، بەڵکو لەپاڵ وشە کوردیەکە، وەکو وشەیەکی هاوتا لەزمانی عەرەبیدا وەرگیراوە، لێرەدا بۆئەوەی راستی ئەوە بسەلمێنرێت، کە ئەم دوو زاراوەیەش هاوشێوەی زاراوە یاسایەکانی تری زمانی کوردی بەکارهاتووە، پێویستە دارشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت و لەروانگەی هەرسێ مێتا ئەرکی تیۆری قوتابخانەی ئەرکی هاڵیدای شیبکرێتەوە، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەروو:


**زاراوەی یەکەم:(حوکم)**

ئەم زاراوەیە وشەیەکی خواستراوی زمانی عەرەبییە، کە بەپێی یاسای فۆنۆلۆژی زمانی کوردی گۆرانکاریەکی کەمی بەسەرهاتووە، گۆرانکاریەکەش، زیاتر بریتییە لەوەی نیشانە(**الظمة**)ی عەرەبی گۆردراوە بۆ فۆنیمی/و/ لەزمانی کوردیدا، چونکە لەزمانی کوردییدا ئەم نیشانەمان نییە و بە فۆنیم دەیگۆرێت و وشەیەکی سادەی خواستراوی زمانی کوردی لێ دروست بووە، بەڵام لێرەدا پێویستە دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی دیاری بکرێت، هەروەکو لەخوارەوە دەردەکەوێت.

---

[١] زاراوەی (حوکم) لەزمانی عەرەبییدا بەواتای (حوکم/ قرار) دێت، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: نوری تاڵەبانی (٢٠١٤: ١٣٤).

٢ زاراوەی (شایەد) لەزمانی عەرەبییدا بەوتای (شاهید) دێت، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: سەرچاوەی پێشوو (١٦٩).




**دارشتەی ئەرکی ژمارە(١٥)**

هەرچی دروستەی ئەرکی ئەم زاراوەیە لەم دەقەدا، ڕۆلی(کارا)ی ڕستەی بینیوە، جگەلەم ئەرکە ڕێزمانیەش چەند بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، هەروەك لەدارشتەی ئەرکی ژمارە(١٥)دا خراوەتەڕوو:

بکەر — ف.ن
وشەکە: حوکمێکی یەکلاکەرەوە
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
ناسراو: ناسراوە
بەشەکردار — کردار
وشەکە: لەداواکەی دەرنەچێت
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
کات: داهاتوو
ڕ ٣

**دارشتەی ئەرکی ژمارە(١٥)**

لەڕوانگەی ئەم شیکردنەوەیە، دەگەین بەو ئەنجامەی، کە واتای ئەم وشەیە زیاتر تایبەتە بەبواری یاسا و زۆر بەکەمی لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێت، ئەگەر بەکاریش بهێنرێت بۆهەمان ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێت، کە لەبوارە یاسایەکەدا هەیە. بۆ نموونە:

(٩) زانیومە بکوژەکیان حوکمدا؟

بەم شێوەیە پاش دیاری کردنی بەها ئەرکیەکانی زاراوەکە لەڕێگەی دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەیەوە، دەتوانرێت واتاکەی بەپێی هەرسێ مێتا ئەرکەکە شیبکرێتەوە، کە مێتا ئەرکی بیریانەی لۆژیکی تێدا جێبەجێکراوە، بەشێوەیەك ئەو کەسەی بە(تاوانی تۆقێنەر) تۆمەتبار، نابێت بەهیچ شێوەیەك ئازاد بکرێت تاکو(حوکم)ێکی لەسەر دەرنەچێت، بەمەش ڕاستەوخۆ لەبوار و سەرتۆپی ئاخاوتنەکە دەگەین، کەچیە و چۆن هێنراوەتەوە، ئەمەش لەڕێگەی بنەمای یەکەمی(تیۆر شێوەی دووان) وە، کە(سەرتۆپ)ە، هەرچی مێتا ئەرکی کەسیە پەیوەندی نێوان ئەو کەسەی، کە زاراوەکە بەکاردەهێنێت، لەگەڵ ئەو کەسەی بەسەریدا جێبەجێ دەکرێت(دەسەڵاتداریی و ژێردەستییە) لەم ڕێگەیەشەوە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتنە) دێتە کایەوە، چونکە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە جیاوازە دەکات، کە لەنێوان بەشداربوانی ئەم ئاخاوتنەدا هەیە.

لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەم دوو مێتا ئەرکەوە، دەگەین بەو ئەنجامەی ئەم دەقە مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، لەڕێگەی خستنەڕووی سەرچاوەی سەرەکی و بەیەکەوە بەستنی فرێز و ڕستەکانی دەقەکە بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك بەدوای یەك، نەك بەشێویەکی هەڕەمەکی، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز)ی داڕشتنی دەقە یاسایەکەیە دەرەخسێنێت.

## زاراوەی دووەم:(شایەد)

ئەم زاراوەیە وشەیەکی خواستراوی زمانی عەرەبییە، بەڵام کاتێك هاتۆتە ناو زمانی کوردی بەپێی یاسایی فۆنۆلۆژی زمانەکەمان ئەو گۆڕانکاریەی تێداکراوە(شاهید- شاید- شایەد). وشەکەش وشەیەکی سادەی خواستراوی زمانی کوردی پێکهێناوە، کە دەگونجێت لەگەڵ یاسای فۆنۆلۆژی زمانەکە و لەپۆلی(ناوە)ە. بەڵام لێرەدا دەبێت داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بگەین، بەداڕشتە واتایەکەی، کە لەم دەقە یاسایەدا مەبەستە، هەروەکو لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(٣)دا، دیاری کران.

بەم شێوەیە بە وردبوونەوە لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی زاراوەکە لەناو دەقەکەدا، دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی مێتا ئەرکیەکانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکیەوە بنوێنرێت، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە بەتایبەتی بەپێی پێوەری مێتا ئەرکی بیریانەی لۆژیکی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو کەسەی هەواڵەکە دەدات لەسەر تاوانەکە نەك دادگایی ناکرێت بگرە ناشکرێتە شایەدت، بەڵام بەمەرجێك ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات، خۆ ئەگەر ئاشکرای نەکات، ئەوا ئەویش تاوانبارە و سزاکە دەیگرێتەوە و ناشکرێتە شایەدت. بەوەش لەڕێگەی مێتا ئەرکی کەسیانەی لۆژیکیەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ سەرتۆپ و بواری دەقەکە تێدەگات، لێرەشەوە بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە(سەرتۆپ)ە لەدەقەکەدا دەرەخسێنێت. لەڕاستیدا ڕەچاونەکردنی سەرە و ڕێزبوونی سەرتۆپی سەرەکی و لاوەکی ناو دەقەکە جۆرێك لەلێڵی لەدەقەکەدا دروست کردووە بەشێویەك هەتا داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی نەخرێتەڕوو نازانرێت بەتەواوەتی واتای دەقەکە چییە و بۆ کێیە سزاکە، بەڵام بەهۆی شیکردنەوەی داڕشتنەکانیەوە و هێنانەوەی مێتا ئەرکی بیریانەی لۆژیکی لێڵی یاسایی لەدەقەکەدا دەرەوێتەوە.

بەهەمان شێوە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیانەوە دوو جۆر لەپەیوەندی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا هەیە، کە پەیوەستە بەشیکردنەوەی مێتا ئەرکی بیریانەوە، بەجۆرێك ئەگەر کەسی هەواڵدەر ناسنامەی خۆی ئاشکراکرد، ئەوا پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی یەکسانی ئاساییە و بگرە دەسەڵاتدار دەستخۆشی لەهاوڵاتی دەکات ،بەڵام ئەگەر هەواڵدەر ناسنامەی خۆیی ئاشکرا نەکات. ئەوا پەیوەندیەکە دەگۆڕێت و سزا دەیگرێتەوە و پەیوەندیەکی(دەسەڵاتداریی و ژێر دەستیی) دەبێت. بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتن) لەدەقەکەدا دەرەخسێنێت و چینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکە ڕوندەکاتەوە.

لەئەنجامی تێگەیشتنی دوو مێیتائەرکەکەی سەرەوەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی مێتا ئەرکی دەقیانە ڕاستەوخۆ لەدەقەکەدا جێبەجێکراوە بەهۆی بونی نیشانەکانی(دەقە ئاماژەی پێشەوە) کە لەدەقەکەدا زیاتر لەسەر ئەو کەسەیە، کە هەوڵدەرە و وشە و نیشانەکانی(ئەو کەسە) و(نیشانەی کەسی سێیەمی تاکی- ات لە(لەدەدات) و(جێناوی کەسی سێیەمی تاکی- ی لە(ناسنامەکەی) و(نیشانەی کەسی سێیەمی تاکی — یّت لە(دەگەیەنێت) ئاماژەی بۆ کراوە. ئەمەش بنەمای شێوازی خستنەڕووی دانەری یاساکە دەخاتەڕوو و چینێکی دەقیانەی بۆ هەواڵدەر لەسەرجەم دەقەکەدا چنیوە، بەشێوەیەك، کە(شێواز)ێکی تایبەتی شێوە دووانی یاسای پێوە دیاربێت، ئەگەرچی لەهەندێك باردا بۆ هەندێك خوێنەریش مایەی لێڵی واتای بێت.

### ٢/ ١-٣) ئامرازی هەر:

ئامرازێکی هاوبەشە و وەك ڕادەیەکی نادیار دەبێتە پێشگر و بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەر شتێك بەکاردێت، وەك پێشگرێك واتای هەمیشەیی و بەردەوامی دەبەخشێت بە وشەکە[١]. بۆ نموونە:

(١٠) هەر کەسێك هاوکارم بێت سوپاسی دەکەم.

لەدارِشتنی ئەم دەقە یاسایەدا، ئەم ئامرازە هەمیشە، وەکو پاشگرێك ڕۆڵی جەخت کردنەوە لەواتای ئەو کەرەستەیەی لەدواوە دێت دەبینێت و دەیخاتە حاڵەتی(تیشکۆ- Focus)ەوە[٢]. بۆ پاڵپشتی کردنی ئەوەی خرایەڕوو لەسەر ئەم ئامرازە، دەتوانرێت ماددەی سێیەم برگەی چوارەم، وەکو نمونەیەك وەربگیرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

"دروست کردن، هاوردن، یان لەلابوونی تەقەمەنی. ئاگرە تریشقە، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان، ڕووخاندن، یان(هەر ماددەیەك) لەپێکهاتەیی ئەمانە بێــت".

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەرکی ئەم ئامرازە لەڕووی واتاوە لەم دەقەدا ڕوون بێتەوە، دەتوانرێت، واتاکەی لەڕوانگەی مێتا ئەرکیەکانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکیەوە بنوێنرێت، چونکە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە، بەتایبەتی مێتا ئەرکی لۆژیکی، توانیویەتی ئەوە بخاتەڕوو، کە هەرماددەیەکی(تەقەمەنی) دەگرێتەوە، کە بۆ مەبەستی تیرۆرکاری بەکاربێت، واتە ڕۆڵی ئەم ئامرازە جەخت کردنەوەیە لەسەر سەرتۆپی باسەکە، بەوەش بنەمای یەکەمی(تیوری شێوەی دووان) دێتەکایەوە، کە(سەرتۆپ)ە، واتە لەڕێگەی ئەم ئامرازە سەرتۆپی باسەکە سنوردار دەکرێت و دەزانرێت سەرتۆپی باسەکە چیە. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیانەشەوە هیچ پەیوەندیەکی دوولایەنە لەم ئامرازەدا بوونی نییە. بەڵام مێتا ئەرکی دەقیانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە توانراوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە لەڕێگەی ئەم ئامرازە بەیەکەوە ببەستێتەوە بەشێویەکی زنجیرەیی نەك هەڕەمەکی، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز)ە، دەخاتەڕوو چۆنیەتی چنینی دارِشتەی دەقەکە دەرەخسێنێت، چونکە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی هەست بەو ڕێکخستنە ڕێکە دەکات، لەبەدوایەکدا هاتنی فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقەدا.

ئەگەر ئاماری دووبارە بوونەوەی ئامرازی(هەر) وەربگرین، لەدەقی یاسای(یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن( تیرۆر)، دەبینرێت تەنها(١٦) جار ئەم ئامرازە دووبارە بۆتەوە بەپێی ماددە و برگەکانی، کە لە هەریەکەیان ئەو ئامرازە بەمەبەستی زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو کەرستەی بەدوایدا دێت کاتێك لەسەری دەدوێت، واتە هەر کەسێك دەگرێتەوە، کە پەیوەندی پێوە هەبێت، ئەگەرچی ئەم پێکهاتەیە یێکێکە لەو پێکهاتانەی لەکرۆکی خۆیدا واتایەکی سنوردار هەڵناگرێت، بەڵام ڕۆڵی ئەم ئامرازە لە دارِشتنی دەقی یاسایدا بەپێچەوانەوەیە، چونکە ئەم ئامرازە وادەکات، کە بوار و پەراوێز و خوێندنەوەی زیاتر بۆ دەقە نەکرێت، بەجۆرێك مەودای زیاتر نادات بە پارێزەر، کە ڕەنگە دەقە یاساکە لەسەر ڕێڕەوەکەی خۆی لابدات، یان مەودا بۆ تاوانبار بهێڵێتەوە خۆی پێ دەرباز بکات، هەروەك لەم دەقانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە کەم تا زۆر پەیوەندی بەو بابەتەوە نەبێت، کە ماددەکە دەگرێتەوە.
ئەگەرچی وەك ڕادەیەکی جەختکردنەوە ئەم واتا سنوردار کردنە بە دەقە یاسایەکان دەبەخشێت و مایەی زانستی بوونی زمانی یاساییەکەیە، بەڵام هەندێکجاریش ئەگەر تەنها وەك ڕادەیەك بەکاربێت، ئەوا جۆرێك لە لێڵی واتایی

[١] ڕەفیق شوانی (٢٠١١: ٨٧).
[٢] کاروان عومەر (٢٠٠٨: ١٤٧).

دروست دەكات بەڵام لەزمانی یاساییدا بەتایبەتی لەم دەقەدا بەپێچەوانەوە ئەو واتا جەختكردنەوەیەی بە دەقەكەی دەبەخشێ سوودی دەبێ بۆ گشتێتی تاوانەكە و نەبوونی بواری دەربازبوونی تۆمەتبار.

### ٢/ ١-٤) جێناوی كەسی سێیەمی تاكو كۆ(ئەو، ئەوان)[١]:

ئەم جێناوە لەزمانی كوردیدا، وەكو وشەیەكی سەربەخۆ لە دانە فەرهەنگیەكانی زمان هەژمار دەكرێت، واتە هەر كاتێك، كە لەگەڵ كرداردا دێت بۆ پیشاندانی كەس و ژمارەیە و وەك وشەیەكی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، نەك بەشێك بێت لەكردارەكە[٢] بۆنمونە:

(١١) ئەو ڕۆیشت.

لێرەدا جێناوی كەسی سێیەمی تاكی(ئەو) وەكو وشەیەكی سەربەخۆ ڕۆڵی(كارا)ی ڕستەكەی بینیوە، ژمارە و كەسی بكەرەكە پیشان دەدات، كە ئامادە نییە لەئاخاوتنەكەدا[٣].

بەڵام ئەگەر ڕۆڵی ئەم جێناوانە لەداڕشتنی دەقی یاسای وەربگرێت، دەبینرێت بەشێوەیەكی گشتی ئەم دەقانە بە نموونەی كەسی سێیەمی تاك دەنوسرێن[٤]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پلەی بەرزی ئەم زمانە لە فۆرم دورستیدا، چونكە ئەم جۆرە دەقانە هەمیشە، كە دەنوسرێت ئاراستەی كەسێكی دیاریكراو ناكرێت، تاكو بكەرەكەی دیاری كراو بێت، بەڵكو ئاراستەی ئەو كەسە یان ئەو كەسانە دەكرێت، كە تاوانەكەیان ئەنجام داوە یان ئەنجام دەدەن، بەڵام شایەنی تێبینی كردنە ڕەنگدانەوەی جێناوی كەسی سێیەمی(تاك و كۆی، ئەو- ئەوان) لەداڕشتنی دەقی یاسای (بەرەنگابوونەوەی تۆقاندن"تیرۆر") لەكۆی(١٠١٩) هەزار و نۆزدە وشەی فەرهەنگی تەنها(٧) حەوت جار بەكارهاتوون، كە لەم(٧) جارەشدا تەنها(٥) جار جێناوی كەسی سێیەمی تاك(ئەو) و(٢) جار جێناوی كەسی سێیەمی كۆی(ئەوان) بەكارهاتووە، هەروەكو لەماددەی(دووەم، چوارەم، پێنجەم، هەشتەم و نۆیەم) دا هاتوون، بەڵام شایەنی تێبینی كردنە، لەم نیشانانەدا تەنها ئەو جێناوە كەسییە سێیەمیە تاك و كۆیانە وەرگیراون، كە بەشێوەیەكی فەرهەنگی و بەتەنها بەكارهاتوون، ئەگەرچی لەهەر(٥) جارەكە جێناوەی كەسی سێیەمی تاكی(ئەو) لەڕێگەی، جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاكی(ێت)، وەكو(بریتیخستن) هاتووە، واتە ئەگەرچی ئەم جێناوە كەسیە وەكو كەرستەیەكی سەربەخۆ دەرنەكەوتووە، بەڵام هەست بەبوونی دەكرێت وەكو كەرەستەیەكی سەربەخۆ لەداڕشتەی ئەم ڕستەیە لەم دەقەدا لەڕێگەی ئەو جێناوە لكاوەی، كە لەجیاتی بریتی خراوە، بۆ پاڵپشتی كردنی ئەوەی خرایەڕوو، هەروەكو لەشی

---

[١] شایەنی تێبینی كردنە، كە بە پێی دیاری كردنی دروستە ڕستەیەكانی زمانی كوردی یەكێك لەبنەماكانی دروست كردنی (ڕستەی سەرجێناوی) لەزمانی یاسادا، بەكارهێنانی ئەم جێناوە كەسیە (تاك و كۆیە)یەیە، كە لە نیشانە سینتاكیەكان بەووردی قسەی لەسەر دەكرێت. بڕوانە لاپەڕە (١٠٠-٩٩) ی ئەم بەشە.

[٢] بۆ زانیار زیاتر لەسەر ئەم دوو جێناوە، بروانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧: ٨- ١١).

ب- غازی عەلی خورشید (٢٠١٣: ٥١- ٥٣).

ت- زەرێ یوسف یۆڤا (٢٠٠٥: ٧٥- ٧٧).

[٣] Damova,P. (٢٠٠٧: ١- ٢)

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەر یەكە لەو مۆرفیمانە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ- عبدوالواحید مشیر (٢٠١٢ : ١٠٢- ١٠٥)

ب- محمد محروف فتاح و صباح ڕشید (٢٠٠٦)

کردنەوەی دارشتەی پێکهاتەی و ئەرکی ژمارە(١١) خرایەڕوو، هەروەها جێناوی کەسی سێیەمی کۆی(ئەوان) لەڕیگەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆی(یان) بریتی خراوە ئەمەش لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(١٠) دا خرایەڕوو.

## ٢/١-٥) بەکارهێنانی مۆرفیمی دیاریکردن و مۆرفیمی(دیاری نەکردن)/-ەکە/ و/ێك/:

لەڕوی زمانیەوە مۆرفیمی دیاریکردن(ەکە) وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی ڕۆلی ناساندنی ئەو کەسە دەبینێت، کە دەچێتە سەری، لەهەمان کاتدا چەند ئەلۆفۆنێکی هەیە، بەڵام هەرچی مۆرفیمی دیاری نەکردنی(ێك)ە، بەپێچەوانەی مۆرفیمی(ەکە)یە، کاتێك دەچێتە سەر هەر کەرەستەیەکی زمانی ڕاستەوخۆ چەمکی نەناسراوی و نادیاری پێ دەبەخشێت[١]. بۆنمونە:

١٢-باخەوان[ەکە] هات، بەڵام میوان[ێك]ی لەگەڵ بوو.

لەم نمونەیەدا مۆرفیمی(ەکە) ڕۆڵی دیاریکردنی ئەو کەرستەیەی بینیوە، کە چۆتەسەری، ئەویش، بریتیە لە (باخەوانەکە)، بەڵام هەرچی مۆرفیمی(ێك)ە فۆرمێکی نادیاری بەو کەرەستەیە بەخشیوە، کە چۆتە سەری، ئەویش بریتییە لە(میوانێك).

بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، ئایا ڕێژەی بەکارهێنانی مۆرفیمی دیاریکردن/-ەکە/ زیاترە، یان هی مۆرفیمی دیاری نەکردنی/-ێك/، لەدوای ئاماری تەواو بۆ سەرجەمی دەقەکە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی مۆرفیمی دیاری نەکردنی/-ێك/(٥٩) جار بەکارهاتووە، کە لەهەر بەکارهێنانێکدا فۆرمێکی زمانی پێکردووە بەنادیار، واتە لەڕێگەی ئەم مۆرفیمە جۆرێك لەگشتیەتی بە دەقە یاساکە بەخشیوە، کە ئەمەش یەکێکە لەتایبەتمەندیە چاکەکانی نیشانەی فەرهەنگی لەم دەقەدا، واتە نیشانەیەکی گونجاوە لە دەقەکەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی نادیاری ببەخشێت بەو کەسە یان ئەو بەشەی قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەم نادیارکردنە لەهەموو بارێکدا گونجاو نییە، لەبەرئەوەی لەهەندێك دەقدا ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر جێناوی کەسی نادیاری(کەس)، جارێکی تر نادیاری دەکات ، چونکە لەبنەڕەتدا دیارنییە(کەسەکە) کێیە، بەڵام کاتێك دەچێتە سەر ناوی(تۆمەتبار)، دەیکات بە (تۆمەتبارێك) واتای نادیاری پێ دەبەخشێت، واتە کەسی(تۆمەتبار) نادیار و گشتی دەکات، بەشێوەیەك گشتیەتی دەدات بە دەقەکە و ئاراستەی هەر کەسێك دەکرێت. کە تۆمەتبارە، لەراستیدا دەقی یاسایی دەبێت ئەو گشتییەی هەبێت، بەڵام ئەگەر(مۆرفیمی دیاریکردن/-ەکە/) وەربگیرین لەم دەقەدا ئەوا ڕێژەی بەکارهێنانی کەمترە، تێکڕای بەکارهێنانی(٤٨) جارە، ئەم حاڵەتەش ئاساییە هەبێت لەدەقی یاساییدا، چونکە لەبنەڕەتدا دەبێت(مۆرفیمی نادیارکردن) زیاتر بێت هەمیشە لە(مۆرفیمی دیاریکردن)، چونکە مۆرفیمی(ێك) گشتێتی دەدات بەدەقە یاساییەکە.

لەکۆی دەقی یاسایی(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەقەکە ئەگەر بەشێوەیەکی فەرهەنگیانە ئامار بکرێت، دەردەکەوێت، دەقێکەو پێکهاتووە لە(١٠١٩) هەزارو نۆزدە وشەی فەرهەنگی. ئەمە وێڕای وشە و دەربڕاوە ڕێزمانیەکانی دەقەکە، بەڵام لەکۆی ئەم(١٠١٩) وشە فەرهەنگیە، کە واتای فەرهەنگی ئاشکراو ڕاستەوخۆیان هەیە و بونەتە هۆی ئەوەی دارشتەیەکی پێکهاتەیی و ئەرکیانەی تایبەت بەخۆیان لەدەقە یاسایەکەدا هەبێ، تەنها(١٧) وشەیان زاراوەی یاساییە یان هەوڵدراوە وەك زاراوەی زمانی یاسایی بەکاربهێنرێت. ئەم ئامارەش دوو ئەنجامی یەکتر تەواوکەر بۆ ئەم وەچەپارەی لێکۆڵینەوە دەسەلمێنێت، کە ئەویش

---

[١] بازیان محیدین (٢٠١٣: ٧٤).

بریتین لەوەی، کە لەلایەکەوە بەپێی ئەو سێ چینە زمانییەی(هالیدای) لەتیۆرییەکەدا بۆ هەر زمانێك(شێوەیەکی دووانی) دیاری کردووە و بریتین لە چینی(فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی فەرهەنگی) و چینی(واتایی) تا وەك زمانێکی تایبەتمەند دەربکەوێت و بتوانرێت بەکاربێت، دەتوانرێت بوونی ئەم(١٧) وشە فەرهەنگیە، کە بونەتە زاراوە و داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەهۆیەوە بونەتە هەڵگری واتایەکی یاسایی تایبەتمەند وەك بەڵگەیەك بهێنرێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە شێوەی دووانی زمانی یاسای لەزمانی کوردیدا بۆتەخاوەنی وشەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆی و لەسەر ڕاستە ڕەوەی دروستی دروست بوونە.

لەلایەکی تریشەوە هەر ئەم ئەنجامە و بونی تەنها(١٧) زاراوە لە کۆی(١٠١٩) وشەی فەرهەنگی لەم دەقەدا ئەو ڕاستیەش دەخاتەڕوو، کە فەرهەنگی وشەی شێوەی دووانی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا هێشتا لەقۆناغە سەرەتاییەکانی دروست بوندایە. ئەم ڕاستیەش زۆر جار لە بەرکارهێنانی ئەم(١٧) زاراوەیە لەخودی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەهەمان واتایی زاراوەکە لەبوارە یاساییەکەدا دووپات دەبێتەوە.

کەواتە شیکردنەوەکان ئەو ڕاستیە دەخەنەڕوو، کە بوونی ئەم(١٧) زاراوەیە لەم دەقەکەدا بەو واتایانەی بۆیان دیاری کراوە لەلایەك بەڵگەی دروست بوون و هەبوونی شێوەی دووانی زمانی یاساییە لەزمانی کوردییدا لەهەمان کاتیشدا بەڵگەی هەژاری و لاوازی و شێوەی دووانەکەیە لەزمانەکەماندا.

### ٢/٢) نیشانە سینتاکسیەکان:

داڕشتەی زمانی یاسایی تەنها بەهۆی چەند نیشانەیەکی فەرهەنگی تایبەتەوە ناخوڵقێن، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا بەپێی(بنەما مێتا ئەرکیەکان) و بۆچوونەکانی(تیۆری شێوەی دووان) لەقوتابخانەی ئەرکی هالیدایدا ئەم داڕشتەیە پێویستی بە(نیشانەی سینتاکسی) تایبەت بەخۆشی هەیە. بەم شێوەیە هەر شێوەیەکی دووان وەك(زمانی یاسا یان زمانی زانست یان زمانی ئایینی... هتد) چەند نیشانەیەکی سینتاکسی تایبەت بەخۆیان هەڵدەبژێرن و دەیکەنە سیمای گشتی ئەو شێوە دووانە. واتە شێوە دووانەکە ئەوە نییە نیشانەی سینتاکسی تایبەت بەخۆی هەبێت، کە لەزمانی ئاخاوتنی گشتی زمانەکەدا نەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم نیشانە سینتاکسیانەی شێوە دووانەکە هەر نیشانەی سینتاکسی زمانی ئاخاوتنی زمانەکەیە، بەڵام شێوە دووانەکە داڕشتەی سینتاکسی شێوە دووانەکەی خۆی زیاتر بەهۆی ئەم نیشانە سینتاکسیانەوە دادەڕێژرێت و ئەم نیشانە سینتاکسیانە زۆرتر تیایدا دووبارە دەبێتەوە و ئەم نیشانانە لەگەڵ نیشانەکانی تردا دەبنە بنەما بۆ خوڵقاندنی شێوەیەکی دووانی تایبەتی وەك(زمانی یاسا) و بەمەش زمانی یاسا داڕشتەی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت.

بەم شێوەیە زمانی یاسایی وەك زمانێکی تایبەت، کە لەبوارێکی تایبەتی وەك یاسادا بەکاردێت لەڕووی سینتاکسیەوە زیاتر خاوەنی ئەم دروستە سینتاکیانەیە، کە هەر دروستەیەکان وەك نیشانەیەکی سینتاکسی دەبنە سیمای داڕشتەی زمانی یاسایی، بەم شێوەی خوارەوە:

### ٢/٢-١) دروستەی مەرجیانە condition structures:

دروستەی مەرجیانە لەڕێگەی ئامرازی گەیەنەری مەرجی(ئەگەر، مەگەر، ئەرگەرچی، گەر... هتد) دروست دەبێت، کە لەڕێگەی ئەم ئامرازانە(ڕستەیەکی سەرەکی) بە(ڕستەی شوێنکەوتی مەرجی) دەبەستێتەوە. دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕستەی ئاڵۆز، واتە(ڕستەی شوێنکەوتوو) مەرجی ڕووداو و دیاریکردنی(ڕستەی سەرەکی) دەخاتەڕوو. بۆ نموونە:

/١٣ ئەگەر هاتیت ، تەنها وەرە.

ڕستەی شوێنکەوتووی مەرجی ڕستەی سەرەکی

ڕستەی ئاڵۆزی مەرجی

١٤ تەنها وەرە ، ئەگەر هاتیت.

ڕستەی سەرەکی ڕستەی شوێنکەوتوی

ڕستەی ئاڵۆزیمەرجی

هەروەکو لەنموونەی ژمارە(١٣، ١٤)دا، دەردەکەوێت، لەڕستەی مەرجیدا ئامڕازە مەرجیەکە پێش یان پاش ڕستە سەرەکی دەگرێت. واتە ئەم ئامڕازە گەیەنەرە دەتوانێت چەندین داڕشتەی مەرجیانەی جیاواز دروست بکات، هەروەکو لەشیکردنەوەی چەند ماددەیەکی یاسای(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") دەخرێتەڕوو بەم شێوەی خوارەوە:

**ماددەی دووەم/برگەی سێیەم**( بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سوتێنەر، گرگر، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان ....هتد، [ئەگەر] کارەکە مردنی کەسێکی یان پتری لێ کەوتەوە).

ئەگەر لەم دەقە ڕابمێنرێت، دەبینرێت، کە خودی دەقەکە ڕستەیەکی مەرجیانەی فراوانکراوە، کە بەهۆی ئامڕازی گەیەنەری مەرجیانەی(ئەگەر)ەوە دروست کراوە و دروست بونەکەش بەشێوەی ئاسایی بووە، واتە(فرێزی سەرەکی) هاتووە بەدوایدا(فرێزە مەرجی) یەکە هاتووە. بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن با لە(داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی) بڕوانین:

بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە...، ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك یان پتری لێکەوێتەوە

ڕ.سەرەکی فراوانکراو ئامرازی مەرجی ڕ. شوێنکەوتوو

ڕ

**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٦)**

هەرچی داڕشتەی ئەرکیشە، جگەلە ئەرکە ڕێزمانیەکەی لە بەیەکەوە بەستنی ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکترەوە، لەهەمان کاتدا بەهایەکی دیاریکراویشی هەیە، ئەویش بریتییە لە دروست کردنی پێوانەی مەرجی. هەروەکو لەداڕشتە ئەرکی ژمارە(١٦) دا دەخرێتەڕوو:

ڕستەی مەرجی بکەر ق.ن = ف. پ. مەرج وشەکە/ بەکارهێنانی.... هتد

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

بەشەکردار گردار= ف. مەرجی وشەکە:(ئەگەر) کارە مردنی...هتد

ژمارە: کەسی سێیەمی تاك

کات: داهاتوو

**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٦)**

لەڕوانگەی مێتا ئەرکیانەوە ئەم دەقە، مێیتائەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەم دەقە(ڕستە مەرجیەکەی) ڕێکخراوە. بۆ ئەنجامدانی ڕووداوی ڕستەکە، کە بریتییە لە(ئەگەر کارەکە مردنی کەسێك یان


پتری لێ کەوتەوە)، واتە لێرەدا ئەم(مەرجە) پێشەکیەکی لۆژیکیە بۆ ئەنجامی لۆژیکی(بەکارهێنانی هەرجۆرە کەرەستەیەکی تەقینەوە) کە لەسەرەوەدا خرایەڕوو، بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)ەکە، کە(بواری سەرتۆپ)ە بەدیهاتووە، بەوەی بوار و سەرتۆپی سەرەکی و لاوەکی چۆنیەتی پەیوەندیان خراوەتەڕوو، بەڵام ئەم ئامرازە گەیەنەرە مێتا ئەرکی کەسیانە نایگرێتەوە، چونکە لەم ئامرازەدا هیچ پەیوەندیەکی دوولایەنە نابینرێت لەنێوان کەسەکاندا، بەم هۆیەوە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)ی هاڵیدای جێبەجێ نەبووە، چونکە چییەتی پەیوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکە نەخراوەتەڕوو، ئەگەرچی لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە توانیویەتی ڕووداوەکانی ئەم دەقە ببەستێتەوە بەمەرجی ڕودانی ئەم ڕووداوانەوە، لێرەشدا بنەمای سێیەمی تیۆری شێوەی دووانە یاساییەکە بەدیهاتووە و(شێواز)ی شێوەی دووانەکە سەلمێنراوە، کە شێوازێکی نووسراوی مەرجیانەیە.

لەئەنجامی ئەو شیکرنەوانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە داڕشتەی مەرجیانەی ئەم دەقە بریتیە لە:

[ ڕ.پێش مەرج+ئامرازی مەرج(ئەگەر)+ڕ.مەرج]


**ماددەی دووەم/ بڕگەی ٥**(کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەیانگرێتەوە، یان کوشتنی.... ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوێتەوە).

هەروەکو لەدەقی پێشوتردا خرایەڕوو ئەم ئامرازە گەیەنەرە(ئەگەر) وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە و ئەرکی سەرەکی بەیەکەوە بەستنی ڕستەکانە لەڕێی واتا و پێکهاتنەوە، بۆیە دەتوانرێت بەهەمان شێوەی پێشتر داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، هەروەکو لەداڕشتەی پێکهاتەیی ئەرکی ژمارە(١٧) دا دەخرێتەڕوو:




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٧)**

بەهەمان شێوە لێرەدا، جگەلەئەرکە ڕێزمانیەکەی، بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، ئەویش، بریتییە لە(پێوانەی مەرجی)، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکیانەی دەقەکەدا بەرچاو دەکەوێت




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٧)**


لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە ئەم(ئامرازە گەیەنەرە) توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی(ڕستەی مەرجی)، کە بریتییە لە(ئەگەر هێرش بردنەکە مردنی لێنەکەوێتەوە) بگونجێنێت ، لەگەڵ ئەو ڕوداوەی لەڕستەی(پێش مەرج)دا هاتوون، واتە ئەم(ڕستە مەرجە)(پێشەکیەکی لۆژیکیە) بۆ(ئەنجامە لۆژیکیەکەی)، کە لەڕستەی(پێش مەرج)ەکەدا دەستدەکەوێت. بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە بریتییە لە(سەرتۆپ)ی باسەکە، دێتەکایەوە

لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنی ئەم ڕستانە بەیەکەوە بەهۆی ئامڕازی مەرجی(ئەگەر)ەوە، هەروەك لەدەقی پێشوتردا خرایەڕوو ئەم ئامڕازە مێتا ئەرکی کەسی نایگرێتەوە بۆیە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) دروست نابێت، بەڵام لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە توانیویەتی ڕوودانی کاری پێشتر ببەستێتەوە بەو ڕووداوانەی کە لەکاری دواتردا ڕوودەدات، واتە توانیویەتی ڕوودانی کاری ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکەوە پەیوەست بکات و بەمەش چنینێکی سینتاکسیانە بەدەقەکە بەخشیوە. ئەمەش لەڕێگەی بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، دەردەکەوێت، چونکە لەڕێگەی ئەو بەیەکەوە بەستنەی(ڕستەی سەرەکی) بە(ڕستەی شوێنکەوتوو) لەڕێگەی ئەم ئامڕازەوە بەشێوەیەکی زنجیرە و یەك بەدوای یەکدایە نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، بەمەش(شێواز)ی داڕشتنی ئەم دەقە یاساییە بەشێوەیەکی فەرمی دەدات بەدەستەوە، کە دەبێت هەموو دەقێکی یاسایی بەم شێوەیە بێت.


لەشیکردنەوەی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم دەقە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە داڕشتەی مەرجیانەی ئەم دەقە بریتییە لە: [ڕ.پێش مەرج+ ئامڕازی مەرج(ئەگەر)+ ڕ.مەرج]

ماددەی دووەم/ بڕگەی شەشەم(چونە ناو ڕێکخراو، کۆمەڵە، دەستە، باند(عصابە) بنکە، یان کۆمەڵێك کاری تۆقاندن ئەنجامبدات ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێت لەهێزی ناوخۆ، یان(پێشمەرگە) زێرەڤانی هەرێم بوو، یان ئەگەر تاوانکار مەشقی سەربازی یان هەواڵگری لەیەکێك لەم لایەنانە کردبوو).

بەڕوانین لەناوەخنی ئەم دەقە یاساییەش، وەك پێکهاتەیەکی مەرجیانە دێتە پێش چاو و تێدەگەین. ئەم تێگەیشتنەش لەچینی سینتاکسیانەی دەقەکەوە هاتووە، بەوەی ڕستەی سەرەکی(پێش مەرج) بەهۆی دوو ئامڕازی مەرجی (ئەگەر)ەوە بە(فرێزی مەرجیانەی) دوای خۆیەوە بەستراوەتەوە و واتایەکی تەواو مەرجیانەی بەخشیوە، هەروەك لە داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیدا دەردەکەوێت، ئەمەش لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:




**داڕشتەی پێکهاتەیی( ١٨)**




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٨)**

لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی توانیویەتی هەریەکە لە(ڕستە مەرجیەکانی)(ئەگەر ئەنجامدەر کارمەند بێت...هتد) و(ئەگەر تاوانکار مەشقی...هتد) بگونجێنێت، لەگەڵ ئەنجامی ڕوودانی(ڕستەی سەرەکی)، کە بەشدارە لەدروستکردنی(دروستە مەرجیەکە). بەڵام ئەوەی ئەم دروستە مەرجیە جیادەکاتەوە لەوانەی کەپێشتر باس کران ئەوەیە، کە هەریەکە لەڕوداوەکان تەنها یەك(ڕستەی مەرجی لۆژیکیان) هەبوو، بەڵام لەم دەقەدا ئەگەرچی یەك


ڕوداوە، بەڵام دوو(ڕستەی مەرجی) لۆجیکی هەیە، کەهەمان ئەنجامیان هەیە، بەڵام بەفۆرمی جیاواز، هەروەك لەدەقەکەدا دیارە لەدوای(ڕستەی مەرجی یەکەم) ڕاستەوخۆ(ڕستەی مەرجی دووەم) هاتووە، بەڵام لەفۆرمدا جیاوازن، واتە دەکرێت ڕووداوێك دوو(ڕستەی مەرجی) هەبێت. بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، دەرەخسێت، کە (سەرتۆپە)ە ئەمەش لەڕێگەی خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان(ڕستەی سەرەکی) و(ڕستەی شوێن کەوتوو) خرایەڕوو، هەروەکو پێشتر ئەوەگوترا، ئەم ئامرازە مێتا ئەرکی کەسی نایگرێتەوە، بۆیە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) ناڕەخسێت. هەرچی مێتا ئەرکی دەقیانەشە ئەم ئامرازە گەیەنەرە توانیویەتی تەواوی دەقەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت، کە(شێواز)ە، بەشێوەیەك چۆنیەتی داڕشتنی دەقەکە پیشان دەدات، کە بەشێویەکی(فەرمی نوسراوە) و نەك نافەرمی.

لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەم دەقە، دەتوانرێت داڕشتە مەرجیەکەی دیاری بکرێت، کە ئەویش بریتییە لە:


[ڕ.پێش مەرج+ئامرازی(ئەگەر)١+ڕ.مەرج+ئامرازی(ئەگەر)٢+ ڕ.مەرج ٢]

**ماددەی سێیەم:**"ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکەدا، بەدابین کردنی پارێزەریشەوە بەداکۆکی لێ کردنی، ونابێ شێوازی ئازاردانی دەرونی و جەستەیی، یان ڕەفتارێکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت،وپشت نابەسترێت بە دانپێدانی بەزۆر لێ وەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردان یان بەبەڵێن و گەفو گوڕ، ئەگەر بەڵگەکە پشت ڕاست نەکرابوو بە بەڵگەی دیکە، ئەگەر لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازانەی باسیان لێوەکرا زیاترش بەجەستەی قەبەی لێ کەوت، تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆمار بکان وەك کەسانی ئاسایی".

بەڕوانین لەدەقەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دەقەکە لەسێ ڕستەی مەرجی پێکهاتووە، کە ڕستەی مەرجی یەکەمیان بەئامرازی نەرێنی(نابێت) دروستکراوە و هەرچی ڕستەی مەرجی دووەمیش بەئامرازی مەرجی(ئەگەر) دروستکراوە لەباری ئاساییدا، واتە یەکەمجار(فرێزی پێش مەرج) هاتووە پاشان ئامرازی مەرجی، دواتر فرێزی مەرجی، بەڵام ڕستەی مەرجی سێیەم بەپێچەوانەوە یەکەمجار ئامرازی مەرجی هاتووە پاشان فرێزی مەرجی و دواتر فرێزی پێش مەرج، بەم شێیوەیە دەتوانرێت داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی هەریەکەیان بخرێتەڕوو:




**داڕشتەی پێکهاتەیی گشتی دەقەکە**




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(١٩)**

ئامرازی /نا/ لەم دەقەدا ڕۆڵی(ئامرازی مەرجی) بینیوە، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا(ئامرازی ناکردن)ە، بەڵام لێرەدا ئەرکە بنەڕەتیەکەی لەدەست داوە. لەهەمان کاتدا بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، ئەویش بریتییە لە(پێوانەی مەرجی)، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکیانەی ژمارە(١٩)دا دەخرێتەڕوو:

ڕ. مەرجی(١)
بکەر — ف.ن = ف. پ. مەرج — وشەکە: ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە....هتد. — ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
بەشەکردار — کردار= ف. مەرجی — وشەکە:(نابێ) شێوازی ئازاردانی دەرونی... هتد — ژمارە: کەسی سێیەمی تاك — کات: داهاتوو

**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(١٩)**

لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە ئەم(ئامرازە گەیەنەرە) توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕستە مەرجیەکە، کە بریتییە لە(نابێ شێوازی ئازاردانی...هتد) بگونجێنێت لەگەڵ ڕودانی ئەنجامی لۆژیکی(ڕستە پێش مەرجەکە)، واتە ئەم(ڕستەی مەرج)ە، پیشەکیەکی لۆژیکیە بۆ ئەنجامی ڕودانی ڕستەی سەرەکی. بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت، کە(سەرتۆپ)ی باسەکەیە، ئەمەش لەڕێگەی خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕستەیە، بەڵام ئەم ئامرازە گەیەنەرە مێتا ئەرکی کەسی نایگرێتەوە. لەمەشەوە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووانی) هاڵیدای جێبەجێ نەبووە، کە بریتییە لە(کرۆکی ئاخاوتن)ەکە، ئەگەرچی لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە توانیویەتی ڕووداوەکانی ڕستەی سەرەکی ببەستێتەوە بەمەرجی ڕودانی ڕستە شوێنکەوتووەکە. بەمەش ڕاستەوخۆ بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)،(شێواز) هاتۆتە بوون، کە چۆنیەتی چنینی دەقەکە دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوای یەکە، نەك بەهەڕەمەکی.

لەئەنجامی ئەم شیکردنەوەی سەرەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە داڕشتەی مەرجی ئەم ڕستەیە، بریتییە لە:

[ڕ. پێش مەرج+ئا.مەرج+ڕ.مەرج]

ڕ مەرجی(٢)
ف. پێش مەرج: پشت نابەسترێت...هتد
ئا.مەرجی: ئەگەر
ف. مەرجی: بەڵگەکە پێشت ڕاست نەکرا بە بەڵگەی دیکە

**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٢٠)**


هەرچی داڕشتە ئەرکیەکەیەتی جگەلە ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی ئامرازی مەرجی بینیوە، لەهەمان کاتدا بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، کە بریتییەلە (پێوانەی مەرجی)، هەروەك لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٠) دا دەخرێتەڕوو:

ڕ. مەرجی ٢
بکەر — ف.ن = ف. پ. مەرج — وشەکە: پشت نابەسترێت....هتد. — ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
بەشەکردار — کردار= ف. مەرجی — وشەکە: ئەگەر بەڵگە پشت ڕاستی... هتد — ژمارە: کەسی سێیەمی تاك — کات: داهاتوو

**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٠)**


ئەم ئامرازە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕستە مەرجیەکە، کە بریتییە لە(ئەگەر پشت ڕاست نەکرا بە... هتد) بگونجێت لەگەڵ ڕودانی ئەنجامی(ڕستە پێش مەرجەکە)، لێرەشەوە بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ)ە دێتەکایەوە، چونکە لەڕێگەی ئەو پەیوەندیە واتایەی لەنێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو هەیە(سەرتۆپ)ی باسەکە دەردەکەوێت، بەڵام ئەم ئەمرازە مێتا ئەرکی کەسیانە نایگرێتەوە، بۆیە بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) جێبەجێ نەبووە، کە(کرۆکی ئاخاوتنە)، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە توانیویەتی ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەیەکی زنجیرەی و بەرێکی بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەمەش بنەمای سێیەمی(تێوری شێوەی دووان) کە(شێواز)ە بڕەخسێت، چونکە ئەوە دەست دەکەوێت، کە دەقەکە بەشێوەیەکی فەرمی داڕێژراوە نەك بەهەڕەمەکی. لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە داڕشتەی مەرجیانەی ڕستەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

[ڕستەی پێش مەرج+ئا.مەرج+ڕستەی مەرج]




**داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٢١)**

هەرچی داڕشتە ئەرکیەکەیەتی جگەلە ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی ئامڕازی مەرجی بینیوە لەهەمان کاتدا بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، کە بریتیە لە(پێوانەی مەرجی) هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢١)دا دەخرێتەڕوو:




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢١)**

ئەم ئامرازە لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕستە مەرجیەکە، کە بریتیە لە(ئەگەر لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك لەو شێوازە...هتد) ببێتە(پێشەکیەکی لۆژیکی)، بۆ(ئەنجامی لۆژیکی) ڕودانی ڕستەی سەرەکی(تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی...هتد). بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ)ە دەڕەخسێنێت. لەڕێگەی خستنەڕووی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو دەخرێتەڕوو. هەروەك خرایەڕوو ئەم ئامڕازە گەیەنەرە مێیتا ئەرکی کەسی نایگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتنە) نایەتەکایەوە، بەڵام لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەوە توانیویەتی سەرەتا و کۆتایی ئەم دوو ڕستەیە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەشێوەیەکی زنجیرەی و یەك بەدوای یەکدا،

بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوی دووان) کە(شێواز)ە دەرەخسێنیت، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقە، دەبینرێت، بەشێوەیەکی زنجیرەی ڕێك خراوە نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

لەشیکردنەوەی سەرەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە داڕشتەی مەرجی ڕستەی سێیەم بریتیە لە:

[ف. مەرجی+ئا.مەرجی+ف.مەرجی+ف.پێش مەرجی]

لەکۆتایی شیکردنەوەی ئەم نیشانە سینتاکسیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی لەم دەقەدا(٦) شەش داڕشتەی مەرجیانە هەیە، کە بریتین لە دەقی ماددەکانی(٢، ٦). لەم شەش داڕشتەیە(٤) چواریان هەمان داڕشتەیان هەیە و بریتین لە:(ڕ.پێش مەرج+ئا.مەرج(ئەگەر)+ڕ.مەرج) داڕشتەی(٥)یش بریتیی بووە لە(ڕ.پێش مەرج+ ئا.مەرج(ئەگەر)+ ڕ.مەرج+ ئا. مەرج(ئەگەر)+مەرج). داڕشتەی شەشەمیش بریتیی بوو لە(ڕ.مەرج+ ئا.مەرج+ڕ.مەرج+ڕ.پێش مەرج). بەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێت، کە ئەم یاسایە خاوەنی نیشانەیەکی سینتاکسی بەهێزە، کە ئەویش نیشانەی دروستەی مەرجیانەیە. بەمەش دەسەلمێت، کە داڕشتەی زمانی یاسایی لەخۆیدا هەڵگری نیشانەی سینتاکسی تایبەت بەخۆیەتی و بەهۆیەوە مەرجی ڕوونەدانی تاوان و ساغ کردنەوەی تۆمەت و سزادان دیاری بکات.

## ٢-٢/٢) دروستەی ناکەسی Impersonal Structures:

ئەم جۆرە دروستەیە لەزماندا دوو جۆرە، کە یەکەمیان باوترینیانە بریتییە لە دروستەی بکەر نادیار[1]و جۆری دووەمیشان زیاتر ئەو ڕستەیەیە، کە کرداری ڕستەکە بکەرێکی زیندووی نییە[2] یان بکەرەکە زیاتر بکەرێکی سایکۆلۆژییە[3]. بۆ زانیاری زیاتر لە نمونەکانی(١٥) و(١٦) و(١٧) وردبینەوە:

١٥) پەنجەرەکە شکا.

١٦) باران دەبارێت.

١٧) أ- ڕۆژهەڵات. ب- هەنجیرەکە پێگەیوە. پ. چێشتەکە دەمی شکاوە.

ئەگەر لەڕستەی یەکەم وردبینەوە، دەبینرێت، کە کردارەکە تەنها یەك بکەری ڕێزمانی هەیە، کە لەبنەڕتدا بەرکارە لۆژیکییەکەی ڕستەی بکەر نادیاریەکەیەتی. هەرچی ڕستەی دووەمیشە دەبینرێت وەك ڕستەیەکی بێکەسی وایە و کردارەکەی بکەری نیە و لێرەدا(باران) ئاماژەیە بە بونێکی زیندو ناکات و تەنانەت ئەگەر بە بکەریش دابنرێت، ئەوا هەروەك ڕستەی(١٧) زیاتر بکەرێکی سایکۆلۆژیەو پەیوەستە بە بیروباوەڕی کەسی ئاخێوەرەوە، بۆ نموونە بۆ موسڵمانێك بکەری ڕستەی(١٦)و ڕستەکانی(١٧) زیاتر(خوای گەورەیە) بەڵام بەلای ئاخێوەرانی نا موسڵمانەوە دەشێ بکەری ڕستەی(١٧پ) زیاتر کارێکی کیمیایی بێت، کە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە دروست بووە.

---

[1] لەدروستەی ڕستەی بکەر نادیاردا، کردارەکە زیاتر کردارێکی تێنەپەڕەو بەپێی نیشانە واتاییەکانی کردارەکە تەنها یەك ئارگۆمێنت داواکراوە، کە ئەویش بکەری ڕێزمانی (بەرەکارە لۆژیکیەکەیەتی). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (٢٠٠٨: ١١٧–١١٩).

[2] لەهەندێك لەسەرچاوە کوردیەکاندا دروستەی ئەم جۆرە ڕستەیە بەزاراوەی (ڕستیلە) ئاماژەی بۆ کراوەو بەو شێوەیەش شیکردنەوەی بۆ کراوە، کە کردارەکەی بێ کەسەو کەسی تێدانییە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: أ/ کاروان عومەر (٢٠١٢: ٩٠) ب/ عبدالجبار مستەفا (٢٠٠٩ : ٥٢–٦٠).

[3] لەسەرچاوە کوردیەکاندا شیکردنەوەی دروستەی ئەمجۆرەی ڕستەی ناکەسی زیاتر بەو ڕستانە دەگوترێت، کە جێبەجێ کەری کردەی کردارەکە پەیوەستە بە بیروباوەڕو لایەنی سایکۆلۆژی ئاخێوەرەکە، واتە بکەرەکە ئەگەرچی وەك یەکە بونی نیە، بەڵام لەلۆژیکی ئاخێوەران وەك ڕاستیەك بونیان هەیە، هەربۆیە دەگوترێت (بکەری سایکۆلۆژی) و بەدیاردەکەش دەوترێت (ڕاستیو ڕاستەقینەی سایکۆلۆژی)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کاروان عومەر (٢٠٠٨: ٤٦– ٤٨).

بەڵام ئەگەرچی نیشانەی سینتاکسی(دروستەی ناکەسی/ بکەرنادیار) یەکێکە لە سیما گرنگەکانی دەقی یاسای، هەروەکو لەسەرچاوەکانی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لەدارشتەی دەقی یاسایی(بەرەگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") زمانی کوردیدا، ئەم سێ جۆرەی دروستەی ناکەسی بوونی نییە، لەبەر ئەوەی ئەو دروستە ناکەسیە جێگەی پڕکراوەتەوە بەنیشانەی کەسی نادیاری(ئەو ، ئەوان) یاخود(کەس، کەسانێك)، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو ستراتیژیەی بەکارهێنراوە بۆ خستنەڕووی نادیاری لەدەقە یاسایەکەدا، ستراتیژێکی گونجاوە، چونکە توانراوە لەڕێگەی(نیشانەی کەسی نادیار) واتای مەبەست بپێکێت، لەهەمان کاتدا گشتگیریشی دەکات، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی زیاتر بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت، هەروەکو لەبەرکارهێنانی ڕستەی سەرجێناوی دەردەکەوێت.

## ٢/٢-٣) ڕستەی سەرجێناوی:


مەبەست لەڕستەی سەرجێناوی ئەوەیە، کە ڕستەکە لە سەرەیەك پێکهاتووە پێی دەگوترێت(سەرجێناوی ڕستە سەرجێناوی)، لەگەڵ چەند تەواوکەرێك، کە بەپێی ڕستەکە ژمارەی هاتنی تەواوکەرەکان دەگۆڕێت، هەریەکە لەو ڕستە تەواوکەرانەش ڕستەی سەربەخۆن، بەڵام کەرەستە سەرجێناویەکە لە ڕستە تەواوکەرەکاندا کرتاوە[١]. بۆ نموونە:

١٨- ئەو ژنانەی، کە ژێر دەستن، چەوساوەن.


ئەمە ڕستەیەکی درێژی سەرجێناویە، پێکهاتووە لەسەرجێناوێك، کە(ئەو ژنانەیە) لێرەدا ڕۆڵی(کارای) ڕستەکەی بینیوە، ئەم سەرجێناویەش پێکهاتووە لە(دەرخەرێك و دەرخراوێك)، لەگەڵ دوو ڕستەی تەواوکەر، ئەوانیش(ژێردەست و چەوساوەن)، کە هەریەکە لەو ڕستانە(سەرەی سەرجێناوەکانن) کە ناوە. لێرەدا بۆ خستنەڕووی ڕەنگدانەوەی ئەم نیشانە سینتاکسیە لەدەقی یاسای زمانی کوردیدا دەقێك وەردەگرین لەیاسای(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر")

**ماددەی هەشتەم/ برگەی یەکەم**:(ئەو کەسەی، پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆرکار پێش ئاشکرابوونی، یان لەکاتی پلان بۆ دانانی دەزگا تایبەتمەندەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە.... هتد).

ئەم دەقە لەڕستەیەکی سەرجێناوی پێکهاتووە، ئەویش بریتییە لە سەرجێناوی ڕستە سەرجێناویەکە، کە(ئەو کەسەی)ە، لەگەڵ چوار(ڕستەی تەواوکەر). هەروەکو لێرەدا پیشان دەدرێت:




ئەو ڕستە سەر جێناویەش لەڕێگەی جێناوی نادیاری سێیەمی تاکی(ئەو) دروست بووە، کە فۆڕمێکی نادیاری بە بکەری ڕستەکە و دەقەکە بەخشیوە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە خرایەڕوو، دەکرێت دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بەم شێوەی خوارەوە:




[١] بۆ زانیاریو وەرگرتنی زیاتر لەسەر ڕستەی سەرجێناوی، شی کردنەوەی ئەم جۆرە ڕستەیە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ. محمد محموی (٢٠٠١: ٢٤٨). ب.کاروان عومەر (٢٠٠٨: ٣٣- ٣٤، ١١٢- ١١٦).

## داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٢٢)

هەرچی دروستە ئەرکیەکەیەتی جگەلەئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕستەی سەرجێناوی دروست کردووە لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٢) دەخرێتەڕوو.

ڕستەی سەرجێناوی
بکەر: ف.ن = ڕستەی سەرەکی جێناوی
وشەکە: ئەو کەسەی پێش ڕوودانی.. تاوانی..هتد
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
بەشەکردار: کردار
وشەکە: دەزگا تایبەتیەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە.
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
کات: داهاتوو

## داڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٢)

ئەگەر لەڕوانگەی هەرسێ مێتا ئەرکیەوە ئەم ڕستەیە شیبکەینەوە، ئەوا مێتا ئەرکی بیریانەی بەشێوەیەکی لۆژیکی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە ئەم جێناوە کەسی نادیارە توانیویەتی فۆرمێکی نادیار و گشتگیر بەدەقەکە ببەخشێت، کە ئەمەش زۆر پێویستە لەدەقی یاساییدا هەبێت، چونکە هەر دەقێکی یاسایی، کە دادەنرێت، تەنها بۆ یەك کەس نییە، بەڵکو گشتگیرە و ئاراستەی هەرکەسێك دەکرێت، کە بەکردارەکە هەڵدەستێت. واتە لێرەدا توانیویەتی کۆزانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەنێوان کەسی هەواڵدەر لەسەر تاوانێك پێش ڕوودانی لەگەڵ ئەو سزایەی، کەبۆی دانراوە لێی کەم بکرێتەوە، بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ)ی باسەکەیە دەڕەخسێنێت، چونکە لەڕێگەی ئەو سەرجێناوە ئەوە دەستدەکەوێت، کە دەقەکە باس لەچی دەکات، هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیشەوە ئەم دەقە پەیوەندیەکی(دەسەڵاتداری و ژێردەستی) پیشان دەدات. بەمەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێنێت، کە(کرۆکی ئاخاوتنە)، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقە خوێنەر هەست بەو جیاوازیە دەکات، کە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەی سزاکە دیاری دەکات لەگەڵ ئەو کەسەی بەسەریدا جێبەجی دەبێت. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیانەشەوە توانیویەتی سەرتۆپی باسەکە بەکۆتایی دەقەکە ببەستێتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە(شێواز)ە بێتە کایەوە، کە تێیدا شێوازی چنینی دەقەکە پیشان دەدات، بەشێوەیەکی زنجیرەیی و یەك بەدوای یەکە نەك هەڕەمەکی.

هەروەکو خرایەڕوو ڕستەی سەرجێناوی لەدەقی یاساییدا هەمان ئەو خاسیەت و بنەمای دروست بوونی هەیە، کە لەڕستەکانی زماندا هەیەتی، بۆیە دەقی یاسایش، کە داڕشتەیەکی سینتاکسی تایبەت بەخۆی هەیە بەدوور نیە لەم نیشانەیە، بۆیە ئەگەر دەقی(یاسای بەرەنگابوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") وەبگیرێت، ژمارەیەکی دیاریکراو لەڕستەی سەرجێناوی بەشدارن لەداڕشتنی، هەروەکو لەماددەکانی(دووەم، شەشەم، هەشتەم، نۆیەم، سێزدەم و چواردەم)دا بونیان هەیە، کە هەمان ئەو ڕۆڵ و ئەرکە دەبینێت، کە لەداڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکی ماددەی هەشتەمدا خرایەڕوو.

## ٢/٢-٤) بەناوکردن "Nominalization":

یەکێکە لەو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەی، کە تێدا ناو هەڵدەگواسترێت لەبەشەکانی تری ئاخاوتنی وەکو(کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)، بەجۆرێك، دەکرێت بگوترێت لێکسیمێکی نوی بەرهەم دەهێنرێت لەبەشەکانی تری ئاخاوتن، هەروەکو(کاروان عومەر) دەڵێ:((بریتییە لەناساندنی ناو لەڕوانگەی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە لەڕێگەی فۆرمی وشە

دارێژراوەکانی. ئەم پرۆسەیە لەزمانەکانی جیهاندا ڕوودەدات بە هۆی ئەوەی، کە یان ئەوەتا ئاساییانە ڕێگە بەکردار دەدرێت وەك ناو بەکار بهێنرێت بێ هێچ گۆڕانێك یان ئەوەتا گۆڕان بەسەر کردارەکە دێنێت ئەوسا دەبێتە ناو وەك لەزمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت))[1]. بۆنموونە:

١٨) نوستن خۆشە.

لێرەدا وشەی(نوستن) ڕۆڵی(ناوی) بینیوە، کە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی(ناو) لەڕستەدا دەتوانێت ڕۆڵی(کارا) ببینێت هەروەکو لەڕستەی ژمارە(١٨) دەردەکەوێت. هەروەها(ڕەحم سورخی)یش لەو باریەوە دەڵێت((مێتافۆڕمێکی ڕێزمانیە کە تێیدا کردارەکان لە ڕێگای گوێزانەوەی ڕستیلەکانەوە وەك شتەکان دەنوێنرێتەوە. لەوانە،(کار/فرمان) بە جۆرێك لە ناو دەنوێنریێ.))[2].

لەزمانی کوردییدا پڕۆسەی(بەناوکردن/ هەڵگواستنی ناو) بەم ڕێگایانەی خوارەوەیە[3].

١) هەڵگواستنی ناو لەناوەوە.
٢) هەڵگواستنی ناو لەکردارەوە.
٣) هەڵگواستنی ناو لەئاوەڵکرارە.

هەریەکە لەم ڕێگایانەی سەرەوە بەپێی ئەو یاسایە مۆرفۆلۆژیەی دروست دەبن جیاوازیان تێ دەکەوێت، چ لەڕوانگەی ڕێگاکانیان، چ لەڕێگەی وەرگرتنی پێشگر و پاشگرەکان.

**لێرەشدا سەرجەمی کردەی(بەناوکردن)، کە لەدەقی یاسایی(بەڕەنگاربوونەوەی تۆقاندن " تیرۆر") بونیان هەیە دەخرێنەڕوو، کە سەرجەمیان ژمارەیان(١٠٢)یەکەن، بەڵام سەرجەمی دوبارەبوونەوەی بەناوکردنەکانیش هەژمارکراون، چونکە وشەی بەناوکراومان هەیە چەندین جار دووبارەکراوەتەوە، هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٢) دا دەخرێتەڕوو:**

| ژ | کردار | پرۆسەی بەناوکردن | ژمارەی دووبارە بوونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | بەکارهێنا | بەکارهێنا+ ن | ٦ جار |
| ٢ | ئەنجامدا | ئەنجامدا+ن | ١٠ |
| ٣ | ئەنجامی دەدە | ئەنجامی دەدە+ن | |
| ٤ | تۆقاند | تۆقاند+ن | ٦ |
| ٥ | دامەزراند | دامەزراند+ن | |
| ٦ | ڕێکخست | ڕێکخست+ن | |
| ٧ | بەڕێوەبرد | بەڕێوەبرد+ن | |
| ٨ | هاتوو | هاتوو+ن | ٥ |
| ٩ | تیرۆرکرد | تیرۆرکرد+ن | |
| ١٠ | دروستکرا | دروستکرا+و | ٢ |

[1] کاروان عومەر(چاوپێکەوتن: ٢٠١٤/٨/٩).
[2] رەحیم سورخی (٢٠١٣: ١٥ ).
[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ڕێگایانەی پرۆسەی بەناوکردن، بڕوانە نەرمین عومەر (٢٠١٠: ٢٤– ٤٨).

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | تێکدا | تێکدا+ن | ٤ |
| ١٢ | ڕوخاند | ڕوخاند+ن | ٤ |
| ١٣ | تەقاند | تەقاند+ن | |
| ١٤ | ئاراستەکرا | ئاراستەکرا+و | |
| ١٥ | مینرێژکراو | مینرێژکراو+ن | |
| ١٦ | چاند | چاند+ن | |
| ١٧ | مینرێژکرا | مینرێژکرا+و | |
| ١٨ | مرد | مرد+ن | ٢جار |
| ١٩ | کارتێکردن | کارتێکردن+ن | |
| ٢٠ | بەدەست هێنا | بەدەست هێنا+ن | |
| ٢١ | ناچارکرد | ناچارکرد+ن | |
| ٢٢ | دیاریکرا | دیاریکرا+و | |
| ٢٣ | دروستکرد | دروستکرد+ن | ٤جار |
| ٢٤ | کوشت | کوشت+ن | ٢جار |
| ٢٥ | برد | برد+ن | ٢جار |
| ٢٦ | چوو | چوو+ن | ٤ جار |
| ٢٧ | هاوکاریکرد | هاوکاریکرد+ن | |
| ٢٨ | دەق نوسکرا | دەق نوسکرا+و | |
| ٢٩ | حەشاردرا | حەشاردرا+ن | |
| ٣٠ | یارمەتیدا | یارمەتیدا+ن | |
| ٣١ | پێشکەشکرد | پێشکەشکرد+ن | ٢جار |
| ٣٢ | دەست پێکرد | دەست پێکرد+ن | |
| ٣٣ | جێبەجێکرد | جێبەجێکرد+ن | |
| ٣٤ | داراکرد | داراکرد+ن | |
| ٣٥ | فێرکرد | فێرکرد+ن | |
| ٣٦ | ئامادەکرد | ئامادەکرد+ن | |
| ٣٧ | هاورد | هاورد+ن | ٢ جار |
| ٣٨ | لەلابوو | لەلابوو+ن | |
| ٣٩ | لەکەڵك خست | لەکەلك خست+ن | ٢ جار |
| ٤٠ | تەرخانکرا | تەرخانکرا+و | |
| ٤١ | گەیاند | گەیاند+ن | ٣ جار |
| ٤٢ | ئامادەکراو | ئامادەکرا+و | ٣جار |
| ٤٣ | شێواند | شێواند+ن | |
| ٤٤ | ڕفاند | ڕفاند+ن | |
| ٤٥ | دەست بەسەرکرد | دەست بەسەرکرد+ن | |
| ٤٦ | بێبەشکرد | بێبەشکرد+ن | |
| ٤٧ | بینرا | بینرا+و | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨ | بیسترا | بیسترا+و | |
| ٤٩ | خوێندرا | خوێندرا+و | |
| ٥٠ | ڕاسپارد | ڕاسپارد+ن | |
| ٥١ | تێخست | تێخست+ن | |
| ٥٢ | دادگایکردن | دادگاکرد+ن | ٢ جار |
| ٥٣ | ئاشکراکرد | ئاشکراکرد+ن | |
| ٥٤ | ئاشکرابوو | ئاشکرابوو | |
| ٥٥ | دابین کرد | دابین کرد+ن | |

**خشتەی ژمارە(٢)**

هەریەکە لەو وشانەی سەرەوە لەبنەڕەتدا(قەدی کردارن)، بەڵام لەم دەقە یاسایەدا خاسیەتە سەرەکیەکان لەدەست داوە، کە(کردارین)، چونکە بەهۆی(نونی چاووگ) بەناو کراون، لەهەریەکە لەم دەقانەدا ڕۆڵی ناویان بینیوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، کە ئەم جۆرە بەناوکردنە پێویستە لەدەقی یاساییدا هەبێت، چونکە دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوە و سنووردارکرنی دەقە یاساییەکە، تاوەکو ڕێگربێت لە لێکدانەوەی زیاتر، بەڵکو وا دەکات ئەم دەقە تەنها ئەو مەبەستە بخاتەڕوو، کە مەبەستیەتی، هەروەها ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت کردەی بەناوکردنەکان تەنها لەکارەوە هەڵگواستراون، واتە لە(ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار) وەرنەگیراون.

## ٢/٢–٥ ) فرێزە پێشناویەکان و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراوەی دەقە یاساییەکاندا:

فرێزی پێشناوی یەکێکە لە کاتیگۆریە سینتاکسیەکان لەزماندا و کەڕەستەیەکی سەربارە لەڕستەدا، واتە دەبێتـە هۆی ڕونکردنەوەی واتای زیاتری ڕستەکە لەدەقەکەدا((سادەترین فرێزی پێشناوی لەپێشناوێك و تەواوکەرێك پێکدێت، پێش ناوەکە دەبێتە سەرەی فرێزەکە، واتە سەرە فرێزە پێش ناوەکە پێك دەهێنێت))[١]، واتە فرێزی پێشناوی پێکهاتووە لەسەرەیەك و گرێیەك، کە دروستەیەکی ناسادەیە و بەشەکانی چونەتە ناویەکترەوە، بەند نەبوونی هەریەکەیان بەیەکترەوە دەبێتەهۆی دروست نەبوونی فرێزەکە، واتە بەبێ بوونی هیچ کامێکیان فرێزە پێش ناویەکە دروست نابێت، بەشێوەیەك هاتنی ئەم دوو بەشەی فرێزەکە بەخورتیە نەك بەسەر پشکی، کە تێدا سەرە حوکم لەسەر تەواوکەرەکەی دەکات، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی(فرێزی پێشناوی)، بریتییە لەفراوانکردنی ئەو ڕستانەی بەشدارن لەدروستکردنی دەقەکاندا، بەشێوەیەك زۆرجار بوونی ئەم فرێزە پێش ناویانە زۆر پێویستە، چونکە دەبێتەهۆی زیاتر ڕونکردنەوەی سەرتۆپی باسەکە و سنوردارکردنی، بەڵام هەندێك جاریش دەبێتەهۆی دروستبوونی لێڵی واتایی و دوورکەوتنەوە لەواتای سەرەکی دەقەکە.

هەرچی ڕستەی درێژە لەزمانی کوردیدا، کە(ڕستەی ئالۆز)یشی پێی دەوترێت، ئەم ڕستەیە بەفرێز یان بەڕستە درێژکراوە، دەشێ فرێز یان ڕستەکان ڕستەی شوێنکەوتوو، یان فرێزی بەند یان فرێزی ئەدڤێربڵی بن یان ئاسایی دەشێ فرێزی ناوی بن یان(مۆدیفایەر/ دەرخەرێك) بێ و لەشێوەی فرێزێکی ئاوەڵناویدا بێت، کەواتە ئەرکی فرێزی پێشناوی یان فرێزی ناوی یان فرێزی ئاوەڵناو یان فرێزی ئەدڤێربڵی زیاتر بریتیە لە(دەرخەری/ مۆدیفایەری) جا ئەگەر لە پێش ڕستە سەرەکیەکەوە بێت پێیان دەوترێت(Premodifier) یان ئەگەر


---

[١] ئومێد بارزان (٢٠١٢: ٢٩).

لەپاش رستەکەوە بێن پێیان دەوترێت(postmodifier). ئەم فراوانکردنەش زیاتر بۆ مەبەستی ڕونکردنەوەی ڕستە(سەرەکیەکەیە)، ئەوەی زیاتر درێژی دەدات بەڕستە سەرەکیەکە و ڕونکردنەوەی زیاتری لەسەر دەدات پێی دەگوترێت(ڕستەی شوێنکەوتوو)، ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژە دانە، یەکێك لەنیشانە سینتاکسیە هەرە گرنگەکانی دارِشتەی زمانی یاسای بونی ڕستەی درێژە، بەشێوەیەك هەندێك جار یەك دەقی یاسای تەواو لەڕستەیەکی درێژ پێکهاتووە، کەچەندین ڕستەیە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە یان نیشانەکانی خاڵبەندیەوە گرێدراون و واتا یاساییەکەیان دەربڕیوە. بۆ خستنەڕووی زیاتری ئەم ڕاستیە و شیکردنەوەی چۆنیەتی و چەندایەتی ڕەنگدانەوەی فرێزە پێشناویەکان و ڕستەی درێژ لەدەقە یاسایەکاندا شیکردنەوەی کاریگەری ئەم نیشانە سینتاکسیە دەکرێت لەدەقی(بەڕەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر")دا، هەروەك لەم چەند دەقەدا نیشان دەدرێت.

ماددەی سێیەم/ برگەی(١): "تێکدان، ڕوخاندان، لەکەلەك خستن، زیان پێگەیاندن، بەتەواوی، یان بەبەشێك لەتەلارو دامەزراوە و سامانی گشتی، یان ئە تایبەتمەندیانەی تەرخان کراون بۆ فەرمانگەو بەرژەوەندیە حکومیەکان، بۆ دەزگا گشتیەکان، بارەگای حزبەکان، یان ئەو کۆمەڵانەی بەیاسا ناسێراون، یەکێك لەدامەزراوەکانی نەوت، هەر دامەزراوەیەکی هەرێم، ئێسگەی وزەی کارەباییو ئاوی، پرد، بەنداو، ئاوەڕۆی گشتی، هۆیەکانی گەیاندنو دامەزراوەکانی ئەو شوێنانەی ئامادەکراون بۆ کۆبوونەوە گشتیەکانو شوێنەکانی خواپەرستی یان شوێنەکانی ئامادەکراو بۆ هامووشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك کە گرنگی هەبێت لەئابووری نیشتمانی بەمەبەستی تیرۆرکاری، بۆ شێواندنی ئاسایش و ئارامی لەهەرێمدا".

ئەگەر لەم دەقە بڕوانرێت، دەبینرێت دەقەکە لەخۆیدا ڕستەیەکی درێژە، کە فرێزی سەرەکی(کە سەرتۆپی سەرەکییە) و چەندین فرێزی پێناویو فرێزی دەرخەری(کە وەك سەرتۆپی لاوەکینو ڕوونکردنەوەی سەرتۆپی سەرەکییەکەن) پێکهاتووە. بەم شێوەیە بۆ خستنەڕووی دارِشتەیە پێکهاتەیی و ئەرکی ڕستە درێژەکە، هەوڵدەدرێت دارِشتەکەیان شیبکرێتەوە:





**دارِشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٢٣)**

ئێستا ئەگەر لەفرێزی ناوی سەرەکی ڕستەکە وردبینەوە، دەبینرێت فرێزێکی ناوی فراوانکراوە بە(٤) چوار(ناوی ڕووداو) پاشان خودی ئەم فرێزە ناوییە بە(٣) سێ(فرێزی پێشناوی) ڕونکردنەوەی زیاتری

لەسەردراوەو دواتر بەهۆی(٥) پێنج(فرێزی دەرخەری/ پاڕستە)وە، کە وەك مۆدیفایەری فرێزی ناویەکەن ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر سەرتۆپە سەرەکیەکە دراوە، کە هەریەکە لەو(فرێزە دەرخەر) یانەش بەفرێزی پێشناوی تر فراوانکراون، بۆیە بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوەی واتای یاسایی هەر فرێزێکی دەرخەری بەچەند فرێزێکی پێشناوی زیاتر شیکراوەتەوە بەم جۆرە:

- فرێزی دەرخەری یەکەم بە(٢) دوو ف. پ فراوانکراوە.
- فرێزی دەرخەری دووەم بە(٢) دوو ف. پ فراوانکراوە.
- فرێزی دەرخەری سێیەم جگەلەوەی بەفرێزی ناوی فراوانکراوە، لەهەمان کاتدا، بە(٢) دوو(ف. پ) تر فراوانکراوە.
- فرێزی دەرخەری چوارەم تەنها بە(١) یەك فرێزی ناوی فراوانکراوە.
- فرێزی دەرخەری پێنجەم بە(٣) سێ ف. پ فراوانکراوە.
- بەم شێوەیە ئەگەر ئاماری ئەم دەقە بکرێت بۆخۆی ڕستەیەکی درێژە لە(١٢) سنوردار پێکهاتووە.

هەرچی داڕشتەی ئەرکی ئەم ڕستەیەیە، بریتیە لە:




**داڕشتەی ئەرکی(٢٣)**


هەرچی ئەرکی ڕستەی سەرەکیە لەم دەقەدا، لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی ڕستەی سەرەکی بینیوە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەم ڕستەیە لەڕێگەی هەریەکە لەفرێزە پێشناویەکانی [(بەتەواوی) ،(بەبەشێك)،(لەتەلارو دامەزراو وسامانی گشتی)]، کە بۆ فرێزە ناویە فراوانکراوەکە دەگەڕێنەوە، بۆتە هۆی دیاریکردن و سنوردارکردنی واتایی دەقەکە هەروەکو لە داڕشتەی پێکهاتەکەی پیشاندراوە، بەڵام هاتنی فرێزە پێشناویەکانی تر، کە دەگەڕێنەوە بۆ دەرخەرەکانی ژمارە(١)،(٢) ،(٣) بۆنەتە هۆی فراوانی واتایی ڕستەکە، لەجیاتی سنوردارکردن و دیاریکردنی واتاکەی و دەقەکەی زیاتر لێڵ کردووە. ئەمەش بەهۆی ئەو هەموو فرێزانە، کە بەهۆی زانیاری دانی زیاتر لەسەر سەرتۆپە سەرەکییەکە بۆتەهۆی ونبوونی واتا سەرەکییەکە، لەبەر ئەوەی هاتنی دەستەواژەی(سامانی گشتی) بەسە بۆ ئەم دەقە، چونکە ئەگەر لەجیاتی(سامانی

گشتی)(سامانی تایبەتی) بەکارهێنرابوایە ئەوکات پێویستی بەو هەموو ڕونکردنەویە دەکرد و نەدەبوە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی درێژبڕی، بەڵام لێرەدا هاتنی دەستەواژەی (سامانی گشتی) بەسە بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئەو فرێزە پێشناوییانەی، کە لەدەرخەرەکاندا خرانەڕوو. ئەگەرچی فرێزە دەرخەرەکانی(٤) و(٥) بونەتەهۆی سنورداركردن و دیاریکردنی زیاتری واتای دەقەکە، چونکە لەڕێگەی ئەم فرێزانەوە توانراوە زانیاری مەبەست بگەیەنرێت.

لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەوە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی لۆژیکی توانراوە واتای فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئەزموونی زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەنێوان فرێزەکان، هەروەکو لەشیکردنەوەی داڕشتەی ئەرکیەی خرایەڕوو، بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە(سەرتۆپ)ە دێتەکایەوە. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیانەشەوە، پەیوەندیەکە(دەسەڵاتداری و ژێردەستتیە)، بەمەش بنەمای دووەمی(تیۆری شێوەی دووان) کە(کرۆکی ئاخاوتن)ە دەڕەخسێنێت، چونکە خوێنەر هەست بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازە دەکات، کە لەنێوان بەشداربووانی ئەم ئاخاوتنەدا هەیە، هەرچی مێتا ئەرکی دەقیانەشە لەڕێگەی ئامرازەکانی لکاندنی دەقەوە توانراوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەسترێتەوە. بەمەش بنەمای سێیەم (تیۆری شێوەی دووان)، کە(شێواز)ە دێتە کایەوە، چونکە شێوازی چنینی دەقەکە دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی فەرمیو زنجیرەییە، نەك داڕشتەیەکی هەڕەمەکی و نافەرمی.

ماددەی سێیەم/ برگەی(٨):(دروست کردن، هاوردن یان لەلابونی تەقەمەنی ئاگرە تریشقە، ئامێری دروست کراو بۆ تێکدان، ڕووخاندن یان هەر ماددەیەك لەپێکهاتەیی ئەوانەوە بێت، هەروەها ئەو دەزگا و ئامێر و کەرەستانەی لەدروستکردنیان یان لەتەقاندنەوەیان بەکاردێن، ئەگەر بەبەکارهێنانەکەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆر کاری بێت)

ئەگەر لەم دەقە بڕوانرێت، دەبینرێت دەقەکە لەخۆیدا ڕستەیەکی درێژە و پێکهاتووە لەڕستەیەکی سەرەکی کە(سەرتۆپ)ی باسەکە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لەڕێگەی چەندین فرێزی پێشناوی و دەرخەری فراوانکراوە، کە تێیدا هەریەکە لەو(فرێزە پێشناوی و دەرخەریانە) وەکو سەرتۆپی لاوەکی وان بۆ سەرتۆپە سەرەکییەکە دەگەڕێنەوە، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو پێویستە داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم ڕستە درێژکراوە دیاری بکرێت، هەروەکو دەخرێتەڕوو:



## داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە(٢٤)

لەئەنجامی دیاری کردنی داڕشتەی پێکهاتەی ئەم ڕستەیە دەردەکەوێت، کە ڕستە سەرەکیەکە بەفرێزێکی ناوی فراوان کراوە، واتە بە(٢)(ناوی ڕووداو)، پاشان خودی ئەم فرێزە ناویە بەهۆی(فرێزێکی پێشناوی) ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر دراوەو دواتر بەهۆی(٢)(فرێزی دەرخەر)یەوە، کە هەریەکە لەو فرێزە پێشناوی و دەرخەریانە وەك مۆدیفایەری فرێزە ناویەکان، بونەتە هۆی ڕونکردنەوەی واتای یاسای هەر فرێزێکی دەرخەری بەچەند فرێزێکی پێشناوی، واتە فراوانکردنەکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

فرێزی دەرخەری یەکەم بە(٣) سێ ف. پ فراوانکراوە.

فرێزی دەرخەری دووەم بە(١) یەك ف. پ فراوانکراوە.

بەم شێوەیە ئەگەر ئاماری ئەم دەقە بکرێت، کە بۆ خۆی ڕستەیەکی درێژە لە(٥) فرێزی پێشناوی و(٢) فرێزی دەرخەری پێکهاتووە.

هەرچی داڕشتەی ئەرکی ئەم ڕستەیە، بریتیە لە:

ڕستەی درێژکراو
- ڕستەی أ= ڕستەی سەرەی
  - بکەر
    - ف.ن
      - وشەکە: دروستکردن، هاوردن، لەلابوونی تەقەمەنی... هتد
      - ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
  - بەشە کردار
    - کردار
      - وشەکە: هەرماددەیەك لەپێکهاتەی ئەوانەدابێت
      - ژمارە: کەسی سێیەمی کۆ
      - کات: داهاتوو
- ڕستەیب= ڕستەی شوێنکەوتوو ١
  - بکەر
    - ف.ن
      - وشەکە: ئەو ئامێرو کەسەتانەی...
      - ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
  - بەشە کردار
    - کردار
      - وشەکە: لەتەقاندنەوەوەیان بەکاردەهێنرێت
      - ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
      - کات: داهاتوو
- ڕستەیج= ڕستەی شوێنکەوتوو ١
  - بکەر
    - ف.ن
      - وشەکە: بەکارهێنانەکەیان بۆ...
      - ژمارە: کەسی سێیەمی کۆ
  - بەشە کردار
    - کردار
      - وشەکە: بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت
      - ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
      - کات: داهاتوو

## داڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٤)

هەرچی ئەرکی ڕستەی سەرەکیە لە دەقەکەدا، لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی ڕستەی سەرەکی بینیوە، لەپاڵ ئەوە ئەم ڕستەیە لەڕێگای فرێزی ناوی فراوان کراو بە(٢) ناوی ڕووداو و(١) فرێزی

پێشناوی و(٢) فرێزی دەرخەری لەرووی واتاوە فراوانکراوە، کە هەریەکە لەو فرێزانە ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسنوردارکردن و دیاریکردنی واتای دەقەکە، چونکە ئەم فرێزانە زانیاری زیاتریان لەسەر سەرتۆپی باسەکە دایە. ئەمەش بۆتە هۆی دورکەوتنەوەی دەقەکە لەلێڵی واتای ، لەکاتێکدا ئەمە زۆر پێویستە لەدەقی یاساییدا هەبێت.

هەروەها لەڕوانگەی مێتا ئەرکی بیریانەشەوە هەریەکە لەڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێکخراون، کە بەیەکەوە توانیویەتیان زانیاریەکی هاوسەنگ بڕەخسێنن لەناو دەقەکەدا. بەمەش بنەمای یەکەمی(تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێنێت، کە(سەرتۆپ)ە، چونکە لەڕێگەی ئەم بەدوای یەکەدا هاتنە لۆژیکیە دەزانرێت سەرتۆپی باسەکە چییە. لەهەمان کاتدا لەڕێگەی، مێتا ئەرکی کەسیانەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربووانی ئەم دەقە لە(دەسەڵاتداریەوە بۆ ژێردەستییە)، بەمەش بنەمای(دووەمی تیۆری دووان) دەڕەخسێنێت، کە(کرۆکی ئاخاوتنە)، چونکە لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەم دەقە، خوێنەر هەست بەجیاوازی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نیوان بەشداربوان دەکات، هەرچی مێتا ئەرکی دەقیە توانراوە لەڕێگەی ئەو ئامرازە لکێنەرانەی بەشدارن لەداڕشتنی سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەسترێتەوە، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان) دێتە کایەوە، کە(شێوان)ە، چونکە هەر لە داڕشتنی چنینیی دەقەکە ئەوە دەست دەکەوێت، کە ئەم دەقە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و یەك بەدوای یەکی و فەرمیانە داڕێژراوە، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

لەکۆتایی ئەم نیشانە سینتاکیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ، ڕاستە ئەرکی فرێزەکان لەداڕشتنی دەقە یاساییەکاندا، دەبێـتە هۆی سنوردارکردن و دیاریکردنی واتای دەقەکە و دورکەوتنەوەی لە لێڵی واتایی و لێکدانەوەی زیاتر هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە(٢٤) خرایەڕوو، بەڵام ئەمە مەرج نییە بۆ داڕشتنی هەموو ماددە و بڕگەیەك دەست بدات، چونکە جاری وا هەیە دەبێتە هۆی لێڵ کردنی واتای دەقەکە و درێژبڕی و لێکدانەوەی زیاتر لەخۆ هەڵدەگرێت هەروەکو لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(٢٣) دا خرایەڕوو ،لە کاتێکدا ئەم جۆرە لێڵی و لێکدانەوەی واتاییە نابێت لەدەقی یاساییدا هەبێت.

## ٢/ ٣) نیشانە دەقیەکان(**Discourse features**):

لەم ئاستەدا پێویستە باس لەو بنەما تایبەتیانە بکرێت، کە بەشدارن لەبەرهەمهێنانی دەقێکی پتەو، بەجۆرێك لادان لەو بنەما سەرەکیانە دەبێتەهۆی دروستکردنی لێڵی واتایی لەدەقەکەداو دروستبوونی نادەقی[١]، ئەوانیش بریتین لە:

٢/ ٣–١)لکاندن(cohesion).

٢/ ٣–٢) بەندکردن(coherence)[١].

---

[١] پتەوی دەق لەڕێگەی ئەو هۆکارانەوە دیاری دەکرێت، کە دەبنە هۆی پێکەوە بەستنی بەشەکانی دەق، تاکو لەلێڵی واتایی بەدور بێت، یەکێك لەهۆکارە بنەڕەتیەکانیش ئەو ئامرازانەی لکاندنی دەقن، کە ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەیە لەدروست بوونی دەقێکی پتەو.

## ٢/ ٣-١) لكاندن(**cohesion**):

مەبەست لەم لكێنەرە زیاتر لایەنی ڕێزمانی دەگرێتەوە، کە وشە و ڕستەکانی ناو دەق بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم لکێنەرە چەند ئامرازێکی دیاری کراوی هەیە، هەریەکە لەم ئامرازانە دەرکەوتنیان لەدەقە یاسایەکاندا جیاواز دەبێت لەچاو دەقی ئاسایدا، چونکە ئامرازی لکاندن هەیە لەدەقی یاسایدا، پێویستە هەبێت، بەڵام لەدەقی ئاسایدا هەبوونی دەبێتە هۆی لێڵی واتایی. زۆرێك لەزمانەوان پێیان وایە، شێوەی دووانی یاسایی ئاستێکی نزمی لەئامرازەکانی لکاندن تێدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی ڕوونی وشەکان لەم شێوە دووانەدا[٢]، واتە نابێت ئامرازەکانی(لکاندنی دەق cohesion) بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەنگدانەوەیان، هەبێت لەدەقە یاساییەکاندا، چونکە لێڵی واتای دروست دەکەن. هەروەك دواتر لەشیکردنەوەی دەقەکاندا دەخرێتەڕوو.

لکاندنیش دەبێتە دوو جۆرەی سەرەکی(لکاندنی رێزمانی، لکاندنی وشەیی)[٣]

٢/ ٣-١-١) لکاندنی رێزمانی: ئەمەش دەبێتە سەر چوار جۆری سەرەکی:

٢/ ٣- ١-١-١) ئاماژە(Reference)[٤].

**أ/ دەقە ئاماژە:**

١-دەقە ئاماژەی پێشەوە(Anaphora).

٢-دەقە ئاماژەی دواوە(Cataphora).

**ب/ دەرەئاماژە**

**ا- ١) دەقە ئاماژەی پێشەوە(Anaphora):**

ئەم جۆرە ئاماژەیە لەو دەقانەدا هەیە، کە دەبێت سەرچاوەی سەرەکی هەبێت لەدەقەکاندا، ئەو کەرستانەی بەدوای ئەو دادێن بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرچاوە سەرەکیەی، کە لەسەرەتاوە هاتووە، بۆ نموونە:

٢٠) [ئازاد] زۆری هەوڵدا دەربچێت، بەڵام [ئەو] سەرکەوتوو نەبوو[٥].

لەم نمونەیەدا جێناوی کەسی سێیەمی تاکی(ئەو) ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوەی بینیوە بۆ(ئازاد)، کە لەسەرەتایی ڕستەکەدا هاتووە.

لێرەدا ئەگەر دەقی یاسایی(بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن"تیرۆر") وەربیگرێت، بێ گومان بێ بەش نابێت لەم جۆرە لکێنەرە. بەڵام زۆری دەرکەوتنی لەدەقی یاساییدا، ڕەنگە لێڵی دروست بکات، ئەمەش دواتر لەڕێگای شیکردنەوەی دەقەکانی لەم وەچە پارەدا دەردەکەوێت

---

[١] لەم لێکۆلینەوەیەدا، باس لەم تایبەتمەندیەی دەق ناکرێت، چونکە تەنها دەمانەوێت تیشك بخەینەسەر پتەوی دەق، لەڕێگەی لکاندنەوە (cohesion). واتە لەم پارەی لێکۆڵینەوەیە تەنها جەخت دەخرێتە سەر نیشانەکانی لکاندنی دەق.

[٢]Damova,P. (٢٠٠٧:٢٤)

[٣] شێرکۆ حمە أمین (٢٠٠٩: ٤٤).

[٤] قەیس کاکل (٢٠٠٢: ٤٩ ).

[٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم جۆرە نمونەیە بڕوانە ، قەیس کاکل (٢٠٠٢: ٥٠).

أ-٢) دەقە ئاماژەی دواوە(**Cataphora**):

ئەم جۆرە ئاماژەیە بەپێچەوانەی دەقە ئاماژەی پێشەوەیە، ئاماژە بۆ کەرەستەیەك دەكات، لەدوای خۆیەوە دێت[١]، بۆ نموونە:

١٩) كوردستانی باشور لە پێنج پارێزگا پێكهاتووە، كە بریتین لە:

(دهۆك، هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، كەركوك).

لەم نموونەی سەرەوەدا دەستەواژەی(بریتین لە) دەبێتە دەقە ئاماژەی دواوە، ئاماژە بۆ ناوی ئەم پارێزگایانە دەدات كە ئاماژەی پێكردوون.

**ب/ دەرە ئاژمارە :** ئەو جۆرە ئامرازەیە، كە سەرچاوە سەرەكیەكەی لەدەقدا نییە، بەڵكو وشەكە ئاماژە بۆ كەرەستەیەك یان شتێك دەكات، كە لەدەرەوەی زمان دایە، بۆ نموونە:

٢٠) پیاوەكە مرد.

لێرەدا وشەی(پیاوەكە)، ئاماژە بۆ ناوی كەسێك دەكات، كە لەدەرەوەی دەقەكە دایە.

**٢/ ٣-١-١-٢) بریتی خستن(Subutrutiom):**

مەبەست لەو ئامرازەی لكێنەری دەق ئەوەیە، كە كەرەستەیەكی تر لەبری كەرستە سەرەكیەكە، لەڕستەكانی دواتردا بەكاردێت، بەڵام هەمان واتاو ئەركی ڕێزمانی هەیە، تەنها فۆرمی جیاوازە، واتە دەبێت، كەرەستە بریتی خراوەكە هەر هەبێت ، بۆ نموونە:

٢٢)[كراسەكەم] دڕا، دەبێت [یەكێكی تر] وەرگرم.

لێرەدا كەرەستە(بریتی خراوەكە)، وشەی(یەكێكی ترە)، لەبری كەرەستە سەرەكیەكە بەكارهاتووە، كە(كراسەكە)یە، واتە بریتی خراوەكە هەمان ئەركی ڕێزمانی كەرەستە سەرەكیەكەی دەبێت.

**٣/٢-١-١-٣) كرتاندن(Ellipsis):**

كردارێكە لەناو دەقدا ڕوودەدات، هەروەك(بریتی خستن) وایە، بەڵام هیچ كەرستەیەك لەجیاتی كەرەستەی كرتاوەكە نایەت[٢]، واتە كەرەستە سەرەكیەكە لەڕستەی دواتردا كەرەستەیەكی تری لەشوێن دانانرێت، بەڵكو دەكرتێندرێت، بۆنمونە:

٢٣–من سێوم خوارد، ئازادیش هەرمێ [$\emptyset$(خوارد) كرتاوە]

لەڕستەی دووەمدا كردەی كرتاندن ڕوویداوە، كە كاری ڕستەكە دەگرێتەوە، ئەویش كاری(خواردن)ە.

**٣/٢-١-١-٤) بەستن:**

یەكێكی تر لەڕێگاكانی لكاندنی دەق كردەی(بەستن)ە، ئەركی سەرەكی پێكەوەبەستنی بەشەكانی ناو دەقە، بەهۆی كۆمەڵێك ئامراز و وشەی تایبەتەوە، كەبریتین لە(و، بەڵام، لەگەڵ، ئەوەشدا، چونكە، بۆیە، دواتر، پاشان)[٣]. بۆ نموونە:

---

١ قەیس كاكل (٢٠٠٢: ٤٩ ).

٢ قەیس كاكل (٢٠٠٢: ١٥٤).

٣ شێركۆ ئەمین (٢٠٠٩: ٧٠– ٧٤١).

٢٥/ ئازاد نەهات بۆ کۆنفرانسەکە، [لەگەڵ ئەوەشدا] دوای لێبوردنی نەکرد.

لێرەدا ئامرازی بەستنی(لەگەڵ ئەوەشدا) هەریەك لەم دوو ڕستەیەی بەیەکەوە بەستۆتەوە.

### ٢-١-٣/٢) لکاندنی وشەیی(**Lexical Cohesion**):

مەبەست لەو جۆرە لکاندنە دووبارەبوونەوەی وشە گرنگەکانە لەدەقدا، ئەویش بەچەند شێوەیەکە یان لەڕێگەی وشەی هاوواتایی یان دژواتا، یان دووبارەکردنەوەی وشەیەك لەهەمان دەقەدا، کە هەریەکە لەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە لەسەر پتەوکردنی دەق[١]، بۆ نموونە:

٢٦) ئەمڕۆ پارێزگاری [هەولێر] ڕایگەیاند، بارودۆخی شاری [هەولێر] ئارام بۆتەوە.

لەم ڕستەیەدا وشەی(هەولێر)، کە ناوی شارێکی کوردستانە(٢) جار دووبارە بۆتەوە، ئەمەش بۆ گرنگی ناوی شارەکە دەگەڕێتەوە لەم ڕستەیەدا، چونکە زیاتر مەبەستی گەیاندنی زانیاریە لەسەر ناوی ئەم(شارە).

٢٧) ئەگەرچی(مەرزییەی فەریقی) نزیکەی(١٠) ساڵە [مردووە]، بەڵام بە [زیندوویی] ماوەتەوە لەلایەن هەوادارانی.

لەم نمونەیەشدا، هەریەکە لەوشەکانی(زیندو) و(مردوو) دژواتای بەرانبەرن، بەڵام بەکارهێنانی هەریەکە لەم وشانە دەبێتەهۆی پتەوکردنی واتای ڕستەکە، بەشێوەیەك هەریەکەیان جەمسەرێك دەگرێت و گرنگی زیاتری دەردەکەوێت لەبەرانبەر وشەکەی تردا.

بەمەبەستی شیکردنەوەیەکی وردی زانستیانە ئەم(نیشانانەی دەق) وەردەگرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ لێکدانەوەی دەقیانەی دەقی یاسایی لەزمانی کوردیدا. بۆ ئەم مەبەستەش دەقی ماددەکانی(یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") وەردەگیرێت و پەیوەست بەتێگەیشتنی ئامرازەکانی لکاندنی دەقەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. شیکردنەوەکەش دوو مەبەستی تەواوکەریانە لەخۆدەگرێت، بەوەی، کە لەلایەك دەیکەینە بنەمایەك بۆ شیکردنەوەی ڕەنگدانەوەی ئەم بنەما نیشانەییانەی دەق لەداڕشتەی دەقی یاسایی زمانی کوردیدا و لەلایەکی تریشەوە شیکردنەوەکە بەکاردەهێنرێت بۆ تێگەیشتن لەوەی، کە ئایا ئەم نیشانە دەقیانە لەدەقی یاسایدا سودمەندە یان زەرەرمەند؟ واتە ئایا بوونی ئەم نیشانە دەقییانە لەدەقی یاسایدا مەودای تێگەیشتن لە کرۆکی یاساییەکان ساناتر دەکات یان ئاڵۆزترو لێڵتر؟ ئایا لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت، بگوترێت، کە داڕشتەی دەقی یاسایی لەزمانی کوردیدا بەپێچەوانەی سەرجەم داڕشتنە دەقییەکانی تری زمانی کوردی جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە؟!

بەمەبەستی گەیشتن بەوڵامێکی زانستیانە سەرجەم بۆچونەکانی ماددەکانی دەقی یاسایی(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") وەردەگرێت و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت بەپێی ڕەنگدانەوەی ئەو نیشانە دەقیانەی لەدەقەکەدا بوونیان هەیە، بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم: "کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە هەڕەشەی پێکردنیەت[ی]،[Ø ] هاندانە بۆ[ ی]،[ یان] پیاهەڵدانیەت[ی] [کە] [تاوانکار] پەنا[ی]بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی تاوانکاری، [کەسێك] [یان] [کەسانێك] پێ[ی] هەڵدەستێن[یان] [تاکێك] [یان] [کۆمەڵە کەسانێك] دەکەنە ئامانج،[ یان]هەر بەهەڕەمەکی ئەنجام[ی] دەدەن بەنیاز[ی] نانەوەی تۆقاندن [و]ترس[و]شلەزان

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکە لەجۆرەکانی لکاندنی وشەیە، بڕوانە: شێرکۆ حمد امین (٢٠٠٩: ٨٣– ٩٥).

[و]ئاژاوەنانەوە لەنێو [جەماوەردا] [بۆ ئەوەی] زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامی [و]ئاسایش [و] سەلامەتی [کۆمەڵگا] [و] [هەرێم] [Ø]،[ژیانی تاکەکەسان] [Ø ]، سەربەخۆی[یان] [ Ø]، پیرۆز [یان] [ Ø]، ئاسایش[یان] [ Ø]، بخرێتە مەترسیەوە، [یان]بۆ زیان پێگەیاندن بە[ژینگە]، بەیەکێك لەسەرچاوە گشتیەکان بە دەسگا، سامانە گشتی،[یان]تایبەتیەکان بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری، [یان] ڕەگەزی".

کاتێك شیکردنەوەیەی دەقانە، بۆ ئەم یاسایە دەکرێت، دەبینرێت ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازەکانی لکاندنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاوازی هەیە لەوەی تریان، هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٣)دا، دیارە:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە(ی) | ١ |
| ٢ | دەرە ئاماژە | ١٠ |
| ٣ | بریتی خستنی جێناوە لکاوی(ی) | ٦ |
| ٤ | بریتی خستنی جێناوە لکاوی(یان) | ٣ |
| ٥ | کرتاندنی گرێکاری(بخرێتە مەترسیەوە) | ٤ |
| ٦ | کرتاندنی گرێ بەند | ٢ |
| ٧ | بەستن | ١٥ |
| ٨ | لکاندنی وشەی(تاوانکار، کەس) | ٥ |

**خشتەی ژمارە(٣)**

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکە لەجۆرەکانی ئامڕازی لکاندن، کە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا بەشدارن، دەتوانرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی، هەروەکو لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

١- کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدارە.

٢- هەڕەشە پێکردنیەت[ی بریتی خراوە لەجیاتی(کردەوەی تیرۆر)]

٣- هاندانە بۆ [ ی بریتیی خراوە لەجیاتی(کردەوەی تیرۆر)]

٤- پێهەڵدانیەت [ ی بریتیی خراوە لەجیاتی(کردەی تیرۆر)]

٥- [تاوانکار(دەرە ئاماژە)] پەنا [ ی بریتی خراوە لەجیاتی(کرەوەی تیرۆر)] بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری.

٦- [ کەسێك(دەرە ئاماژە)] [یان(بەستن)] [کەسانێك(دەرە ئاماژە)] پێ[ی(دەقە ئاماژەی پێشەوەیە بۆ(تاوانکار)] هەڵدەستێن.

٧- [تاکێك(دەرە ئاماژە)] [یان(بەستن)] [کۆمەڵە کەسانێك(دەرە ئاماژە)] دەکەنە ئامانج.

٨- هەر بەهەڕەمەکی ئەنجام[ ی دەقە ئاماژەی پێشەوە ]دەدەن.

٩- بەنیازی نانەوەی تۆقاندن [و(بەستن)] ترس و شلەژان [و(بەستن)] ئاژاوەنانەوە لەنێو [جەماوەر(دەرە ئاماژە)] دا [بۆ ئەوەی(بەستن)]زیان بەسیستەمی گشتی بگات.

١٠- ئارامی [و(بەستن)] ئاسایش [و(بەستن)] سەلامەتی [کۆمەڵگا(دەرە ئاماژە)] [و(بەستن)] [هەرێم(دەرە ئاماژە)] ،[ Ø(بخرێتە مەترسیەوە) کرتاوە].

١١- ژیانی [تاکە کەسەکان(دەرە ئاماژە)] [ Ø بخرێتە مەترسیەوە].

١٢–سەر بۆخۆی [ یان بریتی خراوە لەجیاتی(تاکە کەسەکان)] [ Ø بخرێتە مەترسیەوە].
١٣– پیرۆز[ یان بریتی خراوە لەجیاتی(تاکە کەسەکان)] [ Ø بخرێتە مەترسیەوە].
١٤–ئاسایش [ یان بریتی خراوە لەجیاتی(تاکە کەسەکان)] بخرێتە مەترسیەوە.
١٥–بۆ زیان گەیاندن [بەژینگە(دەرە ئاماژە)] [ Ø (بۆ بەدەستهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایەفەگرەی، یان ڕەگەزی) ] .
١٦– [ بۆ زیان گەیاندن(Ø کرتاوە)] بەیەکێك لەسەرچاوە گشتیەکان [ Ø (بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسیو هزری، ئایینی، تایەفەرگەری، یان ڕەگەزی)].
١٧– [ Ø بۆ زیان گەیاندن ] بەسامانە گشتی یان تایبەتیەکان بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسیو هزری و ئایینی، تایەفەگەری یان رەگەزی.

لەئەنجامی وردبوونەوە لەم خشتە و ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە(٣٦) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی و(٥) ئامرازی لکاندنی وشەیی، وەك نیشانەی دەق بەکارهاتووە، کە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز و تایبەتی لەم دەقەدا جێبەجێکردووە، بەشێوەیەك لەهەندێکیان سودیان بۆ دەقەکە هەبووە، بەڵام هەندێکی تریان بونەتە هۆی دروستکردنی لێڵی واتای، هەروەکو جێناوی لکاوی(ی) سەر وشەی(ئەنجام)، کە ڕۆڵی(ئاماژەی پێشەوەی) بینیوە بۆتەهۆی دروست بونی لێڵی، چونکە بۆ سەرتۆپی باسەکە دەگەڕێتەوە، کە(کردەوەی تیرۆر)ە، جگەلەمە هەریەکە لە(ی)ەکانی سەر وشەکانی(هەڕەشە پێکردن، هاندانو پیاهەڵدان)، کە زیادن و پێویست بەو هەموو دووبارەی نیە بۆ ئەوەی ڕۆڵی(بریتی خستن) ببینن، بەڵکو لەکۆتایی هەرسێ وشەکە(کرەوەی تیرۆر) بنوسرێت، هەروەها کرتاندنی گرێکاری(بخرێتە مەترسیەوە) لەدوای ڕستەی(ئارامی و ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا و هەرێم)، جگەلەمەش جێناوی لکاوی(یان)، کە ڕۆڵی(بریتی خستنی) بینیوە لەوشەکانی(سەربەخۆیان، پیرۆزیان) زیادن و پێویست ناکات بێن لەدوای ئەم وشانە. واتە هەریەکە لەو ئامرازانەی لکاندن ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەیە لەلێڵ کردنی دەقەکەدا، بەڵام لەبەرانبەردا بوونی نیشانەکانی تری لکاندنی ڕێزمانی لکاندنی وشەی کە لەخشتەی ژمارە(٣) دا خرایەڕوو سوودیان بۆ پتەوکردنی دەقەکە هەبووە و توانیویەتی واتایەکی پتەوتری یاسایی لەدەقەکەدا بڕەخسێنێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەیە ئەم دەقە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە. ئەمیش لەڕێگەی گەڕانەوەی ئەو ئامرازە لکێنەرانە، کە بونەتە هۆی لێڵی لەدەقەکەدا. هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

" کردەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەڕەشە پێکردن [و]هاندان[و] پیاهەڵدانە [بەکردەوەی تیرۆر] کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێك یان کەسانێك پێی هەڵدەستێ و تاکێك یان کۆمەڵە کەسانێك دەکەنە ئامانج، یان هەر بەهەڕەمەکی [کردەوەی تیرۆر]ئەنجام دەدەن، بەنیازی نانەوەی تۆقاندن و ترس و شڵەژان لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بە سیستەمی گشتی بگات [و] ئارامی و ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا و هەرێم[بخرێتە مەترسیەوە]. ژیانی تاکە کەسەکان و سەربەخۆی[یان Ø] پیرۆزی[یان Ø] ئاسایشیان بخرێتە مەترسیەوە، بۆ زیان پێگەیاندن بە ژینگە، بەیەکێك

لەسەرچاوە گشتیەکان، بەدەسگا، سامانی گشتی، یان تایبەتیەکان بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری یان ڕەگەزی".

ماددەی دووەم:"ئەم کارانەی خوارەوە]بە [تاوانی]تیرۆرکاری[(تۆقاندن)]دادەنرێت [و] سزا[یان] لەناو بردنە(إعدام)".

دامەزراندن[Ø]،ڕێکخستن[Ø] ،[یان]بەڕێوەبردنی رێکخراو و کۆمەڵە، دەستە، باند، بنکە [یان]کۆمەڵێك [Ø]، بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو[تاوانە] [تۆقێنەرانەی][لەم یاسایەدا]هاتوون)).

ئەم دەقە یاسایەش ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازەکانی لکاندنی ڕێزمانی و وشەی تێدایە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەیە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، کە لەخشتەی ژمارە(٣)دا جۆر و ژمارەی بەکارهێنانیان دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی دواوە(ئەم کارانەی خوارەوە، لەوتاوانە تۆقێنەرانە، لەم یاسایەدا) | ٣ |
| ٢ | بریتی خستنی جێناوی لکاوی(یان) | ١ |
| ٣ | کرتاندنی(کردەوەی تیرۆر بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت) | ٣ |
| ٤ | بەستن ٢(یان)، ١(و) | ٣ |
| ٥ | لکاندنی وشەی دوبارەبوونەوی،٢(تۆقاندن)، ٢(تاوان) | ٤ |

**خشتەی ژمارە(٤)**

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بەشداریکردنی هەر(١٤) چواردە ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی و وشەی لەم دەقەدا، دەکرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆڕستە پێکهێنەرەکانی. هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:-

١- [ئەم کارانەی خوارەوە(دەقە ئاماژەی خوارەوە)] بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت.

٢- سزا[ یان بریتی خراوە لەجیاتی(ئەوان/تاوانکاران)].

٣- دامەزراندنی [Øکردەوەی تیرۆر بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت].

٤- ڕێکخستنی [Øکردەوەی تیرۆر بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت].

٥- بەڕێوەبردنی ڕێکخراو [کۆمەڵە]، دەستە، باند، بنکە[یان][کۆمەڵێك][Øکردەوەی تیرۆر بەتاوانی[تۆقاندن]دادەنرێت] بەئامانجی ئەنجامدانی [یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانە(دەقە ئاماژە)]ی [لەم یاسایەدا(دەقە ئاماژە)] هاتوون.

لە ئەنجامی ئەم شیکردنەوەیە، کە لەم خشتە و ڕستانەی سەرەوەدا خرایەڕوو، ئەو ئامرازە لکاندنانەی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەدا ژمارەیان(١٤)ە، بەڵام هەندێك لەم ئامرازانە بونەتە هۆی لێڵی واتایی لەدەقەکەدا، هەروەکو ئامڕازی لکاندنی کرتاندن، کە(کردەوەی تیرۆر بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت) کرتاوە لەڕستەکانی دواتردا، لەهەمان کاتدا دەستەواژەی(لەم یاسایەدا هاتوون) کە ڕۆڵی ئاماژەی بینیوە، نازانرێت بۆ کام یاسا دەگەڕێتەوە، ئایا مەبەستی لەیاسای(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن"تیرۆر")ە یان ماددەکانی پێش خۆی یان دوای خۆی یاخود مەبەستی لێی تەنها ئەو کردەوانەیە، کە لەم برگەیەدا

هاتووه، چونكه سزاكان بەپێی مادده و بڕگەكانی ئەم یاسایه دەگۆڕێن، هەروەها دووباره بوونەوەی وشەی(كۆمەڵ) لەم دەقەدا، ئەگەرچی دووبارەبوونەوەی وشە بۆ زیاتر پتەوكردنی دەقەكە و گرنگی وشەكەیە بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەوەیە، چونكە تەنها یەكجار پێویستە بەكاربهێنرێت. ئەمە جگەلەوەی، كە فایزەی(،) نێوان هەریەكە لەوشەكانی(دامەزراندن) و(ڕێكخستن) دەبێت بگۆڕدرێت بۆ ئامڕازی بەستنی(و)، هەروەها وشەی(كۆمەڵ) و ئامڕازی بەستنی(یان) پێش ئەم وشەیەش لێڵیان دروستكردووە. بەڵام لەبەرانبەردا ئامڕازەكانی تری لكاندن، كە بەشدارن ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەداڕشتنی دەقەكە، بۆیە لەڕوانگەی ئەم شیكردنەوەیە دەكرێت جارێكی تر ئەم دەقە دابڕێژرێتەوە لەڕێگەی گەڕانەوەی بەشێك لەئامرازەكانی لكاندنەوە هەروەكو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

"دامەزراندن[و] ڕێكخستنی [كردەوەی تیرۆرستی]، یان بەڕێوەبردنی ڕێكخراو و كۆمەڵە، دەستە، باند، بنكە بەئامانجی ئەنجامدانی یەكێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون،[بەتاوانی تیرۆركاری دادەنرێتو سزایان لەناوبردنە(إعدام)]".

ماددەی دووەم/ بڕگەی سێیەم "تیرۆركردن بۆ مەبەستی سیاسی [Ø]، [Ø]ئایدۆلۆجی[ Ø] [یان] [ Ø]بەكافردانان[ Ø]".

ئەگەر لەم دەقە ڕابمێنین، دەبینرێت، دەقەكەدا لەناوەخنیدا، ژمارەیەكی دیاریكراو كردەی لكاندنی كرتانی تێدا ڕوویداوە، كە لەهەر یەكەیان، وەكو نیشانەیەكی دەقیانە لەدەقەكەدا ئەركی دیاری كراوی خستۆتەڕوو ، هەروەكو لەخشتەی ژمارە(٥)دا دیارە:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەكارهێنان |
|---|---|---|
| ١ | كرتاندن | ٤ |
| ٢ | بەستن | ١ |

**خشتەی ژمارە(٥)**

بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی ئەو(٢) ئامڕازی لكاندنە، كە(٦) جار ڕوویداوە لەم دەقەدا، دەتوانرێت دەقەكە شیبكرێتەوە بۆڕستە پێكهێنەرەكانی و بەگەڕانەوەی بەشە كرتاوەكان بۆ ڕستەكان لێڵییەكە دەڕەوێتەوە. بەم شێوەی خوارەوە:

١- تیرۆركردن بۆ مەبەستی سیاسی [ Øبەتاوانی تیرۆركاری دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە].

٢- [تیرۆركردن بۆ مەبەستی Ø]ئایدۆلۆجی [ Øبەتاوانی تیرۆركاری دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە].

٣- [تیرۆركردن بۆ مەبەستی Ø]بەكافردانان [ Øبەتاوانی تیرۆركاری دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە].

لەشیكردنەوەی خشتەی ژمارە(٥) و ئەم ڕستانەی سەرەوە، دەگەین بەو ئەنجامەی، كە ئەوەی لێڵی واتایی دروست كردووە لەم دەقەدا، بریتیە لە كرتاندنی(گرێی كردار)(بەتاوانی تیرۆركاری دادەنرێت و سزایان لەناو بردنە) لەدوای وشەی(بەكافردانان)، واتە ئەگەرچی لەبەشەكانی تری دەقەكە كرتاندن

ڕوویداوە، بەڵام نەبۆتە هۆی دروستکردنی لێڵی واتایی. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو دەتوانرێت دەقەکە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە،بۆ نەمانی لێڵی واتایی بەم شێوەی خوارەوە:

"تیرۆرکردن بۆ مەبەستی سیاسی، ئایدۆلۆجی، یان بەکافردانان[بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێتو سزایان لەناوبردنە]".

ماددەی دووەم/ بڕگەی چوارەم"[ Ø]بەبارمتە گرتنی[کەسێك یان کەسانێك]بۆ کارتێکردن لە[دامو دەزگاکانی هەرێم]، لەو دەستە[و] [ڕێکخراوە نیشتمانی] [یان] [نێودەوڵەتیانەی لەهەرێمدا]کاردەکەن بۆ بەدەست هێنانی هەر جۆرە[سودێك] [یان] [کەلکێك]،[Ø]، ناچارکردن[یان]بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو،[یان]نەکردن[ ی]،[یان]دروستکردنی بارێك لەتۆقاندن[ Ø]"

بێگومان ئەم دەقەش لەناوەخنیدا ژمارەیەکی دیاری کراو لەئامرازەکانی لکاندنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە هەریەکەیان وەکو نیشانەیەکی دەق لەداڕشتنی ئەم دەقەدا ڕۆڵی خۆی هەیە ، بەڵام بە ژمارە و ئەرکی جیاواز، هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٦) دا دیارە:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە | ٥ |
| ٢ | دەقە ئاماژەی دواوە(لەو دەستە و....هتد) | ١ |
| ٣ | بڕیتی خستنی جێناوی(یان) و(ی) | ٢ |
| ٤ | کرتاندن | ٣ |
| ٥ | بەستن(یان) | ٥ |
| ٦ | لکاندنی وشەیی(دووبارە بوونەوە، دژواتایی، هاوتا) | ٦ |

**خشتەی ژمارە(٦)**

لەم دەقەکەدا(٢٢) جار کردەی لکاندنی ڕێزمانی ووشەیی بەکارهاتووە، کە هەریەکەیان بەپێی ژمارەی بەکارهێنانی و ئەرکەکەی جیاوازی تێدەکەوێت، بۆ پیشاندانی هەریەکە لەم ئامرازە لکێنەرانە، دەتوانرێت ئەم دەقە شیبکرێتەوە، بۆڕستە پێکهێنەرەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- [ Ø کردەوەی]بە بارمتەگرتنی[کەسێك(دەرە ئاماژە) ] [یان] [کەسانێك(دەرە ئاماژە)] بۆ کارتێ کردن لە[دامو دەزگاکانی هەرێم(دەرە ئاماژە)] [لەو دەستەو ڕێکخراوە نیشتمانی(دەرە ئاماژە)] [یان(بەستن)] [نێودەوڵەتی(دەرە ئاماژە)] [لەهەرێمدا(دەرە ئاماژە)]کاردەکەن بەدەست هێنانی هەر جۆرە [سودێك(لکاندنی وشەیی)] [یان(بەستن)] [کەلکێك](لکاندنی وشەیی)،[Øکە بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە].

٢- ناچارکردن[یان بڕیتی خراوە لەجیاتی(کەسێك یان کەسانێك)] بۆ [ئەنجامدانی] کارێکی دیاری کراو [یان] [ نەکردنی] [بڕیتی خروە لەجیاتی(کارێکی دیاریکراو)] [Ø بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێت وسزایان لەناوبردنە].

٣- [یان(بەستن)]دروست کردنی بارێك لەتۆقاندن [ Ø بەتاوانی تیرۆر کاری دادەنرێتو سزایان لەناوبردنە].

لەئەنجامی وردبوونەوە لەخشتە و ڕستانەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت لەکۆی ئەو(٢٢) جار کردەی لکاندنە ئەوەی ڕۆڵی هەبووە لەلێڵ کردنی واتای ئەم دەقە، بریتییە لە:(کرتاندنی گرێی کاری) ، کە(بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت و سزایان لەناوبردن)ە جگەلەوەی، کە ئەو(یان)ەی ڕۆڵی بریتی خستنی بینیوە لەوشەی(ناچارکردنیان) لەجیاتی(کەسێك یان کەسانێك) بەکارهاتووە بۆتەهۆی دروستبوونی لێڵی، بەڵام لەبەرانبەردا ئامرازی لکاندنەکانی تر سودیان بۆ پتەوبوونی دەقەکە هەیە، هەروەکو لە لکاندنی وشەی دووبارەبوونەوەی(کەسێك یان کەسانێك) و و دژواتای(ئەنجامدان و نەکردنی) و هاوواتای(سودێك یان کەلکێك) دەردەکەوێت لەدەقەکەدا، هەروەها بە گۆڕینی نیشانەی خاڵبەندی فاریزە(،) بە ئامرازی بەستنی(یان) لەپێش وشەی(ناچارکردن)، جگەلە گۆڕینەوەی ئامرازی بەستنی(یان) بە(یاخود)، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت جارێکی تر دەقە دابڕێژرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو لێڵی واتایەی هەیەتی هەروەکو لەخوارەوە دەردەکەوێت.

[کردەوەی] بە بارمتە گرتنی کەسێك یان کەسانێك بۆ کار تێکردنی لە دام و دەزگاکانی هەرێم، لەو دەستەو ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیانەی لەهەرێمدا کار دەکەن بۆ بەدەست هێنانی هەر جۆرە سودێك یان کەڵکێك [بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێت] [یان] ناچارکردنی [ئەو کەسانە] بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو یان نەکردنی، [یاخود] دروست کردنی بارێك لەتۆقاندن [بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە].

ماددەی دووەم/ بڕگەی ٨"[Ø]ئاسانکاری هاتنە ژوورەوە [Ø] [و] [ Ø] چونە دەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆرستان [Ø]،[Ø] چەشاردان[یان]،[بەخۆی]،[یان] بەکەسێکی دی[Ø]،[Ø]یارمەتی دان[یان] بەهەواڵپێدان [Ø]،[Ø] پێشکەش کردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێن بۆ پلان دانان [Ø]،،[یان] [یان]بۆ دەستپێکردنی جێبەجێ کردنی تاوانی تیرۆرکاری، [Ø]بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت".

لەم دەقەشدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازەکانی لکاندن بەشدارن لەداڕشتنی، کە هەریەکەیان، وەکو نیشانەیەکی دەق ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەدەقەکەدا و ئەرکی جیاوازیان جێبەجێ کردووە، هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٧) دا دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە(بەخۆی، کەسێك) | ٢ |
| ٢ | بریتی خستن(یان) | ٣ |
| ٣ | کرتاندن | ١٢ |
| ٤ | بەستن(یان، و) | ٣ |
| ٥ | وشەی دژواتا(هاتنە ژوورەوە، چونەدەرەوە) | ٢ |

**خشتەی ژمارە(٧)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ئامرازانەی لکاندن، کە بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، دەتوانرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی. هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

١- [Øسزای] ئاسانکاری هاتنەژوورەوەی [Øهەرێم بۆ تیرۆرستان لەناوبردنە بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت].

٢- [Øسزای ئاسانکاری] چونە دەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆرستان [Ø لەناوبردنە بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت].

٣- [Øسزای] حەشاردان[یان(بریتی خوارەوە لەجیاتی تیرۆرستان)] [بەخۆی(دەرە ئاماژە)] [یان(بەستن)] [بەکەسێکی(دەرە ئاماژە) ] دی [Øلەناوبردنە، بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت].

٤- [Øسزای] یارمەتی دان[یان(بریتیی خراوە لەجیانی(تیرۆرستان)] بەهەواڵدان [Øلەناوبردنە بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت].

٥- [Øسزای یارمەتی دانی تیرۆرستان] بەپێشکەشکردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێت بۆ پلاندانان [Øلەناوبردنە بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت].

٦- [Øسزای یارمەتی دانی تیرۆرستان] بۆدەست پێکردنی جێبەجێ کردنی تاوانی تیرۆرکاری،[Øلەناوبردنە] بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت.

بەوردبوونەوە لەم خشتەیەو ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە لەم دەقەدا(٣٢) ئامرازی لکاندن وەك نیشانەی دەقی بەکارهاتووە. کە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز و تایبەتمەندی لەدەقەکەدا جێبەجێکردووە، بەشێوەیەك کە هەندێکیان سودیان بۆ دەقەکە هەبووە بۆتەهۆی پتەوکردنی دەقەکە. جگەلەوەی، کرتاندنی سەرتۆپی باسەکە، کە(سزایە) لەسەرەتای دەقەکەدا و جێناوی لکاوی(یان)، کە ڕۆڵی بریتی خستنی بینیوە لەجیاتی وشەی(تیرۆرستان) بەکارهاتووە لەوشەی(حەشاردانیان)، سەرەڕای کرتاندنی جۆری سزاکە لەسەرتاپای دەقەکە، کە بریتیە لە(لەناو بردن)، بەڵام نیشانەکانی تر بەپێچەوانەوە بونەتە هۆی پتەوکردنی دەقەکە. بۆیە لەڕوانگەی ئەو ڕونکردنەوانەی لەسەر ئەم دەقە خرانەڕوو دەتوانرێت جارێکی تر ئەم دەقە دابرێژرێتەوە بۆ ڕەواندنەوەی لێڵی واتاییەکەی. هەروەك لەخوارەوە دێتە بەرچاو:

"[سزای] ئاسانکاری هاتنەژوورەوە و چونەدەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆرستان و حەشاردانی [تیرۆرستان] بەخۆی[1] یان بەکەسێکی دی، یان یارمەتی دانیان بەهەواڵپێدان [و] پێشکەش کردنی ئەو زانیاریانەی بەکاردێت بۆ پلاندانان، یان بۆ دەست پێکردنی جێبەجێ کردنی تاوانی تیرۆرکاری، [لەناوبردنە] بەمەرجێك بەکارەکە بزانێت".

ماددەی سێیەم

" [ئەم کارانەی خوارەوە] بەتاوانی تۆقاندن(تیرۆر) دادەنرێت [و] سزاکە[یان] زیندانی هەتا هەتاییە.

دەست بەسەردا گرتنی فرۆکەی مەدەنی [و] ڕفاندن[ی] سزاکە[ش]-[ـی] دەبێتە لەناوبردن(إعدام) [ئەگەر] کردەوەکە مردنی [کەسێك یان]. پتری لێ کەوتەوە".

ئەم دەقەش لەڕێگەی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئامرازی لکاندن دروست بووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی دیاری کراوی خۆی و ئەرکی جیاوازی جێبەجێکردووە، هەروەکو لەخشتەی ژمارە(٨) دا دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی دواوە(ئەم کارانەی خوارەوە) | ١ |
| ٢ | دەقە ئاماژەی پێشەوە(ڕفاندنی) | ١ |
| ٣ | دەرە ئاماژە(کەسێك، سزاکەشی) | ٢ |
| ٤ | بریتی خستن(یان) | ١ |
| ٥ | بەستن(ئەگەر، یان، و، ش) | ٥ |

[1] لەڕاستیدا (جێناوی خۆی) تەنها لەماددەی (٢/ برگەی ٨) یەکجار بەکارهاتووە، بۆیە نەتوانراوە وەك نیشانەیەکی فەرهەنگی هەژماری بۆ بکرێت، لەبەرئەوە تەنها وەك نیشانەیەکی دەق کە ڕۆلی (دەرە ئاماژە) دەبینێت ئاماژەی بۆ کراوە.

**خشتەی ژمارە(٨)**

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەرکی هەریەکە لەو ئامرازانەی لەداڕشتەی ئەم دەقەکەدا بونیان هەیە، ئەوا دەقەکە شیدەکرێتەوە بۆڕستە پێکهێنەرەکانی: هەروەك لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

١- [ئەم کارانەی خوارەوە(دەقە ئاماژەی دواوە)] بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت.

٢- سزاکە[یان(بریتی خراوە لەجیاتی(کردارەکان)] زیاندانی هەتا هەتاییە.

٣- دەست بەسەردا گرتنی فرۆکەی مەدەنی [و(بەستن)] ڕفاندن[ی(ڕۆلی دەقەئاماژەی پێشەوەی بینیوە لە جیاتی(فرۆکەی مەدەنی)] سزاکە[ش(بەستن)] ـ[ی(ڕۆڵی دەرە ئاماژەی بینوە ئاماژە بەو کەسە دەکات کە لەدەرەوەی دەقدایە)] دەبێتە لەناو بردن.

٤- ئەگەر کردەوەکە مردنی [کەسێك(دەرە ئاماژەی)] [یان] پتری لێ کەوتەوە.

لەشیکردنەوەی ئەم دەقە بەخستنەڕووی خشتەیەك و شیکردنەوەی دەقەکە بۆڕستە پێکهێنەرەکانی، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە(١٠) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بەشدارن لە داڕشتنی، بەجۆرێك هەریەکەیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و گرنگیان هەیە لەداڕشتنی دەقەکەدا، واتە هیچ کامێکیان نەبونەتە هۆی دروستکردنی لێڵی واتای لەدەقەکەدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا لێڵیەکەی دروست کردووە، بریتییە لە نەگونجانی(ئەوسزا) یەی، کە لەسەرەتایی ماددەکە ئاماژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەو سزایەی، کە لە بڕگەی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ کردووە، چونکە لەسەرەتای ئەم ماددەیە دەگوترێت :(ئەم تاوانانەی خوارەوە سزایان زیندانی هەتا هەتاییە)، کەچی لەم بڕگەیەدا، کە هی هەمان ماددەیە، دەگوترێت:(سزاکەی دەبێتە لەناوبردن)(إعدام)، کە هەریەکە لەم دوو ماددەیە دوو بابەتی زۆر جیاوازن لەدەستوردا، بەجۆرێك هەریەکەیان فرمانی جێبەجێکردنی لە لایەن دوو دەسەڵاتی جیاوازەوە دەردەکرێت، چونکە بەپێی یاسای وڵاتی ئێمە(دادوەر) ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە فرمانی(زیندانی هەتاهەتایی) دەربکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەرچی سزای لە(ناوبردنە)(دادوەر) تەنها دەتوانێت بڕیارەکە دەربکات، بەڵام ناتوانێت بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە ،چونکە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە تەنها لە دەسەڵاتی(سەرۆکی حکومەت)ە[١].

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە بگونجێت لەگەڵ ماددەکەی، دەبێت جارێکی تر بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕژرێتەوە:

"دەست بەسەرداگرتنی فرۆکەی مەدەنیو ڕفاندنی، سزاکەی دەبێتە [زیندانی هەتا هەتایی]، ئەگەر کردەوەکە مردنی کەسێك یان پتری لێ بکەوێتەوە".

ماددەی سێ یەم/بڕگەی سێیەم:"[Ø] ڕفاندن [Ø]، [Ø] دەستگیرکردن [Ø] دەسبەسەرکردن [Ø]، [Ø] [Ø]بێبەشکردن [کەسێك] لەئازادی، بەهەر شێوەیەك بێت، بۆ قاچاندنەوەی(ابتزاز) دارای، [یان] بەمەبەستی سیاسی بەپاڵنەرێکی تیرۆرکاری [Ø]".

---

[١] لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠٠٥)ز مادەی (١٠) بڕگەی (٧)دا هاتووە، ئەگەرچی (أعدام) بە یاسای ژمارە(٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٣) ڕاگیرا، بەڵام بە یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٦ کاری پێکرایەوە.

ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازەکانی لکاندن بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقە. بۆ خستنەڕووی جۆر و ژمارەی هەریەك لەو ئامرازانە لەدەقەکەدا ئەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕوو.

| ژ | جۆری نشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە(کەسێك) | ١ |
| ٢ | کرتاندن | ٨ |
| ٢ | بەستن | ٢ |

**خشتەی ژمارە(٩)**

بەڵام بۆ خستنەڕووی ئەرکی هەریەکە لەو ئامرازانەی لەداڕشتنی ئەم دەقەدا بونیان هەیە، ئەوا دەقەکە شی دەکەینەوە بۆڕستە پێکهێنەرەکانی. هەروەکو لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

١) [Øسزای] ڕفاندنی [Øکەسێك بۆ قاچاندنەوەی دارایی بێت یان بەمەبەستی سیاسی بە پلانێکی تیرۆرکاری زیندانی هەتا هەتاییە].

٢) [Øسزای] دەست گیرکردنی [Øکەسێك بۆ قاچاندنەوەی دارایی بێت یان بەمەبەستی سیاسی بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری زیندانی هەتا هەتاییە].

٣) [Øسزای] دەست بەسەرکردنی [Øکەسێك بۆ قاچاندنەوەی دارایی بێت یان بەمەبەستی سیاسی بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری زیندانی هەتا هەتاییە].

٤) [Øسزای] بێبەش کردنی کەسێك لەئازادی بەهەر شێوازێك بێت، بۆ قاچاندنەوەی(ابتزاز) دارایی، [یان] بەمەبەستی سیاسی بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری [Øزیندانی هەتا هەتاییە].

لەئەنجامی خستەڕووی شیکردنەوەی ئەم دەقە لەڕێگەی خشتەی ژمارە(٩) و ئەم ڕستانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی،لە(١١) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی پێکهاتووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان هەیە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، بەڵام بە ئەرك و تایبەتمەندی جیاواز، بەجۆرێك کە هەندێکیان بونەتەهۆی دروست بوونی لێڵی واتایی لەدەقەکەدا، هەروەکو ئامرازی لکاندنی کرتاندن، کە ڕووی داوە لە سەرتۆپی دەقەکە، کە بریتیە لە(سزا)، لەهەمان کاتدا کرتاندنی(فرێزی خستنەپاڵی یاسایی)(زیندانی هەتا هەتایی) لەکۆتایی دەقەکەدا، هەروەها بوونی نیشانەی خاڵبەندنی(،) لەجیاتی ئامرازی بەستنی(و)، بۆیە لە داڕشتنەوەی دەقەکە پێویستە لەجیاتی(،)(و) دابنرێت، بەڵام لەبەرانبەردا ئامرازەکانی تر کە لە خشتەکەدا خرانەڕوو بونەتە هۆی پتەوی دەقەکە بۆیە لەڕوانگەی ئەم ڕونکردنەوانەی لەسەرەوە خرانەڕوو دەتوانرێت جارێکی تر ئەم دەقە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە:

"[سزای] ڕفاندن [و] دەستگیرکردن [و] دەستبەسەرکردن یان بێبەشکردنی کەسێك لەئازادی، بەهەر شێوازێك بێت [زیندانی هەتا هەتاییە]، [جا] بۆ قاچاندنەوەی دارایی، یان بەمەبەستی سیاسی بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاری [بێت]".

ماددەی سێیەم/ بڕگەی حەوتەم:

" چونە ناو یەکێك لەولایەنانەی لە [بڕگەی یەکەمی] [ماددەی دووەمی] [ئەم یاسایەدا] هاتوون و [Ø] بەئەندام بوون تیایدا [Ø] ".

ئەم دەقە ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازەکانی لکاندنی ڕێزمانی تێدایە، بەڵام بەجۆر و ژمارەی جیاواز، کە هەریەکەیان وەکو نیشانەیەکی دەق بەشداره لەداڕشتنی دەقەکە، بۆ خستنەڕووی ئامڕازەکانی لکاندن لەم دەقەدا، ئەم خشتەیەی خوارەوە دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە | ٣ |
| ٢ | کرتاندن | ١ |
| ٤ | بریتی خستن | ١ |
| ٥ | بەستن(و) | ١ |

**خشتەی ژماری(١٠)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ئامرازانەی لکاندن، کەژمارەیان(٦)ە لەم دەقەکەدا، دەکرێت دەقەکە شیبکەینەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

١- چونە ناو یەکێك [لەو لایەنانەی(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] [لەبڕگەی(١)ی ماددەی دووەم(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] [ئەم یاسایەدا(دەقە ئاماژەی پێشەوە)]هاتوون [و] بەئەندام بوون تیا [یدا(ی) ڕۆڵی بریتی خستنی بینیوە لەجیاتی(ئەو لایەنانەی کەلەماددەی دووەمدا هاتوون بەکارهاتووە)]،[$\emptyset$ بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێتو سزایان زیندانی هەتا هەتاییە].

بەورد بوونەوە لەم خشتە و ڕستەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە(٦) ئامڕازی لکاندنی دەقە بەشدارن لە داڕشتنی، کە هەریەکە ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام بەئەرکی جیاواز، بەشێوەیەك هەندێکیان بونەتە هۆی دروستبوونی لێڵی واتایی لەدەقەکەدا، هەروەکو بەهۆی ئامڕازی لکاندنی(کرتاندن)، کە(گرێکی کردارییە) و ئەویش بریتیە لە:(بەتاوانی تۆقاندن دادەنرێت و سزایان لەناوبردنە)، بەڵام لەبەرانبەردا ئامڕازەکانی تری لکاندن، کە لەخشتەکەدا خرانەڕوو ڕۆڵیان هەبووە لەپتەوکردنی دەقەکەدا، بۆ خستنەڕووی ئەوەی خرایەڕوو لەسەر ئەو ئامڕازە لکێنەرانەی، کە بۆتە هۆی لێڵی دەق، دەتوانرێت جارێکی تر دەقەکە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە، ئەویش بەگەڕاندنەوەی بەشە کرتاوەکە:

" چونە ناو یەکێك لەو لایەنانەی لەبڕگەی(١)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و بەئەندام بوون تیایدا [بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێت و سزایان زیندانی هەتا هەتاییە] "

ماددەی چوارەم/ بڕگەی پێنجەم:

"[ $\emptyset$ ] ئەنجامدانی [تاوانێك] [لەو [تاوانە]تۆقێنەرانی] [لەم یاسایەدا] هاتوون ئاگاداربێت [و] دەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادارنەکاتەوە [و] [ $\emptyset$ ] [کەس]لەفەرمانەکانی [ئەم بڕگەیە] بەدەرناکرێت".

بێ گومان ئەم دەقەش ژمارەیەکی دیاریکراو ئامڕازی لکاندنی تێدایە، کە هەریەکەیان، وەکو نیشانەیەکی دەق بەکارهاتوون لەم دەقەدا. هەروەکو لەخشتەی ژمارە(١١)دا دەخرێنەڕوو.

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە | ٣ |
| ٢ | دەرە ئاماژە | ١ |
| ٣ | کرتاندن | ٢ |
| ٤ | بەستن | ٢ |
| ٥ | لکاندنی وشەی دووبارەبوونەوە(تاوان) | ٢ |

**خشتەی ژمارە(١١)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر ئەرکی هەریەکە لەو ئامرازانەی لەدارشتنی ئەم دەقەدا بونیان هەیە، دەکرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستەی پێکهێنەرەکانی، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

١- [ Ø هەرکەسێك] بەئەنجامدانی تاوانێك [ لەو تاوانە تۆقێنەرانەی(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] [لەم یاسایەدا(دەقە ئاماژەی پێشەوە)]هاتوون ئاگاداربێت [و(بەستن)] دەزگا گشتیەکانی لێ ئاگادار نەکاتەوە [ Ø سزا دەدرێت بەزیندانی لە ١٠ ساڵ تێپەڕنەکات].

٢- [ کەس(دەرە ئاماژە)] لەفەرمانەکانی [ ئەم بڕگەیە(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] بەدەرناکرێت.

لەئەنجامی وردبوونەوە لەخشتەی ژمارە(١١) و ڕستەکانی سەرەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە(١٠) ئامرازی لکاندن بەشدارن لەدارشتنی ئەم دەقەدا، کە هەریەکەیان ئەرکی جیاوازیان جێبەجێکردووە، بەشێوەیەك هەندێکیان بونەتە هۆی لێڵ کردنی دەقەکە، وەکو ئامرازی لکاندنی(کرتاندن)، کە لەسەرتۆپی باسەکە ڕوویداوە، ئەویش(هەرکەسێك)ە، لەهەمان کاتدا کرتاندنی بەشێکی سەرەکی لەم بڕگەیە، بریتیە لە(سزا دەدرێت بەزیندانی لە(١٥) ساڵ تێ پەڕ نەڕکات). بەڵام لەبەرانبەردا ئامرازەکاتی تری لکاندن کە لەخشتەکە خرایەڕوو ڕۆڵیان هەیە لەپتەوکردنی دەق، بۆیە پێویستە جارێکی تر دەقەکە دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەی لێڵی واتاییەکەی بڕەوێتەوە. هەروەکو لەخوارەوە پیشان دەدرێت:

"[هەرکەسێك] بەئەنجامدانی تاوانێك بەر تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگادار بێت و دادگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە [ سزا دەدرێت بەزیندانی کە لە ١٥ ساڵ تێ پەڕنەکات]، کەس لەفەرمانەکانی ئەم بڕگەیە بەدەرناکرێت".

ماددەی حەفتەم: "فەرمانەکانی [ماددەی(٤٧)ی] یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزای [ ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی] هەموارکراوی کارا، بەسەر [ ئەو کەسەدا ] دەکرێت [کە] هەواڵی [ ئەو تاوانە]ی[لەم یاسایەدا] هاتووە دەدات سەبارەت بەئاشکرا نەکردنی ناسنامەکە [ی] کاتێ هەواڵی ڕوودانی [ئەوتاوانە] دەگەیەنێت [و] ناکرێتە شایەد".

ئەگەر لەم دەقەش ڕابمێنین، دەبینرێت، دەقەکە لەناواخنیدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازە لکاندنەکانی لەخۆیادا هەڵگرتووە، کە هەریەکەیان بۆخۆیان وەکو نیشانەیەکی دەقیانە ئەرکی دیاریکراوی خستۆتەڕوو، هەروەك لەخشتەی(١٢)دا دیارە:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە | ٣ |
| ٢ | دەرە ئاماژە | ٣ |
| ٣ | بریتی خستنی(ی) | ١ |
| ٤ | کرتاندن | ١٢ |
| ٥ | ئامرازی بەستن(و، کە) | ٢ |
| ٦ | لکاندنی دووبارەبوونەوەی وشەی(تاوان) | ٢ |

**خشتەی ژمارە(١٢)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر ئەرکی هەریەکە لەو ئامرازە لکێنەرانەی لەم دەقەدا بەکار هاتوون، دەکرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی، هەروەکو دەخرێتەڕوو:

١) فەرمانەکانی [ ماددەی(٤٧)(دەرە ئاماژە)] ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزای ژمارە [(٢٣)ی ساڵی ١٩٧١(دەرە ئاماژە)] هەموارکراوی کارا، بەسەر [ ئەو کەسەدا(دەرە ئاماژە)] پیادە دەکرێت.
٢) کە هەواڵی [ئەو تاوانە(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] ی [ لەم یاسایەدا(دەقە ئاماژەی پێشەوە)] هاتووە دەدات سەبارەت بە ئاشکرانەکردنی ناسنامەکە [ی(بریتی خراوە لەجیاتی(ئەو کەسەی)] کاتی هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانە دەگەیەنێت.
٣) [ $\emptyset$ ئەو کەسە] ناکرێتە شایەد.

بەووردبوونەوە لەخشتەی ژمارە(١٢) و ئەم ڕستانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە لەم دقەکەدا(٢٣) ئامڕازی لکاندن وەك نیشانەی دەقی بەکارهاتووە، کە هەریەکەیان ئەرکێکی جیاواز و تایبەتمەندی لەدەقەکەدا جێبەجێکردووە، بەشێوەیەك کە هەندێك لەم ئەرکانە سودیان بۆ دەقەکە و گەیاندنی واتای یاسایی هەبووە و هەندێکی تریان بونەتە هۆی لێڵی و دەبوو بوونیان نەبوایە. لەم ڕوانگەیەوە ئامڕازە لکاندنەکانی دەرە ئاماژەی(ئەو کەسە) بونەتە هۆی لێڵی لەدەقەکەدا، چونکە دەرە ئاماژەی(ئەو کەسە) دەبوایە بەڕستەیەك ناسێنرابا تا خوێنەر بزانێت مەبەست لەو کەسە کێیە؟ کەسی تۆمەتبارە بەتاوانەکە یان کەسی زانیاری بەخشە لەسەر تاوانەکە، کە ئا ماددە نیە زانیاری لەسەر خۆی بدات یان کەسی زانیاری بەخشە لەسەر تاوانەکە، کە ئا ماددە یە زانیاری کەسی خۆی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بخاتەڕوو؟! بەڵام لەبەرانبەردا نیشانەکانی تری دەقەکە، کە لەخشتەکەدا خرانەڕوو سودیان بۆ پتەوکردنی دەقەکە هەبووە و توانیویەتی واتایەکی پتەوتری یاسایی لەدەقەدا بڕەخسێنێت. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوانە پێشنیازی داڕشتەیەکی سەرلەنوێ داڕێژراو بۆ دەقەکە بکرێت، هەروەك لەخوارەوە دێتەبەرچاو:

" فەرمانەکانی ماددەی(٤٧) ی یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزای ژمارە(٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ ی بەسەر [ئەو کەسەی زانیاری لەسەر تاوانی تیرۆر دەداتو ئاماددەش نییە کەسێتی خۆی بناسێنێت] پیادە دەکرێت، کە هەواڵی [ تاوانەکانی کردەوەی دامەزراندن، کردەوەی ڕێکخستن، کردەوەی پەیوەندی کردن، کردەوەی بەڕێوەبردن، ڕێکخراوی کۆمەڵە دەستە، باند، بنکە، یان کۆمەڵێك بەئامانجی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون] دەدات سەبارەت بەئاشکراکردنی ناسنامەکەی کاتێ هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانانە دەگەیەنێت و ناکرێتە شایەد".

ماددەی نۆیەم:

" [ لایەنی پەیوەندیدار] بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جار بدات بۆ [ئەو کەسە]ی زانیاری ڕاست و دروست پێشکەش [بەلایەنی تایبەتمەند] دەکات [و] ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆرکاری [و] [ئەوانەی] دەست[یان] تێدابووە لێدەکەوێتەوە".

ئەم دەقە ژمارەیەکی دیاریکراوی ئامڕازی لکاندنی تێدایە، کە هەریەکەیان ڕۆڵی نیشانەی دەقی بینوە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، بەڵام بە ئەرك و جۆری جیاواز، هەروەك لەخشتەی ژمارە(١٣)دا دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی لەدەقەکەدا |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە | ٣ |
| ٢ | بریتی خستن(یان) | ١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | بەستن(و) | ٢ |

**خشەی ژمارە(١٣)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر ئەرکی هەریەکە لەو ئامرازانەی لەم خشتەیە خرانەڕوو، دەکرێت دەقەکە شیبکەینەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی هەروەکو لەخوارەوە پیشان دەدرێت:

١- [ لایەنی پەیوەندیدار(دەرە ئاماژە)] بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جار بدات بۆ [ئەو کەسەی(دەرەئاماژە)] زانیاری ڕاست و دروست پێشکەش بە[لایەنی تایبەتمەند(دەرە ئاماژە)] دەکات ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆرکاری.

٢- [ ئەوانەی(دەرە ئاماژە) دەست[یان(لەتاوانی تیرۆرکاری)] تێدابوە لێ دەکەوێت.

لەئەنجامی شیکردنەوەی ئەم دەقە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە(٦) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، کە هەریەکەیان ئەرکی جیاوازی هەیە لەداڕشتنی، بەشێوەیەك هەندێکیان بونەتەهۆی دروست بوونی لێڵی واتایی لەدەقەکەدا، هەروەکو بوونی دەرە ئاماژەی(لایەنی پەوەندیدار)، کە نازانرێت بۆ کێ دەگەڕێتەوە، کە ئایا ئەو(لایەنە پەیوەندیدارە) دەسەڵاتی(دادگا)یە، یان دەسەڵاتی(پۆلیسە) یان دەسەڵاتی(حکومەتی هەرێمی کوردستانە)، هەروەها بوونی دەرە ئاماژەی(لایەنی تایبەتمەند)، کە نازانرێت ئەم لایەنە کامە لایەن دەگرێتەوە، کە ئەو زانیاریانەی پێدەدرێت، جگەلەمە بوونی ئامرازی بەستنی(و) لەوێدا، کە ڕۆڵی بەیەکەوە بەستنی ڕستەکانی بینیوە لێڵی بەدەقەکە بەخشیوە، چونکە پێویست بەبوونی ئەم ئامرازە ناکات، لەبەر ئەوەی بۆتە هۆی دروستکردنی دوو ڕستەی جیاواز، کەچی لەبنەڕەتدا هەر تەواوکەری ڕستەی پێشوە، لەجیاتی ئەم ئامرازی بەستنەی(و) پێوستیمان بە(ئامرازی پەیوەندی) هەیە وەکو(بۆ)، بۆ ئەوەی لێڵی واتایەکە برەوێتەوە، هەروەها ئامرازی لکاندنی بریتیی خستنی(یان) لەسەر وشەی(دەستیان) بۆتە هۆی لێڵی واتایی، واتە لێرەدا هەریەکە لەو ئامرازانە بونەتەهۆی لێڵی واتایی لەدەقەکەدا، بۆیە لەکاتی جارێکی تر داڕشتنەوەی، هێشتا ناتوانرێت لێڵی دەقەکە لا ببرێت، بەهۆی بوونی دەرە ئاماژەی(لایەنی پەیوەندیدار و لایەنی تایبەتمەند). هەروەکو لەخوارەوە پیشان دەدرێت:

" لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جاڕ بدات بۆ ئەو کەسەی زانیاری ڕاست و دروست پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەندەکان [بۆ] ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆرکاری یان ئەوانەی دەستیان [لەتاوانەکە] دا هەبووە لێ دەکەوێتەوە".

لەئەنجامی ووردبوونەوە لەنیشانە دەقیەکانی لکاندن لە شیکردنەوەی دەقی یاسایی(بەرەنگاربوونەی تۆقاندن "تیرۆر")، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە ژمارەیەکی کەم لەماددە و بڕگەکانی ئەم دەقە بەدووربوون لە لێڵی واتایی، چونکە لەکۆی(١٨) ماددە، کە هەریەکە لەو ماددانە لەچەند بڕگەیەك پێکهاتووە، تەنها(٧) ماددە و بڕگەیان لێڵی واتاییان نییە، ئەگەرچی لەبەرانبەردا(١١) ماددەکەی تر، کە لە(٢٨) بڕگە پێکهاتوون لێڵی واتای یاساییان هەیە، چونکە لێرەدا هەر بڕگەیەك وەکو دەقێکی سەربەخۆ خوێندنەوەی بۆ کراوە، هەر لەژێر ئەم ڕۆشناییە شیکردنەوەی دەقیانەن بۆ(١٢) دەق کردووە، بەڵام ئەوەی لەم(١٢) دەقە لێڵە واتاییەکەی دروست کردووە، بەپێی جۆری نیشانەکان دەگۆڕێت، چونکە دەق هەیە تەنها لەڕێگەی(ئامرازی لکاندنی دەرە ئاماژە) دروست بووە، هەروەکو لەماددەی(٧، ٩)دا

شیکرایەوە، لەهەمان کاتدا دەق هەیە لێڵیەکەی بەهۆی(ئامڕازی لکاندنی کرتاندن) دروست بووە، هەروەکو لەبڕگەکانی ماددەکانی(٢،٣،٤) دا خرانەڕوو، واتە ئەرگەچی نیشانەکانی تریش ڕۆڵیان هەبووە لە لێڵ کردنی واتای یاسایی ئەم دەقانە، بەڵام لەهەموویان زیاتر کردەی(کرتان) و(دەرە ئاماژە)ن.

### ٤/٢) نیشانەی واتایی(ڕێکخستنی واتایی):

مەبەست لەم نیشانە زیاتر بوونی ڕێکخستنی واتای دیاریکراوی شیاوە، کە لەگەڵ مەبەستی یاساییانەی زمانی یاساییدا بگونجێت. بەم شێوەیە بەپێی بۆچونەکانی زمانەوانی کارەکی بەتایبەتی(گریمانەی بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی) و(تیۆری شێوەی دووانی) ی(زمانەوانی کارەکی)، بۆ ئەوەی بتوانێت و لەباری دابێت بۆ مەبەستێکی تایبەتی وەك یاسا بەکاربێت، ئەوا پێویستی بەوەیە، کە جگەلە(نیشانە فەرهەنگی، سینتاکسی و نیشانەی دەقی) خاوەنی(نیشانەی واتایی) خۆی بێت، کە بگونجێت لەگەڵ دەربڕین و گوزارشت کردن لە کرۆکە واتایی یاساییانە. لەم ڕوانگەوە بۆ ئەوەی دەقی یاسایی دارشتەیەکی واتاییانەی هەبێت و ڕاستەوخۆ واتا یاسایەکەی بگەیەنێت، ئەوا بەپێی(تیۆری شێوەی دووان) ە(قوتابخانەی زمانەوانی کارەکی) دەبێت ئەو دەقە هەرسێ بنەماکەی(تیۆری شێوەی دووان)[1] ی تێدا بێت. لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوانە، ئەگەر لەدەقی یاسایی(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") وردبینەوە، ئەوا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەنگدانەوەی ئەم سێ بنەمایەی(تیۆری شێوەی دووان)ی تێدا بدۆزرێتەوە.

١) **بواری سەرتۆپ "Filed"**: بریتیە لە(کردەوەی تیرۆر)، بەڵام ئەو سەرتۆپە سەرەکیە پێویستی بەوەیە زانیاری زیاتری لەسەر بخرێتەڕوو، لەلایەن سەرتۆپە لاوەکیەکانەوە کە زانیاری تەواو دەدات لەسەر سەرتۆپە سەرەکیەکە، ئەو سەرتۆپە لاوەکیانەش لە ماددە و بڕگەکانی ئەم یاسایە سەرەکیەدا خرانەڕوو، واتە لەم دەقە یاسایەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە سەرتۆپە لاوەکیەکان، کە لەبڕگە و ماددەکانی ئەم یاسایەدا هاتوون ڕاستەوخۆ پەیوەندیەکی(واتایی و پێکهاتەییان) هەیە بەسەرتۆپە سەرەکیەکە.

٢) کرۆکی ئاخاوتن "Tinor": سەیری هەر دەقی یاسایی بکرێت لەزمانی کوردیدا، دەبینرێت یاساکان کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانراون و ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵگا کراون، هەروەك لەیاسای (بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن " تیرۆر")یش دەردەکەوێت. واتە پەیوەندیەکی دوو لایەنە لەدەقە یاساییەکاندا بەدی دەکرێت. بەشێوەیەك دەبێت هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە ملکەچی هەر بڕگە و ماددەیەك بێت لەهەر یاسایەکدا، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانراوە، واتە ئەوەی یاساکەی داناوە و ئەوەی بەسەریدا جێبەجێ دەبێت(دەسەڵاتدار و ژێر دەستییە)، کە دەقە یاسایەکان هەموویان بەم شێوەیەن لەم یاسایەشدا هەمان ئەو پەیوەندیانە بەدی دەکرێت.

---

[1] بڕوانە بەشی یەکەم، لە پاری یەکەمی وەچە پاری یەکەم لاپەڕە ( ١٩–١٨) ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٣) شێوازی ئاخاوتن(Mode): ئەو سیفەتە زمانەوانیەی، کە لە داڕشتنی ئەم یاسایەدا سودی لێ وەرگیراوە، بریتیە لەزمانی نوسین، هەروەها ئەم شێوە دووانە زمانەکەی جۆرێك لەفەرمی بوونی تێدایە، نەك هەست بەنافەرمی بوونی زمانەکە بکرێت، هەروەها زمانی نوسینی دەقەکە زیاتر زمانی فەرماندان و ئاگادارکردنەوە و سزادانە و کەمتر هەست بەسۆز دەکرێت تیایدا، چونکە زمانەکە خۆی لەشێوە داڕشتندا بەرزە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی زمانەکە، هەروەك لەشیکردنەوەی سێ نیشانەی(فەرهەنگی ، سینتاکسی و دەقیدا) خرایەڕوو.

بێگومان بنەمای گەیاندنی واتا لەهەر دەقێکدا لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەنگادانەوەی ئەم سێ بنەمایەیی (تیۆری شێوەی دووان)ە، تا ئەو شێوە دووانە سیمای شێوەی دووان وەربگرێت و بتوانرێت لەبوارێکی تایبەتیدا بۆ گەیاندنی لەبەشێکی تایبەت بەکاربێت. ئەمەش تەنها دیمەنێکی وێنەکەیە ، چونکە لەدیمەنێکی تری وێنەکەدا و بۆ ئەوەی وێنەکە سێ ڕەهەندیانە بکەوێتە بەرچاو و بەر هزری خوێنەر وا پێویست دەکات، کە ئەم دەقە ڕێکخستنێکی واتایی دیاریکراوی تێدابێت، واتە خاوەنی نیشانەی واتایی تایبەت بەخۆی بێت، کە بۆ گەیاندنی تایبەتیەکە بگونجێت. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵەر هەوڵدەدات لەم لایەنەی دەقی یاسایی لەزمانی کوردیدا بکۆڵێتەوە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی بۆچونەکانی(peter٢٠٠٧) ، چونکە ئەم لێکۆڵەرە پێیوایە بۆ ئەوەی دەقێکی یاسایی دەقێکی پتەوبێت واتایەکی تەواو و پڕاوپڕ بدات، دەبێت ڕێکخستنێکی واتایی تایبەتی تێدابێ و ئەم ڕێکخستنەش زیاتر خۆی لەبونی ئەم سێ نیشانە واتاییەدا دەبینێتەوە.

## ٢/ ٤-١) ڕێکخستنی واتایی( Thematic Organization ):

یەکەم نیشانەی واتای، کە دەبێ لەدەقی یاسایدا بونی هەبێت، تا جیابکرێتەوە لەدەقی ئاسایی و ڕاستەوخۆ واتای یاسایی بدات بەدەستەوە، بریتیە لەچیەتی و چۆنیەتی ڕێکخستنی یەکە زانیاری بەخشەکانی دەقەکە، بەم جۆرەی خوارەوە:

### ٢/ ٤-١-١) پێشکەوتن یان ڕێکخستنی واتایی(Thematic Progession ):

لەم بارەیە(Danes) چەند جۆر لەشێوەی ڕێکخستنی واتایی دیاریدەکات، ئەویش لەڕێگەی چەندین ڕێکخستنی(باس– خواس Them-Rhem).[1] لەدەقدا، کە بریتین لە:

---

[1] (باس) بریتیە لەو زانیاریە کۆنەی لەسەر بابەتەکە هەیە، کە زانیاری لەسەر دەخرێتەڕوو لەڕێگەی (خواس)ەوە، بەڵام هەرچی (خواس) ە بریتیە لەو زانیاریە نوێیەی، لەسەر (باس) سەرتۆپی بابەتەکە دەخرێتە ڕوو. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکە لە (باس و خواس) بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١– ساجیدە عەبدوڵا (٢٠٠٣: ٦٣– ٦٤).

٢– کاروان عومەر (٢٠٠٨: ١٢٥– ١٣٥).

٣– محمد معروف فتاح (٢٠١٠: ٢٣١–٣٥٢)

## ٢/ ٤-١-١-١)ڕێکخستنی ڕاستەهێلی واتایی(Liner thematic Progression):

مەبەست لەو ڕێکخستنە واتاییە بەپێی بۆچوونەکانی(Danes)، بریتیە لەهاتنی فرێزەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی، بەشێوەیەك کە لەدوو فرێزی یەك لەدوای یەکدا،(خواس) ی فرێزی یەکەم دێت لەپێش(باس)ی فرێزی دووەم[1]. واتە بەپێی ئەم بۆچونە، ئەگەر ڕستەیەك وەربگرێت چ بەسەربەخۆ یان لەناو دەقە، دەبێت ئەو فرێزانەی ڕۆڵی باس و خواسەکە دەبینێت بەم شێوەی خوارە بەدوایەکدا بێن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خواس ١ + | باس١ + | خواس٢ + | باس٢ |
| ف.١ | ف.٢ | ف. ٣ | ف.٤ |

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو، دەتوانرێت چەند نمونەیەك لەڕستەی سەربەخۆدا بخرێتەڕوو:

٢٨) خاوەنی خانوەکە، خانوەکەی فرۆشت بەنرخێکی گونجاو.

ئەم ڕستەیە لەسێ فرێز پێکهاتووە، کە ف١(باس)ە، بەڵام دوو فرێزەکەی تر(خواس)ن ، واتە بەم شێوەی خوارەوە ڕیز بووە:

| | | |
|---|---|---|
| باس ١( خاوەنی خانوەکە + | خواس١(خانوەکەی فرشت) + | خواس٢(بەنرخێکی گونجاو) |
| ف.١ | ف.٢ | ف.٣ |

لەم شیکردنەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە بەپێی ئەم ڕیز بەندییەیە، کە لەڕاستە هێلی واتاییدا مەرجە، بەڵام ئەگەر ڕستەیەکی وکو نمونەی(٢٩) وەربگرێت، دەبینرێت ریزبەندی فرێزەکانی بەو شێوەیەیە، کە لەڕاستەهێڵی واتای مەرجە هەبێت.

٢٩) ئازاد هات و نەوازد ڕۆیشت.

ئەم ڕستە لێکدراوە پێکهاتووە لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| باس ١( ئازاد) + | خواس١(هات ) + | باس٢(نەوزاد) + | خواس٢(ڕۆیشت) |
| ف.١ | ف.٢ | ف.٣ | ف٤ |

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەکارەکەی ئێمەوە هەیە، ئەوەیە، کە ئێمە ڕستە وەربگرین لەدەقدا و پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئایا بەشێوەی(ڕاستە هێلی واتایی) خرانەتەڕوو یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش چەند دەقێك وەردەگرین.

ماددەی دووەم: "ئەم کردەوانەی خوارەوە بەتاوانی تیرۆرکاری دادەنرێن و سزایان لەناوبردنە"


| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەم کردەوانەی خوارەوە | بەتاوانی تیرۆرکاری | دادەنرێت و | سزایان لەناوبردنە |
| ف.١ = باس١ | ف.٢= خواس١ | ف٣= خواس٢ | ف.٤= خواس٣ |

ئەم دەقە ئەم ڕیز بەندیە واتایەی تێدانیە، کە لەڕاستە هێلی واتاییەدا دەبێت هەبێت، چونکە لەدوای(باس)ی یەکەم دوو(خواس) بەدوای یەکتردا هاتووە، لەکاتێدا لە(ڕاستە هێڵی واتایدا) دەبێت هەر باسێك خواسێکی بەدوا دابێت.


ماددەی سێیەم/ برگەی دووەم" دەست بەسەرداگرتنی فرۆکەی مەدەنی و ڕفاندنی سزانەکەی دەبێتە لەناوبردن ئەگەر کردەوەکە مردنی کەسێك یان پتری لێکەوتەوە"

---


[1] Damova,P. (٢٠٠٧:٢٢)




ماددەی پێنجەم/ بڕگەی یەکەم"هەرکەسێك دەست بکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون سزا دەدرێت بەزیندانی هەتا هەتایی"





ماددەی سێزدەم" ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە"




هەریەکە لەم سێ دەقانەی سەرەوە، تەنها لەیەك سەرتۆپی سەرەکی، کە(باس)ە لەگەڵ چەندین خواسی یەك بەدوای یەك، پێکهاتوون، هەروەك ژمارەکەیان لە کەوانە شکاوەکاندا خراوەتەڕوو، بەشێوەیەك هەریەکە لەم خواسانە، دەگەڕێنەوە بۆ باسەکە، کە لەسەرەتاوە هاتووە، ئەویش بۆتەهۆی دروستبوونی(ڕێکخستنی واتایی لەگەڵ بەردەوامی خواس)، هەروەکو لە شیکردنەوەی ئەم ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت.

ماددەی دوازدەم "تاوانی تیرۆر لەتاوانە ئابڕووبەرەکاندا دەژمێردرێت و دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارەکەی جێبەجێ بکات"





ئەگەر لەم دەقە ڕابمێنین، دەقەکە لەیەك(باس) و دوو(خواس) بەدوایەکدا هاتوو پێکهاتووە، بەشێوەیەك باسەکە زانیاریەکی تاڕادەیەك زانرا و ڕاستەوخۆ لەلایەن دوو خواسەکە دوو بڕی زانیاری نوێی لەسەر بەخشراوە، بەشێوەیەك دەبینرێت، کە ڕێکخستنی زانیاریەکان لەم دەقەدا دەکرێت بەڕێکخستنی واتایی ڕاستە هێڵانە دابنرێت، ئەگەرچی بەپێی یاسا دانراوەکەش نیە، چونکە ئەگەر پاش و پێش لەخستنەڕووی یەکە زانیاری بەخشەکانیشدا کرابێ و بەپێی یاسا خراوە ڕووەکەی ئەمجۆرە ڕێکخستنەش نەبێت، هێشتا یەکە زانیاریەکان هەر ڕاستە هیڵانە ڕێکخراون و توانیویانە دەقەکە لەلێڵی واتایی بپارێزن.

کەواتە داڕشتەی زمانی یاسایی ئەم دەقە بەزمانی کوردی خاوەنی ڕێکخستنی واتایی ڕاستە هێڵانەیە لەخستنەڕووی یەکە زانیاری بەخشەکاندا، ئەگەرچی بەو ڕیزبەندیەش نەبێت، کە یاسای ڕیز بەندیەکە لەخۆی گرتووە، بەڵام هێشتا توانیویەتی ڕاستە هێڵانە زانیاریە یاساییەکە بنوێنێت.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بخرێتەڕوو زۆرجار بونی ئەو بەردەوامی خواسە لەهەندێك دەقدا دەبێتەهۆی دروستبوونی لێڵی واتایی و دورکەوتنەوە لەسەرتۆپی باسەکە، کە لەدەقەدا خراوەتەڕوو، هەروەکو لەم دەقەی خوارەوە پیشان دەدرێت:

ماددەی دووەم/ بڕگەی سێیەم "بەکارهێنانی کەرەستەی تەقینەوە، سوتێنەر، گڕگر، ئامێری دروست کراو بۆ تێکدان، ڕوخاندن لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ڕاستەوخۆ، یان بەئامێری لەدوور ئاراستەکراو، مێنرێژکرنی ماشێن، هەر ئامێرێکی دیکە، چاندنی بۆمبی خاپورکار، بەکارهێنانی چەکە جەنگیەکان بەگشت جۆرە جیاجیاکانیەوە، پشتێنەی خاپورکار، نامەی مین ڕێژکراو، ماددە... هتد؟





کاتێك لەم دەقەدا ڕادەمێنین، لەڕێگەی ئەو فریزانەی کە ڕۆڵی(خواس) دەبینین، جۆرێك لە درێژبڕی واتایی دروست کردووە و نەبۆتە هۆی سنوردارکردنی واتای دەقەکە، چونکە کاتێك سەرتۆپی باسەکە بریتیە لە(کەرەستەی تەقینەوە) بەتەنها بەسە بۆ گەیاندنی واتای مەبەستەکە، نەك ئاماژە بەهەندێك لەکەرەستەکانی تەقینەوەکان، وەکو :(سوتێنەر، گڕگر، ئامێری دروستکراو...هتد)، لەبەر ئەوەی چەندین کەرەستەی تری تەقینەوە هەیە لەم دەقەدا نەخراوەتەڕوو، ئەمەش دەبێتەهۆی لێکدانەوەی مەودای زیاتر بۆ واتای ئەم دەقە، کەلەڕاستیدا دەقی یاسایی دەبێت لەم جۆرە لێکدانەوانە بەدوور بێت.

## ٢/ ٤-١-١-٢) ڕێکخستنی واتایی بەپلەو پایەی فرێزەکان:

ئەم جۆرە ڕێکخستنە واتاییە بەپێی گەورەیی و بچوکی ڕستە و فرێزەکان دروست دەبێت، کە لەسەرەتادا ڕستە درێژەکان دێن دواتر ڕستەی کورتر، بەڵام ئەوەی پێویستە بخرێتەڕوو ڕاستە ڕێکخستنی(ڕستە و فرێزەکان) بەپێ پلەبەندی ڕێکخراوە، بەڵام ڕەنگە کورترین ڕستە یان تەنها فرێزێك، کە ڕۆڵی ڕستەیەك دەبینێت، باوترینیان بێت، چونکە زۆرجار کۆتایی دەقەکە یان ڕستەکە بەئەنجامی کۆتاییەوە بەندە، کە لەڕستەی کۆتاییدا خۆی دەنوێنێت.بۆ نموونە:


٣٠) ئەو کەسەی دوێنێ بینیم، ئەمڕۆ مرد.





ئەمە ڕستەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لەڕستەیەکی سەرەکی، کە بریتیە لە(ئەو کەسەی دوینێ بینیم)، لەگەڵ ڕستەیەکی شوێنکەوتوو ئەویش بریتیە لە(ئەمڕۆ مرد)، هەروەکو دەردەکەوێت ڕستەیەکی یەکەم درێژترە و لەڕوی ژمارەی فرێزەکانیش زیاترە، کە لە(٢) فرێز پێکهاتووە. هەرچی ڕستەی دووەمیشە لە(یەك) فرێز پێکهاتووە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەڕوی واتاوە باوترە لەڕستەی یەکەم، چونکە واتای ڕستەی یەکەم بەڕستەی دووەمەوە بەستراوەتەوە.

لەم بارەوە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو چەند دەقێك وەردەگرین:

ماددەی پازدەم" حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق چاودێری خانەوادەی قوربانیانی کردەوە تیرۆریەکان دەکات و قەرەبووی زیانەکانیان دەکاتەوە"




ئەم ڕستە لێکدراوە لەدوو ڕستە پێکهاتووە، ڕستەی یەکەمیان ڕستەی سەرەکییە بریتییە لە( حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق چاودێری قوربانیانی....هتد)، کە لەڕووی ژمارەی وشە و فرێزەکان زیاترە لەڕستەی یەکەم، هەروەکو لەشیکردنەوەکەدا دەردەکەوێت لە(۱۰) وشە و(۳) فرێز پێکهاتووە، بەڵام هەرچی ڕستەی دووەمە، کە ڕستەی شوێنکەوتووە لە(۳) وشە و(۲) فرێز پێکهاتووە، کەواتە لێرەدا ڕێکخستنە واتاییەکە بەپێی(گەورە و بچوکی) ڕستەکان و ژمارەی فرێزەکان ڕێکخراوە، واتە ڕێکخستنی زانیاریەکان لەم دەقەدا بەپێی ئەو یاسا دانراوەیە، کە لەم جۆرەدا باس دەکرێت.




کاتێك لەم دەقەش ڕادەمێنین، دەبینرێت، لەڕستەیەکی لێکدراو پێکهاتووە، کە دوو ڕستە بەشدارن لەداڕشتنی، ڕستەی یەکەمیان کە ڕستەی سەرەکی دەقەکە پێکدەهێنن لە(۱۱) وشە و(٦) فرێز پێکهاتووە، هەرچی ڕستەی دووەمە، کە ڕستەی شوێنکەوتووە و کورترە لەڕستەی یەکەم لە(۳) وشە و(۲) فرێز پێکهاتووە، واتە لەم دەقەشدا ڕێکخستنە واتاییەکە لەڕستەی درێژەوە بۆ ڕستەی کورتە، کە توانراوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ زانیاریەکە بگەیەنێت و دەقەکە دوربێت لەلێڵی واتایی، ئەگەرچی واتای ڕستەی سێیەم بەستراوەتەوە بەئەنجامی ڕستەی کۆتایی.

## ۲/ ٤-۲)دیمەنی پێشەوە و دیمەنی پشتەوە( Forground and Background):

زانا(danet) پێیوایە، کە دوو چەشنی جیاوازی دەقی یاسایی هەیە، چەشنی یەکەمیان هەردوو دیمەنەکەی تێدایە، ئەمەش هاوشێوەی ڕستە و دەقە ئاساییەکانی ڕۆژانەیە، بەڵام هەرچی چەشنی دووەمی یاساییە کەمتر زەمینەی پشتەوەی تێدایە، ئەم زانایە لەم بارەیەوە پێی وایە(کردارە تێپەڕەکان) زیاتر بیری لێ کراوەتەوە بۆ نیشانەکردنی زەمینەی پشتەوە، کە هەریەکە لەزەمینەی پێشەوە و کردارە تێپەڕەکان بەیەکەوە ڕۆڵیان هەیە لەسەر گونجاندنی ئەم دەقە یاساییە لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگا و پەیوەندی نێوان بەشداربووان. کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەپێویستە(دیمەنی پشتەوە) لەدەقی یاساییدا هەبێت[۱]، لێرەشدا چەند دەقێك وەردەگرین، کە دیمەنی پشتەوە و دواوەیان تێدایە.

---

۱ peter(۲۰۰۷: ۳٤)

**ماددەی دووەم/ بڕگەی پێنجەم.**

کوشتنی ئەو کەسانەی پاراستنی نێودەوڵەتی(دەیانگرێتەوە)وە، یان کوشتنی کارمەندانی فەرمانگەو دەستە دبلۆماسیو کۆنسولگەرو دامەزراوە کۆمپانای جیهانیو رێکخراوە نێودەوڵەتیە حکومیو ناحکومیەکان، ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا کار دەکەن،
دیمەنی پشتەوە

تاوانەکەش بەمەبەستی تۆقاندن(تیرۆر)(بێت)، (دیمەنی پشتەوە) سزاکەشی(دەبێتە) زیندانی هەتا هەتایی، ئەگەر (دیمەنی پێشەوە) هێرش بردنەکە مردنی کەسێك (دیمەنی پێشەوە)

یان پتری(لێ کەوتەوە)

**کاتێك لەم دەقەدا ڕادەمێنین، دەبینین(دوو) دیمەنی پشتەوە و(دوو) دیمەنی پێشەوە بەشدارن لەڕێکخستنی واتای ئەم دەقەدا، لەهەمان کاتدا ئەو کارانەی بەشدارن لەداڕشتنی دیمەنی پشتەوە(کرداری تێپەڕن)، کە ئەوانیش بریتین لە(دەیانگرێتەوە، بێت)، بەڵام ئەو کردارانەی دیمەنی پێشەوەیان دروست کردووە،(کرداری تێنەپەڕن) ئەوانیش:(دەبێت، لێ کەوتووە). واتە لێرەدا ئەم دەقە چەشنی یەکەمی دەقی یاسایی پێکهێناوە، کە هەردوو دیمەنەکە بەشدارن لەدروستکردنی.**

**ماددەی دوازدەم/** تاوانی تیرۆر لەتاوانە ئابرووبەرەکاندا(دەژمێردرێت) و (دیمەنی پشتەوە) دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارکەیدا(بنووسێت) (دیمەنی پێشەوە)

**لەم دەقەدا(١) دیمەنی پشتەوەو(١) دیمەنی پێشەوە، بەشدارن لە ڕێکخستنی واتایی کە(کرداری تێپەڕی)(دەژمێردرێت) لەدیمەنی پشتەوە و (کرداری تێپەڕی)(بنوسێت) بەکارهاتوون، واتە لەم دەقەشدا بەهەمان شێوەی دەقی پێشوتر هەردوو دیمەنەکە بەشدارن لە داڕشتنی، بەڵام بەهەمان جۆری کردار،کە(تێپەڕن).**

**ماددەی چواردەم/**

ئەو کەسەی بەتاوانی تیرۆرکاری بێ تاوان(دەرچوو) ئەلەنجامی......هتد (دیمەنی پشتەوە) بۆی هەیە، (دیمەنی پێشەوە) داوای قەرەبووی ئەو زیانە جەستەییو نا جەستەییانە(بکاتەوە) کە لێی کەتووە (دیمەنی پێشەوە)

**ئەم دەقەش لە(١) دیمەنی پشتەوە و(٢) دیمەنی پێشەوە پێکهاتووە، لەهەمان کاتدا ئەو کردارەی بەشدارە لەدیمەنی پشتەوە(کردارێکی تێنەپەڕە) ، هەرچی کردارەکانی دیمەنی پێشەوەن کرداری(تێپەڕن)، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەو کردارانەی بەشدارن لەدیمەنی پشتەوە و پێشەوە بەپێچەوانەی ئەو بۆچونەن کە زانا(Danet) خستویەتەڕوو، کە ئەو پێی وایە(کردارە تێپەڕەکان) زیاتر بەشدارن لەداڕشتنی دیمەنی پشتەوە،(تێنەپەڕەکانیش) لەدیمەنی پێشەوە، بەڵام هەروەکو دەردەکەوێت لەم دەقەدا پێچەوانەیە.**

ماددەی هەشتەم:

دادگا بۆ هەیە خۆبەدەستدانی تاوانبارو پێشکەشکردنی زانیاروا، کە تاونکار دوای ڕودانی ئاشکرا بکات، بەپاساوی یاسا سوکەکە دەژمێردرێت

دیمەنی پێشەوە — دیمەنی پێشەوە — دیمەنی پێشەوە

ئەوەی ئەم دەقە جیادەکاتەوە لەو دوو دەقەی پێشوتر، ئەوەیە کە تەنها دیمەنی پێشەوە بەشدارە لەڕێکخستنی واتاییەکەی، هەروەها ئەو کردارانەی لەگەڵ ئەو دیمەنە هاتوون(کرداری تێنەپەڕن)، ئەوانیش(هەیە، بکات، دەژمێردێت)، واتە ئەم دەقە چەشنی دووەمی دەقی یاسایی پێکدەهێنێت.

لەکۆتایی باس کردنی ئەم ڕێکخستنە واتاییە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەو دیمەنەی زیاتر سودی لێ وەرگیراوە لەداڕشتنی ئەم چوار دەقە، بریتییە لە(دیمەنی پێشەوە)، چونکە لە(٧) دیمەنی پێشەوە و(٤) دیمەنی پشتەوە پێکهاتووە. لەهەمان کاتدا(٥) کاری تێپەڕوو و(٦) کاری تێنەپەڕ پێکهاتووە، کەواتە زۆر بەکەمی دەقی یاسایی دەست دەکەوێت، کە تەنها لەدیمەنی پێشەوە پێکهاتبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی بوارەکە، چونکە هەر دەقێکی یاسایی، کە دادەڕێژرێت، دەبێت بگونجێت لەگەڵ داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا پیادە دەکرێت، واتە هەر دەقێکی یاسایی، کە دادەنرێت دەبێت پێشتر باکگراوندێك هەبێت لەسەری.

٣-٤/٢) چڕی کرۆکە واتاو نەبوونی دووبارەنەبوونەوە:

یەکێکی تر لەنیشانە واتاییە هەرە گرنگەکان دەقی یاسایی بریتییە لەوەی دەقەکە زۆر بەچڕی واتا یاساییەکە نواندبێ و خۆی بەدوو گرتبێ لە دووبارەکردنەوەی واتایەکی دیاریکراو یان بەشێکی واتایەکی دیاریکراوە، واتە هەتا دەقە یاساییەکە چڕ بێت و دووبارەکردنەوەی کەمتر بێت، ئەوا دەقێکی یاسایی توندترە و سودمەندترە بۆ یاسا و بەپێچەوانەکەشی تەواو ڕاستە. بێگومان چڕی کرۆکە واتاش لەڕێگەی فرێزە درێژکراوەکان دێتەکایەوە، چونکە تا فرێزەکان درێژتر بن ئالۆزیان زیاتر دەبێت ، بەمەش واتاکەیان چڕتر دەبێت. ئەگەرچی ئەم لایەنەی نیشانەکە لایەنی خراپیشی بۆ گەیاندنی واتا یاسایەکە هەیە و هەندێ جار لێڵی دروست دەکات، بەڵام هیچ لەو ڕاستەیە ناگۆڕێت، کە فرێزە درێژەکان چڕترن لەواتادا. هەروەها دەبێت ئەوەش بگوترێت نابێ لەزمانی یاسادا دووبارەکردنەوەی واتایی بوونی هەبێت، واتە نابێ لەدوو شوێنی دەقەکەدا هەمان واتا دەربڕابێت، چونکە لێڵی دروست دەکات، بۆیە پێویستە داڕشتەی دەقەکە لەڕووی واتاییەوە بەردەوام نوێ بێت و چەمك و کرۆکە واتای دووبارە نەخرێتە چوارچێوەی دەقەکەوە.

لەڕوانگەی ئەم دوو لایەنەی ئەم نیشانە واتایشەوە ئەگەر لە ماددە و برگەکانی دەقی یاسایی(بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") بڕوانین، ئەوا دەتوانرێت، شیکردنەوەی هەردوو دەقی(فرێزە پێشناویەکان و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراو) بەنموونە وەربگیرێت. هەروەك لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە(٢٣)دا خرایەڕوو، کەببۆەهۆی دروست بوونی لێڵی واتایی، بەڵام لەداڕشتەی پێکهاتەی و ئەرکی ژمارە(٢٤) دا ببوەهۆی دروست بوونی چڕی واتا لەئەنجامی هاتنی چەند فرێزێکی یەك بەدوای یەك.

## ٣) پاساودانی داڕشتەی زمانی یاسایی لەدەقی (پرۆژە یاسا):

لەم بەشەدا ورد و زانستیانە و وەك بنەمایەکی گرنگی ڕێبازی لێکۆڵینەوە پاساودانی بۆ شیکردنەوە کارەکیەکانی بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە دەکرێن، ئەمەش بەسەر لەنوێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە بۆ دروستی نیشانە زمانیەکانی داڕشتەی زمانی یاسایی. بۆ ئەم مەبەستەش لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا شیکردنەوە دەکرێت بۆ خستنەڕووی نیشانە زمانیەکانی زمانی یاسایی لەزمانی کوردیدا لە جۆرێکی تری سەرەکی زمانی نوسراوی زمانی یاساییدا، کە ئەویش دەقی (پرۆژە یاسا)یە. مەبەستی سەرەکی شیکردنەوەکانی ئەم بەشەش بەدەستهێنانی نیشانە زمانیەکانی زمانی یاسایی، کە (لە بەشی دووەمدا نوێنرا) بچەسپێنرێت. لەلایەکی تریشەوە ڕاستی و ڕاستەقینەیی بون و دامەزراوەی شێوەی دووانی یاسایی وەك بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانی کوردی لە بواری یاساییدا بسەلمێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە بەهەمان پێودانگە تیۆریی و کارەکییەکانی بەشی یەکەم و دووەم شیکردنەوەی بۆ دەقی پرۆژە یاسایی (پێشنیازی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ/ ٢٠١٤) دەکرێت لەڕوانگەی هەر چوار نیشانەی زمانی (فەرهەنگی، سینتاکسی، دەقی و واتایی)، بەم شێوەیەی خوارەوە.

### ٣/ ١) نیشانە فەرهەنگیەکان "Technical Feature":

هەروەك لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەلمێنرا، کە بەپێی (مێتائەرکییەکانی و بنەماکانی تیۆری شێوەی دووان) ی زانا هالیدای بنەمای یەکەمی داڕشتەی هەر شێوەیەکی دووان وەك بەکارهێنانێکی تایبەتی زمان لە بواری یاسادا خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەوە شێوەی دووانی یاسایش لەزمانی کوردیدا لەم تایبەتمەندیە بێبەش نییە. خودی ئەم نیشانانەش لە(داڕشتەی زمانی یاسایی زمانی کوردیدا) خۆی لەبونی ئەم تایبەتمەندیانە دەبینێتەوە:

### ٣/ ١-١) زاراوە تەکنیکیەکان "Technical Term ":

بنەڕەتی یەکەمی داڕشتەی زمانی یاسایی لەڕووی فەرهەنگیەوە بونی زاراوەی زانستی و پسپۆڕی تایبەت بەخۆیەتی، لەم ڕوانگەیەشەوە زمانی نوسراوی زمانی یاسایی زمانی کوردیدا لەم تایبەمەندیە بێبەش نییە، (هەروەك لەپاری یەکەمی بەشی دووەمدا سەلمێنرا بۆ دەقی یاسایی) و دەقی پرۆژە یاساش بەهەمان پێودانگ خاوەنی ئەم تایبەتمەندیەیە، هەروەك لەخشتەی ژمارە(١) دا دەخرێتەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت:

| ژ | زاراوەی تەکنیکی | مادده | ڕەسەن و خواستراو | پۆلی وشە | داڕشتنی مۆرفۆلۆژییەکەی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا | ٢ | | ناو | ناوێکی سادەیە |
| ٢ | تەلاقدراو | ٣ | ___ | | |
| ٣ | حوکم | | ___ | | |
| ٤ | دادگا | ٨ | | | |
| ٥ | بەڵگەنامە | ٨ | | ناو | ناوێکی سادەیە |

**خشتەی ژمارە (١)**


ئەم خشتەیە ژمارەیەکی دیاریکراو زاراوەی یاسایی لەخۆ دەگرێت هەروەکو لەخشتەی ژمارە (١) خرایەڕوو[١]، کە لەپرۆژە یاسای (پێشنیازی یاسای کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ) دەرهێنراوە وەك زاراوەیەکی پسپۆڕی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەم شێوەیە.

## زاراوەی یەکەم:( یاسا)

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی کوردیە، بەپێی یاسای فۆنۆلۆژی زمانەکە دروست بووە، کە بریتیە لە وشەیەکی سادە و لەپۆلی ناوە، بەڵام ئەگەر بەپێی قوتابخانەی ئەرکی شیبکرێتەوە، ئەوا دەتوانرێت داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بگەین بە داڕشتەی واتاییەکەی.


ماددەی دووەم"ئەم یاسایە پێی دەوترێت (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ)"

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەداڕشتەی پێکهاتەیی ڕستەکە پێویست دەکات بەداڕشتەی (١أ) ، (١ب) بخرێتەڕوو تا بتوانرێت لە داڕشتەی واتایی زاراوەکە بگەین.




داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە (١)

هەرچی داڕشتەی ئەرکیەکەیتی جگە لەئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە (کارا)ی ڕستەکەیە، لەپاڵ ئەمەدا بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، ئەویش بریتیە لە:




داڕشتەی ئەرکی ژمارە (١)

لە ڕێگەی داڕشتەی ئەرکی ئەم زاراوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئەم کەرەستەیە بەشداربوێکی بێ سنوورە لە ڕستەکەدا، لێرەدا هەمان ئەو واتا فەرهەنگی و سینتاکسیەکە دەگەیەنێت، کە لەفەرهەنگی زمانەکەدا هەیەتی.

---


[١] لەم بەشەدا لەسەرجەمی زاراوەکانی ئەم خشتەدا، شیکردنەوە تەنها بۆ زاراوەی (دادگا) ناکرێت لەڕوانگەی دیاری کردنی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی، هەروەها لەڕوانگەی مێتائەرکەکانیشەوە، چونکە لەبەشی دووەمدا لەلاپەڕە (٧١-٧٢)شیکردنەوەی بۆ کراوە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر لێرەدا شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

بەم شێویە بەورد بوونەوە لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی زاراوەکە، دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی مێتائەرکەکانی تیۆری ڕێزمانی ئەرکیەوە دیاری بکرێت، چونکە مێتائەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە بەتایبەت، لە ڕوانگەی مێتائەرکی ئەزمونیەوە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ئەزموونی ئەوە خراوەتەڕوو، ئەم یاسایە چی دەگرێتەوە و باس لەچی دەکات، بەمەش بنەمای یەکەمی تیۆری شێوەی دوان، کە (سەرتۆپ)ە دەرەخسێت. لەم ڕێگەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەسەرتۆپی باسەکە دەگات. لەڕوانگەی مێیتائەرکی کەسیانەشەوە پەیوەندیەکی دولایەنە لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیەوە دەڕەخسێنێت چونکە ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن کەسانێکی پلەوپایەداری یاسایی ئاراستەی دەسەڵاتێك دەکرێت، کە لەڕووی یاسایی و کارگێڕی بەرزترن لەو کەسانەی ، کە داواکە ئاراستە دەکەن ئەوانیش (پەرلەمانتارن)، بەڵام پەیوەندیەکە (دەسەڵاتداری و ژێر دەستی نییە)، چونکە جیاوازی نێوان ئەو بەشداربوانە تەنها لەڕوی پۆستەوەیە، بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (کرۆکی ئاخاوتن)ە دێتەکایەوە، چونکە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم شێوە دووانە هەست بەو جیاوازیە دەکات. هەرچی مێتائەرکی دەقیە توانراوە گونجانی تەواو هەبێت لەنێوان سەرتۆپی باسەکە و سەرتۆپە لاوەکیەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی لکاندنەوە، بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە، دەرەخسێت کە شێوازی چنینی دەقەکە دەخاتەڕوو بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوایەك، نەك بەشێوەیەکی هەرەمەکی و نافەرمی.

### زاراوەی دووەم: (تەڵاقدراو)


ئەم زاراوەیە وشەیەکی خواستراوەی زمانی عەرەبیە، بنەڕەتی وشەکە بریتییە لە(طلاق)، بەڵام لەزمانی کوردیدا گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە بەهۆی گۆڕانی دەنگی (ط) بۆ (ت)، گۆڕانی (ظمة) بۆ (و) هەروەها (ل) بۆ (ڵ) بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ یاسا دەنگیەکانی زمانی کوردیدا، بەڵام لێرەدا پێویستە دارشتەی پێکهاتەی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت بەپێی قوتابخانەی ئەرکی بۆ ئەوەی دارشتە واتاییەکەی دیاری بکرێت، هەروەك لەخوارەوە هەریەکەیان دەخەینەڕوو:

ماددەی سێیەم/ بڕگەی١ "ئافرەتی شووکردوو یان شونەکردوو تەڵاقدار و یاخود ئەو بێوەژنەی کە مێردی مردووەو گەشتبێتە تەمەنی (ڕوشد)".




#### دارشتەی ئەرکی ژمارە (٢)

هەرچی دارشتەی ئەرکەکەیەتی جگە لە ئەرکە ڕێزمانیەکەی کە ڕۆڵی (کارای) بینیوە لەهەمان کاتدا بەهایەکی داریکراوی هەیە ئەویش بریتیە لە:




دارِشتەی ئەرکی ژمارە(٢)

لەم شیکردنەوەی سەرەوە دەگەین بەو ئەنجامەی، کە ئەم زاراوەیە هەمان ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە لەفەرهەنگی زمانی عەرەبیدا هەیەتی. ئەگەر بێت و لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکەی قوتابخانەی ئەرکی هاڵیدای شیکردنەوە بۆ ئەو دەقە بکرێت، ئەوا لەڕوانگەی مێتائەرکی بیرییەوە بەشێوەیەکی لۆجیکی زانیاری هاوسەنگ دەرەخسێنێت لەنێوان وشە و فرێزەکانی ئەم دەقەدا، بەمەش بنەمای یەکەمی (تیرۆی شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە دەرەخسێنێت، چونکە لەڕێگەی ئەم ڕێکخستنە لۆژیکیەوە خوێنەر دەزانێت سەرتۆپی سەرەکی چییە لەم دەقەدا، کە (ئافرەتی ناوماڵ) دەگرێتەوە جا چ ئافرەتی (شوکردوو یان شوو نەکردوو یان تەڵاَقدراو) بێت، بەڵام لەڕوانگەی مێتائەرکی کەسیەوە پەیوەندیەکە دوولایەنەیە، بەڵام (دەسەڵات و ژێر دەستی) نیە، چونکە جیاوازیەکە تەنها لەرووی دەسەڵاتی کارگێری و یاساییە بەشێوەیەك پێشنیازێکە لەلایەن کەسانێك، کە پەرلەمانتارن و پلەی یاساییان هەیە و ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێت، کە دەسەڵاتەکەی لەڕووی یاساییەوە ڕێگەی پێنادات پێشنیازەکە ڕەتبکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ڕێژەی یاسایی واژوی پەرلەمانتارانی لەسەر بێت، بەڵام هێندە دەسەڵاتی کارگێڕی هەیە، کە زوو یان درەنگ بیخاتە پرۆژەی کاری پەرلەمانەوە. بەمەش بنەمای دووەمی (تیرۆی شێوەی دووان) کە (کرۆکی ئاخاوتنە) دێتەو کایەوە. بەمەش ڕاستەوخۆ خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بەو پەیوەندیە دوولایەنە دەکات، کە لەنێوان بەشداربوانی ئەم شێوە دووانەدا هەیە. هەرچی مێتائەرکی دەقیە توانراوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە لەڕێگەی ئامرازە لکێنەرەکانی دەقەوە بەشێوەیەکی زنجیرەیی. بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە دەرەخسێت لەڕێگاشیەوە شێوازی چنینیی دەقەکە پیشان دەدرێت، کە بریتیە لە نوسینێکی فەرمی نەك هەڕەمەکی و نافەرمی.

## زاراوەی سێیەم/ بەڵگەنامە

ئەم زاراوەیە وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیە، کە بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی زمانەکە دروست بووە، بریتییە لە (ناوێکی لێکدراو)، ئەگەر لەڕوی پۆلی وشەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، پێکهاتووە لە (ناو+ ناو)، بەڵام بە پێی بنەمای مۆڕفیم پێکهاتووە لە (بناغە + بناغە) و ڕۆلی (بەشداربوێکی بێ سنووری) بینیوە. ئەم زاراوەیەش هاوشێوەی زاراوەکانی تر دەبێت بەپێی قوتابخانەی ئەرکی دارِشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بگەین بە دارِشتە واتاییەکەی، کە لەم دەقەدا هەیەتی:

ماددەی هەشتەم: "ئەگەر ساغ بووەوە زانیاری درۆ یان بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە تاکو ئەم یاسایە بیگرێتەوە دەبێ بدرێتە دادگا"

١) أ– ئەگەر ساغ بووەوە زانیاری درۆ یان بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە تاکو ئەم یاسایە بیگرێتەوە دەبێ بدرێتە دادگا
ف.مەرجی
ف. ئامانجی مەرج
ڕ. مەرجی

ئەگەر لەداڕشتەی پێکهاتەیی ڕستەی (ئەو ئافرەتەی بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە) بڕوانین، دەبینین ئەم داڕشتەیەی هەیە:

١) ب – ئەو ئافرەتەی بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە
سەرجێناو
ڕستەی تەواوکەر
ڕ. سەرجێناوی

## داڕشتەی پێکهاتەیی ژمارە (٣)

داڕشتەی ئەرکی ئەم کەرستەیە جگە لەئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی (تەواوکەری ناوی) بینیوە، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی دیاری کراوی هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە (٢) دا دەخرێتەڕوو:

ڕستە
بکەر ف.ن وشەکە: ئەو ئافرەتەی... هتد
ژمارە: کەسی سێیەمی تاک
بەشەکردار کردار وشەکە: ئەگەر دەرکەوت
ژمارە: کەسی سێیەمی تاک
کات: داهاتوو

## داڕشتەی ئەرکی ژمارە (٣)

لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی، دەگەین بەو ئەنجامەی، کە ئەو زاراوەیە لێرەدا بەهەمان ئەو مەبەستە بەکاردێت، کە لەفەرهەنگی زمانەکەدا هەیەتی، واتە هیچ لێڵیەکی دروست نەکردووە. لەهەمان کاتدا دەتوانرێت واتاکەی لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکەکەوە دیاری بکرێت، چونکە لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە توانراوە بەشێوەیەکی ئاوەزییانە بابەتی (زانیاری ساختە)ی ڕونبکاتەوە، کە هەرکەسێك پێی هەڵساو (بەڵگەنامە)ی پێویستی هەبوو، ئەوا دەتوانرێت بدرێتە (دادگا)، هەروەها بەشێوەیەکی لۆژیکیش فرێز و ڕستەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە. بەمەش بنەمای (یەکەمی تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە دەڕەخسێت، کە بواری ئاخاوتن لەدەقەکەدا دیاری دەکرێت و شیاوانە واتا دەگەیەنێت. هەرچی مێتائەرکی کەسیانەیە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکەی تێدا پارێزراوە لەنێوان بەشداربوانی ئەم ئاخاوتنە، کە پەیوەندیەکە (دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە)، لەلایەن کەسی دەسەڵاتدارەوە بەسەر کەسی تۆمەتباردا دەسەپێت و ملکەچی دەبێت، لێرەشەوە بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتنە) دێتە کایەوە، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ لەپەیوەندی نێوان بەشداربوانەی ئاخاوتنەکە دەگات، کە لە (دەسەڵاتداری و ژێر دەستییە)، هەروەها لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەوە سەرچاوەی پێویست لەدەقەکە خراوەتەڕوو بۆ بەیەکەوە بەستنی سەرەتا و

کۆتایی دەقەکە بەیەکترەوە لەڕێگەی هەندێك لەئامرازە لکێنەرەکانی دەق، بەشێویەکی تەواو بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (شێوازە)، دەرەخسێت لەڕێگەیەوە ئەوە دەست دەکەوێت، کە شێوازی چنینی دەقەکە بەشێوەیەکی زنجیرەی و فەرمیە، نەك بەشێویەکی هەڕەمەکی داڕێژرابێت.

### ۳/ ۱-۲) بەکارهێنانی وشەی بێگانە[١] :

لەم پرۆژە یاسایەدا ژمارەیەکی دیاریکراو بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە دەبینرێت، ئەوانیش لەزمانی عەرەبی و فارسی وەرگیراون، کە هەریەکە لەم زاراوانە وەکو وشەیەکی فەرهەنگی زمانی کوردی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا. هەروەك لەخوارەوە ژمارەیان و واتاکەیان لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکیەکەی قوتابخانەی ئەرکی هالیدای دەخرێتەڕوو:

| ژ | زاراوە | مادده | خواستراو | بەرانبەرەکانی لەفەرهەنگی زمانی کوردیدا | پۆلی وشە | فۆرمەکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕوشد | ٣/ ١ | عەرەبی | هەراش | ناو | ناوی سادە |
| ٢ | حساب | ٤/ ٢ | عەرەبی | هەژمار | ناو | ناوی سادە |
| ٣ | زیمە | ٤/ ٣ | عەرەبی | ئەستۆ | ناو | ناوی سادە |
| ٤ | فەراهەم | ٥/ ١ | فارسی | دابینکردن | ناوی ڕووداو | ناوی داڕێژراو |
| ٥ | شەریعەت | ٧/ ٢ | عەرەبی | شەریعەت | ناو | ناوی سادە |
| ٦ | ئیزافی | ٩ | عەرەبی | زیادە | ئاوەڵناو | ناو+پاشگری داڕشتن |
| ٧ | عەیب | ٩ | عەرەبی | عەیب | ئاوەڵناو | ئاوەڵناوی سادە |

**خشتەی ژمارە (٢)**

زاراوەی یەکەم:(ڕوشد)

ماددەی سێیەم" ئافرەتی شوکردوو یان شونەکردوو تەڵاقدراو یاخود ئەو بێوەژنەی کە مێردی مردووە و گەیشتبێتە تەمەنی (روشد)"

ئەم زاراوەیە وشەیەکی زمانی عەرەبیە، وەکو خۆی لەداڕشتنی دەقەکەدا بەکارهاتووە، ئەگەرچی وشەی بەرانبەری هەیە لەزمانی کوردیدا، کە بریتیە لە (هەراش)، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو، ئایا ئەم وشەیە بەهەمان ئەو مەبەستە بەکارهاتووە، کە لەزمانە بنەڕەتیەکەدا بونی هەیە، ئەمەش لەڕوانگەی مێتائەرکیەکان دەخرێتەڕوو.

[١] لەشیکردنەوەی ئەم زاراوەیەدا ڕاستەوخۆ مێتائەرکیەکانی (تیۆری ڕێزمانی ئەرکی سیستەماتیك) دەکرێتە بنەماو داڕشتە پێکهاتەیی و ئەرکیەکانی وەرناگیرێت. چونکە لێرەدا هەوڵدەدرێت لەڕووی واتاییەوە. گونجاندنی بەکارهێنانی زاراوە بیانیەکە و خواستراوەکە شیبکرێتەوە هەمبەر بەو زاراوانەی لەزمانی کوردیدا بەرانبەریەتی یان ئەو واتایەی لەزمانەکە بەرانبەریەتی.

لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە بەشێویەکی لۆژیکی لەگەڵ فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقە یەك دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ئەزمونی توانیویەتی زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەنێوان سەرتۆپی سەرەکی کە (بیمەی کابانی ناوماڵ) لەگەڵ تەمەنی (ڕوشد/ هەراش)دا. بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە دێتەکایەوە. هەرچی مێیتائەرکی کەسییە لەم دەقەدا (پەیوەندیەکی دوولایەنە) لەڕوی پۆستەوە دەبینرێت، چونکە ئەو دەقە پێشنیازێکە لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتارەوە پێشکەش دەکرێت بەدەسەڵاتێك، کە لەڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی کارگێری بەرزتری هەیە. بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان) دەڕەخسێت، کە (کرۆکی ئاخاوتنە)، چونکە لەکاتی خوێندنەوەی خوێنەر هەست بەو جیاوازیە دەکات کە لە ئاستی یاسایدا هەیە لەنێوان بەشداربوانی ئەم شێوە دوانە،بەهەمان شێوە لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیەوە توانیویەتی لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بگونجێت لەڕێگەی ژمارەیەك لەئامڕازەکانی لکاندن، بەشێویەکی زنجیرەی و یەك لەدوای یەك. بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە دەڕەخسێت، کە لەڕێگەیەوە چۆنیەتی داڕشتنی دەقەکە دەخاتەڕوو بەشێوەیەکی زنجیرەی نەك بەشێویەکی هەڕەمەکی داڕێژراوبێت.

## زاراوەی دووەم/ حساب

ماددەی سێیەم" ئافرەتی شوکردوو کە شازدە ساڵی لەتەمەنی تەواو کردبێ وەك ژنی پێگەیشتوو بەتەمەنی (ڕوشد) حساب دەکرێ...هتد".

ئەم زاراوەیەش وشەیەکی زمانی عەرەبیە و وەك خۆی وەرگیراوە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا بەکارهاتووە. ئەگەرچی لەزمانی کوردیدا وشەی بەرانبەری هەیە، کە بۆ هەمان واتا بەکاردێت، ئەویش بریتییە لە (هەژمار)، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو، ئایا ئەم زاراوەیە توانیویەتی هەمان ئەو ئەرکە واتاییە ببینێت، کە لەزمانی کوردیدا مەبەستە، ئەمەش بەپێی هەرسێ مێتائەرکیەکەی قوتابخانەی هالیدای دەخرێتەڕوو.

لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی بگونجێت لەگەڵ فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقەدا، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی ئەزموونی توانیویەتی هەمان ئەو واتا و زانیاریە بگەیەنێت، کە زاراوەی (هەژمار) دەگەیەنێت لەزمانی کوردیدا. بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە، دەڕەخسێنێت، چونکە لەڕێگەی ئەو پەیوەندیە لۆژیکیەی لەنێوان بەشەکانی ئەو دەقەدا هەیە سەرتۆپی سەرەکی ئەم دەقە دەردەکەوێت، کە (ئافرەتی شوکردووە)، هەرچی مێتائەرکی کەسیەی ئەم زاراوەیە هەمان ئەو پەیوەندیە دوولایەنەی هەیە، کە زاراوەی (ڕوشد) هەیبوو لە لەدەقەکەدا. بەمەش دەگەین بە بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (کرۆکی ئاخاوتن)ە. لەهەمان کاتدا لەڕێگەی مێتائەرکی دەقیانەوە توانیویەتی لەگەڵ سەرتۆپی سەرەکی و سەرتۆپی لاوەکیەکانی ئەم دەقەدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو بگونجێت، بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە دێتەکایەوە لەمەوە چۆنیەتی چنینی دەقەکە دەست دەکەوێت، کە نوسینێکی فەرمیە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دانەڕێژراوە.

## زاراوەی سێیەم: (زیمە)

ماددەی چوارەم" پێویستە پیادەکردنی ئەم یاسایە ببێتە مایەی دابین کردنێك کە کابانی ماڵەوە وەزعیەتێکی دارایی سەربەخۆی لە زیمەی دارایی مێرد یان لە ئەوانی دیکەی ناو خێزان هەبێت"

ئەم زاراوەیەش لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە و ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە لەدەقەکەدا، تەنها لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە، کە پێی دەوترێت (دەنگە گۆڕکێ) ئەوانیش گۆڕانی فۆنیمی (ذ)ی عەرەبی بۆ (ز) ی کوردی، هەروەها نیشانەی (ژێر/کەسرە)ی زمانی عەرەبی بوە بە فۆنیمی /ی/ لەکوردیدا. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت، ئایا توانیویەتی هەمان ڕۆڵی ئەو وشەیە بگێڕێت، کە لەزمانی کوردی پێی دەگوترێت (ئەستۆنامە). ئەمەش لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکیەکەی دەخرێتەڕوو:

ئەم زاراوەیە لەڕوانگەی مێیتا ئەرکی بیریەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی لۆژیکی زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەسەر سەرتۆپی سەرەکی و لاوەکیەکانی، واتە دەتوانێت هەمان ڕۆڵی (پاکانە ئەستۆ) یان (ئەستۆنامە) ببینێت، چونکە هاتنی ئەم وشەیە گونجانێکی بیریانەی تێدایە، بەشێویەەکی ئەزموونی دەتوانێت ئەو زانیاریە بدات، کە وشە کوردیەکە دەتوانێت بدات لەدەقەکەدا.بەمەش دەگەین بە بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ) ە، لەبەر ئەوەی خوێنەر درك بە گونجانی ئەم زاراوەیە دەکات لەگەڵ سەرتۆپی باسەکە و دەزانێت سەرتۆپی باسەکە چیە. هەمان ئەو مێتائەرکیە کەسیەشی هەیە کە زاراوەی (حساب) هەیەتی. لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەشەوە توانیویەتی لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دەقەکەدا بگونجێت لەڕێگەی ژمارەیەك لەئامرازەکانی لکاندنی دەق بەشێوەیەکی ڕێکخراو و زنجیرەیی، بەوەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان) دێتەکایەوە، کە (شێوان)ە، چونکە لەمەوە شێوازی چنینی دەقەکە دەست دەکەوێت، کە بەشێویەکی فەرمی دارێژراوە، نەك بەهەڕەمەکی.

## زاراوەی چوارەم: (فەراهەم)

ئەم زاراوەیە لەزمانی فارسی وەرگیراووە، پاش ئەوەی گۆڕانی فۆنۆلۆجی بەسەردا هاتووە، کە بریتییە لە (گۆڕانی دەنگی)، چونکە بنەڕەتی وشەکە لەزمانی فارسیدا بریتییە لە (فراهم)، بەڵام لەزمانی کوردیدا گۆڕانیان بەسەردا هێناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانەکە بگونجێت، ئەگەرچی ئەم زاراوەیە لەزمانی کوردیدا وشەیەکی پڕاوپڕی هەیە، هەمان مەبەست دەپێکێت، کە ئەویش بریتییە لە: (دابین کردن). بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوە ڕون بێتەوە، ئایا ئەم زاراوە (فارسیە)، کە بەکوردی کراوە، توانیویەتی هەمان ئەو مەبەستە بدات بەدەستەوە، کە وشە کوردیەکە هەیەتی. ئەمەش لەڕوانگە مێیتائەرکەکانەوە دەخرێتەڕوو:

لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە توانیویتی بەشێیوەیەکی لۆژیکی لەگەڵ فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقەدا یەك بگرێتەوە، بەشێوەیەکی ئەزمونیش زانیاری پێویست لەسەر سەرتۆپی باسەکە بخاتەڕوو. بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە، دێتەکایەوە، هەرچی مێیتائەرکی کەسیانەشە وەکو زاراوە وەرگیراوەکانی تر هەمان پەیوەندی دوو لایەنەی هەیە، بەمەش دەگەین بە بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (کرۆکی ئاخاوتن)ە، کە لە ڕێگەیەوە خوێنەر هەست بەو پەیوەندیە جیاوازەکان دەکات، کە لەنێوان بەشداربوانی ئەم ئاخاوتنەدا هەیە. هەروەها لەڕوانگەی مێیتائەرکی دەقیانەشەوە توانیویەتی لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دەقەکە یەك بگرێتەوە لەڕێگەی ژمارەیەك لە ئامرازە لکێنەرەکانی دەق. لێرەشەوە بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (شێوان)ە دەرەخسێت، کە شێوازی چنینی دەقەکە دەخاتەڕوو، بەشێویەکی زنجیرەی و فەرمیە، نەك هەڕەمەکی.

**زاراوەی پێنجەم: (شەریعەت)**

ماددەی پێنجەم" پێویستە ئەنجومەنی وەزیران کاربکات بۆ فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیان... هتد).

ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، بەڵام جیاوازی ئەم زاراوەیە لەگەڵ ئەوانی تر، ئەوەیە لایەنی کەم زاراوە وەرگیراوەکانی تر زاراوەیەکی بەرانبەریان هەبوو لە زمانی کوردیدا، بەڵام زاراوەی (شەریعەت) تاوەکو ئێستا بەرانبەری نییە لەزمانەکەدا، بۆیە وەکو وشەیەکی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەکاردێت، تەنها لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە هەندێ گۆڕانی دەنگی بەسەردا هاتووە، ئەگەر نا وشەکە خۆی لەبنەڕەتدا بریتیە لە (شريعة). وگۆڕانەکانیش بریتین لە:

١- بونی نیشانەی (فتحە/ سەر) بۆ فۆنیمی /ە/

٢- بونی سەری سەر زمە بۆ فۆنیمی/ە/

٣- بونی فۆنیمی/ة/ی عەرەبی بەفۆنیمی /ەت/.

ئەگەر لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانشەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، دەبینرێت بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕۆڵی خۆی بینیوە لەداڕشتنی ئەم دەقەداو بەشێوەیەکی ئەزمونیش توانیویەتی زانیاریەکەی تەواو بخاتەڕوو لەسەر ئەو بابەتەی دەیگرێتەوە لەگەڵ سەرتۆپی باسەکە بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپە) دەڕەخسێت، چونکە لەڕێگەی ئەم زاراوەیە لەم دەقەدا دەگەین بەسەرتۆپی باسەکە، کە (خەرجی مێرد)ە کەیەتی، لەڕوانگەی مێتا ئەرکی کەسیشەوە هەمان ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە لەزاراوە وەرگیراوەکانی تر خرایەڕوو. بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە(کرۆکی ئاخاوتنە) دەڕەخسێت. لەڕوانگەی مێتا ئەرکی دەقیشەوە توانیویەتی لەگەڵ سەرەتا و کۆتایی دەقەکە یەك بگرێتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی، ئەمەش لەڕێگەی ژمارەیەك لەئامرازەکانی لکاندنی دەق، لەم ڕێگەیەوە، دەگەین بە بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێواز)ە، لەڕێگایەوە شێوازی چنینی دەقەکە دەخرێتەڕوو، کە بەشێویەکی زنجیرەی و یەك بەدوایەکە، نەك هەڕەمەکی و نافەرمی.

**زاراوەی شەشەم: (ئیزافی)**

ماددەی نۆیەم" پێویستە لەسەر وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی بەخششی دارایی ئیزافی بۆ کابانی ماڵەوە تەرخان بکات...هتد.

زاراوەی (ئیزافی)یش بەهەمان شێوە لەزمانی عەرەبی وەرگیراوە و لەداڕشتنی دەقەکە بەکارهاتووە، بەڵام ئەم زاراوەیە وشەیەکی پڕاوپڕی هەیە لەزمانی کوردیدا، ئەویش بریتییە لە (زیادە)، بەجۆرێك دەتوانرێت ئەم زاراوە کوردیە لە جێی ئەم وشە عەرەبیە بەکار بهێنرێت بێ ئەوەی لێلی واتایی دروست بکات. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە ئایا زاراوەی (ئیزافی) توانیویەتی ئەو واتایە بگەیەنێت، کە لەزاراوە کوردیەکەدا هەیە، ئەمەش لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکەکەوە دەخرێتەڕوو، کە لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە، ئەم زاراوەیە توانیویەتی لەگەڵ فرێز و ڕستەکانی ئەم دەقەکەدا یەکبگرێتەوە و بەشێویەکی ئەزمونش زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنێت لەنێوان سەرتۆپە سەرەکیەکە، کە بریتیە لە (بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ناوماڵ) لەگەڵ سەرتۆپە لاوەکیەکەی، کە (بەخششی داراییە)، هەرچی مێیتائەرکی کەسیانەشە

بەهەمان شێوەی زاراوە وەرگێراوەکانی تر هەمان پەیوەندی  دوو لایەنەی هەیە. بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (کرۆکی ئاخاوتن)ە دێتەکایەوە، کە لەرێگەیەوە خوێنەر هەست بەو پەیوەندییە جیاوازە دەکات کە لەنێوان بەشداربوانی ئاخاوتنەکەدا هەیە. لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەشەوە توانیویەتی سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی، بەمەش بنەمای سێیەمی(تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە بڕەخسێنێت، لەمەوە شێوازی چنینی دەقەکە دەخرێتەڕوو کە بەشێوەیەکی زنجیرەی رێکخراو و بەزمانێکی فەرمی نوسراوە، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

زاراوای حەوتەم: (عەیب)

ماددەی نۆیەم"پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلأیەتی بەخششی دارایی ئیزافی بۆ کابانی ماڵەوە تەرخان بکات کە بارێکی زێدە لەناو خێزان دەگرێتە ئەستۆ. وەك بوونی مێردی کەم ئەندام یان منداڵی ئیفلیج یان پیری کەم ئەندام یان هەر کەسێك ناو خێزان کە خاوەنی پێداویستی تایبەت بێ یان عەیبێکی بەردەوام یان نەخۆشیەکی گرانی هەبێ... هتد"

زاراوەی (عەیب)یش لەزمانی عەرەبی وەرگێراوە و لەداڕشتنی دەقەکەدا بەکارهاتووە، بەڵام وشەکە لەرووی فۆنۆلۆژیەوە هەندێك گۆڕانی دەنگی تێدا ڕوویداوە و بەکوردی کراوە، چونکە بنەڕەتی وشەکە لەزمانی عەرەبیدا بریتیە لە (عیب)، گۆڕانەکەش بریتیە لە گۆڕانی (فتحە/ سەر)ی زمانی عەرەبی بۆ فۆنێمی /ە/ لەزمانی کوردیدا. بەڵام ئایا ئەم زاراوە عەرەبیە لە دەقەکەدا توانیویەتی بەشێویەکی لۆژیکی بەکاربێت؟ ئەگەرچی ئەم زاراوەیە لەکوردیدا بەرانبەرەکەی بریتیە لە (شەرم/ کەم و کورتی). وەڵامی ئەم پرسیارە لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە دەخرێتەڕوو.

ئەگەر لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەوە لەم زاراوەیە وردبینەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی لۆژیکی لەم دەقەدا بەکاربێت و بەشێوەیەکی ئەزمونیش ئەو زانیاریانە بخاتەڕوو لەسەر ئەو بابەتەی، کە زانیاری زیاتری لەسەر دەدات، چونکە لێرەدا لەجیاتی (کەم و کوڕتی جەستەیی و دەرونی) بەکارهاتووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینێت، لەبەر ئەوەی زاراوەی (عیب) کۆمەڵێك (واتای نەرێنی) لەخۆی دەگرێت، کە نابێت ئەم زاراوەیە بۆ کەسی (کەم ئەندام) یان کەسێك کە کەم و کورتیەکی دارایی هەبێت بەکاربێت، چونکە نە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، نە لەڕووی مرۆڤایەتییەوە ناکرێت ئەم زاراوەیە بۆ کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاربهێنرێت، بەڵکو دەبێت لەپاڵ ئەمەدا لەمرۆڤێکی ئاسایی زیاتر بەچاوێکی بەرز سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی دەرونی لەسەریان بەجێ نەهێڵێت، بۆیە لێرەدا لەجیاتی زاراوەی (عیب) دەبوایە زاراوەی (کەم و کوڕی) بەکارهاتبوایە، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو.

ماددەی نۆیەم" بونی مێردی  کەم ئەندام یان منالّی ئیفلیج یان پیری کەم ئەندام هەرکەسێکی ناو خێران، کە خاوەن پێداویستی تایبەت بێ یان (کەمو کوڕیەکی) بەردەوامی هەبێت"

واتە دەکرێت بگوترێت زاراوەی (عیب) واتایەکی نەرێنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە بەکارهێنانی لێرەدا شیاو نییە. بەمەش دەگەین بە بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە. لەرێگەیەوە دەزانرێت سەرتۆپی باسەکە باس لەچی دەکات، هەرچی مێتائەرکی کەسیانەشە هەمان ئەو پەیوەندیە دوو لایەنەیە هەیە، کە زاراوە بێگانەکانی تر هەیان بوو. بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان) دێتەکایەوە، کە (کرۆکی ئاخاوتن)ە. هەروەها لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەوە توانراوە بەشێوەیەکی لۆژیکی لەرێگەی

ژمارەیەك لەئامرازەکانی لکاندن سەرتۆپی سەرەکی دەقەکە بەسەرتۆپە لاوەکیەکان ببەستریتەوە. بەوەش دەگەین بەبنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێواز)ە، کە لەرێگەیەوە شێوازی چنینی دەقەکە پیشان دەدرێت، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی دارێژراوە، نەك بەشێوەیەکی نافەرمی.

لەکۆتاییدا، دەگەین بەو ئەنجامەی، ئەم وشە بێگانانە، کە لەدارشتنی ئەم پرۆژە یاسایە بەکارهاتوون لەکۆی (٧) زاراوەی بێگانە و (٦) یان لەزمانی عەرەبی وەرگیراون، (١) زاراوەشیان لەزمانی فارسی وەرگیراوە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە دراوسێیەتی و داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەب و فارسەوە ئەمە جگە لە کاریگەری رۆشنبیری و کلتوری عەرەب و فارسی، لەهەمان کاتدا زۆربەی پرۆژە یاساکان، کە دادەرێژرێت، دەبێت بگونجێت لەگەڵ ئایینی ئیسلام و لایەنی کۆمەڵایەتی، دەبێت ئەوەش بزانین، کە قورئان و زۆربەی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بەزمانی عەرەبی دارێژراون. کە ئەمەش کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دارشتنی ئەم پرۆژە یاسایانەدا، چونکە ئەو پرۆژە یاسایانە، کە دادەنرێن، دەبێت لەگەڵ ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵگاکە بگونجێن.

### ٣/ ١- ٣) دووبارەبوونەوەی ئامرازی (هەر):

هەرچی ئەم ئامڕازەیە ڕاستە لەدەقی یاسای (بەرەنگابوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر")دا بەشێوەیەکی دیار بەکارهێنراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئەم (پرۆژە یاسا)یە جیادەکاتەوە لەدەقی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن) ئەوەیە، کە ئەم ئامڕازە بەرێژەیەکی کەمتر لەکاتی دارشتنی بەرکارهاتووە، بەشێویەك لەکۆی (١١) مادده تەنها (چوار) جار بەکارهاتووە، هەروەکو لەماددەکانی (٥، ٦، ٧، ٩)، کە هەریەکەیان هەمان ئەو ئەرکە واتاییە و ڕێزمانەی بینیوە، کە لە (دەقی بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن) رۆڵی دەبینی، لەهەریەکەیان رۆڵی زیاتر جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو کەرەستەی بەدوایدا دێت کاتێك لەسەری دەدوێت، ڕەنگە کەمی بەکارهێنانی ئەم ئامڕازە لەم پرۆژە یاسایەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە ئەم شێوە دوانە، دەکرێت بواری لێکدانەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، چونکە ئەم شێوە دوانە تەنها پێشنیازێکە و ئاراستەی دەسەڵاتی یاسایی دەکرێت بۆ جێبەجێ کردنی و کردنی بەیاسا، بەڵام هەرچی (دەقی یاسایە) بۆتە یاسا و دەبێت جێبەجێ بکرێت، ناکرێت دەستکاری بکرێت و بواری لێکدانەوەی زیاتر هەبێت.

### ٣/ ١- ٤) جێناوی کەسی سێیەمی تاکوو کۆ (ئەو، ئەوان)[١]:

رۆڵی ئەم جێناوانە لە دارشتنی ئەم پرۆژە یاسایەدا، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ئەم دەقە لەفۆرم دروستی دا، چونکە هەمیشە ئەم دەقانە، کە دادەرێژرێت بۆ یەك کەس نانوسرێن، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی هەرکەسێك دەکرێت، کە ئەم پرۆژە یاسایە بیگرێتەوە، بۆیە زیاتر بەشێوەی کەسی سێیەمی تاك و کۆ دەنوسرێت.

شایەنی سەرنجە ڕەنگدانەوەی ئەم دوو جێناوانە، لەدارشتنی ئەم (پرۆژە یاسایە)دا لەکۆی (٣٩٣) سێ سەد و نۆوەد و سێ وشەی فەرهەنگی، (٥) جار جێناوی (ئەو)، (١) جار جێناوی (ئەوان) بەکار هاتووە. ئەمەش لە ماددەکانی (سێیەم، چوارەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەم).

---

[١] لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕوی زمانەوانیەوە زانیاری پێویستی لەسەر خرایەڕوو. بڕوانە بەشی دووەم لاپەڕە (٨٩–٩٠).

لەم بارەیەوە ڕاستە دارِشتەی زمانی پڕۆژە یاسایەکە سەرکەوتوو بوو. لەبەرکارهێنانی ئەم دوو جێناوە تا واتایەکی گشتی نادیار بەکەسانی مەبەستدار لە پڕۆژەکەدا ببەخشێن، بەڵام تارِادەیەك سەرکەوتوو نەبوو لەرِێژەی بەکارهێنانی دوو جێناوەکە، هەروەك لەئاماری بەکارهێنانەکەیدا خرایەڕوو. هۆکاری سەرەکی ئەم کەم بەکارهێنانەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەگی لایەنی سودمەندانی ناو پڕۆژە یاساییەکە، کە لەماددەی سێیەمی پڕۆژە یاساییەکەدا دیاری کراوە.

### ٣/ ١-٥) بەکارهێنانی مۆرفیمی دیاریکردنو مۆرفیمی دیاری نەکردن/-ەکە/ و /-ێك/:[١]

لەدوای ئامارێکی ورد بۆ سەرجەمی دەقەکە، کە بریتیە لە پڕۆژە یاسای (بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵەوە)، کۆی (٣٩٣) وشەی فەرهەنگ (٢٣) بیست و سێ جار مۆرفیمی دیاریکردنی (ەکە) و (١٣) سێزدەجار مۆرفیمی نادیاری (ێك) بەکارهاتووە، کە لەهەر بەکارهێنانێکدا فۆرمێکی دیار یان نادیاری بەکەرستە زمانیەکە دەبەخشین. ئەم ئەنجامەش جارێکی تۆ لەخۆیدا جەخت لەسەر ڕاستی شیکردنەوەکانی (٣/ ١- ٤) دەکاتەوە و هۆکارەکەی ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکراوی کەسانی سودمەند لەپڕۆژە یاساکە، لەماددەی (٣)دا دیاری کراوە.


### ٣/ ٢) نیشانەسینتاکسیەکان[٢]:

### ٣/ ٢-١) دروستەی مەرجیانە (**Conditional Structures**):

یەکێك لەگرنگترین نیشانە سینتاکسیەکانی ئەم شێوەی دوانەیە هەروەك لەبەشی دووەمیشدا خرایەڕوو، کە بەهۆیەوە یاسادانەران دەتوانن لۆژیکیانە پێوانەی مەرجیانە بۆ چۆنیەتی و چییەتی جێبەجێکردنی یاساکە بەسەر کۆمەڵگادا دیاری بکەن. لەم ڕوانگەیەوە لەرِێژەی ئەم دارِشتنە سینتاکسیە لەم پڕۆژە یاسایە ورد دەبینەوە لەماددەی (٧) برگەکانی یەکەم و دووەم ، هەروەك لەخوارەوە دەخرێتەڕوو.

ماددەی حەوتەم/ برگەی یەکەم." ئەو ئافرەتەی مێردی مردووەو موچەی خانەنشینی وەردەگرێ ڕێی لێ ناگیرێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بیگرێتەوە ئەگەر موچەکەی ژیانێکی خۆش و سەربەخۆیەکی ئابووری شایستەی بۆ دابین نەکات".

ئەگەر لەم دەقە ڕابمێنین، دەبینین ڕستەیەکی مەرجی فراوانکراوە، پێکهاتووە لە (فرێزی سەرەکی) و (فرێزی مەرجی)، کە لەرِێگەی ئامرازی گەیەنەری مەرجیانەی (ئەگەر)ەوە لێکدراون، بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن لەم دوو ڕستە مەرجیە با لەدارِشتەی (پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی) بڕوانین:




دارِشتەی پێکهاتەیی ژمارە (٤)

---

[١] لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووی زمانیەوە زانیاری پێویست لەسەر ئەم نیشانە ڕێزمانییە خرایەڕوو. بڕوانە بەشی دووەم لاپەڕە (٩٠).

[٢] لەبەشی دووەمدا لەڕووی زمانەوە زانیاری پێویستی لەسەر خرایەڕوو، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر لێرەدا باس بکرێتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەست بەشی کردنەوەی نیشانەکان دەکرێت.

هەرچی دارِشتەی ئەرکیەکەیەتی، جگە لەئەرکە ڕێزمانییەکەی لەبەیەکەوە بەستنی ڕستەکانی ئەم دەقە بەیەکترەوە، لەهەمان کاتدا بەهایەکی تری هەیە، ئەویش بریتیە لە دروستکردنی پێوانەی مەرجی، هەروەکو دارِشتەی ئەرکی ژمارە (٤)دا دەخرێتەڕوو:

ڕستەی سەرەکی

بکەر ( ف.ن= ف.پ مەرج — وشەکە: ئەو ئافرەتەی مێردی مردووو... هتد
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك )

بەشەکردار ( کردار = ف. مەرجی — وشەکە: ئەگەر موچەکەی ژیانێکی خۆش‌و...هتد
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
کات: داهاتوو )

**دارِشتەی ئەرکی ژمارە (٤)**

ئەگەر لەڕوانگەی مێتا ئەرکەکانی قوتابخانەی ئەرکی هالّیدای شیکردنەوە بۆ ئەم دەقە بکرێت. دەبینرێت ئەم دەقە، مێتائەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێکراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی (ڕستەی مەرج)یکە بۆتە (پێشەکیەکی لۆژیکی) بۆ ئەنجامی لۆژیکی (ڕستەی پێش مەرجی)ەکە، کە بریتییە لە (ئەو ئافرەتەی مێردی مردووە و موچەی خانەنیشنی وەردەگرێ...هتد). بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان) بەدی هاتووە، کە (سەرتۆپ)ە. بەلاّم لەڕوانگەی مێتائەرکی کەسییەوە، ئەم ئامرِازە نایگرێتەوە، چونکە زیاتر پەیوەندییەکە تێیدا بێلایەنە و تەنها ئەرکی گەیاندنی پێش مەرج و مەرجی جێبەجێ کردووە، هەرچی مێتائەرکی دەقیانەیە، ئەم ئامرِازە توانیویەتی ڕستەی سەرەکی بەڕستەی شوێنکەوتوو ببەستێتەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی و لۆژیکی بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (شێوان)ە برِەخسێت. کە لەڕێگایەوە شێوازی چنینی دەقەکە دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی فەرمی زنجیرەیی نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

لەشیکرنەوەی دارِشتەی (پێکهاتەیی و ئەرکی) ئەم دەقە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دارِشتەی مەرجیانەی بریتیە لە: [پێش مەرج+ ئامرازی گەیەنەر (ئەگەر)+ مەرج]

ماددەی حەوتەم/ برگەی سێیەم." دەرماڵەی ژن و مێردایەتی لەموچەی مێردی ژنەکە دادەشکێنرێ ئەگەر ئەم یاسایە بیگرێتەوە".

بەڕوانین لەناوەخنی ئەم دەقە، دەبینرێت ڕستەی سەرەکی (پێش مەرجی)ەکە بەهۆی ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر) بەڕستەی شوێنکەوتوو بەستراوەتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەیەکی مەرجیانە، ئەم درك پێکردنەش لە چینە سینتاکسیەکەوە دەست دەکەوێت. بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو، دەکرێت دارِشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی بخرێتەڕوو:

دەرماڵەی ژن‌و مێردایەتی لەموچەی مێر یان ژن دادەشکێندرێت | ئەگەر | ئەم یاسایە بیگرێتەوە
ف. سەرەکی= پێش مەرج | ئا. گەیەنەر | ف. مەرجی
ڕ.مەرجی

**دارِشتەی پێکهاتەیی ژمارە (٥)**

**هەرچی دارِشتەی ئەرکەکەیەتی، جگە لە ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە بریتییە لە بەستنی ڕستەی سەرەکی بەڕستەی شوێنکەوتوو، لەهەمان کاتدا، بەهاکەی تری بریتییە لە دروستکردنی (پێوانەی مەرج) بۆمەرجی ڕودانی کارەکە، هەروەکو لەدارِشتەی ئەرکیەکەی دەخرێتەڕوو:**

بکەر: ف.ن= ف.پ مەرج — وشەکە: دەرماڵەی ژن‌و مێردایەتی...
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
بەشەکردار: کردار = ف. مەرجی — وشەکە: ئەم یاسایە بیگرێتەوە
ژمارە: کەسی سێیەمی تاك
کات: داهاتوو

**دارِشتەی ئەرکی ژمارە (٥)**

**لەڕوانگەی مێتائەرکی بیریانەشەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕستە (مەرجیەکە)، بریتییە لە (ئەگەر ئەم یاسایە بیگرێتەوە) ڕێکخراوە بۆ ئەنجامی ڕوودانی کاری ڕستەی سەرەکی، واتە ئەم (ڕستەی مەرجە) پێشەکیەکی لۆژیکیە بۆ ئەنجامی ڕودانی ڕستەی سەرەکی، کە (دەرماڵەی ژن و مێردایەتی لەمووچەی مێردی ژنەکە دەشکێنرێ). بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە دێتەکایەوە. هەرچی مێتا ئەرکی کەسیانەشە نایگرێتەوە، چونکە پەیوەندیەکە زیاتر بێلایەنە و تەنها ئەرکی گەیاندنی (پێش مەرج و مەرج)ی جێبەجێکردووە، بەڵام لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەوە توانیوەتی مەرجی ڕودانی کاری ڕستەی سەرەکی ببەستێتەوە بەمەرجی ڕودانی کاری ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (شێواز)ە دێتەکایەوە، کە چۆنیەتی چنینی شێوازی دەقەکە دەخاتەڕوو بەشێوەیەکی زنجیرەی یەك بەدوای یەك نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.**

**لەئەنجامی شیکردنەوەی دارِشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم دەقە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دارِشتە مەرجیانەکەی ئەم دەقە بریتیە لە:**

**[پێش مەرج+ ئامرازی گەیەنەری (ئەگەر)+ مەرج]**

## ٣/ ٢- ٢) دروستەی ناکەسی (Impersonal Structures):

**ئەگەرچی ئەم جۆرە نیشانەیە لەنیشانەی سینتاکسی یەکێکە لەسیما گرنگەکانی دارِشتەی زمانی یاسایی، بەڵام لەدارِشتنی ئەم پرۆژە یاسایەدا لەزمانی کوردیدا بونی نییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرلەبەری دەقەکە بۆ (کارا)یەکی دیار نوسراوە و ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەش (کابانی ماڵەوە/ ئافرەت)،**


بۆیە لەکاتی دارشتنی دەقەکەدا هیچ (دروستەیەکی ناکەسی) بەدی ناکرێت. ئەمەش ڕاستی شیکردنەوەکانی (٣/ ١–٤) و (٣/١–٥) دوپات دەکاتەوە.

### ٣/ ٢-٣) ڕستەی سەرجێناوی[١]:


لێرەدا بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم نیشانە سینتاکسیە لەدارشتنی دەقی پرۆژە یاسایی لەزمانی کوردیدا، ماددەی حەوتەم وەردەگیرێت لەپرۆژە یاسای (بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ) و شیکردنەوە پاساودانەکانی لەسەر جێبەجێدەکرێت:

حەوتەم/ برگەی یەکەم"ئەو ئافرەتەی مێردی مردووە و موچەی خانەنیشی مێردەکەی وەردەگرێ ڕێی لێ ناگیرێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بیگرێتەوە".

ئەم دەقە لەڕستەیەکی سەرجێناوی پێکهاتووە، کە ئەویش بریتیە لە سەرجێناوی ڕستە سەرجێناویەکە، لەگەڵ (٤) چوار (ڕستەی تەواوکەر)، هەروەکو لێرەدا پیشاندەدرێت:





ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، ئەو ڕستە سەرجێناوەی لەڕێگەی جێناوی کەسی نادیاری سێیەمی تاکی (ئەو) دروست بووە، ئەگەرچی فۆرمێکی نادیاری بە بکەری ڕستەکە و دەقەکە بەخشیوە، بەڵام واتایەکی دیاریکراوی هەیە، چونکە جۆری ئەو (ئافرەت)ەی دیاریکردووە، کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، بەشێوەیەك تەنها ئەو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە مێردیان مردووە و لەژیاندا نەماون، بۆیە ئاساییە لەدارشتنی دەقی یاساییدا بەفۆرمی بکەرنادیار دابنرێت، بەڵام لایەنی کەم دەبێت بکەر نادیارەکان دیاریکراوبن، بۆ ئەوەی دەقەکە دوربێت لەلێڵی واتایی، هەروەکو لەم دەقەدا دەردەکەوێت وشەی (ئافرەتی مێرد مردوو) لەگەڵ (ئەو) لێلیەکەی ڕەواندۆتەوە، بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەوەی خرایەڕوو، دەکرێت دارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکیەکەی دیاریبکرێت:




دارشتەی پێکهاتەیی ژمارە (٦)

[١] دارشتەی ڕستەی سەرجێناوی وەك نیشانەیەکی زمانی کوردی و زمانی نوسراوی یاسایی لەزمانی کوردیدا وردو زانستیانە لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکردنەوەی بۆ کرا. وەك پاشاودان نمونە وەردەگیرێت لەدەقی پرۆژە یاساکە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٩٩).

**هەرچی داڕشتەی ئەرکیەکەیەتی لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕستەی سەرجێناوی دروست کردووە، لەهەمان کاتدا چەند بەهایەکی درایکراوی هەیە، هەروەکو لەداڕشتەی ئەرکی ژمارە (٦) دەخرێتەڕوو:**




**داڕشتەی ئەرکی ژمارە (٦)**

**ئەگەر لەڕوانگەی هەرسێ مێتائەرکەکانی قوتابخانەی ئەرکی هاڵیدای شیکردنەوە بۆ ئەم دەقە بکرێت، دەبینرێت مێتائەرکی بیریانەی تێدا جێبەجێ کراوە، چونکە بەشێوەیەکی لۆژیکی پەیوەندی نێوان (ئەو ئافرەتەی مێردی مردووە) لەگەڵ (مەرجەکانی ئەم یاسایە) بۆ وەرگرتنی موچەی خانەنیشینی خراوەتەڕوو، بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان) دێتەکایەوە کە (سەرتۆپ)ە، چونکە لەڕێگەی ئەم پەیوەندیە واتایەی خراوەتەڕوو سەرتۆپی سەرەکی باسەکە دەست دەکەوێت، کە مووچەی کابانی ماڵە، کەمێردی مردووە، هەرچی مێتائەرکی کەسییە، بریتییە لەپەیوەندیەکی دوولایەنە لەنێوان بەشداربوونی ئەم پڕۆژە یاسایە، کە لەڕووی دەسەڵاتەوە جیاوازیان هەیە، لێرەشەوە بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان) کە (کرۆکی ئاخاوتنە) دێتە کایەوە، چونکە ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتارەوە ئاراستەی دەسەڵاتێك دەکرێت، کە لەڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە دەسەڵاتی زیاترە لەو پەرلەمانتارانە، بەشێوەیەك دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە زوو یان درەنگ (پڕۆژە یاسا)کە بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە ، بۆیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا هەست بەو جیاوازیە دەکات، لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەشەوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەیەکەوە بەستراوەتەوە لەڕێگەی ژمارەیەك لەئامڕازەکانی لکاندنی دەق. بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە دێتەکایەوە، چۆنیەتی چنینیی دەقەکە دەخاتەڕوو، بەشێوەیەکی فەرمی نوسراوە و هەڕەمەکی نییە.**

**هەروەکو لەشیکردنەوەی ئەم دەقەکەدا خرایەڕوو، ڕستەی سەرجێناوی لەدەقی پڕۆژە یاسادا هەمان ئەو خاسیەت و تایبەتیانەی هەیە، کە لەڕستەکانی زماندا هەیەتی، بۆیە ئەگەر دەقی پڕۆژە یاسای (بیمەی کۆمەڵایەتی بۆکابانی ناوماڵ) وەربگرێت، دەبینرێت ژمایەکی دیاریکراو لەڕستەی سەرجێناوی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم پڕۆژە یاسایە، هەروەکو لە (ماددەی شەشەم/ برگەی یەکەم و دووەم، ماددەی حەوتەم/ برگەی یەکەم، ماددەی هەشتەم) دا دەردەکەون. کە هەمان ئەو ڕۆڵ و ئەرکە دەبینن، کە لەداڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ماددەی حەوتەمدا خایەڕوو.**

## ٣/ ٢- ٤) بەناوکردن "Nominalization"

شایانی باسە ئەم جۆرەی شێوەی دوانی یاسایی، بەهەمان شێوەی دەقی یاسایی (بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") ژمارەیەکی دیاریکراو پرۆسەی بەناوکردن تێدا روویداوە، بۆ خستنەرووی ئەو ڕاستیە، دەتوانرێت ئەم خشتەی خوارەوە بخرێتە بەردەست:

| ژ | کردار | پرۆسەی بەناوکردن | ژماری دوبارەبونەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | پیادەکرد | پیادەکرد ن | |
| ٢ | شوکردو | شوکرد+وو | ٢ |
| ٣ | شونەکرد | شونەکرد+ وو | |
| ٤ | تەلاقدرا | تەلاقدرا+ و | |
| ٥ | مرد | مرد+ وو | ٢ |
| ٦ | دابین کرد | دابینکرد+ ن | ٢ |
| ٧ | پێگەشت | پێگەیشت+ وو | |
| ٨ | پیادەکرد | پیادەکرد+ ن | ٣ |
| ٩ | ئازادکرد | ئازادکرد+ ن | |
| ١٠ | ڕوخاند | ڕوخاند+ ن | |
| ١١ | فەراهەمکرد | فەراهەمکرد+ ن | |
| ١٢ | ڕەچاوکرد | ڕەچاوکرد+ ن | ٢ |
| ١٣ | ئامارکرد | ئامارکرد+ ن | ٢ |
| ١٤ | دەرچواند | دەرچواند+ ن | |
| ١٥ | دەستنیشانکرد | دەستنیشانکرد+ ن | |
| ١٦ | ئاسانکرد | ئاسانکرد+ ن | |
| ١٧ | خەملاند | خەملاند+ ن | |
| ١٨ | خەرج کرد | خەرج کرد+ ن | |
| ١٩ | کرد | کرد+ وو | |

**خشتەی ژمارە (٣)**

هەروەکو لەم خشتەی خرایەڕوو هەریەکە لەم وشانە لەبنەڕەتدا کردارن، بەڵام لەم پرۆژە یاسایەدا خاسیەتە بنەڕەتیەکان لەدەست داوە، کە کرداربن، چونکە بەهۆی (نونی چاووگ) و (و/وو) بەناوکراون، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، کە ئەم جۆرە بەناوکردنە پێویستە لەم شێوە دوانەدا هەبێت، چونکە هەریەکەیان ڕۆڵی ڕونکردنەوە و زانیاری دانی زیاتر دەبینێت لەسەر سەرتۆپی باسەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی سنوردارکردنی دەقەکە، لەبەرئەوەی ئەم ڕونکردنەوەیە مەودای لێکدانەوەی واتایی زیاتر نادات بەدەقەکە، بەڵکو تەنها ئەو مەبەستە دەدات، کە دەیەوێت بیگەیەنێت، هەروەها ئەوەی لەم خشتەیە تێبینی دەکرێت کردەوەی بەناوکردنەکە تەنها لەکردارەکان وەرگیراون، بەڵام بەدوو یاسای جیاواز.


## ٢/٣- ٥ ) فرێزە پێشناویەکان و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراوی دەقە یاساکاندا:

یەکێك لەسیما دیارەکانی نیشانەی سینتاکسی لەداڕشتنی زمانی یاسایی ئەم پڕۆژە یاسایە بریتییە لەڕستەی درێژ، بەشێوەیەك هەندێك جار یەك دەقی یاسایی لەڕستەیەکی درێژ پێکهاتووە، کە تێیدا چەند ڕستەیەك بەهۆی ئامرازەکانی لێکدان بەیەکەوە بەستراوەنەتەوە. بۆ خستنەڕووی زیاتری ئەم ڕاستیەی خرایەڕوو و ڕەنگدانەوەی فرێزە پێشناویەکان لەم شێوە دوانەی دەقی پڕۆژە یاسایەدا دەکرێت (ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم) بەنموونە وەگیرێت و شیکردنەوەی بۆ بکرێت هەروەك لەخوارەوە دەخرێتەڕوو.

ماددەی حەوتەم/ بڕگەی دووەم

" هەر خەرجیەکی مێرد بەپێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی یاسایەدا بەژنەکەی بەداهاتێکی دارایی چەسپاوە و سەربەخۆ دادەنرێ بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە، بەبێ ئەوەی ئەم یاسایە لەگرنگی خەرج کردنەکە لەڕووی شەرعی و کۆمەڵایەیتی کەم بکاتەوە".

ئەگەر لەم دەقە ڕابمێنین، دەبینرێت پێکهاتووە لەڕستەیەکی درێژ، کە ئەم ڕستە درێژەش لەناواخنیدا لەفرێزێکی سەرەکی، کە (سەرتۆپی باسەکە)یە، لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لەفرێزی پێشناوی و فرێزی دەرخەری، کە هەریەکەیان ڕۆڵی سەرتۆپی لاوەکی و ڕونکردنەوەی زیاتری سەرتۆپە سەرەکیەکە دەبینن، بۆیە بۆ خستنەڕووی داڕشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم ڕستە درێژە، هەوڵدەدرێت داڕشتەکەیان شیبکرێتەوە هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:




**داڕشتنە ژمارە (٧)**

لەشیکردنەوەی داڕشتەی پێکهاتەیی ئەم ڕستەیەوە دەبینرێت، کە فرێزی سەرەکی ڕستەکە بە (٣) ڕستەی دەرخەری فراوانکراوە کە هەریەکەشیان بەچەند فرێزێکی پێشناوی جارێکیتر لەناواخنیدا فراوانکراون. بەمەش فراوانکردنەکە بۆتە هۆی دروستکردنی ڕستە درێژکراوەکە، کە تێیدا:

– ڕستە سەرەکیەکە بە (٣) ڕستەی دەرخەری فراوانکراوە.

– ڕستەی دەرخەری یەکەم بە (٢) ف.پ فراوانکراوە.

– ڕستەی دەرخەری دووەم بە (٢) ف. پ فراوانکراوە.

– ڕستەی دەرخەری سێیەم بە (٣) ف. پ فراوانکراوە.

بەم شێوەیە ئەگەر ئاماری ئەو دەقە بکەین، وەکو ڕستەیەکی درێژ لە (٧) بەشداربووی سنوردار پێکهاتووە.




**دارشتەی ئەرکی ژمارە (٧)**

لەشیکردنەوەی پێکهاتەیی و ئەرکی ئەم دەقە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، ئەرکی ئەم ڕستە سەرەکیە لەپاڵ ئەرکە ڕێزمانیەکەی، کە ڕۆڵی ڕستەی سەرەکی بینیوە، لەهەمان کاتدا ئەم ڕستەیە لەڕێگەی ڕستەی دەرخەرییەوە بە (٣) ڕستەی دەرخەری فراوانکراوە، کەهەریەکەیان بە (ف.پ)ی جیاواز زیاتر فراوانکراوە بەشێوەیەك ڕستەی دەرخەری (١) بە (٢) (ف.پ) و ڕستەی دەرخەری (٢) بە (٢) (ف.پ) و ڕستەی دەرخەری (٣)یش بە (٣) (ف.پ) فراوانکراوە لەڕووی واتاوە، بەشێوەیەك هەریەکە لەم فرێزانە ڕۆلی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسنوردارکردن و دیاریکردنی واتای دەقەکە، چونکە هەریەکە لەم فرێزانە زانیاری زیاتریان دایە لەسەر سەرتۆپی سەرەکی باسەکە و دورکەوتنەوەی دەق لەلێلی واتای، لەکاتێکدا ئەم جۆرە دارشتنە واتاییە زۆر پێویستە لەدەقی یاسایی دا هەبێت.

ئەگەر ئەم دەقەش بەپێ مێتائەرکەکانی قوتابخانەی ئەرکی هالیدای شیکردنەوەی بۆ بکرێت، دەبینرێت لەڕێگەی مێتائەرکی بیریانەوە ڕستەی سەرەکی و ڕستەی شوێنکەوتوو بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێك خراون، کە هەردوو ڕستەکە بەیەکەوە توانیویەتیان بەشێوەیەکی ئەزموونی زانیاری هاوسەنگ بڕەخسێنن لەناو دەقەکەدا بەمەش بنەمای یەکەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (سەرتۆپ)ە، بێتەکایەوە، چونکە لەڕێگەی ئەم بەدوایەکەدا هاتنە لۆژیکە دەزانرێت (سەرتۆپی باسەکە چییە، کە لێرەدا بریتییە لە (هەر خەرجیەکی مێرد).

هەرچی مێتائەرکی کەسیانەشە لەم دەقەکەدا پەیوەندییەکە کە دوو لایەنەیە، بەڵام بەپلەی جیاوازەوە لەڕووی پۆستەوە، چونکە ئەم دەقە تەنها پێشنیازێکە لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتارەوە ئاراستەی دەسەڵاتێك دەکرێت، کە لەڕووی یاسایی و کارگێرییەوە بەرزترە لە دەسەڵاتی ئەو پەرلەمانتارانە بۆ جێبەجێکردنی کاری ئەم پرۆژە یاسایە. بەمەش بنەمای دووەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (کرۆکی ئاخاوتنە) دەرەخسێت، لەبەر ئەوەی خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقە هەست بەو جیاوازیە دەکات لەنێوان بەشداربووانی ئەم دەقانەدا بونیان هەیە، هەروەها لەڕوانگەی مێتائەرکی دەقیانەشەوە توانراوە لەڕێگەی ئەو ئامرازانەی لکاندنی دەقەوە سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بەیەکەوە ببەسترێتەوە. بەمەش بنەمای سێیەمی (تیۆری شێوەی دووان)، کە (شێوان)ە دەرەخسێت، چونکە لەم شێوازە چۆنیەتی چنینیی دەقەکە دەست دەکەوێت، کە بەشێوەیەکی فەرمی و زنجیرەی یەك بەدوای یەك داڕێژراوە، نەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی.

## ٣/ ٣) نیشانە دەقیەکان (Discourse Features)[١]

یەکێك لەگرنگترین نیشانە زمانیەکانی شێوەی دووانی یاسایی بریتییە لە نیشانە دەقیەکان، کە کرۆکی داڕشتەی دەقە یاساییەکان و پرۆژە یاسایەکانیشن، بۆیە لێرەدا و بەمەبەستی پاساودانی زانستی ڕاستەوخۆ و کارەکیانە شیکردنەوە بۆ ئەم نیشانە زمانیەی شێوەی دووانی یاسایی دەقی پرۆژە یاسای (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی کابانی ماڵ/ ٢٠١٤) دەکرێت بەم شێوەیە:

ماددەی چوارەم:" ئامانجی [ئەم یاسایە] ئازادکردنی [ئافرەت] لەپاشکۆی [پیاو]، [ئەو]ی[ش] بەدابینکردنی ئابووریەکی سەربەخۆ بۆ [ی] [تاکو] بتوان[ێت] لەڕووی ئابووریەوە ڕۆڵ[ی] هەبێت وەخاوەنی بڕیاری سەربەخۆی [خۆی] بێت".

ئەم دەقە لەناوەخنیدا ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازی لکاندنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە هەریەکەیان، وەك نیشانەیەکی دەقیانە ئەرکێکی دیاریکراویان خستۆتەڕوو، هەروەك لەخشتەی ژمارە (١) دیارە

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی |
|---|---|---|
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە (ئەم یاسایە) | ١ |
| ٢ | دەرە ئاماژە (ئافرەت، پیاو) | ٢ |
| ٣ | بریتیی خستن (بتوانێت، هەبێت، بۆیی، ڕۆڵی، خۆی) | ٥ |
| ٤ | بەستن (ش، تاوەکو، و) | ٣ |

**خشتەی ژمارە (٤)**

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ئامرازانەی لکاندن و ئەرکیان لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، لەکاتی شیکردنەوەی دەقەکە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی زیاتر دەردەکەوێت:

١) ئامانجی [ئەم یاسایە (دەقە ئاماژەی پێشەوە بۆ سەرتۆپەکە)] ئازادکردنی [ ئافرەت (دەرە ئاماژە)] لەپاشکۆی [ پیاو (دەرە ئاماژەیە)]، ئەوی[ش (بەستن)] بەدابینکردنی ئابوریەکی سەربەخۆ بۆ[ی (بریتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)ە].

[١] لەم بەشەدا کارەکیانە ڕاستەوخۆ شیکردنەوە بۆ نیشانەکانی لکاندنی دەق دەکرێت، چونکە لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زانستیانە شیکردنەوەی زمانەوانی لەسەر نیشانە دەقیەکان خرایەڕوو، بڕوانە بەشی دووەم، لاپەڕە ( ١٠٨- ١١١).

٢) [ تاکو (ئامرازی بەستن)] بتوان[ێت (بریتی خوارەوە لەجیاتی (ئافرەت)] لەڕووی ئابوریەوە ڕۆڵ[ی (بریتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] هەب[ێت (بریتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)].

٣) خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی [خۆی (بریتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] بێت.

لەئەنجامی وردبوونەوە لەم خشتە و ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە (١١) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، کە هەریەکەیان ئەرکی جیاوازی هەیە، هەروەکو خرایەڕوو، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا تیشکی بخرێتەسەر ئەوەیە ڕاستە ژمارەیەکی دیاریکراو ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بونیان هەیە وەکو (دەقە ئاماژە و دەرە ئاماژە و بریتیی خستن و بەستن)، بەڵام نەبۆتە هۆی دروست بوونی لێڵی واتایی، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە کردەی (کرتاندن) تێیدا ڕوی نەداوە.

کە ئەمەش جیاوازییەکی زەقی نێوان داڕشتەی زمانیانەی شێوەی دووانی (دەقی یاسایی) و (دەقی پرۆژەی یاسایی)یە و دەکرێت وەك بنەمایەکی پتەو وەربگیرێت بۆ دروستی پاساودانی بونی ئەم شێوە دووانە لەزمانی کوردییدا بەوەی، کە زمانی کوردی نەك هەر خاوەنی شێوەی دووانی یاساییە، بەڵکو لەداڕشتەی دەقە نوسراوە جیاوازەکانی زمانی یاساییدا نیشانەی زمانی جیاوازی پسپۆڕییانە بەکاردێنێت.

ماددەی پێنجەم:" [وەزارەتی دارایی] بەخشش‌ێکی دارایی مانگانە بۆ [ژنی ماڵەوە] تەرخان بکات [تاکو] سەربەخۆیی ماددی[و] کەسیەتی Ø دابین بکات"

ژمارەیەکی دیاریکراو لەئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەکدا، کە هەریەکەیان توانیویەتی وەکو نیشانەیەکی دەقیانە بێت، هەروەك لە خشتەی ژمارە (٥) دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە (وەزارەتی دارایی، ژنی ماڵەوە) | ٢ |
| ٢ | کرتاندن | ١ |
| ٣ | ئامرازی بەستن (تاکو، و) | ٢ |

**خشتەی ژمارە (٥)**

بۆ دەرخستنی زانیاری زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ئامرازە لکێنەرانە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا دەکرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی، بەم جۆرە:

١) [ وەزارەتی دارایی (دەرە ئاماژە)] بەخشش‌ێکی دارایی مانگانە بۆ [ ژنی ماڵەوە (دەرە ئاماژە) ] تەرخان بکات.

٢) [ تاکو (ئامرازی بەستن)] سەربەخۆیی مادی [(وئامرازی بەستن)] کەسیەتی [ Ø (ژنی ماڵەوە)] دابین بکات.

بەوردبوونەوە لەم شیکردنەوەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە (٥) ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی بەشدارن لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، کە بریتین لە (دەرە ئاماژە و کرتاندن و بەستن)، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم ئامرازانەش نەبۆتە هۆی لێلی واتایی، ئەگەرچی کردەی (کرتاندن)یش ڕویداوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی (کرتاندنەکە) لەڕستەی سەرەکی ڕوی نەداوە و سەرتۆپی باسەکە دیارە، بۆیە بۆتە لایەنی چاکی بۆ دەقەکە و دوورکەوتنەوە لەدووبارەبوونەوەی وشەکە.

ماددەی حەوتەم:" ئەو [ ئافرەتە]ی [مێرد]ی مردووە [و] مووچەی خانەنشینی [مێرد]ەکەی وەردەگرێ ڕێ[ی] لێناگیری حکومەکانی [ ئەم یاسایە] ب[ی]گرێتەوە [ئەگەر] موچەکە[ی] ژیانێکی خۆش و سەربەخۆییەکی ئابووری شایستە[ی] بۆ دابین نەکات".

ژمارەیەکی دیاریکراو ئامرازی لکاندن بەشدارن لە داڕشتنی ئەم دەقەدا، کە هەریەکەیان وەکو نیشانەیەکی دەقی ڕۆڵی خۆی بینیووە، هەروەك لەخشتەی ژمارە (٦)دا دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنان |
| --- | --- | --- |
| ١ | دەقە ئاماژەی پێشەوە (ئەم یاسایە) | ١ |
| ٢ | دەرە ئاماژە (ئافرەت، مێرد) | ٤ |
| ٣ | بڕیتیی خستن (ی) | ٥ |
| ٤ | لکاندنی وشەی (مێرد) | ٢ |

خشتەی ژمارە (٦)

بۆ زانیاری دانی زیاتر لەسەر هەریەکە لەو ئامرازانەی لکاندن و ئەرکیان لەم دەقەدا، دەقەکە شیدەکرێتەوە بۆ ڕستەی پێکهێنەرەکانی، بەم جۆرەی خوارەوە:

١- [ ئەو (دەرە ئاماژە بۆ (ئافرەت)] ی [ مێرد (دەرە ئاماژە)،] مردووو مووچەی خانەنیشنی [ مێرد (دەرە ئاماژە)] ەکەی وەردەگرێ.

٢- ڕێـ[ی (بڕیتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] لێناگیری حکومەکانی [ ئەم یاسایە (دەقە ئاماژەی پێشەوە بۆ (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی)] بـ[یـ (بڕیتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] بگرێتەوە.

٣- موچە[ی (بڕیتی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] ژیانێکی خۆش [و (بەستن)] سەربەخۆییەکی ئابووری شایستە[ی (بڕیتیی خراوە لەجیاتی (ئافرەت)] بۆ دابین ناکات.

ئەگەر لەشیکردنەوەی ئەم دەقە ڕابمێنین لە ڕوانگەی خشتەی ژمارە (٦) و ئەم ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە (١٢) ئامرازی لکاندنی دەقە ڕۆڵی جیاوازیان هەبووە لەداڕشتنی ئەم دەقەدا، بەشێوەیەك هەردووکیان سوودیان هەبووە بۆ پتەوکردنی دەقە و دروست نەکردنی لێلی واتایی. بەتایبەتی کردەی (کرتاندن) لەهیچ بەشێکی دەقەکە ڕوی نەداوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر گەیاندنی واتایی پڕاوپڕی دەقەکە.

ماددەی نۆیەم:" پێویستە لەسەر [ وەزارەتی کار] [ و] [کاروباری کۆمەڵایەتی] بەخشینی دارایی ئیزافی بۆ [ کابانی ماڵەوە] تەرخان بکات [کە] بارێکی زێدە لەناو خێزان دەگرێتە ئەستۆ، [وەك] بوونی [ مێردی کەم ئەندام] [یان] [مناڵی ئیفلیج] [یان] [پیری کەم ئەندام]،[یان] عەیبێکی بەردەوام [یان] نەخۆشیەکی گرانی هەبێت پێویستی بەیەکێك بێت [لەناوماڵیدا] بەخێو[ی] بکات، بەمەرجێك مووچە یان بەخششێکی دیکە بۆ هەمان مەبەست وەرنەگر[ێت]، [لەگەڵ] ڕەچاوکردنی یاسا کار پێکراوەکان [لەم یاسایەدا]".

لەم دەقەدا ژمارەیەکی دیاریکراو ئامرازی لکاندنی دەق بوونی هەیە، کە هەریەکەیان توانیویەتی وەکو نیشانەیەکی دەق ڕۆل بگێرێت، هەروەکو لەم خشتەی خوارەوە، ژمارە و جۆری نیشانەکان دەخرێتەڕوو:

| ژ | جۆری نیشانە | ژمارەی بەکارهێنانی |
|---|---|---|
| ١ | دەرە ئاماژە | ٧ |
| ٢ | دەقە ئاماژەی پێشەوە | ١ |
| ٣ | بریتی خستن | ٣ |
| ٥ | بەستن (و ، یان، کە، ئەگەر) | ٧ |

**خشتەی ژمارە (٧)**

بۆ خستنەرووی زانیاری زیاتر لەسەر ئەرکی هەریەك لەو ئامرازانەی بەشدارن لەداڕشتنی ئەو دەقە، دەکرێت دەقەکە شیبکرێتەوە بۆ ڕستە پێکهێنەرەکانی بەم شێوەی خوارەوە:

١- پێویستە لەسەر [ وەزارەتی کار (دەرە ئاماژە)] [و] [کاروباری کۆمەڵایەتی (دەرە ئاماژە)] بەخششی دارایی ئیزافی بۆ [کابانی ماڵەوە (دەرە ئاماژە)] تەرخان بکات، کە بارێکی زیادە لەناو خێزان دەگرتە ئەستۆ. وەك بونی [مێری کەم ئەندام (دەرە ئاماژە)] [یان] [منداڵی ئیفلیج (دەرە ئاماژە)] [یان] [پیری کەم ئەندام (دەرە ئاماژە)] [یان] هەر [کەسێکی ناو خێزان (دەرە ئاماژە)]، [کە] عەبێکی بەردەوامی هەبێت، [یان] نەخۆشیەکی گران[ی (بریتی خراوە لەجیاتی (هەرکەسێکی ناو خێزان)] هەبێ. پێویستی بە [یەکێك (دەرە ئاماژەیە بۆ کەسێك)] بێت [ لەناو ماڵدا (دەرە ئاماژە)] بەخێو[ی (بریتی خراوە لەجیاتی (هەرکەسێکی ناو خێزن)] بکات.

٢- بەمەرجێك موچە [یان (بەستن)] بەخشیشی دیکە بۆ هەمان مەبەست وەرنەگر[ێت بریتی خراوە لەجیاتی (کابانی ناوکاڵ)]، [ لەگەڵ (بەستن)] ڕەچاوکردنی [ یاسا کارپێکراوەکان لەم بارەیەوە (دەقە ئاماژەی پێشەوە)].

بەوردبونەوە لەخشتەکە و ئەم ڕستانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە لەم دەقەکەدا (١٨) ئامرازی لکاندن وەك نیشانەی دەق بەکارهاتووە، کە هەریەکەیان ڕۆڵ و ئەرکی جیاوازیان بەجێ هێنانەوە، بەجۆرێك هەریەکە لەو ئامرازانە ڕۆڵی گرنگییان هەبووە بۆ پتەوکردنی دەقەکە، بەڵام ئەوەی لێرەدا پتەوی دەقەکەی کەمکردۆتەوە، بریتییە لەفراوانکردنی پاڕستەی یەکەم لەڕێگەی فرێزە ناویەکانی (بونی مێردی کەم ئەندام، مناڵی ئیفلیج، پیری کەم ئەندام، عەبێکی بەردەوام، نەخۆشیەکی گران)، چونکە لەجیاتی هەموو ئەمانە تەنها ئەو دەستەواژەیە بەسە، کە دەڵێت (هەرکەسێکی ناوخێزان خاوەن پێداویستی تایبەت بێت)، لەبەر ئەوەی ئەم ڕستەیە واتای هەموو ئەو فرێزانە دەگرێتە خۆ، بۆیە پێویست ناکات ئەو جۆرە نەخۆشیانە دیاری بکرێت، چونکە زۆر نەخۆشی هەیە ئەم ماددەیە ئاماژەی پێنەداوە، کەچی بەهەمان شێوەی کەسی (ئیفلیجو کەم ئەندام) پێویستی بەخزمەت کردن و چاودێری کردنە لەلایەن کابانی ماڵەوە. بۆیە دەکرێت جارێکی تر ئەم دەقە دابڕێژرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی پتەوتر و دەقیانەتر، هەروەك لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

(پێویستە لەسەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەخششی دارایی ئیزافی بۆ کابانی ماڵەوە تەرخان بکات، کە بارێکی زێدە لەناو خێزان دەگرێتە ئەستۆ، وەك بوونی هەر کەسێکی ناو خێزان کە خاوەن پێداویستی تایبەت بێت، پێویستی بەیەکێك بێت لەناو ماڵدا بەخێوی بکات. بەمەرجێك مووچە یان بەخششی دیکە بۆ هەمان مەبەست وەرنەگرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا کارپێکراوەکان لەم بارەیەوە).

لەئەنجامی شیکردنەوەی نیشانە دەقیەکان لەم پڕۆژە یاسایەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هیچ کامێك لەم ئامرازانەی لکاندن نەبۆتە هۆی لێڵکردنی واتای دەقەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە (کردەی کرتاندن) کەمتر ڕوویداوە بەبەراود لەگەڵ ئامرازەکانی تر، لەکۆی شیکردنەوە بۆ (٤) چوار ماددەی دەقی (پڕۆژە یاسا) تەنها لەیەك دەقیان ڕوویداوە، هەروەکو لەماددەی (٥)دا خرایەڕوو، بەڵام لەم مادەیەشدا لەڕستەی سەرەکی و سەرتۆپی باسەکە ڕوینەداوە، بۆیە لەم دەقەشدا لێڵی دروست نەکردبوو.
ئەمەش جیاوازی بەهێزی نێوان (دەقی یاسا) و (دەقی پڕۆژە یاسا)کانە، ئەم جیاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە هەر لەسەرەتای پڕۆژە یاساکە جۆری ئەو (ئافرەتە) دیاریکراوە، کە ئەم پڕۆژە یاسایە دەیگرێتەوە. لەکاتێکدا ئەم جۆرە داڕشتنە زۆر پێویستە لە دەقی یاسایدا هەبێت، بۆ ئەوەی دەقە یاساییەکە دور بێت لە لێڵی واتایی و لێکدانەوەی واتای زیاتر لەخۆ نەگرێت، چونکە ئەگەر وانەبێت بوار بە (دادوەر، پارێزەر، تۆمەتبار...)دەدرێت ، کە گەمە بە یاساکە بکات و لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری بێنێت.

٣/ ٤) نیشانەی واتایی (ڕێکخستنی واتایی):

لەم وەچە پارەدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە دەقی (پڕۆژە یاسا)ش، هاوشێوەی دەقی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن " تیرۆر")، لەڕووی واتاییەوە بەشێوەیەکی گونجاو ڕێکخراوە، تاکو بتوانێت ئەو مەبەستە بپێکێت، کە لەڕوی یاساییەوە دەیەوێت بیگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوی بۆچونی هالیدای دەکرێت لەسەر شیکردنەوەکانی بۆ (شێوەی دووان)، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

١. بواری سەرتۆپ/ (**Field**):

سەرتۆپی ئەم پڕۆژە یاسایە بریتییە لە (بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ناوماڵ)، کە ئەم سەرتۆپە سەرەکیە پێویستی بەوە هەیە زانیاری زیاتری لەسەر بخرێتەڕوو، ئەویش لەلایەن سەرتۆپە لاوەکیەکانەوە، کە لەبڕگە و ماددەکانی لەسەر دەخرێتەڕوو.

٢. کرۆکی ئاخاوتن (**Tinor**):

هەر پڕۆژە یاسایەك وەربگیرێت پێشنیارێکە لەلایەن کۆمەڵێك پەرلەمانتار ئاراستەی دەسەڵاتێك دەکرێت، کە لەڕوی یاسایی و کارگێڕییەوە دەسەڵاتی لەو پەرلەمانتارانە زیاترە، واتە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان بەشداربوانی ئەم ئاخاوتنەدا هەیە پەیوەندیەکی دوو لایەنەیە و جیاوازە لەڕوی دەسەڵاتیەوە، بەشێوەیەك خوێنەر هەر لەکاتی خوێندنەوەی هەست بەو پەیوەندیە جیاوازە دەکات، کە لەنێوان بەشداربوانی ئەم (پڕۆژە یاسا)یەدا هەیە، بەڵام لێرەدا کاتێك باسی دەسەڵاتی بەرزتر دەکرێت بەو واتایە نییە، کە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاساکەی هەبێت، لەکاتێکدا واژووی زۆرینەی پەرلەمانتارانی لەسەر بێت، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی زوو یان درەنگ جێبەجێکردن و خستنەکاری پەرلەمانی هەیە، لەم شیکردنەوەیە جیاوازی نێوان شێوەی دووانی (دەقی یاسایی) لەگەڵ دەقی (پڕۆژە یاسا) دەردەکەوێت، چونکە لەدەقی یاسایدا دەبێت هاوڵاتی ملکەچی ئەو یاسایە بێت، کە بۆی دانراوە، لەبەرئەوەی پەیوەندیەکە (دەسەڵاتداریی و ژێردەستیە)،

بەڵام لە (پڕۆژە یاسادا) ئەو ملکەچیەی تێدا نییە، بەڵکو جیاوازیەکە تەنها لەڕووی دەسەڵاتی کارگێڕییە.

۳. **شێوازی ئاخاوتن (Mode):**

ئەو شێوە داڕشتە زمانەی سودی لێ وەرگیراوە بۆ داڕشتنی ئەم پڕۆژە یاسایە، بەهەمان شێوەی دەقە یاساکان سوود لەزمانی نوسین وەرگیراوە، لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی فەرمی نووسراو و هەوڵدراوە ئەم دەستەواژانە بەکاربێنن، کە تایبەتن بەبواری زانستی یاسا. بەڵام لێرەدا وێڕای پەیڕەوکردنی ئەو شیکردنەوە واتاییەی بۆ ئەم پڕۆژە یاسایە کرا، دەبێت چەند ڕێکخستنێکی تری واتایی تێدا ڕەچاو بکرێت، بۆئەوەی ببێتە پاڵپشتەیەکی تر بۆ دورکەوتنەوەی لە لێڵی واتایی. هەروەکو لە تەوەرەکانی (۳/ ٤-۱) (۳/ ٤-۲) (۳/ ٤- ۳) دا دەخرێتەڕوو:

### ۳/ ٤-۱) پێشکەوتن یان ڕێکخستنی واتایی (Thematic progression)

لەداڕشتنی ئەم پڕۆژە یاسایەدا چەند شێوەی ڕێکخستنی واتایی بوونی هەیە، هەروەکو لەخوارەوە دەخرێتەڕوو:

### ۳/ ٤-۱-۱) ڕێکخستنی ڕاستەهێڵی واتایی (Liner Thematic progression)

بۆخستنەڕووی ئەم جۆرە چەند دەقێك لەم (پڕۆژە یاسایە) وەردەگیرێت و شیکردنەوەیان بۆ دەکەیرێت، بەمشێوەی خوارەوە:

**ماددەی سێیەم/ برگەی یەکەم:**

مەبەست لەکابانی ناومالێ بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە — ف.۱= باس۱
ئافرەتی شوکردوو — ف۲= خواس۲
یان شونەکردوو — ف۳= خواس۲
یاخود تەلاقدار — ف٥= خواس ٤
مردوو و گەیشتبێتە تەمەنی (ڕوشد) — ف٦= خواس٥
و لەهیچ کەرتێکی گشتی یان تایبەتی دانەمەزرابێت... هتد — ف٦= خواس٥

وەك دیارە لەم دەقەکەدا ئەو ڕیزبەندیە فرێزەی تێدا نیە، کە لەڕاستەهێلی واتای دەبێت هەبێت، چونکە لەدوای ئەو باسە سەرەکیەی لەسەرەتای دەقەك هاتووە، کە بریتییە لە (کابانی ماڵ) هەرچی فرێزی ترە، کە بەدوایدا هاتووە بریتییە لەخواسەکان، چونکە هەریەکە لەم فرێزانە زانیاری نوێن لەسەر سەرتۆپی سەرەکی، کەبریتییە لە (باس). هەروەکو بەپێی کەوانە شکاوەکان خرایەڕوو کە لەدوای (۱) باس (٦) خواس هاتوون.

**ماددەی پێنجەم/ برگەی یەکەم.**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران — ف.۱= باس۱
کاربکات — ف۲= خواس۱
بۆ فەرهەمکردنی دەرفەتەکەیان — ف۳= خواس۲
بۆهەموو هاووڵاتیان — ف٤= خواس۳
لەهەردوو کەرتی گشتیو تایبەت، — ف٥= خواس٤
لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری ژیانو کۆمەلایەتیو ئابوری کابانی ماڵەوەلەم بوارەدا — ف٦= خواس٥


ئەم ماددەیەش هاوشێوەی دەقی پێشوتر ڕێز بەندی ڕاستەهێڵی واتایی تێدا نییە، بەڵکو ئەم ڕێکخستنە واتاییە بریتییە لەبەردەوامی (باس) لەڕێگەی خواسەکانەوە، چونکە لەدوای سەرتۆپی دەقەکە، کە بریتیەلە (باس/ئەنجومەنی وەزیران). هەرچی فرێزە، کە بەدوایدا دێت (خواس)ە، هەروەکو بەکەوانەی شکاوە ژمارەی خواسەکانی (١) باس خرایەڕوو.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت، ڕێکخستنی ڕاستەهێڵی واتایی لەم (پرۆژە یاسایەدا) بەهەمان شێوەی (دەقی یاسایی) (بەڕەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر") بونی نییە، چونکە هەر مادده و برگەیەکی ئەم پرۆژە یاسایە وەربگیرێت تەنها لەڕێگەی بەردەوامی باسەوە ڕێکخراوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە هەر بابەتێك لەسەر دەدوێن لە پرۆژە یاسادا پێویستی بەڕونکردنەوەی زیاتر و سنوردارکردنی زیاترە. بەڵام هەندێ جار ئەو بەردەوامی خواسە لەهەندێك دەقدا دەبێتە هۆی دروستبوونی درێژبڕی و لێکدانەوەی واتای زیاتر، کە ئەمەش نابێت لەدەقی یاساییدا هەبێت. هەروەکو لەشیکردنەوەی نیشانە دەقیەکانی ماددەی نۆیەم خرایەڕوو، کە هەریەکە لەفرێزە ناویەکانی (بونی مێردی کەم ئەندام، منداڵی ئیفلیج، پیری کەم ئەندام، عەیبێکی بەردەوام، نەخۆشیەکی گران)، ڕۆڵی (خواس) و دروستبوونی درێژبڕی و لێکدانەوەی واتای زیاتر دەبینن. بۆ سەر تۆپی باسەکە، لەبەرئەوەی چەندین نەخۆشی درێژخایەن و خاوەن پێداویستی تایبەت هەن لەم دەقەکەدا باس نەکراون، کەچی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، لەکاتێکدا نابێت ئەمجۆرە داڕشتنە لەدەقی یاسایدا هەبێت.

### ٣/ ٤-١-٢) ڕێکخستنی واتایی بەپلە وپایەی فرێزەکان:


لێرەدا نموونەی چەند دەقێك وەردەگیرێت بۆسەلماندنی ئەم ڕاستیە:

ماددەی حەوتەم/برگەی٣




ئەم ڕستە لێکدراوە لەدووڕستە پێکهاتووە، کەڕستەی یەکەمیان، ڕستەی سەرەکیە و لەڕووی ژمارەی وشە و فرێزەکان درێژتر و فراوانترە لەڕستەی دووەم، کە ڕستەی شوێنکەوتووە، هەروەکو لەشیکردنەوەکەدا دەردەکەوێت، کە لە (٧) وشە و (٢) دوو فرێز پێکهاتووە، کەچی لەبەرانبەردا ڕستەی شوێنەکەتوو لە (٢) وشە (١) فرێز پێکهاتووە، ئەگەرچی لەم دەقەدا ڕێکخستنە واتاییەکە بەپێی پلەوپایەی فرێزەکانە، ڕستەی یەکەم لەڕووی ژمارەی وشەو فرێزەکانەوە گەورەتر و فراوانترە ، بەڵام واتاکەی بەئەنجامی ڕستەی شوێنکەتوو بەستراوەتەوە:

ماددەی یازدەم:



ئەم دەقە لەیەك ڕستەی سادەی فراوانكراو پێكهاتووە، كە لەڕێگەی هەریەكە لەفرێزەكانەوە فراوانكراوە هەروەكو بەكەوانەی شكاوە خرایەڕوو، ئەگەرچی ئەم ڕستەیە لە (٤) چوار فرێز پێكهاتووە، بەڵام باوترین فرێز بریتییە لە فرێزی چوارەم، كە (جێبەجێ دەكرێت)ە ، چونكە واتای هەرسێ فرێزەكەی پێشتر و هەموو دەقەكە، كە بریتیە لە (بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ كابانی ناو ماڵ) لەسەر ئەم فرێزەوە دەوەستێت، چونكە لەڕێگەی ئەم فرێزەوە دەگەینە ئەنجامی كۆتایی ئەم دەقە.

### ٣/ ٤-٢) دیمەنی پشتەوەو دیمەنی پێشەوە (For Grand and Back grand)[١]:

بۆ پیشاندانی هەردوو دیوی ئەم دیمەنە چەند دەقێكی ئەم (پڕۆژە یاسایە) وەردەگرێت، بەشێوەی خوارەوە:

ماددەی سێیەم/ بڕگەی (١)

ئامانجی ئەم یاسایە ئازادكردنی ئافرتە لەپاشكۆی پیاو ئەویش بەدابین كردنی ئابووریەكی سەربەخۆ بۆی | تاكو بتوانێت لەڕووی ئابوریەوە ڕۆلی هەبێت، وە

دیمەنی پشتەوە | دیمەنی پێشەوە ١

خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆی بێت

دیمەنی پێشەوە٢

كاتێك لەم دەقە ڕادەمێنین، دەبینرێت هەردوو دیمەنەكەی تێدایە، كە (١) یەك (دیمەنی پشتەوە) وە (٢) دوو (دیمەنی پێشەوە) بەشدارن لەڕێكخستنی واتایی ئەم دەقەدا، لەهەمان كاتدا ئەو كارەی بەشدارە لەداڕشتنی دیمەنی پشتەوە (كرداری تێپەڕە)، كەئەویش (دابین كردن)ە، بەڵام ئەو كردارانەی بەشدارن لەداڕشتنی هەردوو (دیمەنی پێشەوە) هەرسێكیان (تێپەڕن) بەهەمان شێوەی (دیمەنی پشتەوە)، كە ئەوانش (بتوانیت، هەبێت، بێت). واتە ئەم دەقە چەشنی یەكەمی دەقی یاسای پێكهێناوە، كە دەبێت هەردوو دیمەنەكە بونیان هەبێت.

ماددەی چوارەم/ بڕگەی یەكەم.

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران كاربكات | بۆ فەراهەم كردنی دەرفەتی یەكسان | بۆ هەموو هاوولاتیان | لەهەردوو كەرتی گشتیو تایبەتی

دیمەنی پشتەوە | دیمەنی پێشەوە (١) | دیمەنی پێشەوە(٢) | دیمەنی پێشەوە(٣)

لەگەڵ ڕەچاوكردنی باری ژیانو كۆمەڵایەتی و ئابووری كابانی ماڵەوە لەم بوارەدا

دیمەنی پێشەوە ٤

ئەم دەقە پێكهاتووە لەڕستەیەكی سادەی فراوانكراو لەڕێگەی فرێزەكانەوە، كە لەكۆی ئەم چەند فرێزە، تەنها فرێزی ناوی (ئەنجومەنی وەزیران) ڕۆڵی دیمەنی پشتەوەی بینیوە، ئەگەرنا هەرچی فرێزەكانی ترە ڕۆڵی (دیمەنی پێشەوەیان) بینیوە، هەروەكو بەكەوانەی شكاوە خرایەڕوو، هەروەها ئەو كارەی بەشدارە لە داڕشتنی (دیمەنی پشتەوە) (كردارێكی تێپەڕە)، كە بریتیە لە (بكات).

ماددەی شەشەم: بڕگەی سێیەم"بودجەی پێویست تەرخان دەكرێ بۆ دابین كردنی بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەداهاتەكانی نەوت یان هەرداهاتێكی تر"

[١] لەبەشی دووەمی ئەم لێكۆلینەوەیەدا زانیاری پێویستی لەسەرخاریەڕوو.

ئەم دەقە تەنها (دیمەنی پێشەوەی) تێدایە، کە ئەویش بریتییە لەدانی زانیاریەکی نوێ، کە پێشتر ئەو زانیاریە نەزانراوە، هەروەها ئەو کردارانەی بەشدارن لەدارشتنی (کرداری تێپەڕن)، کەئەوانیش (دەکرێ، دەیانگرێتەوە)ەیە.

لەکۆتایی شیکردنەوەی ڕێکخستنی واتایی لە (دیمەنی پشتەوە و دیمەنی پێشەوە)ی ئەم پڕۆژە یاسایەدا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بەهەمان شێوەی دەقی یاسای (بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن "تیرۆر")، دیمەنەکە زیاتر بریتییە لە (دیمەنی پشتەوە و پێشەوە) چونکە بەدەگمەن (پڕۆژە یاسا) هەیە تەنها لە (دیمەنی پێشەوە) پێکهاتبێ، لەبەر ئەوەی هەرپڕۆژەیەك وەربگرین (هۆکار و ئامانجی) خۆی هەیە بۆ پێشنیازکردنی (پڕۆژەیاساکە)، کە ئەم (هۆکار)ە ڕۆڵی (دیمەنی پشتەوە) دەبینێت، (ئامانج)یش ڕۆڵی (دیمەنی پێشەوە)ی هەیە.

## ٣/٤-٣ ) چڕی کرۆکە واتا و نەبوونی دووبارەکردنەوە[١]:

هەرچی دەقی (پڕۆژە یاسایە) هاوشێوەی (دەقی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن"تیرۆر") هەندێك لەدەقەکانی لەڕستەی درێژ و فراوانکراو پێکهاتوون ، کە هەندێك جار ئەو ڕستە درێژانە بەهۆی فرێزەکان یان دووبارەکردنەوەی هەمان فرێز، بەڵام بەفۆرمی جیاواز بۆتە هۆی دروستبوونی درێژبڕی و لێکدانەوەی واتایی زیاتر، هەروەکو لەشیکردنەوەی نیشانە دەقیەکانی (ماددەی نۆیەم) داخرایەڕوو، بەڵام لەهەمان کاتدا، هەندێ جار بونی ڕستەی درێژ و هاتنی چەندین فرێز بەدوای یەکدا بۆتەهۆی دروستبوونی چڕی واتا،ئەمەش لەدارشتەی پێکهاتەیی و ئەرکی ژمارە (٧) لەشیکردنەوەی نیشانە سینتاکسیەکانی (فرێزی پێشناوی) و ئەرکیان لەڕستەی درێژکراودا پیشاندرا. واتە لەم دارشتەیەدا وەکو لایەنێکی چاکی بۆ دەقەکە بەکارهاتووە.

## ٣/٥)هاوبەشی و جیاوازی دارشتەی زمانی یاسایی (دەقی یاسایی و دەقی پڕۆژەی یاسایی):

لە ئەنجامی شیکردنەوەی کارەکیمان بۆ بەشی دووەم و سێیەمی ئەم لێکۆلینەوەیە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە هەر یەکە لە (دەقی یاسایی و دەقی پڕۆژەی یاسایی) وەکو دوو جۆری سەرەکی لە زمانی نوسراوی یاسای لە ڕوانگەی نیشانە زمانیەکانی دارشتنیان لە یەکتر جیاوازن، کە هەریەکە لەم جیاوازیە زمانیانە بونەتە ناسنامەیەك بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە دارشتنەی ئەم شێوە دووانە لە یەکتر لەلایەن خوێنەرانی زمانەکەوە، دەکرێت ئەم جیاوازیانەش بەکورتی لەڕوانگەی هەریەکە لە نیشانە زمانیەکانی (فەرهەنگیەکان و سینتاکسیەکان و دەقیەکان) بخرێتەڕوو:

**٣/٥-١) لە ڕوانگەی نیشانە فەرهەنگیەکانەوە:** دەقی یاسایی لەڕووی ژمارەی بەکارهێنانی زاراوە تەکنیکیەکانی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ دەقی پرۆژە یاسا، بەڵام لە ڕوانگەی ژمارەی بەکارهێنانی وشەی خواستراوەوە دەقی پڕۆژە یاسا زیاترە لە دەقی یاسایی، لەهەمان کاتدا دەقی پڕۆژە یاسا لەڕوانگەی

---

[١] لەبەشی دووەمدا زانیاری پێویستی لەسەر خرایەڕوو، بۆیە پێوست ناکات جارێکی تر لێرەدا شی بکرێتەوە، بەڵکو تەنها نمونەی دەقی پڕۆژە یاسا وەردەگرێت.

بەکارهێنانی ئامرازی (هەر)ەوە زۆر کەمترە لە دەقی پڕۆژە یاسا، کە ئەمانە هەموویان بە ئامار سەلمێنران. ئەم جیاوازیانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەر چی دەقی (پڕۆژە یاسا) جۆرێکە لە زمانی نوسراوی یاسایی، بەلاّم هێشتا ماویەتی ببێت بە دەقێکی یاسای گشتی لە ولاّتدا جێبەجێبکرێت، بەلّکو تەنها پێشنیازێکە و دەشێت بکرێت بە یاسا یان لەهەمان کاتدا دەکرێت ڕەتبکرێتەوە.

**٢-٥/٣ )لەڕوانگەی نیشانەی سینتاکسیەوە:** ئەگەرچی دروستەی ناکەسی یەکێکە لە نیشانە سینتاکسیە گرنگەکان، بەلاّم لە دەقی پڕۆژە یاساکەی بەشی سێیەم بوونی نییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەر لەبەری دەقەکە بۆ کارەکتەرێکی دیاریکراو نوسراوە، کە بریتییە لە (کابانی ماڵەوە)، بەلاّم لەدەقی پڕۆژە یاسادا ئەگەر چی ئەم نیشانە سینتاکسیە بوونی نیە، بەلاّم بە جێناوی نادیاری ( ئەو/ئەوان) یان (هەرکەسێك) شوێنی پڕکراوەتەوە، کە هەریەك لەم جێناوانە فۆڕمی دروستەی ناکەسیان بە دەقەکە بەخشیوە، هەروەها لەڕوانگەی پڕۆسەی بەناوکردن جیاوازیان لەنێواندا بەدیدەکرێت، ئەویش ئەوەیە، کە پڕۆسەی بەناوکردن لە دەقی یاسایی زیاتر لەڕێگەی یاسای ( کردار + نونی چاوگ) دروست بووە، بەلاّم لە دەقی پڕۆژە یاسادا بە دوو یاسای جیاواز دروست بووە، کە ئەوانیش بریتین لە: ( کردار + ن) یان (کردار+ وو/و). ئەگەر چی لە ڕوانگەی ڕستەی سەرجێناوی و دروستەی مەرجیانە هەریەکە لە (دەقی پڕۆژە یاسا و دەقی یاسایی) هەمان تایبەتمەندی و هاوبەشیان هەیە.

**٣-٥/٣) لە ڕوانگەی نیشانە دەقیەکان:** ئەگەرچی دەقی پڕۆژە یاسا هاوشێوەی دەقی یاسایی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئامرازی لکاندنی ڕێزمانی و وشەیی بەشدارن لە داڕشتنی، بەلاّم هیچ کامێکیان نەبوونەتە هۆی دروست کردنی لێڵی واتایی، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئامرازی لکاندنی (کرتاندن)، کە لە دەقی یاسایی دەبۆوە هۆی دروست کردنی لێڵی واتایی، لە کاتێکدا لە دەقی پڕۆژە یاسایی ئەگەر کرتاندنەکە ڕوشی دابێت نەبۆتە هۆی دروست بوونی لێڵی واتایی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کرتاندنەکە تەنها لە سەرتۆپە لاوەکیەکان ڕوی داوە.

دەرخستنی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی نێوان دەقی یاسایی و دەقی پڕۆژە یاسایی، دەکرێت بکرێتە بنەمایەك بۆ سەلماندنی دوو ڕاستی، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١= لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی تایبەتیمان هەیە لە بواری یاسادا، کە ئەمەش بەلّگەی بوونی زمانی یاساییە لە زمانی کوردیدا وەك زمانێکی پسپۆڕییانە.

٢-بونی جیاوازی لە داڕشتەی زمانی یاسای ( دەقی یاسا و پڕۆژە یاسا) کاندا، بۆخۆی ئەو ڕاستە دەسەلمێنێت، کە لە زمانی کوردیدا نەك هەر زمانی یاساییمان هەیە، بگرە ئەم زمانە پسپۆڕیشی پەیداکردووە، بە بەلّگەی ئەوەی داڕشتنی زمانی یاسایی پڕۆژە یاساکان جیاوازیان هەیە لە زمانی داڕشتنی دەقە یاساییەکان . واتە لەناو ئەم زمانە پسپۆڕییەدا، خودی زمانە پسپۆڕیەکە بە پێی وەچە پسپۆڕییەکانی تایبەتمەندبوونیان وەرگرتووە.

# ئەنجامەکان

گرینگترین ئەو ئامانجانەی لە شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدەست هاتوون، بریتین لە :

١- زمانی یاسای لە زمانی کوردیدا خاوەنی نیشانەی زمانی (فەرهەنگی و سینتاکسی و واتایی و دەق)ییانەی خۆیەتی. بەمەش ئەم شێوە دووانە خاوەنی داڕشتەیەکی زمانی تایبەت بە خۆیەتی.

٢- ئەو جێناوانە نادیارانەی بەکارهاتوون لە داڕشتنی زمانی نوسراوی یاسایی زمانی کوردی بریتین لە : (ئەو / ئەوان) یان (کەس/ کەسانێك)، کە هەریەکەیان فۆڕمێکی بکەر نادیار و گشتگیری بە دەقە یاسایەکە دەبەخشێت.

٣- پڕۆسەی بەناوکردن لە شێوەی دووانی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا تەنها لە کردارەوە هەڵگواستراون، ئەمەش بەمەبەستی زانیاری دانی زیاتر لەسەر سەرتۆپی سەرەکی باسەکەیە، بۆ ئەوەی دەقەکە لێکدانەوەی واتایی زیاتر لەخۆیدا هەڵنەگرێت و دوور بێت لە لێڵی واتایی.

٤- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فرێز و بوونی ڕستەی درێژ لە داڕشتنی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا مەرج نیە ببێتە هۆی سنوردارکردن و دیاریکردنی واتای دەقەکە و دورخستنەوەی لە لێڵی واتایی، چونکە مەرج نیە بۆ هەموو ماددە و بڕگەکانی دەقەکە دەست بدات، لەبەر ئەوەی لە هەندێکیاندا دەبێتە هۆی دروست کردنی لێلی واتایی.

٥- بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئامرازە لکاندنەی ڕۆڵی هەبووە لە لێڵ کردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لەم دەقە یاساییانەدا بریتین لە ئامرازەکانی لکاندنی ( لکاندن و دەرە ئاماژە)، بەلاًم بە ڕێژەیەکی زیاتر ئامرازی لکاندنی (کرتاندن)ە.

٦- داڕشتەی زمانی دەقی یاسایی و پڕۆژە یاسایی شیکراوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جیاوازیی نێوان ئەم دوو داڕشتەیەی سەلماندووە. بەمەش سەلمێنراوە، کە زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا بۆتە شێوەیەکی دووانی پسپۆڕییانە، کە بە وردبوونەوەی ئەم پسپۆڕییەش بۆ وەچە پسپۆڕییەکانی شێوە دووانەکەش تایبەتمەندتر دەردەکەوێت.

٧- داڕشتەی واتایی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا خاوەنی ڕێکخستنی واتایی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم ڕێکخستنە تایبەتەش سەربەخۆی ئەم شێوە دووانە لە خستنەڕووی چەمکە یاساییەکاندا دەسەلمێنێت.

# پێشنیاز

پەیوەست بە شیکردنەوە تیۆریی و کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە پێویست دەزانرێت ئەم پێشنیازانە بخرێتەڕوو:

١. بەرایی دەرکەوتەی ئەم شێوە دووانە لە زمانی کوردیدا و کەمی لێکۆڵینەوە تێیدا پێشنیازی شیکردنەوەی ورد و زانستییانەی یەك بە یەکی نیشانە زمانییەکانی ئەم شێوە دووانە لە چەندین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆدا دەخاتەڕوو.

٢. هەروەك لە پێشەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دیاریکراوە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها کار لە زمانی نوسراوی زمانی یاسایی دەکات. هەربۆیە پێشنیازی ئەوە دەکرێت، کە بە لایەنی کەمەوە لە تێزێکی دکتۆرای سەربەخۆدا لێکۆڵینەوە لە ئاخاوتنی یاسایی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا بکرێت.

٣. ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامدانەوەیەکی زانستییانەی گشت ئەو بۆچوونانەیە، کە گومانیان لە توانای زمانی کوردی دەکرد بۆ بەکارهێنانی لە بواری زانستی و پسپۆڕیدا. بۆیە ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها لایەنێکی زمانی بوارێکی پسپۆڕی وەك یاسای شیکردبێتەوە، ئەوا بە پێویست دەزانرێت پێشنیازی لێکۆڵینەوەی زانستییانە بکرێت لە سەرجەم کایەکانی (پەیوەندیکردنی شوێنکار"Workplace Communication") و زمانە پسپۆڕییەکانی وەك (زمانی پزیشکی و زمانی تەکنۆلۆژیایی و زمانی ڕەخنەیی و زمانی سیاسی و زمانی دیبلۆماسیی و زمانی لێکۆڵینەوەی زانستی و...**هتد**).

٤. زانستی زمانی کارەکی، کە پێگەی داهێنانی زمانی یاسایی بووە لە خۆیدا زانستێکی فرەبابەت و فرە ڕەهەند و فرە سەرچاوەیە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت پێشنیازی بەکارهێنانی شیکردنەوە و ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە فاکەڵتی یاسا و زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆکانی کوردستان بکرێت لە بۆتەی وانەیەکی تایبەتدا بە ناوی (**زمانی یاسایی کوردی**)، تاوەکو خوێندکار و پسپۆڕانی داهاتووی بواری یاسایی لە وڵاتەکەماندا شارەزاییەکی پسپۆڕییانەی بەکارهێنانی زمانی پیشە و پسپۆڕییەکەیان بن.

٥. شیکارە زمانییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاستەوخۆ پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە پێویستە سەنتەرێکی تایبەت بکرێتەوە بە بواری زمانی یاسایی و تێیدا خولی خێرا بکرێتەوە بۆ کەسانی پسپۆڕی بواری یاسایی، بە مەبەستی ئاشنابوونیان بەم لایەنەی پسپۆڕییەکەیان. ئەمە جگە لە کردنەوەی چەندین خولی گشتگیر بۆ پیاوانی پۆلیس و ئاسایش و کادرانی یاسایی، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی چانسی خوێندنی ئەم بوارەیان بۆنەڕەخساوە.

# پاشكۆی (أ)

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق**

پشت بە حوكمی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەمواركراو و، لەسەر خستنەڕووی ژمارەی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان– عێراق، ئەنجومەن لەدانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٦/٤/٣) بڕیاری دا ئەم یاسایەی خوارەوە دابنێت:

**یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦**

**یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن ( تیرۆر ) لەهەرێمی كوردستان- عێراقدا**

**ماددەی یەكەم:**

كردەوەی تیرۆر بەكارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەڕەشەپێكردنیەتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانیەتی كە تاوانكار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەكی تاوانكاری، كەسێك یان كەسانێك پێی هەڵدەستن و تاكێك یان كۆمەڵە كەسانێك دەكەنە ئامانج، یان هەر بە ڕەمەكی ئەنجامی دەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندن و ترس و شلەژان و ئاژاوانانەوە لەنێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بەسیستەمی گشتی بگات، ئارامی و ئاسایش و سەلامتی كۆمەڵگە و هەرێم، ژیانی تاكە كەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان، ئاسایشیان، بخرێتە مەترسیەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بەژینگە، بەیەكێك لەسەرچاوە گشتیەكان، بەدەسگا، سامانە گشتی، یان تایبەتیەكان، بۆ بەدیهێنانی هەندێ مەبەستی سیاسی، هزری، ئایینی، تایفەگەری، یان ڕگەزی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم كردەوانەی خوارەوە بەتاوانی تیرۆركاری (تۆقاندن) دادەنرێن وسزایان لەناوبردنە (اعدام):

١– دامەزراندن، ڕێكخستن، یان بەڕێوەبەردنی ڕێكخراو، كۆمەڵە، دەستە، باند، بنكە، یان كۆمەڵێك، بەئامانجی بە ئامانجی ئەنجامدانی یەكێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

٢– تیرۆركردن بۆ مەبەستێكی سیاسی، ئایدۆلۆجی، یان بەكافردانان.

٣– بەكارهێنانی كەرەستەی تەقینەوە، سووتێنەر، گڕ گر، ئامێری دروستكراو بۆ تێكدان و ڕووخاندن لەڕێگەی تەقاندنەوەی ڕاستەوخۆ، یان بەئامێری لەدوور ئاراستەكراو، مینرێژكردنی ماشێن، هەر ئامێركی دیكە، چاندنی بۆمبی خاپووركار، بەكارهێنانی چەكە جەنگیەكان بەگشت جۆرە جیا جیاكانیەوە، پشتێنەی خاپوور كار، نامەی مینرێژكراو، مادە، گازی ژەهراوی، میكرۆبی، یان تیشكدەر، بەمەبەستی تیرۆركاری، ئەگەر كارەكە مردنی كەسێك، یان پتری لێكەوتەوە.

٤– بە بارمتە گرتنی كەسێك، یان كەسانێك بۆ كارتێكردن لەدامودەزگاكانی هەرێم، لەو دەستەو ڕێكخراوە نیشتمانی یان نێودەوڵەتییانەی لەهەرێمدا كاردەكەن بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە

سوودێك یان كەلكێك، بەناچاركردنیان بۆ ئەنجامدانی كارێكی دیاركراو، یان نەكردنی، یان دروستكردنی بارێك لەترسو تۆقین.

٥- كوشتنی ئەو كەسانەی پاراستنی نێودەڵەتی دەیانگرێتەوە، یان كورشتنی كارمەندانی فەرمانگەو دەستە دەبلۆماسیو كۆنسۆلگەری و دامەزراوەو كۆمپانیای بینی و رێكخراوە نێودەولەتیە حكوومیو نا حكومیەكان، ئەو كەسانەی لەگەڵیاندا كار دەكەن، وتاوانەكەش بەمەبەستی تۆقاندن (تیرۆر) بێت. سزاكەشی دەبێتە زیندانی هەتاهەتایی، ئەگەر هێرش بردنەكە مردنی لێنەكەوتەوە.

٦- چوونە ناو هەر رێكخراو، كۆمەڵە، یاند (عصابە)، بنكە، یان كۆمەڵێك كاری تۆقاندن ئەنجام بدات، ئەگەر ئەنجامدەر كارمەند بیّ لەهێزی ئاسایشی ناوخۆ، یان (پێشمەرگە) زێرەڤانی هەرێم بوو، یان ئەگەر تاوانكار مەشقی سەربازی، یان هەوالگری لەیەكێك لەم لایەنانە پێكرابوو.

٧- هاوكاریكردن لەگەڵ وڵاتێكی بیانی، هەر رێكخراو، كۆمەڵە، باند. بنكە، یان كۆمەڵێكی دەرەوەی وڵات، یان كار بۆ بەرچەوەندی هەر یەكێكیان بكات بۆ ئەوەی تاوانێك لەو تاوانانەی لەم یاسایەدا دەقنووسكراوون ئەنجام بدات.

٨- ئاسانكاری هاتنەژوورەوەو چوونە دەرەوەی هەرێم بۆ تیرۆرستان، دابینكردنی شوێنی حەوانەوەیان، شاردنەوەیان، حەشاردانیان، بەخۆی، یان بەكەسێكی دی، یارمەتیدانیان بەهەواڵپێدانو پێشكەشكردنی ئەو زانیاریانەی بەكاردێن بۆ پلاندانان، یان بۆ دەستپێكردنی جێبەجێكردنی تاوانی تیرۆركرای، بەمەرجێك بەكارەكە بزانێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم كارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێنو سزاكەیان زیندانی هەتاهەتاییە:

١- تێكدان، رووخاندن، لەكەڵك خستن، یان زیان پێگەیاندن، بەتەواوی، یان بەبەشێك لەتەلار و دامەزراوە و سامانی گشتی، یان ئەو تایبەتیانەی تەرخانكرون بۆ فەرمانگە و بەرژەوەندیە حكوومیەكان، بۆ دەسگا گشتیەكان، بارەگای ئەو حیزب،یان ئەو كۆمەلانەی بەیاسا ناسراوون، یەكێك لەدامەزراوە كانی نەوت، هەر دامەزراوێكی هەرێم، ئێستگەی وزەی كارەباییو ئاوی، پرد، بەنداو، ئاوەرۆی گشتی، هۆیەكانی گەیاندن و دامەزراوەكانی، ئەو شوێنانەی ئامادەكراوون بۆ كۆبوونەوە گشتیەكان و شوێنەكانی خواپەرستی، شوێنەكانی ئامادەكراو بۆ هاموشۆی جەماوەر، یان هەر سامانێك كە گرنگی هەبێت لەئابووری نیشتمانی، بەمەبەستی تیرۆركاری، بۆ شێواندنی ئاسایشو ئارامی لەهەرێمدا.

٢- دەستبەسەرداگرتنی فڕۆکەی مەدەنی و ڕفاندنی. سزاکەشی دەبێتە لەناوبردن (اعدام) ئەگەر کردەوەکە مرنی کەسێك یات پتری لێبکەوێتەوە.

٣- ڕفاندن، دەستگیرکردن، دەستبەسەرکردن، یان بێبەشکردنی کەسسێك لەئازادی، بەهەر شێوازێك بێت. بۆ قاچاندنەوە (ابتزاز)ی دارایی، یان بەمەبەستی سیاسی، بەپاڵنەرێکی تیرۆرکاری.

٤- پەکخستنی هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردنو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر، چوونەناو تۆڕەکانیانەوە، ژاوەژاو دانان لەسەریان، زانیاری و داتا خستنەناوەوەیان، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانە تیرۆرکاریەکان.

٥- پێشکەشکردن، کۆکردنەوە، گوێزانەوە، یان ناردنی کۆمەکی دارایی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەناوەوە، یان لەدەرەوەی هەرێم، بەمەبەستی بەکارهێنانی، یان بزانێت بەکاردێت بۆ داراکردنی هەر تاوانێکی تیرۆرکاری.

٦- مەشق پێکردنی کەسێك، یان کەسانێك لەسەر بەکارهێنانی چەك، لەسەر هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن، فێرکردنی هونەرە جەنگیەکان، یان شێوازەکانی شەڕکردن، بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری.

٧- چوونە ناو یەکێك لەو لایەنانەی لەبڕگە (١)ی ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و بەئەندامبوون تیایدا.

٨- دروستکردن، هاوردن، یان لەلابوونی تەقەمەنی، ئاگرەتریشقە، ئامێری دروستکراو بۆ تێکدان، ڕووخاندن، یان هەر مادەیەك لەپێکهاتەی ئەوانە بێت، هەروەها ئەو دەزگا و ئامێر و کەرەستانەی لەدورستکردنیان یان لەتەقاندنەوەیان بەکاردێن، ئەگەر بەکارهێنانەکەیان بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی تیرۆرکاری بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم کارانەی خوارەوە بەتاوانی تۆقاندن (تیرۆر) دادەنرێنو سزادەدرێت بەزیندانی، لە (١٥) ساڵ تێپەڕنەکات، هەرکەسێك:

١- دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هەبێت لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆ و زێرەڤانی هەرێمو داوای لێکردن یان ڕایسپاردن، بەپاڵنەرێکی تیرۆرکاری کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فەرمانەکانی میری بکەن.

٢- نووسراو، چاپەمەنی، کاسێتی تۆمارکراو، یان هاوشێوەی، وێنەی وای لە لابێت یان بەدەستبێنێت. کە هاندان، بەچاك زانین، یان پڕوپاگاندە لەخۆ بگرێت بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری، بەمەبەستی بەخشینەوەی، یان بڵاوکردنەوەی.

٣- بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانە تۆقێنەرانەی لەم یاسایەدا هاتوون ئاگاداربێت و دەزگا گشتیەکانی پێ ئاگادار نەکاتەوە و کەس لەفەرمانی ئەم بڕگەیە بەدەر ناکرێت.

٤- بەئەنقەست، هەواڵ، روونکردنەوە، یان پڕۆپاگاندەیەکی تۆقێنەر بڵاوبکاتەوە، هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێنراو، یان ئەلەکترۆنی بەهەڵ وەربگرێت، یان بەکاریان بێنێت، لەئەنتەرنێت بەیاناتی ئەوتۆ بڵاوبکاتەوە کە راستەوخۆ بگاتە ڕادەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرکاری وەها کە ئاسایشی گشتی بخاتە مەترسیەوە و ترس بخاتە نێو هاوڵاتیان و هەڕەشە لەقەوارەی سیاسی هەرێم بکات.

٥- نەفامی و کەم زانی کەسێك بقۆزێتەوە و لەکاری تۆقاندن بەکار بێنێت و بەهۆیەوە ئەو کارانە ئەنجام بدات.

٦- گزی لەنووسراوێکی فەرمی بکات، یان بەساختە نووسراوێك بۆ ئەنجامدەری ئەو تاوانانە دروست بکات بۆ ئەوەی کەسایەتی بشارێتەوە یان بەئەنقەست بیگۆڕێت، ئاسانکاری بۆ هاتوچووی بکات، یان یارمەتی بدات لەکارەکانی، بەمەرجێك بزانێت مەبەست لەگزیەکە چیە.

**ماددەی پێنجەم:**

أ- هەر کەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزادەدرێت بەزیندانی هەتاهەتایی.

ب- هەرکەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، سزا دەدرێت بەزیندانی کاتی.

ج-هەرکەسێك دەستبکات بەئەنجامدانی تاوانێك لەو تاوانانەی لەمادەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، بەبەند کردنی توند سزا دەدرێت.

**مادەی شەشەم:**

نابێ ئەو کەسەی بەتاوانی تۆقێنەر تاوانبار دەکرێت، بەدەستەبەر بەربدرێت لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا هەتا حوکمێك یان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەداواکەی دەرنەچێت.

**ماددەی حەفتەم:**

فەرمانەکانی مادەی (٤٧)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراوی کارا، بەسەر ئەو کەسە پیادە دەکرێت کە هەواڵی ئەو تاوانانەی لەم یاسایەدا هاتووە دەدات سەبارەت بەئاشکرانەکردنی ناسنامەکەی، کاتێ هەواڵی ڕوودانی ئەو تاوانە دەگەیەنێت و ناکرێتە شایەد.

**مادەی هەشتەم:**

أ- ئەو کەسەی، پێش ڕوودانی تاوانی تیرۆکاری، پێش ئاشکرابوونی، یان لەکاتی پلان بۆ دانانی، دەزگا تایبەتمەندەکان پێ ئاگادار بکاتەوەو هەواڵ گەیاندنەکە ببێتە یاریدەدەر بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران یان نەی هێلا کارەکە ئەنجام بدات، لەسزادان دەبووردێت.

ب- دادگا بۆی هەیە خوبەدەستدانی تاوانبارو پێشکەشکردنی زانیاری وا، کە تاوانەکە دوای ڕوودانی ئاشکرا بکات، بەپاساوی یاسایی سزا سووککەر بژمێرێت.

**مادەی نۆیەم:**

لایەنی پەیوەندیدار بۆی هەیە پاداشتێکی چاك جارپدات بۆ ئەو کەسەی زانیاری ڕاست و دروست پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند دەکات و ئاشکراکردنی تاوانی تیرۆرکاری و ئەوانەی دەستیان تێدابووە لێ دەکەوێتەوە.

**مادەی دەیەم:**

هەر کەسێك هاوکاری بکات وەك بکەر، بەشدار، یان هاندەر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە تیرۆرکاریانەی لەم یاسایەدا هاتوون، بەهەمان سزا، کە بۆ تاوانەکە دیارکراوە، سزادەدرێت.

**مادەی یازدەم:**

دەست بەسەر سامانی گوێزراوە و نەگوێزراوەی ئەو ڕێکخراو، پارت، دەستە، کۆمەڵ، یان ئەو کەسانەدا دادەگیرێت کە بەبڕیارێکی دادگا بەتاوانکاری تیرۆر دەردەچن.

**مادەی دوازدەم:**

تاوانی تیرۆر لەتاوانە ئابڕووبەرەکاندا دەژمێردرێت و دەبێ دادگا ئەم فەرمانە لەدەقی بڕیارەکەیدا بنووسێت.

**مادەی سێزدەم:**

ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە تاوانبارە، مافی خۆیەتی ڕەفتارێکی یاسایی و دادپەروەرانەی لەگەڵدا بکرێت لەگشت قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا، بەدابینکردنی پارێزەریشەوە بۆ داکۆکی لێکردنی، ونابێ شێوازی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی، یان ڕەفتارێکی نامرۆڤانەی لەگەڵدا بکرێت، وپشت نابەسترێت بەدانپێدانی بەزۆرلێوەرگیراو، بەهەڕەشە، بەئازاردن، یان بەبەڵێن و گەفو گوڕ، ئەگەر بەڵگەکە پشت ڕاست نەکرا بەبەڵگەی دیکە. ئەگەر لەئەنجامی بەکارهێنانی یەکێك بەو شێوازانەی باسیان لێوەکرا، زیانێکی بەرجەستەی قەبەی لێکەوت، تاوانبار بۆی هەیە سکاڵا دژی لێکۆڵەرانی تۆمار بکات وەك کەسانی ئاسایی.

**مادەی چواردەم:**

ئەگەر ئەو کەسەی بەتاوانی تیرۆرکاری تاوانبارە بێتاوان دەرچوو، بۆی هەیە، داوای قەرەبۆی ئەو زیانە جەستەیی و ناجەستەییانە بکاتەوە کە لێی کەوتووە لەئەنجامی پێشێلکردنی ئەو مافە مرۆییانەی لەدەستوورو یاساکاندا هاتوون.

**مادەی پازدەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق دەستەبەری چاودێری خانەوادەی قوربانیانی کردەوە تیرۆرکاریەکان دەکات و قەرەبۆی زیانەکانیان دەکاتەوە.

مادەی شازدەم:

أ- بۆ هەرشتێکی لەم یاسایەدا نەهاتبێت، فەرمانەکانی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩و یاساکانی بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ پیادە دەکرێن.

ب- کار بەهیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ فەرمانەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

کار بەم یاسایە دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە.

**مادەی هەژدەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیەوە (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**تێبینی:** ئەم یاسایە دوای پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان– وەلەژمارە (٦١) ساڵی شەشەم– ی رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٦ رۆژنامەی (وەقائعی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە.

# پاشكۆی (ب)

**پێشنیازی یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ كابانی ماڵ**

**ماددەی یەكەم :**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:

١- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

٢- وەزارەتی كاروكۆمەڵایەتی: وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٣- وەزارەتی دارایی: وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

٤- فەرمانگەی بیمەی كۆمەڵایەتی: فەرمانگەی بیمەی كۆمەڵایەتی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**ماددەی دووەم :**

ئەم یاسایە پێی دەگوترێ (یاسای بیمەی كۆمەڵایەتی بۆ كابانی ماڵ).

**ماددەی سێیەم :**

مەبەست لە كابانی ماڵ بۆ مەبەستی پیادەكردنی ئەم یاسایە:

١- ئافرەتی شووكردوو یان یان شوو نەكردوو تەڵاقدراو یاخود ئەو بێوەژنەی كە مێردی مردووە و گەیشتبیتە تەمەنی (روشد) و لە هیچ كەرتیكی گشتی یان تایبەتی دانەمەزرا بێت و هیچ مووچە و بەخشیشێكی دارایی وەرنەگرێ، نە لە حكومەت و نە لە كەرتی تایبەت وە هیچ كارو پرۆژەیەكی جیگیرو سەربەخۆی خۆی نەبێت كە لە لایەنی ئابووریەوە پشتی پی ببەستیت بۆ دابین كردنی پیویستیەكانی ژیانی خۆی.

**٢-** ئافرەتی شووكردوو كە شازدە ساڵی لە تەمەنی تەواو كردبێ وەك ژنی پیگەیشتوو بە تەمەنی (روشد) حیساب دەكرێ بۆ مەبەستەكانی پیادەكردنی ئەم یاسایە، كاتێك كە مەرجەكانی برگەی یەكەمی ئەم ماددەیەی تیدا بیت .

١- ئامانجی ئەم یاسایە ئازادكردنی ئافرەتە لە پاشكۆیی پیاو، ئەویش بە دابین كردنی ئابوورییەكی سەربەخۆ بۆی تاكو بتوانیت لە رووی ئابووریەوە رۆلی هەبیت وە خاوەنی بریاری سەربەخۆی خۆی بیت .

٢- ئەم یاسایە دەبێتە بنچینەیەك بۆ روخاندنی جیاوازیی كۆمەڵایەتی لە نێوان ژن و پیاو لە كۆمەڵگایەكی لە بنەڕەتدا لەسەر جیاوازیی ئابووری دامەزرابێ.

٣- پێویستە پیادەكردنی ئەم یاسایە ببێتە مایەی دابین كردنێك كە كابانی ماڵ زیمەتێكی دارایی سەربەخۆی لە زیمەی دارایی مێرد یان لە ئەوانی دیكەی ناو خێزاندا هەبێت.

**ماددەی پێنجەم :**

١- پێویستە ئەنجومەنی وەزیران کار بکات بۆ فەراهەمکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاوولاّتیان لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت لەگەڵ رەچاوکردنی باری ژیان و کۆمەلاّیەتی و ئابووری کابانی ماڵەوە لەم بوارەدا.

٢- وەزارەتی دارایی بەخشێکی دارایی مانگانە بۆ ژنی ماڵەوە تەرخان بکات تاکو سەربەخۆیی ماددی و کەسیەتی بۆ دابین بکات.

**ماددەی شەشەم :**

١- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی ئەرکی ئامارکردنە پێویستەکان و دەرچوواندنی رێنمایی پێویست بۆ دەستنیشان کردنی مەرجەکان و ئەوسافی ئەو ئافرەتانەی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ئەستۆ بۆ ئاسانکردنی پیادەکردنی .

٢- لیژنەیەکی وەزاری لەلایەن وەزارەتی دارایی و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی دادەمەزرێ بۆ خەملاّندنی بەخششە داراییەکانی مانگانەی کە دەدرێتە کابانی ماڵەوە وەك بیمەیەکی کۆمەلاّیەتی .

٣- بودجەی پێویست تەرخان دەکرێ بۆ دابین کردنی بیمەی کۆمەلاّیەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی ئەم یاسایە دەیان گریتەوە لە داهاتەکانی نەوت یان هەر داهاتیکی تر .

**ماددەی حەوتەم :**

١- ئەو ئافرەتەی مێردی مردووە و مووچەی خانەنیشنی مێردەکەی وەردەگرێ رێی لێناگیری حوکمەکانی ئەم یاسایە بیگرێتەوە ئەگەر مووچەکەی ژیانێکی خۆش و سەربەخۆییەکی ئابووری شایستەی بۆ دابین نەکات.

٢- هەر خەرجیەکی مێرد بە پێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی و یاسا دەیدا بە ژنەکەی بە داهاتێکی دارایی چەسپاو و سەربەخۆ دانانرێ بۆ مەبەستی پیادەکردنی ئەم یاسایە، بەبێ ئەوەی ئەم یاسایە لە گرنگی خەرجکردنەکە لە رووی شەرعی و کۆمەلاّیەتی کەم بکاتەوە.

٣- دەرماڵەی ژن و مێردایەتی لە مووچەی مێردی ژنەکە دادەشکێنرێ ئەگەر ئەم یاسایە گرتبێتیەوە.

**ماددەی هەشتەم :**

ئەگەر دەرکەوت ئەو ئافرەتەی بەخششی دارایی بە پێی ئەم یاسایە وەردەگرێ فەرمانبەر یاخود مووچەیەك یان بەخششێکی دارایی چەسپاو بەشێوەیەکی دەوری لە کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت وەردەگرێ، ئەوا ئەو بەخششە داراییە بە پێی ئەم یاسایە پیی دەدری لێ دەبڕێ وە دەبێ ئەو پارەیەی وەری گرتوە بیگێڕێتەوە و ئەگەر ساغ بووەوە زانیاریی درۆ یان بەڵگەنامەی ساختەی پێشکەش کردووە تاکو ئەم یاسا بیگرێتەوە، دەبێ بدرێتە دادگا .

**ماددەی نۆیەم :**

پێویستە لەسەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاّیەتی بەخششی دارایی ئیزافی بۆ کابانی ماڵەوە تەرخان بکات کە بارێکی زێدە لەناو خێزان دەگرێتە ئەستۆ . وەك بوونی مێردی کەم ئەندام یان منداڵی ئیفلیج یان پیری کەم ئەندام یان هەر کەسێك ناو خێزان کە خاوەن پێویستی تایبەت بێ یان عەیبێکی بەردەوام یان

نەخۆشیەکی گرانی هەبێ پێویستی بە یەکێك بێت لەناو ماڵدا بەخێوی بکات، بەمەرجێك مووچەیان بەخششی دیکە بۆ هەمان مەبەست وەرنەگرێ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا کارپێکراوەکان لەم بارەیەوە .

**ماددەی دەیەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێبەجێ بکات .

**ماددەی یازدەم :**

ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە جێبەجێ دەکرێ .

## ((هۆیە پێویستیەکان))

لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێك بەجیاوازی ڕەگەزییەوە مافی ژیانێکی شکۆمەندانە و خۆشی هەیە و دەرفەتی کاری یەکسانی بۆ ئیشکردن چنگ بکەوێ و داهاتی حکوومەتی بەرکەوێ بەشێوەیەکی یەکسان، لەبەر ئەوەی حکومەت پابەندە بە بەربەرەکانی بێ کاریی و فەراهەمکردنی دەفەتی یەکسان بۆ کارکردن بۆ هەموو هاووڵاتییان و لە پێناوی ئامادەکردنی باشترین ئاو و هەوا و چاکترین بۆ کابانی ماڵەوە لەناو خێزاندا تاکو بەرزبێتەوە بۆ شوێنی شیاوی خۆی لەناو خێزان و کۆمەڵگادا و لە پێناوی دابین کردنی سەربەخۆیی دارایی ژن تاکو نەبێتە پاشکۆی کەسانی تر و دانانی ئەو ئەرك و ماندووبوونەی کابانی ماڵەوە لەناو خێزاندا بەکارێکی وادابنرێ کە شیاوی بیمە و پاداشتە تاکو لە فرمانێك دادەمەزرێ یان کارێك لە دەرەوەی کاری ماڵەوە دەکات و لەو سەرچاوەیەوە کە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێ داهاتەکانی سامانی نەوتی بۆ مەبەستی گەشەپێدانی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بە بێ جیاوازیی کردن لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا .

# سەرچاوەکان

## ١.بە زمانی کوردی:

### أ/کتێب:


- ئاڤێستا کەمال محمود، (٢٠٠٩)، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فرمان لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، وەزارەتی ڕۆشەنبیری ڕاگەیاندن و دەزگای ڕۆشەنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی، بەغداد،.
- ئیدریس عبدوللا موستەفا، (٢٠١٣)، شێوازگەری لادان ، چاپخانەی لاریا،.
- ئومێد بازیان، (٢٠١١)،دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی،.
- ئیدریس عبدوللا موستەفا، (٢٠٠٨)، شێواز و شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.
- بازیان یونس محێددین، (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- حەمە نوری عمر کاکی، (٢٠٠٨)، شێواز لە شعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ڕەفیق شوانی، (٢٠١١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ڕەحیم سورخی، (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەی گوتاری ڕۆژنامە نووسی کوردی (١٩١٨–١٩٣٢)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ڕوخسار قادر عبدالله و کامران رسول سعید، (٢٠١٣)، کۆمەلێك لە یاساسزاییە کارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان– عیراق، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- زەریێ یوسو پۆڤا/ و.کوردستان موکریانی، (٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- سەباح ڕەشید قادر،(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوەی (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ساجیدە عبدوللا فەرهادی، (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- شێرزاد سبری عەلی و عەبدولسەلام نەجمەددین عەبدوللا، (٢٠٠٨)، زمانڤانییا کارەکی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- شێرکۆ حەمەئەمین قادر، (٢٠٠٩)، شیکارێکی گوتاری چیڕۆکە هەواڵ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- عبدالوەهاب خالید موسی،(٢٠١٠)، دەسپێکیك بۆ زمانڤانیا پراکتیکی، چاپخانەی ڕۆشەنبیری.
- عبدالواحید مشیر دزەیی، (٢٠١٢)، شێواز و پراگماتیك، چاپخانەی الروظة/ ئیستەنبۆل، چاپی یەکەم، دهۆك.
- عبدالواحید مشیر دزەیی، (٢٠٠٣)،ڕستەسازی و ڕۆنانی گوێزانەوە، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.
- عبدالواحید مشیر دزەیی، (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم.
- غازی عەلی خورشید، (٢٠١٣)، ڕێزمانا فەرمی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- محمد معروف فتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- محمد معروف فتاح و صباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.
- محمدی مەحوی، (٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
- محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسێن، (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی.
- کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- کاروان عومەر قادر، (٢٠١٢)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

## ب/نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

- بەیان مەلا حمدامین، (٢٠١٣)، ڕێبازێکی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق (بۆچونەکانی دیل هایمز بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- ساجیدە عبدوللا فەرهادی،(٢٠٠٣)، ڕستە و پاش ڕستە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
- شێرزاد سەعید سەدیق، (٢٠٠٣)، ڕستە بە پێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

- شێرزاد سەعید سەدیق، (٢٠٠٨)، ڕستەی زمانی کوردی بە پێی تیۆری (کەتیگۆڕی و پێوانەی هاڵیدەی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
- عبدالجبار مستەفا معروف(٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- قەیس کاکل تۆفیق، (١٩٩٥)،جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
- قەیس کاکل تۆفیق، (٢٠٠٢)، پەیوەندییەکانی نێودەق، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- گۆنا عومەر عەبدوڵلاَ ، (٢٠١٢)، دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بلاًونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.
- نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

## پ/گۆڤارەکان:

- ئیدریس عبدالله موستەفا، (٢٠١٠)، پوختەیەك لەبارەی سەرەتا و کۆتایی شێوازگەری، گۆڤاری زماننناسی، ژمارە (٧).
- بەکر عومەر و ئاڤێستا کەمال،(٢٠٠٩)، پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە(٢٦).
- بەکر عومەر عەلی و محمد عومەر عبدول، (٢٠١٠)، ئاواز و پراگماتیك لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٧)، شناسی.
- تالیب حوسێن عەلی،(٢٠٠٥)، شێوازەکانی زمان و شێوازی ئەدەبی، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە(٢٨).
- محمد معروف فتاح، (١٩٩٣)، باس لە جۆرێك لە ڕستەی کوردیدا، ڕۆشەنبیری نوێ، ژمارە(١٢٨).
- کاروان عومەر قادر، (٢٠١٤)، ڕێزمانی بینراو لە زمانی بینراودا (وێنەکاریی پەروەدەیی وەك نموونە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، هەبونی ڕەزامەندی بلاًوکردنەوە، بلاًونەکراوە.

## پ/چاوپێکەوتن:

- جەعفر شێخوالئیسلامی، (٢٠١٤/٥/١٧)، ژانڕا، چاوپێکەوتن، سۆران.

- شاخەوان جەلال فەرەج، (٢٠١٤/١٠/١٢)، شێوەی دووان، چاوپێکەوتن، سلێمانی.
- کاروان عومەر قادر، (٢٠١٤/٨/٥)، رێزمانی پەیوەندیانە، چاوپێکەوتن، سلێمانی.

## ٢.بە زمانی عەرەبی:

### أ/کتێب:

- أمبرتو ايكو، ت/ أحمد الصمعي، (٢٠٠٥)، السيميائية و فلسفة اللغة، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الالى، بيروت.
- جان بياجية، ت/ عارف منيمنة و بشير أوبري، (١٩٨٥)، البنيوية، الطبعة الرابعة، بيورت– باريس.
- عبده الراجعي،علم اللغة التطبيقي و تعليم العربية، (١٩٩٥)، كلية الآداب.
- محمد أبونبوت و محمد الحويطي، (١٤٢٨)، الآسلوب وتحليل النصوص.

### بە زمانی ئینگلیزی:

- Aronoff,M and Rees, J.M. (٢٠٠٣), The hand book of linguistics,٢nd, Blackwell.
- Biber, D. and Conrad, (٢٠٠٩), S. ,Register, Genre, and Style, Cambridge University Press.
- Biber, D. and Fingans, (١٩٩٤), E. Sociolinguistics Perspective on Register, Oxford University Press.
- Biber, B. and Finegan, E. (١٩٩٤), SOCIOLINGUISTIC PERSPECTIVES ON Register, Oxford University Press.
- Biber, D And Conrad, S. (٢٠٠٩) ,Register , Genre, And Steyle, ١ts, Cambridge University Press.
- Caffarel, A (٢٠٠٦), A Systemic Functional Grammar of French (from Grammar to Dis courses), ١st, Continuum publisher.
- Crystal, D. (٢٠٠٨), A dictionary of linguistics and phonetics, ٦th, Blackwell, USA.
- Coulthard, m. and Johnson, A. (٢٠١٠), The Routledge Handbook Of Forensic Linguistics, Routledge publisher.
- Coulthard,M. And Jahnson,A.(٢٠١٠), The Routledge Hand Book Of Forensic Limguitics, ١st,Routledge, USA And Canada

- Davies, A and Elder,C. (٢٠٠٤), The Handbook Of Applied Linguistics ,١st, Blackwell,UAS , UK and Australia.
- Davies, A. (٢٠٠٧), An introduction to applied linguistics,٢nd, Edinburgh university press.
- Diplomarbeit, (١٩٩٨), Turn- Taking And Gambitsin In Tercul Tural Communication.
- Damova,P.(٢٠٠٧), The Language Of Law, Masaryk University In Brno.
- Groodrich, P (١٩٨٤), Legal Discourse/Studies In Linguistics, Rhetoric And Legal Analysis, University Of Edinburgh .
- Gibbons, J. And Turell, M.,T.(٢٠٠٨) Dimensions, Of Forensic Lingustics, Jon Binjamins Compamy, Usa And Amsterdam.
- Haliday, M., A., K. and Matthiessen, M.,I.,M., C., (٢٠٠٤),An Introduction To Functional Grammar, Hodder Arnold publisher.
- Halliday, M. A. K. (١٩٦١) 'Categories of the theory of grammar', Word, ١٧.٣., ٢٤١–٩٢, Reprinted in G.R.Kress, ed. Halliday: System and Function in Language, Oxford University Press.
- Halliday, M.A.K,(١٩٩٤),Introduction to Functional Grammar, ٢nd, London
- Halliday, M.A.K:,(٢٠٠٣),On the Architecture of Human language In language and linguistics, Volume ٣ in the collected works of M.A.K. Halliday, Jonthan Webster.
- Halliday, M.A.K, and Matthiessen, C.M.I.M,(٢٠٠٤), An Introduction to functional Grammar, Arnold.
- Morley, D. (٢٠٠٠), Syntax in Functional Grammar, ١st, London New York.
- Mcmenamin, R., G. (٢٠٠٢), Forensic linguistics/ advances in forensic stylistics, Congress Cataloging, USA.
- Martin, J. (٢٠٠٩), Genre and language learning: A social semiotic perspective, *Linguistics and Education,.*
- Semino, B. ,James Simpson, (٢٠١١), The Routledge Hand Book Of Applied Linguistics, ١st, Reutledye, USA And Canada.
- Sells, P. (١٩٨٥), Lectures on contemporary syntactic theory/An introduction to government-binding theory, genavalized phrase structure grammare and lexical-functional grammar,CSLI.

- sharbazher, A., H., F, (٢٠٠٦) A Study Of the Syntactic Structure Of Embedded Sentence In English Legal Provisions, M.A. Thesis (Unpublished), University of Bagdad.
- van valin, R.,D,. Aronoff, M. And Rees, J.M. (٢٠٠٣), The handbook linguistics, Blackwell publisher.
- Van Valin, R.,D.(٢٠٠١), The Handbook of Linguistics, Blackwell Publisher.

# خلاصة البحث

دراسة ((صياغة اللغة القانونية في اللغة الكوردية)) هي: تحليلٌ علميٌّ تطبيقيٌّ في اللغة الكوردية، في هذه الدِّراسة سُعي عرض تحليل محادثة خاصة للغة الكوردية، هذا التحليل يستخدم في المجال القانوني.

وفق هذا التحليل الدراسة أُجريت على تمثيل الفرضية في جانب، و توقعات اللغة القانونية مع إعادة المشاكل في هذا المجال، وفي جانب آخر عُمل عرض الإشارات اللغوية لهذا الصورة المحادثية (اللغة القانونية) في اللغة الكوردية. إطار الدراسة خُصِّص للغة المكتوبة القانونية فقط. إذن الدراسة تتعلق بنظريات القواعد الوظيفية (LFG و SFG) وهذا التحليل الإشاري للغة (القواعدية والنحوية والدلالية والنصية) على صورة المحادثة للغة القانونية في إطار توقع (استخدام اللغة لغرض خاص) في علم اللغة الوظيفي وصياغته طرحت في اللغة الكوردية. إذن الإشارات الضرورية لهذه المحادثة حُدِّدت، و قصور هذه الإشارات في اللغة القانونية طرحت من اللغة الكوردية. تضم الدراسة المقدمةَ وثلاثة فصول، والخاتمة والنَّتائج، والمقترح، وقائمة المصادر والمراجع، وملحقين، والخلاصة. أمَّا الفصل الأول من الدراسة فقد خُصِّص لــ ( اللغة القانونية في إطار إستعمال اللغة و التوقعات الوظيفية) فصلٌ نظريٌّ يضم المبحثين، المبحث الأول يتناول العلاقة بين علم اللغة القانونية و التوقعات العلمية للغة الوظيفية، ويضم ثلاثة مطالب، المطلب الأول فقد خصص لتعريف علم اللغة الوظيفية مع المجال التي يستخدم فيها، مع المصادر الرئيسية. أما المطلب الثاني فقد يتناول الأساليب المتنوعة للغة، مع التوقعات الأسلوبية (نوع الكتابة "Genre" الأسلوبية "Stylistics" و تسجيلات السياق "Register")، لغرض عرض الإشارات اللغوية لأسلوب المحادثة وتميزه عن غيره من الأساليب الأخرى. أمَّا المطلب الثالث فقد خصص لتناول (استخدام اللغة لغرض قانوني)، وفيه عرض (المبدأ والخاصية) للغة القانونية. أمَّا المبحث الثاني فهو: (اللغة القانونية و التوقعات القواعدية الوظيفية) ويتناول اللغة من حيث الوظيفة، على أساس المدرسة الوظيفية و كيفية عملها في اللغة، لهذا الغرض يأخذ من المدرسة الوظيفية مدرستين، وتأتي ذكر هاتين المدرستين في المبحثين، تحت عنونة (القواعد الوظيفية النظامية) و (القواعد الليكسيكية الوظيفية). أمَّا الفصل الثاني من الدراسة كفصل تطبيقي خصص لــ (صياغة اللغة القانونية في اللغة الكوردية)

في هذا الفصل سعي تحليل أسلوب المحادثة أن يكون وفق نظريات (القواعد الوظيفية النظامية) و (القواعد الليكسيكية الوظيفية) لأن يعرض (الإشارات اللغوية) للغة القانونية في اللغة الكوردية. على هذا الضوء قُسم هذا الفصل على أربعة مباحث، وهي: (العلامات المعجمية، والنحوية، والنصية و الدلالية).

أمَّا الفصل الثالث من الدراسة فقد خصص لـ: (التعذُّر لصياغة اللغة القانونية في النص (المشروع القانوني)، وفيه نفس التحليلات والوضائف الموجودة في الفصل الثاني من هذه الدراسة، وفق نفس النظرية والمبدأ، لكن للنوع الثاني من المحادثة اللغوية القانونية المكتوبة، وهي ( المشروع القانوني لتأمين الإجتماعي لربة البيت).

**حكومة اقليم كوردستان**

**وزارة التعليم العالي و البحث العلمي**

**جامعة سوران – فاكلتي الاداب**

# صياغة اللغة القانونية في اللغة الكوردية

**رسالة ماجستير تقدم بها :**

## هازة جيجو محمدأمين

**الى مجلس فاكلتي الاداب في جامعة سوران وهي جزء من متطلبات نيل شهادة ماجستير في اللغة الكوردية**

**باشراف**

ا.م.د.كاروان عمر قادر

٢٠١٥ م ٢٧١٤ ك ١٤٣٦ هـ

## Abstract

This research of *Construction of the Legal Language in Kurdish* is a practical and methodical analysis in Kurdish language. It attempts to demonstrate register in legal Kurdish. On the one hand, the hypotheses, views and problems in the legal language are dealt with. On the other hand, the linguistic features of register in legal Kurdish are demonstrated. It is worth mentioning that the scope of the research includes the written legal language only. Therefore, this research is related to the theories of functional grammar (SFG and LFG); and an all-inclusive analysis of the linguistic features (lexical, syntactic, semantic and textual) of register in legal Kurdish within the scope of *Using Language for Specific Purposes* in the field of applied linguistics is carried out, and its composition in Kurdish is shown. Thus, the special features of register and the problems of such constructions in legal Kurdish are studied.

The research comprises an introduction, three chapters, a conclusion, recommendations, references, two appendixes and an abstract. The first chapter is devoted to legal language within language usage and the views in functional grammar. This chapter is theoretical and consists of two sections. The first section discusses the relationship between legal language and the views in applied linguistics; this section, in turn, consists of three sub-sections: The first sub-section is assigned to an introduction of applied linguistics, the fields within which it works, and the academic fields to which it is related. The second sub-section discusses different linguistic features according to the views in stylistics (genre, stylistics, and register), in order to demonstrate the features of this type of register and its difference with the texts of other registers. At the same time, the third sub-

section examines the use of language for legal purposes in which the principles and properties of legal language are demonstrated.

The second section is about legal language and the views in functional grammar which deals with language in terms of function according to the school of functional grammar and school's views of language. For that purpose, two major schools of functional grammar are included, which are shown in two sub-sections under the headings of the Systematic Functional Grammar and Lexical Functional Grammar.

The second chapter of this research is devoted, as a practical part, to *construction of legal language in Kurdish*. In this chapter, it is attempted to analyse register in written legal language in keeping with the theories in Systematic Functional Grammar and Lexical Functional Grammar in order to expound the linguistic features of legal language in Kurdish. Accordingly, this part is divided into four sub-sections which are: lexical features, syntactic features, textual features and semantic features.

The third chapter is assigned to construction of legal language in law projects, which is the same as the practical analysis of the second chapter, according to the same theories and principles; however, it includes the second type of register in written legal language of the draft bilfor housewife benefits.

Kurdistan Region Government

Ministry of Higher Education and Scientific Researches

Soran University – Faculty of Arts

# The construction of legal language in Kurdish

A thesis

Submitted to the Council of the Faculty of Arts – Soran University in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master in Kurdish Language

By

Hazha Chicho M.Ameen

Supervised by

Ass. Prof. Dr. karwan Omer Qadir